ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی...

# عەلی عیزەت بیگۆڤیچ



**عەلی عیزەت بیگۆڤیچ**

**ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی...**

**وەرگێڕانی: عەبدولقادر عەلی**

ناوی کتێب: ژياننامە و بيرەوەرييەكانی عەلی عيزەت بيگۆڤيچ

ناوی نووسەر: عەلی عيزەت بيگۆڤيچ

ناوی وەرگێڕ: عەبدولقادر عەلی

ديزاينی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

ديزاينی تێكست: سلوی

نۆبەتی چاپ: يەكەم ٢٠١٩

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تيراژ: ١٠٠٠دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرايەتيی گشتيی كتێبخانە گشتييەكان ژمارە (١١٢٧)ی ساڵی (٢٠١٩) ی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

07501269689-07701932749

renwen2009@yahoo.com
hakem1423@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەكەم
بەرامبەر كاسۆمۆڵ - دوكانی ژمارە (٦٦)



# پێڕست


پێشەکی ٩
فەصڵی یەکەم ١٣
فەصڵی دووەم ٤٣
فەصڵی سێهەم ٨٧
فەصڵی چوارەم ١٣٣
فەصڵی پێنجەم ٢١٩
فەصڵی شەشەم ٢٣٥

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز:

ئەم کتێـبەی بەردەسـتان، پـوختەی ژیاننـامە و بیـرەوەری کەسـێکی بیرمەنـد و عەقڵیەتێکی ناوازەی سەدەی بیستەمی جیهانی ئیسلامە. کەسێکە کە بەمانای وشـە بەدنیای عەقڵ و مەعریفە و رۆحانیاتدا شۆڕبۆتەوە، وئەوروپـا و رۆژئـاوای بەزمـانی خۆیان خوێندۆتەوە.

لەولاتـر سـەرکردەیەکی خـاکی و دانوسـانکارێکی سەرسـەخت و بەرگریکـارێکی بەجەرگ و پشو درێژێکی گۆڕەپانی سیاسەتە. لە بواری فیکر و مەعـریفەدا ونوسـینە ناوازەکانی جێ دەستی رەنگین و قەڵەمی بەبڕشتی لەبـواری رۆژئاواناسـی و ئیسـلام ناسی جێ هێشتوە. ئەو کاتێک لە خەمی خـاک و رزگـاری وڵاتەکەیـدایە کە لەژێـر سـایەی چەکـمە رەقەکـانی نـازیەت و شـوعیەت و رەگەز پەرسـتی سـڕبەکاندا دەناڵێنیێـت، ئەوا لەسـەنگەرێکی تـردا لە خەمـی رزگـار کردنـی عەقڵیشـدایە کە گیرۆدەی نەزانی و وەهم و سادە روانینە، هیچ کام لەم دوسەنگەرەی چۆڵ نەکـردوە. زینــدان و نوســینەکانی شــایەتی راســتی هەلوێســتی نیشــان دەدەن. ژیــان و بیرەوەریەکـانی ئـاوێنەی باڵانومـای ئازارەکـانی گەلەکەیەتـی، ئەو ئـازارەی کە ئەم کــردویەتیە خەم و لە کــۆڵی نــاوە وڵات بە وڵات بەدوای چارەســەر و لابردنــی نارەحەتیەکانی گەلەکەیدا بێ پسانەوە دەگەڕێت تاوەکو پارێزگاری لە قەوارەی خاک و خەڵکەکەی بکات. ئەم بە لاشەیەکی مـام ناوەنـد بەڵام بە ئیرادەیەکـی پـۆڵاین و عەقڵێکی گەورە و بـاوەڕێکی قـایم بەرگەی هەمـو ئەو گـورزە یەک لەدوای یەکـانەی گرتوە کە ئاراستەی پەیکەر و رۆحی کراوە. لە بارتەقای ئەمە نەیـارانی لەمانـدوبون

و حەسرەت زیاتر هیچیان پێ نەبڕاوە. نەرجسیەت و خۆبەگەورە زانین نەیتوانیوە خۆی لە قەد و باڵای ئەم بئاڵێنێت هەروەک باوە، بەڵکو ئەم لەهەرکوێ گوژمەی روناکی ئاراستەی خودی خۆی کرابێت ئەوا گواستویەتیەوە بۆسەر ئازار و نارەحەتی و دۆزی گەلەکەی نیشان داوە. ئەم شەیدای ئازادی بو نەک بە دروشم و وشە بەڵکو بە هەڵوێست و بڕیار و کردار، ئەم لای وایە مرۆڤایەتی مرۆڤ لە کەش و هەوای ئازاد و ئازادیدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە ئەوکاتەی لەگەرمەی جەنگدان و گەمارۆدراون وەک نەریتی باوی کاربەدەستان داوای لێ دەکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی گەل— ئەوا کاری رۆژنامەوانی جۆرێک کۆت و بەند بکرێت و سنوردار بکرێت، کەچی ئەم بەمە رازی نابێت و پێیان دەڵێت نابێت لە ئازادی بترسن. هەرچەندە لای ئەم شوعیەت و فاشیەت و نازیەت دەرهاویشتەی مۆدێرنەو رۆژئاوان، بەڵام نەک رازی نیە ئەوروپا و رۆژئاوا لەم روانگەیەوە سەیربکرێت بەڵکو رەخنە لە بیرمەندێکی وەک —محمد أسد— دەگرێت کە ئەو لای وایە رۆژئاوا هەموی ناشیرینی یە.

ئەم بیرەوەریەکانی خۆی نەکردۆتە سەکۆی شکاندنی نەیاران و ناحەزانی، بەڵکو تەنها روداوەکەی گێڕاوەتەوەو بڕیاری کۆتای بۆ مێژو بەجێ هێشتوە کەچی لەسەر دەڵێت:

بەکورتی دەمەوێت بڵێم -عەلی عیزەت بیگۆڤیچ— لە ئاسمان نەهاتۆتە خوار بەڵکو مرۆڤە بەڵام مرۆڤێکی ناوازە چ وەک باوک، نوسەر و بیرمەند، سیاسەتمەدار و جەنگاوەر...هتد

شایەتی ئەم قسانەشم ئەم کتێبەی بەردەستانە.

ولله الحمد

عەبدولقادر عەلی

١٨/ ٢/ ٢٠١٩ سلێمانی

## پێشەکی

لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی بەردەستان گوزارشتە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی من. وە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە من هەندێکم لەبیرچۆتەوە وەیان زۆر تایبەتن بە خۆم، ئیتر ئەوەی کە دەمێنێتەوە زۆرتر خستنەڕوی ڕوداوەکانە زیاد لەوەی ژیاننامە بێت، ئەم کتێبە ناساندن و خستنە ڕوی ئەو ڕوداوانەیە کە لە ژیانا گوزەراندومەو ئێستا دەیخەمەڕو. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر باش لەوردبینی و دڵسۆزی تیایا ڕەچاوکراوە کە دەبێت گێڕانەوەی کەسێک بۆ ڕوداوەکان لەبەرچاوی گرتبن. من نازانم بیرەوەری چۆن دەنوسرێتەوە، بەڵام لە خوێندنەوەی بیرەوەریە بەناوبانگەکەی -چەرچڵ- ئەم جۆرە لە ئەدەب فێربوم، هەروەک چەرچڵ خۆی دەڵێت، کە ئەو تۆماری ڕوداوە سەربازی و سیاسیەکان بە ئەزمونە تاکەکەسی خۆیەوە دەبەستێتەوە، جا لەبەر ئەوە زۆربەی کات بیروەوریەکان ڕای تایبەتی کەسەکەن نەک بابەتی بن، وە ئەمەش مێژو نیە، چونکە نابێت مێژو لەلایەن ئەوکەسانەوە بنوسرێتەوە کە ڕوداوەکان دروست دەکەن وەیان بەشێکن لە ڕوداوەکان، بۆیە بەشی زۆری کتێبەکە بریتیە لە نامە یان نامەکانم، وتارەکان، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمە پێم باش بو هەندێکی بخەمەڕو یان بەشێکی کەمی، وە تێبینی و سەرنجی خێرای منە لەسەر ڕوداوەکان. بۆیە من لام وایە کە پەرچەکردار و وە ڵامدانەوەی من باشترین شایەتن لەسەر ڕوداوەکان. وە خواستن و دەرهێنان لەو گوفتار و پەیامان باشترین شتە بۆ خۆڕزگارکردن لە هەڵسانگاندنی ئەوانەی کە ڕابوردون کە زۆرجار ئەمە باڵ بەسەرئەم جۆرە نوسینانە دادەکێشێت

بە کـورتی... ئەم دێـڕانەی پێشـتان ئەو ڕاسـتیەن کەمـن بەسـەردەمێکی قورسـی مێژومانی دادەنێم.

سەرایڤۆ ٣١ ئازاری ٢٠٠١ عەلی عزت بیگۆڤیچ



# فەصڵی یەکەم

## کورتەیەک لە مێژوی بۆسنەو هەرسک

لە کتێبی (نویل مالکوم) کە هەمان ناونیشانی هەلگرتوە

بۆسنەو هەرسک دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای نیمچە دورگەی بەڵکان لەنێوان هێڵی پانی ٢٥، ٤٢، ١٥/٤٥ باکور وە هێڵی پانی ٤٥ و ١٥ و ١٤ و ١٩ ڕۆژهەڵات لە باکورو ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری کرواتیا هاوسنورەوە هەر وەک لەگەڵ سڕبیا و مۆنتینگرۆ لە ڕۆژئاواو باشورەو هاوسنورە. ڕوبەرەکەی ٥١١٢٩ کم٢، ژمارەی دانیشتوانی بە پێی سەرژمێری ١٩١٩ نزیکەی ٥ملیۆن کەسە، چڕی دانیشتوانی ٨١ کەس بۆ یەک کیلۆمەتر چوارگۆشە، ناوی (هەرسک) دەگەڕێتەوە ئەوناوچەیەی کە حەوزی ڕوباری نێرتیڤیای دروستکردوە، وە ناوی بۆسنەش بە ناوچەکانی ناوڕاست و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەوترێ. ئەمەش زۆرینەی زۆری وڵات پێک دەهێنێ، سنوری

سیاسیی بۆسنەو هەرسک لە ئەنجامی زنیجیرەیەک ڕێکەوتنامە و پەیمان نامەی نێوان سەدەکانی ١٨ و ١٩ بۆ وردتر لەنێوان ساڵانی ١٦٩٩ بۆ ١٨٧٨. لە دانیشتنی دوەمی ئەنجومەنی ڕزگاری نیشتیمانی دژی فاشیەت لە یوگسلاڤیا لەساڵی ١٩٤٣بڕیاری ئەوە درا کە بۆ دیاری کردنی سنوری وڵات پشت بە سنوری ساڵی ١٩١٨ ببەسترێت بێجگە لە چەند گۆڕانکارییەک لە نزیک سوتیدرینا ناوچەکانی بوسانسنکی و غراهوبیهاج.

بۆسنەو هەرسک وڵاتێکی ئەوروپیەو خاوەن مێژویەکی دێرینە لە سەدەکانی ناوەڕاست تا ئێستا کە خۆی خاوەنی قەوارەیەکی جیۆ_ سیاسی بوە لە نێوان ساڵانی ١١٨٠ تا ١٤٣٦ خۆی میرنیشینێکی سەربەخۆ بوە لە ١٥٨٠ تا ١٨٧٨ بریتی بوە لە — ویلایەتێک_ بەو زەمینە زۆرە وتراوە کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیا بوە. وە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨ و ١٩١٨ زەمینێکی سەربە تاجی شاهانەی ئیمپراتۆرییەتی نەمساو مەجەرستان بوە. وە لەنێوان ١٩٤٥ — ١٩٩٢ یەکێک بوە لە کۆمارەکانی یوگسلاڤیای پێشو بەم جۆرە لەمیانەی مێژویەکی ٨٠٠ ساڵەدا ٦٥٠ ساڵیان خاوەنی نەخشەی قەوارەی خۆی بوە بە ناوی بۆسنە .کۆنترین نیشتە جێ بوەیەک لەم خاکە بریتی بوە لە -ئیلیریەکان- کە سلاڤەکان لە سەدەی شەشەمی زاینی بەرەو نیمچە دورگە بەڵکان ڕەویان کردوە لە خواروی نیمچە دورگەی بەڵکان لە باکوری یۆنان نیشتە جێ بون. کۆنترین بەڵگە نامە ناوی بۆسنەی تیاهاتبێت کتێبی چوگرافی_ سیاسی یەکەی ئیمپراتۆری —بێزەنتی- کوستەنتین بۆ رڤیرۆجینتۆس —ساڵی ٩٥٨ زاینی نوسیویێتی. لە ساڵی ١١٠٢ ی زاینی دەسەڵات داریەتی هەنگاریا فراوان بو تا ئەوەی بۆسنەشی گرتە خۆی بەڵام کە ئالیان بوە فەرمان ڕەوایی. لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی سەختی دورەدەست بو، ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەسەر بەخۆیی نزیک دەبۆوە، لەکۆتایی سەدەی ١٢دا تا ڕادەیەکی باش —بۆسنە- بوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەساڵی ١٦٤٣ —بۆسنە- کەوتە ژێردەسەڵاتی -عوسمانییەکان-

یەکێک لەڕۆژئاوایەکان لای وایە کەلە ساڵی ١٥٩٥ زمانی —سلافۆنی— بوە بەزمانی سێهەم لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خانەوادەی —سۆکلۆ- لە ئەستەنبوڵ زۆرترین وەزیریان تێدا دەرکەوت کە بەڕەگەز —بۆسنی- بون.

لەنێوان سەدەکانی ١٦، ١٧ (٩) سەرەکوەزیر لە ڕەچەڵەکی بۆسنی بون، موسوڵمانبونی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی بۆسنی لەسەردەمی دەسەڵاتدارانی تورکەکان، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی مێژوی نوێی بۆسنە. قەشەو گەڕیدەی __رسولی ئەلبانی (بیترمازاریتچی).

لە ڕاپۆرتێکدا لەساڵی ١٦٢٤دا ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە ئەوکاتە لە بۆسنە ١٥٠ هەزار کاسۆلیک و ١٧٥هەزار ئەرسەرۆکسی و ٤٥٠ هەزار مسوڵمان ژیاون. تورکەکان لە ١٥ ساڵ یەکەمی دەستەڵاتیاندا هەستان بە دروستکردنی مزگەوتی —سەرایڤۆ- کەبە (فەرهـ بۆسنە) ناسرابو وە تەکیە (بۆدەروێش) و خانیان بۆ (ڕێبواران) دروست کردوە. هەروەک حەمامێکی تورکیشیان دروست کرد. وەبەسەر ڕوباری - میلیاتسکا-پردێکیان دروستکرد، وەسیستەمی دابەشکردنی ئاویان بەبۆری دامەزراند، وە سەرا (شوێنی حوکمداری) گەورەشیان تیایا دروستکرد. عادەت وابوە کە دەستڕۆشتو ودەوڵەمەندەکان بەشێک لەم بودجەیان بۆ داهاتی دام و دەزگای گرنگ تەرخاندەکردوە (نەک تەنها بۆ مزگەوت) بەڵکو بۆ قوتابخانە و خان و حەمام و پرد ...هتد ئەمە پێی وتراوە (ڤاکۆڤا) یان بە عەرەبی (وقف). وەدەڵێن کە سێ یەکی زەوی کشتوکاڵی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی —نەمساو مەجەڕ- لەساڵی ١٨٧٨دا موڵکی (وقف) بون. —بۆسنە- ڕوبەڕوی زۆر شەڕی جۆراوجۆر بۆتەوە تا ئەو ڕادەیەی دو نەوە بەدوای یەکدا نەهاتون تا توشی شەڕێک نەبوبێتنەوە. ئەو شەڕەی کە نەیهێشت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێتەوە سەر خۆی شەڕی دژ بە نەمسا بو لەسالانی ١٦٨٣ تا ١٦٩٩. نەمسا وییەکان سالانی ١٦٨٤ تا ١٦٨٧ وردەوردە هەنگاریایان داگیرکرد، ئەمەش وای کرد کە هەزاران کەس خانە ماڵیان ڕوەو ڕۆژئاوا جێ بهێڵن، ئیتر —بۆسنە- پڕبو لە پەنابەر. لەساڵی ١٦٧٨ لە لیکای

ڕۆژئاوا نزیکەی ٣٠ هەزار مسوڵمان ڕایان کرد و خانە وماڵیان جێهێشت. دیارە ئەم کۆچ و گوژمەیە لە پەنابەران کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دانیشتوانی _بۆسنە- هەندێک مەزەندەی ئەوە دەکەن کە لە میانەی شەڕدا ١٣٠هەزار پەنابەر ڕوی کردۆتە بۆسنە، فەرمانڕەوای بۆسنە -علی پاشا هیتشمۆڤیچ_ لە ساڵی ١٧٣٧ لە شەڕی _بانیالۆکا- توانی سوپای نەمسا بشکێنێت. ئیتر سنوری باکوری بۆسنە لەمیانەی پەیماننامە ئاشتی ئەو شەڕە دیاری کرا، ئەمەش بە پەیماننامەی _بەلگراد- ی١٧٣٩ناسراوە. شەڕی نەمسا دوای ساڵی ١٧٨٨ دەرەنجامی مەترسیداری لێکەوتەوە، بەوەی هەردو ئیمپراتۆریەتی نەمسا (جۆزێڤی دوەم و ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا (کاترینی گەورە) دەستیان گرت بەسەر خاکی بەڵکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە نێوان خۆیاندا بەشیان کرد. ئەمەش لە بەڵکان زەمینە سازیەکی جیۆ- سیاسی لە باری ڕەخساند بەوەی لە ساڵی ١٨٧٨ نەمسا هەستا بە داگیرکردنی بۆسنە و دوای ٣٠ ساڵ لەو بەروارەش خستیە سەر نەمسا. زلهێزانی ئەوروپی لە میانەی کۆبونەوەیان کۆنگرەی بەرلین لەساڵی ١٨٧٨ بڕیاریاندا _بۆسنە- بخرێتە ژێردەستی داگیرکاری بەڕێوەبەرایەتی نەمسا و هەنگاریا، سەرەڕای ئەوەی لە ڕوی تیۆریەوە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بو. ئیتر داگیرکاری نەمسا بۆ بۆسنە دەستی پێکرد. ئەمەش ٣ مانگی پێ چو، وە ڕوبەڕوی بەرگریەکی سەخت و هێرشی توند و بەردەوامی شۆڕشگێڕان بونەوە، بەڵام نەمساویەکان زیانیان لە ٩٤٦ کوژراو و ٣٩٨٠ بریندار زیاتر نەبو.

ئەم داگیرکاریەی نەمسا بۆ بۆسنە بوە هۆی ئەوەی شەپۆلێک لە پەنابەریێتی مسوڵمانان کە زۆرینەیان بەرەو تورکیا ڕێیان گرتەبەر. دەسەڵاتدارانی -نەمسا- هەنگاریا- چەند ژمارەیەکی فەرمیان لە ڕێژەی پەنابەران بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتوە ٣٢٦٢٥کەس لە نێوان ساڵانی ١٨٨٣ بۆ ١٩٠٥ وڵاتیان جێ هێشتوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ٢٤ هەزار کەس لە نێون ساڵانی ١٩٠٦- ١٩١٨ ئەمانیش بە هەمان شێوە سەری خۆیان هەڵگرتوە و بونەتە پەنابەر، دەبێت ئەوەش لە یاد

نەکەین کە ئەم ژمارەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بە شێوەی ناشەرعی ڕایان کردوە. وەک چۆن ئەوانەش ناگرێتەوە وەک لە میانەی چوار ساڵی شەڕی داگیرکاری ١٨٨٣ ڕایان کردوە. هەندێک لە مێژونوسانی مسوڵمان کۆی گشتی ژمارەی پەنابەرانیان بە ٣٠٠ هەزار کەس داوەتە قەڵەم. کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆر گەورەیە لە ساڵی ١٨٨٩ کاتدرائیەتی کاسۆلیکی لە -سەرایڤۆ- دروستکرا، هەروەک بە دوای ئەمەدا لە -بادوا- کەنیسەی (قدیس ئەنتۆنی)ەکی نوێ دروستکرا، فەرمانڕەوای بۆسنە لە ساڵانی ١٨٨٢-١٩٠٣ مێژونوس و دپلۆماتی پێشوی نەمسا (بنیامین کالا)ی بوە سیاسەتی ئەولە بۆسنەدا بریتی بوە لە دابڕینی بۆسنە لە کاریگەری هەڵکشانی ڕەوتی نەتەوایەتی و بزاڤی سیاسیی نەتەوەیی لە سڕبیاو کرواتیا ..لەهەمان کاتدا خەریکی دامەزراندنی بیری —نەتەوەیی بۆسنە- بو بەوەی کە هۆکاریکی یەکخستن و سەربەخۆیەو جیا لە هۆکارەکانی تره، ئەمەش گرنگی ئەوەی لێکەوتەوە کە مسوڵمانەکان یەکەم کەس بون کە بیری ئومەت وگەلی بوسنەیان لەلا گەڵاڵەبو. لە ساڵی ١٩٠٩ مسوڵمانەکان ڕێگەیان پێدرا کە خۆیان سەربەخۆ کاروباری ئەوقافیان بەڕێوەببەن. ئیتر لە ساڵی دوایدا پەرلەمانی بۆسنە هەڵبژێردراو ئەمەش لەو کاتەدا بو کە(یاردون لۆریانی) لیبرالی لەساڵانی ١٩٠٣-١٩١٢ وەزیری دارای گشتی بو. هەرچەندە کە ئەمە دەستپێشخەریەکی کەم وسنوردار بو هیچ دەسەڵاتێکی یاسادانانی نەبو، بەڵام ڕێخۆشکەر بو بۆ دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوەی ناوخۆیی وەک ڕێکخراوی نەتەوەی مسوڵمانان (١٩٠٦) وە ڕێکخراوی نەتەوەی سیڕب لە (١٩٠٧) داو وە(کۆمەڵەی نەتەوەی کرۆات)لە (١٩٠٨)دا. ئەمانە وەک حیزب دەست بەکاربون، هەرچەندە هەندێک لە کەسایەتیە ناسراوەکانی مسوڵمانان ڕایان گەیاند کە ئەوان سڕب و کرواتن. بەڵام ئەمانە بەکاری تاکەکەسی لە قەڵەم درا و بەشێوەیەکی گشتی هیچ مەترسیەکی بۆ سەر مسوڵمانان دروست نەکرد. لەدوای کوشتنی (ئەرشیدۆق فرانز فیردیناند). لە کۆتایی تەموزی ١٩١٤ ئەوا نەمسا و مەجەرستان جاڕی شەڕیان دژ بە سڕبیا بەرپاکرد.

لێرەوە جەنگی جیهانی دوهەم دەستی پێ کرد کەتا ساڵی ١٩١٨ی خایەند و تیایدا وڵاتانی —المحور- سەرکەوتن.

له ٣٠ ئایاری ١٩١٧ سیاسەتمەداری سلۆڤینی(کوریتش)و هەندێک له هاوڕێکانی ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە کەتیایا داوای یەکخستنی —سلۆڤین و کروات و سرب- یان دەکرد لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتی یەکگرتودا. وەپەرلەمانی —کروات-یش ڕاگەیەندراوێکی هاوشێوەی له ١٩١٨/١٠/٢٩دا بڵاوکردەوە. وە ئەو حیزبەی کە پشتگیر مسوڵمانانی له پشت بو. (تاڕادەی ئەوەی هەمویان پشتیان دەگرت)بریتی بو له -ڕێکخراوی مسوڵمانانی یوگسلاڤیا. کە له شوباتی ١٩١٩ له سەرایڤۆ دامەزرا. وە پێشنیاری سەرۆک حیزب که د.محمد سباهۆ-بو ئەوەبو کە هەوڵبدرێت قەوارەی بۆسنە له چوارچێوەی بوگسلاڤیا دا پارێزگاری له ناسنامەو یەکەی سەربەخۆی خۆی بکات، کاتێک له مانگی ١٩٢٠/١١ لەسەرجەم یوگسلاڤیادا هەڵبژاردن کرا. ئەوا حیزبەکەی —محمد سباهۆ- دەنگی نزیکە هەمو مسوڵمانەکانی بۆخۆی مسۆگەرکرد . ئەمەش وای کرد له ئەنجومەنی یاسادانادا ببێتە خاوەنی ٢٤ کورسی. شا ئەلیکسەندەر له کانونی ١٩٢٩ هەستا بە هەڵپەساردنی دەستورو ڕای گەیاند که دەوڵەت لەم ڕۆ بەدواوە دان نانێت بەناوی شتێک کەناوی میرنشینی سرب و کروات و سلۆڤینیایە. بەڵکو لەمەودوا ناوی دەبێتە یوگسلاڤیا. ئیتر دەوڵەت کرایە ٩ (پارچە) یان (یەکە) لەناو ئەومیرنشینەدا. سنورە کۆنەکە نەما .بۆسنە -کرایە چوار پارچە یان یەکە. ئەوانیش فرسباسکا کە بەشێکی کرواتی خرایە سەر .دو دینسکا- کە بەشێکی سربیای خرایەسەر زیتسکاکەلە مۆنتینگرۆوبریمۆرسکا پێک هاتبو.

مسوڵمانان هەرگیز بەم دابەشکاریە ڕازی نەبون. له مێژوی ٤٠٠ ساڵ لەوەو پێشەوە -بۆسنە- دابەشبونی وای بەخۆوە نەدی بو. ئیتر مسوڵمانان لەهەریەک لەو چوار کەرتە بونە کەمینە. کرواتەکان بە دەستورەکەی ئەلکسەندەر- ڕازی نەبون . لێرەوە قۆناغێکی نوێ له ناڕەزایەتی و ململانێ له نێوان سرب و کروات دەستی پێ

کرد. کە ١٠ساڵی خایەند . لەمانگی ئابی ١٩٣٩ هەریەک لە وەزیری سڕبی (تستفیتکۆڤیچ و سەرکردەی کرواتی(ماتشیک) گەیشتنە ڕێکەوتن بە دروستکردنی پەیکەرێکی تازە بۆ یوگسلاڤیا ئەویش بریتی بولە دابەش کردنی بۆسنەو هەرسک. وە لێکدانەوەی هەردو پارچەی سەرەکی کرۆات- سافسکاو بریمۆ (کە بەشێکی زۆری خاکی بۆسنەو هەرسکی لەگەڵدا بو) کرایە یەک پارچەوخرایە سەر کرواتیا، ئیتر دەبێت دانیشتوانی باقی ناوچەکانی بۆسنە لە میانەی ڕاپرسیەکدا بڕیاری خۆیان بدەن، ئایا دەیانەوێت بچنە پاڵ سڕبیا یان کرواتیا،؟ لە میانەی ناسکترین قۆناغەکانی دانوستاندا لە ساڵی ١٩٣٩. د. محمد سباهو کۆچی دوای کرد. جعفرکولوفیتش- کە لەدوای ئەوەوەهات داوای کرد کەوا ناوچەیەکی تایبەت بۆ بۆسنە دروست بکرێت، بەڵام گوێ لەداواکاریەکەی نەگیراوپشت گوێ خرا. لە ٦ی نیسانی ١٩٤١سوپای ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر یوگسلاڤیا دوای ٤ ڕۆژدەوڵەتی کرواتی سەربەخۆییان ڕاگەیاندکەبە زمانی سربۆکراتی پێی دوترا (ndh) هەموناوچەکانی بۆسنەی ڕاپێچ کردبو بۆخۆی، بەڵام دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبو بەڵکو بریتی بولەدوناوچەی داگیرکراوی ئەڵمانەکان و ئیتاڵیە کان هێڵێکی جیاوازی نێوانیان لەباکوری ڕۆژئاواوە تاباشوری ڕۆژهەڵات بە بۆسنەداتێپەڕدەبو، حیزبی شیوعی یوگسلاڤیا لەساڵی ١٩٤١کە ڕێکخەری ڕاپەڕین بو دژی هێزەکانی ئەڵمانیا کەمترین بیرۆکە وزانیاری لەسەر مسوڵمانانی بۆسنە نەبو، بیرمەندیشیوعی سلۆڤینی(ئێدواردکادیلیە) دەڵێت (ناتوانین بڵێین مسوڵمانان گەلن بەڵکوپێکهاتەیەکی ڕەگەزی تایبەتن)، وە لەکۆنگرەی حیزبدا لەساڵی ١٩٤١میلۆڤان دیلاس بەرپرسی سیاسەتی نەتەوەکانی (حیزبی شیوعی) مسوڵمانانی لەلیستی گەلانی یوگسلاڤیا هەڵاوێردوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٤١بۆ١٩٤٥ لە دەوڵتی بەناو کرواتیای سەربەخۆدا دا سیاسەتی چەوساندنەوەی کەمایەتیە کان پیادە دەکرا بەتایبەت بەرامبەر بە سیرب وجولەکە. سەرکردەدیارو بەرچاوەکانی مسوڵمانان لەهاوین وپایزی١٩٤١ دا زنجیرەیەک بڕیاری گشتی ناڕەزاییان بەرامبەر بەترساندن وتۆقاندنیان بڵاوکردەوە،

شـیوعیەکانی یوگسـلاڤیا لەسـاڵی ١٩٤٥ جـڵەوی دەسـتەڵاتیان گرتەدەسـت. لێـرە دادەکـرا زۆریـنەی موسـڵمانان ڕزگاریـان بێـت، لەجیـاتی ئەوەی لەلایەن کـروات و سرِبەوە قوت بدرێن، بە چارەسەرێکی فیـدراڵی تـوانرا قەوارەی بۆسـنە بهێڵـدرێتەوە، لە هەموی گرنگتر ئەوەبو کە لە کوشـتن ڕزگاریـان بـو. ئەوەی زانـراوە ئەوە بـو کە نزیکەی ٧٥ هەزار موسڵمانی بۆسنی لەمیانەی جەنگی جیهـانی دوەمـدا کـوژراون و بونەتە قوربانی. کە ئەمەش دەکاتە ٨٠١% ڕێژەی موسـڵمانان. شـیوعیەکان زۆر بە ڕەقی ڕوبەڕوی ئەوانە دەبـونەوە کە نەیـاری دەسـتەڵاتیان بـون بە مەزەنـدەی نویـل مالکوم-ی مێژو نوس نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس لە کۆمەڵکوژی تیتۆدا کوژراون.

دەستوری یەکێتی یوگسـلافیا کە لە کـانونی دوەمـی ١٩٤٦ ڕاگەیەنـرا کـۆپیەکی دەستوری سۆڤیەتی بـو کە ١٠ سـاڵ پـێش ئەوە ڕاگەیەنـرا بـو. لەنـاو دەسـتورەکەدا بەندی تیا بو کە یوگسلاڤیا جەخت لەسەر پاراسـتنی ئـازادی بیروبـاوەڕ دەکـاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە جێبەجێ کردندا کار بە جۆرێکی تر بو کە تەواو پێچەوانە بـو، لە ساڵی ١٩٤٦ دادگای شەرعی داخران. لە ساڵی ١٩٥٠ دواهەمین —حـوجرە- کە قوتابیان تیایا زانستی قورئان فێردەبو داخران.

هەمـو ڕێکخـراوە ڕۆشـنبیری و پەروەردەیـیە ئیسـلامییەکان داخـران. تەنیـا دو کۆمەڵەیـان هێشـتەوە لەگەڵ دو قوتابخـانەی شـەرعی کە ئەوانـیش خرابـونە ژێـر چاودێریەکی زۆر توندەوە. چاپخانەی ئیسـلامی لە سـەرایڤۆ داخـرا، دەوڵەت خـۆی کەوتە سەرپەرشتی کردنی —ئەوقاف- بە نهێنـی دژایەتیەکـی تونـدی ئەو بڕیـارانە دەکران، خەڵکی لەناو خۆیاندا کتێبی ئیسلامییان دەستاودەست پێدەکرد. منـداڵان لە مزگەوتدا خەریکی فێربونی قورئان بون. سۆفی و دەروێشـیش بـۆ خۆیـان لە ماڵانـدا لە بۆنەکاندا کۆدەبونەوە. ڕێکخراوی لاوانی موسڵمان کەوتە بەرەنگـارییەکی سـەختی دژایەتی کردنی ئیسلام تا ئەوەی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٠ سەدان کەسیان لـێ زیندانی کرا. بە پێچەوانەی بۆچونی شـیوعیە یوگسـلافیا لە سـاڵانی دەسـتەڵاتداری تیتۆدا دۆزی ناسنامەی موسڵمانانی بۆ ون نەبو وە نەفەوتا. بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە

ئایا ناسنامەکەیان ئاینیە یان نەتەوەییە،؟ لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٨دا سێ بژاردەیان خستە ڕو بنوسن موسڵمانی سرب یان موسڵمانی کروات یان موسڵمان بێ دیاری کردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو. دەرەنجام سەرژمێرییەکە بەم جۆرە بو: ٧٢ هەزار کەس وتیان موسڵمانی سرب، ٢٥ هەزار موسڵمانی کروات بەڵام ٧٧٨ هەزار کەس نوسیبویان —موسڵمان- و بەس دەرەنجامی سەرژمێری ١٩٥٣ نزیکەی هەمان دەرەنجامی پێشو بو.

بەڵام لە سەرژمێری ١٩٧١ بۆ یەکەمجار دەستەواژەی —موسڵمان- بە مانای نەتەوەیی وشەکە دەرکەوت، لە دوای مردنی تیتۆوە کەم و کوڕی و ناڕێکی سیستمی ئابوری سۆشیالیستی بە ڕونی دەرکەوت. ئاڵۆزی نەتەوەیی زیادی کرد. هەڵاوسانیساڵانەی یوگسلاڤیا ١٩٨٧، لە ٢٠% بو لە ١٩٨٨ بو بە ٢٥٠%. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا قەرزی دەرەکی یوگسلاڤیا ٢٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بو. ڕێژەی هەژاری لەناو دانیشتواندا زیادی کرد ئەمەش دەرگای خستە سەر پشت تا دەمارگیرە نەتەوە پەرستەکان کەوتنە نارەحەتکردن و بێزاری کردن. لە ڕۆژی جەژنی قدیس ڤیتۆس لە ١٩٨٩/٦/٢٨ سەدان هەزار کەسی سربی لە شوێنی شەڕی —غازمستان- نزیک —بریشتینا-ی پایتەختی کۆسۆڤۆ کۆبونەوە بۆ ئەوەی یادی ٦٠٠ ساڵەی شەڕی __کۆسۆڤۆ- بکەنەوە.

سلۆبۆدان میلۆسۆڤیش بەم جۆرە ڕوی کردە خەڵکەکەو وتی: ئێمە دوای ٦ سەدە تا ئێستاش لە شەڕ و ململانێداین. پاشان وتی (ئەم شەڕو ململانێیە مەرج نییە بەچەک بێت، بەڵام ناشتوانین بڵێین لێمانەوە دورە) ئیتر خەڵکەکە بۆی کەوتنە هەلهەلەکێشان، نەخشەی بچوکی پارتە سیاسیە سەربەخۆکان کە لە یوگسلافیا ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، لە کانونی دوەمی ١٩٩٠ بو بە لافاوێک، شیوعیە سلۆڤێۆنیەکان لە کۆنگرەی حیزبی شیوعی کشانەوە وە هەریەکە لە سلۆڤینیا و کرواتیا لە بەهاری ١٩٩٠ هەستان بە ئامادەسازی بە هەڵبژاردنێکی فرە حیزبی. لەو هەڵبژاردنەدا هاوپەیمانێتی لیبرالی نەتەوەیی سەرکەوت وە لە هەڵبژاردنەکانی

کرواتیــادا پــارتێکی نەتەوایەتــی نــوێی کرواتیــا ســەرکەوت. کە ئەویــش یەکێتــی دیموکراتی کرواتی بو بە سـەرکردایەتی فراینـۆ تودجمـان. بەڵام لە هەڵبژاردنەکـانی مانگی ١٩٩٠/١١ی بۆسـنە ئەوا پـارتی کـاری دیمـوکراتی موسـڵمان ٨٤ کورسـی لە ٢٤٠ بۆ خۆی مسۆگەر کرد، هەروەک هەندێک لە موسڵمانەکانی تـر لەوێـنە یەکێتـی موسڵمانانی بۆسنە، بە سـەرکردایەتی ذولفقـار باشـتش ١٣ کورسـی بـردەوە هەروەک پارتی دیموکراتی سرپی بە سـەرۆکایەتی رادۆڤـان کـارادۆڤیش ٧٢ کورسـی بـردەوە. سلۆبۆمان میلۆسـۆڤیچ هەر لە سـەرەتای ١٩٩١وە ڕایگەیانـد ئەگەر ئەوان هەسـتن بە گۆڕانکاری پەیکەری فیدراڵی یوگسلاڤیا ئەوا ئەو بەزەبری هێز ناوچەکانی کرواتیـا و بۆسنە دەخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. تا ئازادی زیـاتر بـۆ خۆیـان بەرقەرار بـکەن یــان ببــنە کۆنفــدراڵی. لە ١٩٩١/٦/٢٥ هەریەکە لە ســلۆڤینیا و کرواتیــا جــاڕی سەربەخۆیی خۆیان دا، ئیتر ئەمە بوە هۆی ئەوەی کەوا زۆر پێویستە لەسەر بۆسـنە کە ئەویـش جـاڕی سـەربەخۆیی خـۆی بـدات، دەنـا لە یوگسـلاڤیادا دەسـڕێنەوەو دەکەونە ژێـر ڕەحمەتــی چەکـمە ڕەقەکـانی سـڕبیا. لە ٦/نیسـانی/١٩٩٢ یەکێتـی ئەوروپـا بە ڕەسـمی دانـی نـا بە دەوڵەتـی بۆسـنە و هەرسـکدا، وەک دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ. ئەم ڕۆژە هەر هەمـان بەروار بـو کە تیایـا هێـرش کـرایە سـەر وڵات. سەرەڕای ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٩٩٢/٥/٢٢ بە ڕەسمی دانی نا بە بۆسـنە و هەرسـک دا بـوە ئەنـدام. بەڵام قەدەغەکردنـی چەک کڕینـی بەسـەردا سـەپا کە پێشتربەگشتی بەسەر یۆگسلافیاداسەپا بو، وە لە سەری هەڵنەگیرا. ئەمەش بۆ ئەوان هیچ نەبو چونکە سەرکردە سـەربازیەکانی سـڕب شـانازیان بەوەوە دەکـرد کە ئەوان پاشماوەی چەکی یوگسلاڤیایان لەبەردەستدایە کە بەشی شـەڕی ٦-٧ سـاڵی بۆسـنە دەکـات ئیتـر قەدەغەکردنـی چەک کـڕین هـیچ زیـانێکی بـۆ ئەوان نەبـو، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمە زیانی زۆری بۆ بەرگری بۆسنە هەبو، دەتوانین بڵێین قەدەغەکردنی چەک کڕین سەبارەت بە بەرگری لە بۆسنە وەک حوکمی —ئیعدام- و بو. بۆیە هەر خێرا ئەمریکا و ئەڵمانیا کەوتـنە خـۆو کەوتـنە دروسـتکردنی قورسـایی بـۆ لابردنـی

بڕیاری قەدەغەکردنی چەک کرپن، بەڵام وەزیری دەرەوەی بەریتانیا —دۆگلاس هێر- بە توندی دژی ئەم هەوڵە وەستایەوە. بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی (شەڕ درێژە بکێشێت) ئیتر بڕیاری قەدەغەکردنی چەک کرپن هەروا مایەوە و شەڕیش بەردەوام بو تا کۆتایی ١٩٩٥، لە ١٩٩٥/١١/٢١ شەڕ کۆتایی هات، ئەویش بە ئیمزاکردنی پەیماننامەی —دایتۆن- کە لە پاریس لە ١٩٩٥/١٢/٢٤ ئیمزا کرا.

ئێستا سالآنی منداڵیم زۆر لێوە دورە، بە تەواوی وەک ئەوەی لە ڕۆژێکی هەوا پاکژدا سەیری لوتکەی چیایەک بکەم، دەتوانم بە ئاسانی سەیری لوتکەی چیاکە بکەم بەلآم بۆم ورد ناکرێتەوە، ژیان کورت نییە من وادەبینم ژیان زۆر درێژە. پێش ۷٥ ساڵ لەمەوپێش لە —بۆساناسکی شاماتس- لە ماڵێکدا کە بەسەر یەکێک لە دو گەورەترین ڕوبارە لەدایک بوم کە لە بۆسنەن ئەوانیش ڕوباری بۆسنەو ڕوباری __سافا-ن. کە تەمەنم گەیشتە دو ساڵ گواستمانەوە بۆ سەرایڤۆ هەرلەوێش چومە قوتابخانە. ڕۆژێکیان بەلای ئەو قوتابخانەیەدا تێپەڕیم کە ۸ ساڵی منداڵی و هەرزەکاریم تیایا گوزەراند، قوتابخانەیەکی بەناوبانگ بو ئەوەی ئەوێی تەواو دەکرد ئەوا هەستی بە شانازیەکی گەورە دەکرد. لە سەرایڤۆ بەکالۆریۆسم لە یاسادا وەرگرت هەرچەندە من لە سەرەتادا بە ئابوری کشتوکاڵ دەستم پێکرد. بەلآم لەدوای ساڵی سێهەمەوە پسپۆڕیەکەی خۆمم گۆڕی بۆ یاسا.

من لە خێزانێکی گەورەدا چاوم هەڵهێناوە. باوکم ۳ کچ و ۲ کوڕی هەبو من لە براکەم گەورەتر بوم، بەلآم ۲ خوشکم لە من گەورەتر بون. ئەمانە لە دایکی خۆم بون، وە ۲ برای تریشم هەبون لە —باجیمە-وە کە باوکم پێش هاوسەرگیری لەگەڵ دایکم لە ساڵی ۱۹۲۱. لەگەڵ ئەودا هاوسەرگیری کردبو بەلآم ئەوپێش دایکم مردوە. ئێمە لە خانەوادەی خۆماندا ئەوەندە بەڵگەمان هەیە کە بیسەلمێنێت خانەوادەی ئێمە لە کۆتایی سەدەی ۱۹ لە —بەلگراد-ەوە هاتون و باپیرم لەوێ لەدایک بوە لە خانویەکدا کە خوالێخۆشبوی مامم پێی گوتم ئەو خانوە لە شەقامی —فرانتسوتسا- (فەڕەنسا) بو تا کۆتایی شەڕی جیهانی دوەم مابو. بەلآم لە دوای شەڕ بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە ڕوخاندیان، باپیرم کە لە لەشکری عوسمانیدا سەرباز بوە لەگەڵ کچێکی تورک بەناوی (صدیقە) هاوسەرگیری کردوە ئەو کچە لە ئەسکۆداری یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵ کە بەسەر تەنگەی بۆسفۆڕدا دەڕوانێت لەدایک بوە. باوکم هەندێک لە تورکی تێدەگەیشت، بەلآم وەک ئەوەی

بـزانم نەیـدەتوانی قسـەی پێبکـات، ئەمەش دایکمـی نـیگەران دەکـرد بەوەی کە نەیدەزانی لە قسەو باسیاندا چی دەگوزەرێت، چـونکە دایکـم تـورکی نەدەزانـی. لە منداڵیمـدا نەخۆشـی بـاوکم زۆر کـاری تێکـردم. بـاوکم لەمیـانەی شـەڕی جیهـانی یەکەمـدا لە —بیـافە-ی ئیتاڵیـا لە شـەڕگەدا بە خەسـتی برینـدار بـوە، هەر ئەم برینداربونەی وای لێکرد بو توشی جۆرێک لە —شلل- پەککەوتـن بوبـو. بە جۆرێـک ١٠ سـاڵی کۆتـایی تەمەنـی لە جێگـادا بەسـەر بـرد. خوالێخـۆش بـوی دایکـم زۆر گرنگی پێدەدا و خزمەتی دەکرد. ئێمەی منـداڵیش هاوکاریمـان دەکـرد. خـانەوادەی باوکم پێشتر دەوڵەمەند بـون، بـاوکم لە —بوسانسـکی شـاماتس- خەریکـی بازرگـانی بوە. بەڵام لە بارودۆخێکی نادیاردا کەوت و سـەرمایەی بەدەسـتەوە نەمـاوە، پاشـان گواستمانەوە بۆ سەرایڤۆ. هەرچەندە ژیـان گرانتـر بـو. بەڵام چەنـد سودێکی هەبـو لەوێـنە هەلـی خوێنـدن ئەگەر لە —بوسانسـکی شـاماتش- بماینـایەتەوە لەوە نەبـو بتوانین بخوێنین، خوالێخۆشبوی دایکم ئافرەتێکی —خۆپارێز-ورع- بـو تـا ڕادەیەکـی زۆر دینـداری خـۆم بـۆ ئەو دەگێـڕمەوە، بەیانیـان زو لە خەو هەڵدەسـتا بـۆ نـوێژی بەیانی و منیشی هەڵدەستاند تـا بچـم بـۆ مزگەوتـی گەڕەکەکەمـان کە مزگەوتـی —هجسیکا- بو نزیک شارەوانی منیش بە حـوکمی ئەوەی هەرزەکـارێکی ١٢-١٤ سـاڵ بوم لە لەخەو هەسـتانداتەمبەڵی وسسـتیم دەکـرد، بەڵام کە لە نـوێژ دەگەڕامەوە زۆر دڵخـۆش دەبـوم. بەتـایبەتی لە بەهارانـدا کە خـۆر هەڵـدەهات، وە لە مـزگەوت مامۆستایەکی بەتەمەن —مویزینۆفش- پێشـنوێژی دەکـرد بەردەوام لە ڕکـاتی دوەمـی نوێژی بەیانیدا —سورەتی (الرحمن)ی دەخوێنـد. مـزگەوت لەنـاو گـوڵ و گـوڵزاری بەهـاری داو نـوێژی بەیـانی و سـورەتی —الـرحمن- و ئەو مامۆسـتا بەڕێـزەش کە خەڵکی زۆر ڕێزیان لێدەگرت، هەمو ئەم دیمەنانەم لەنێوان تەمـومژی چەنـد سـاڵەی تەمەن بە ڕونی دێنەوە پێش چاوم. من خەسڵەتەکانی دایـک و بـاوکم هەڵگرتبـو. لە ڕوی لاشەییەوە سەر خانەوادەی دایکم و خاڵەکـانم داوە، کە مـن ئەمەم پـێ خـۆش نەبو حەزم دەکرد سەر باوکم بدەمەوە کە کەسێکی جوانپـۆش و لەش ڕێـک و داڕژاو

بـو، بەڵام لەڕوی کەسـایەتیەوە لە بـاوکم دەچـوم، هەمـو ئەنـدامانی خزمـانی دایکـم کەسانی کراوە و کۆمەڵایەتی بون، بە پێچەوانەوە ئێمەی نەوەی خانەوادەی عیـزەت بیگـۆڤیچ کەسـانی کەمـدو و کەنـارگیرین. خـانەوادەی دایکـم زۆر ڕێزیـان لە بـاوکم دەگرت ئەمە لەگەڵ ئەوەی باوکم هاتۆتە —سەرایڤۆ- تـا لەگەڵ خزمەکـانی دایکمـدا بژی. ئەگەر کێشەو ئاریشـەیەکی خێزانـی ببـوایە یـان حـاڵەتی هاوسـەرگیری ئەوا بـاوکم ڕۆڵـی دادوەری دەبینـی و کێشـەکەی چارەسـەر دەکـرد. دەمزانـی کە هەمـو خانەوادە گوێ بۆ قسەکانی دەگرت، ئەمەش زیاتر منی بە باوکم سەرسام کرد. وەک هەر منداڵێک زۆر هۆگری دایکم بو بـوم و زۆرم خۆشدەویسـت، کاتێـک لەگەڵ بـاوکم بچونایە بۆ سەردانێک تا نەهاتایەوە خەو لە چاوم نەدەکەوت دادەنیشتم بەدیـاریەوە تادەهاتەوە جـاری وا هەبـو درەنـگ دەهـاتەوە خەوبەسـەرما زاڵ دەبـو لەقـوڵایی ئەو خەوە خوشە کە گویم لە دەرگا کردنەوەیـان دەبـو رادەپەریـم، کاتیـک بـومە لاویکـی تازەپێگەیشتو خۆم لەدەسـت بـاوک ودایـک رزگـارکرد بریـارم دا کەخـوم چـۆنم پـی خوشە ئاوا بژیم، لە١٤-١٥ساڵیدا گومان هێرشی دەکردە سەر ئیمانم، ئەوکـاتە لەگەل هاوڕێکـانم لەسەرهەموشـتیک وە لەسـەر هەموباسـێک دەدوایـن کتیبـی شـوعی و بـی باوەری (الحاد)یم خوێندەوە. ئەودەم یوگسـلاڤیا پڕبـو لە بانگەشـەکردن بوشـوعیەت وبیری شـوعی بەشـیوەیەکی ناشـەرعی بلاوکراوەکانیـان لەمەوەبـو ئەو دەستاودەسـت پێدەکرد. شیوعیەکان لەم کارەدا کارزان بون شـوعیەت پەرجەکـرداری فاشـیەت بـو لەئەوروپـادا، بەلام شـوعیەکان هـیج لەدیمـوکراتیەت تینەدەگەشـتن، لەیوگسـلافیا- بزافێکی دژە فاشـیـەت هەبـو ئایـدولۆژیایەکی پـێچەوانە بـو کەزوڵمـی ئەمـیش لەو فیکـرە توتالیتـارە سـەرکوتکارانە کەمترنەبـو، بڵێـین تۆتالیتـاری سـەرکوتکاری (سور)روبەڕوی تۆتالیتاری سەرکوتکاری (رەش)دەبوە .شوعیەکان لە قوتابخانە کەی ئـێمەدا چـالاک بـون تەنـانەت هەنـدیک لەماموسـتاکانیش بەنەهێنـی شـیوعی بـون هەندێک لەو بڵاوکراوە نەهێنیانەم کەوتە بەردەست کە بەنەهێنی بڵاویان دەکـردەوە. ئیتـرکەوتمە بیـری دادگەری کـۆمەڵایەتی یـان بەزمـانی ئەو کـاتەم نـا دادگەری

کۆمەڵایەتی- وە لەبارەی خواوە. شوعیەکان ئەوبیرۆکەیان بڵاودەکردەوە کەدادگەری خوا بونی نیە چونکە شیوعیەکان لایان وا بو کە ئاین تلیاکی گەلانەو وە ئاین هۆکاری دامرکانەوە و هێورکردنەوەنەیە تا گەلان گیانی شۆڕشگێریان بەرامبەر بەزوڵم بخەسێت وە لە دنیای واقیع دا هەوڵنەدەن بو ژیانێکی باشتر. زور ئاسان بو خەڵک بکەویتە داویانەوە بەڵام من نەکەوتمە داویانەوە وەرم نەگرت، من ئەو کاتەش بە رونی دەمبینی کە پەیامی ئاین گیانی بەرپرسیاریەتیە، هەرئەو پەیامەیە کەئاراستەی پاشاو فە رمان رەواکانی دەکات. پێویستە بەگیانی بەرپرسیاریەتیە وەمامەڵە بکەن. خۆئەگەر ئەوان هیچ لە دنیادا نەترسن لەوەی فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار خۆیانن، ئەوا ئاین پێیان دەڵێت ئەوا ئێوە لە هە مو جۆرە توندو تیژی و ئازاردانێک بەرپرسیارن، لە چنگ هەق و حساب کردن لەگەڵتان قوتار نابن، بەڵام گەردونێکی بێ خاوەن و دروستکاری وەک (اللە) گەردونێکی بێ مانابو. ئیتر لەماوەی ٢ ساڵ هاتوچۆ ئیمانم چەسپاو بەڵام ئەمجارەیان ئایندارییەکەم بەشێوازیکی تر دەرکەوتەوە کەئەمەش دەرئەنجامی ئەو گومانانە بو کە لەلام دروست بوبو، ئیتر ئەم ئیمانەم وەک ئیمانی پێشوترم نەبو کەلە باوک و دایکمەوە وەرم گرتبو بەڵکو ئاینێکیتر بو کە خۆم بەقەناعەتی خۆم هەڵمبژارد بو وە بەتێگەیشتنەوە دەستم پێکردەوە لەوەودوا هەرگیز ئیمانی خۆم لە دەست نەدا لەو دەمەدا جەند مەقالەیکم لەبارەی باوەڕ و گومانەوە و نوسی بەڵام دوایی زانیم ئەمانە جێگیرکردنی ئیمانە لە لای خۆم نەک لای خەڵک، ئیتر لە خویندندا کەوتمە دوباری جیاواز لەلایەک قوتابیکی زیرەک وکۆششکار وە لەلاکەی تر کەمتەر خەم و خۆخلافێن. ماوەیەک باش باش دەمخوێند پاشان ئیتر کتێبەکانم لە بیردە کرد لە پۆلی ٤دا بەهۆی بەرزی نمرەکانمەوە لەتاقیکردنەوە بەخشرام بەڵام لە پۆلی ٥دا نمرەکانم تەواو دابەزی بون ئەمەش بەهۆی وانەی مێژو بو هەرچەندە من وانەی مێژوم زۆر پێخۆش بو بەڵام تاوانەکەم خستە گەردنی ماموستا بەوەی نمرەی کەمی داومەتێ ماموستای میژومان پیاوێکی باڵا بەرزی سیربی بو بە زاراوەی رۆژهەلاتی قسەی دەکرد زۆربەی کات گاڵتە و سوکایەتی

بەقوتابیە مسوڵمانەکان دەکرد. ئیتر ئەمەم بەلاوە بەس بو کە لەسەر ئەوە لومەی بکەم کەنمرەی کەمی داومەتێ. لەپۆلەکانی دواناوەندیدا زۆرترخوم دایە خوێندنەوە زیاتر لە خوێندن هەمو نوسینە فەلسەفیە گرینگەکانی ئەوروپام خوێندەوەکە من ئەوکات هێشتا لاوێکی ١٨-١٩ساڵە بوم ئەودەم حەزم لەهیگڵ نەدەکرد بەڵام دوایی رام گۆڕی لەوکتێبانەی کە کاریگەریان لەسەرم جێهیشت کتێبی (التطورالبناء الابداعی) برغسۆن و(نقدعقل المجرد)ی کانت و وە (انحطاط الغرب)ی شیلنگەرە کە ٢ جەڵدە بەڵام قوتابخانەم جێنەهێشت و لە خوێندن دانەبڕام. لەهاوینی ١٩٤٣ قوتابخانەم تەواو کرد ئەمەش لەگەرمەی جەنگی جیهانی دوەمدابو دوای جەنگی (ستالینگراد) و (علمین) پێش دابەزینی ئەمریکی بۆ (سقلیە) و (خالدکایتاز)بو ئێستاش وێنە زیندوکانی شەڕم هەر لە یادە وە ساڵانی قات و قڕی ونەبونی مەترسیم لە پێش چاوە بۆ نمونە برسیتیە گەورەکەی سالی ١٩٤١م لە بیرە ئیمە هێندەی برسی بوین ئەوەندە تێر نەبوین بەڵام بە هۆی بازرگانی بازاری ڕەشەوە بارودوخەکە باشتر بو کە هەستان بە هێنانی ڕێژەیەکی باش لە خۆراک بو ناوچەکە هەمو شتیک وەستابو بێجگە لە بازاری رەش کە ئەمانە قازانجێکی خەیاڵیان دەست دەکەوت. لە سەرایڤۆدا-ئۆتاشا- (کەسەربەنازیەکان بون) دەستەڵاتدار بون دەبوایە دوای کۆتایی هێنانی تاقیکردنەوەی ئامادەیی بڕۆمە سەبازی بەلام ئەمەم نەکرد ئیتر بومە راکردو لە سەربازی (فیرار) لەسالی ١٩٤٤ بە درێژایی ئەو ساڵە خۆم شاردەوە، رۆژێکیان زانیم کە دەسەڵاتدارانی سەبازی بەدوامدا دەگەڕێن ئیتر بەرەو بۆ ساڤینای شۆینی لە دایک بونم رام کرد. مەسەلەی ڕاکردنە کەشم خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکە ئەزمونیکی ناوازە و گرنگە. لە بەستنەوەی روداوەکانی شەر بەیەکتریەوە لەمیانەی شەڕدا لەگەڵ زۆر دەستە و گروپ ئاشنابوم وەک (تشینکۆ ئۆتاشا) تەنانەت ئێمەی مسوڵمانیش لە باکوری بۆسنە. ملیشیامان هەبو کە کارو چالاکیان دەکرد لە منداڵیدا کاتی خۆشمان گوزەران. زۆرجار دەچوینە ئەو خانوەی کە دایکم بە میرات بۆی بە جی مابو لە گوندی –أزیشی (لەوستۆپ)نزیک

ـــسەرایڤۆ ئەو خانوە لەم شەرانەی دوایدا بەرکەوتو روخا .خـانویەکی سپی بـو بە چوار دەوریدا پەنجەرەی شین هەبو، لە حەوشەکەیدا سـەرەڕای گەورەتـرین دار ئەوا بیرێکـی رۆمانیشـی تیـابو، لە شـەوانی هاوینـدا دەچـوین بـۆ ئەویَ ٧-٨ سـاڵمان گوزەرانـدا ١٩٣٢-١٩٤٠ لە سـەرەتادا لەگەل بـاوک ودایکمـدا دەچـوین ئەمە پـێش ئەوەی تەندروسـتی بـاوکم تێـک بچێـت، لەدوای تێکچـونی تەندروسـتی بـاوکم ئەوا لەگەڵ پورەکەمدا دەچوین و باوک دایکمان لە سەرایڤۆ— جیَ دەهێشـت بـیَ گومـان ڕۆژانی هاوینی لاویم لە لا جوانترین ڕۆژانی تەمەنمە. بەیانیـان جـوانیەکی تـایبەتی خۆی هەبو، ئەم پارچە زەویەی خانوەکەی لەسەر کرابـو لەشـەڕی ئەم دوایەدا بـوە هێڵی شەڕ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەژێردەستی خۆماندا مایەوە.

گونـدی —ئازیتشـی- لەڕوی پێکهـاتەی ئـاینی و نەتەوەیـیەوە فرەڕەنـگ بـو. دو خـانەوادەی مسـوڵمانی تیـابو بـاقی ئەوانـی تـر کاسـۆلیک بـون یـان ئەرسـەزۆکس، وەکەنیسەیەکی کاسۆلیکی تیابو لە شەڕدا ڕوخاو کاول بو، ئاهەنگی بـۆنە میللیەکـان لەبەردەم کەنیسەدا دەکرانەوە. کاتێک دەمەوێت لەوشـەڕە تێـبگەم و شـرۆڤەی بـکەم ئەوا گوندی —ئازاسـیتش-م بیـردەکەوێتەوە. کە پێکهـاتەیەکی ئـاینی جۆراوجۆربـو. ئەوەی لەبیرم مابێت لە نێوان هەمولادا ڕێزگرتنی بەرامـبەر بـونی هەبـو، لەبیـرمەکە (ریستوبیریان)ی دراوسێمان کە خاوەن موڵکێکی سرِبی بو کە بەناو گوندا دەڕۆیشت سـەلامی لەهەمـو ئافرەتـان دەکـرد کە لەباخچەکانیانـدا بـون. بەڵام کە ئافرەتـانی مسوڵمانی دەبینی ڕوی وەردەگێڕا و ئەوسا سەلامی لێدەکردن تا شـەرم و کەرامەتیـان نەڕوشـێت و ئەوەی بە پاراسـتنی بنەماکـانی ئیسـلام دادەنـا. ئەمە بـارودۆخی خەڵکەکە بو لە گوندی (ئازیتشی) بەڵام لەلای حوکمەت باسەکە بەوجۆرە نەبو.

زۆربەی هەرەزۆری فەرمانڕەوا و کاربەدەستان لە بۆسنە- لە -سرِبیەکان بـون. لە قۆنـاغی سەرەتایشـماندا زۆربەی مامۆسـتاکانم سـرِبی بـون، لەپـۆلی یەک و دوی سـەرەتایی مامۆسـتاکەم خـاتو شوشـلتش- بـو کە پیرێژنێکـی سـرِبی بـو زۆریشـم خۆشدەویست، وە لە پۆلی سیَ و چوار مامۆستاکانم هەر سرِبی بـون، مـاوەیەکی کەم

مامۆستایەکی مسولمانمان هەبو ئەویش مامۆستا موهیتش- بو، ئیتر لەهەمو قوتابخانەکانی بۆسنەدا حاڵ هەر بەوجۆرەبو، هەوڵێکی بەردەوام لە ئارادابو بۆ بە سربی- کردنی مسوڵمانەکان. مێژوی ژیانی -الکسندر-مان دەخوێند کەلەساڵی ١٩٣٤ لە مرسیلیا کوژرا ئەودەم من لە پۆلی ٤ ی سەرەتای بوم دەبوایە هەمو ماڵێک لەسەربانی ماڵەکەی ئاڵایەکی رەشی هەڵکردایە وەک هێمایەک بو تازیە باری کوشتنی شا ائەلیکسەندەر. لە بیرمە ئەو ئاڵا رەشە هەروا لەمانگی١٠وە تا مانگی٤ بەسەربانەوە مایەوە شار بو ماوەی٦ مانگ بەهۆی زۆری ئالای رەش وەک قەلە رەشی لی هاتبو، بێجگە لەمە دەبوایە منداڵی ئاینەکانی تریش سرودی (قدیس سافار)کە قدیسێکی تایبەت بەسرپییەکان بو لەبەربکەن و بخوێنن پاشان ئەم ڕێۆرەسمە کوتایێ پێ هێنرا، زۆربەی سەرۆک شارەوانیەکان بەتایبەت سەرۆک هەرێمەکان سربی بون. لەسەردەمی دەستەڵاتی شیوعیەکانیشدا سرپییەکان هەربالا دەست بون. لەسەرەتادا شیوعیەکان روبەڕوی ئەوە بونەوە گوایە ئەوان حیزبێکن دژبە لەمەسەلەی نەتەوەگەریەتین بەلام سرپەکان لەلایەکی ترەوە جڵەوی دەستەڵاتیان گرتەدەست، ئەویش بەوەی رێژەیەکی زور لەسرپییەکان بونە شیوعی وچونە دام ودەزگاکانیانەوە، ئیتر هاوسەنگی نەتەوایەتی نەما، بەکورتی سرپەکان هەمویان خستە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەسلۆڤین و کرواتەکان راپەڕن و بوگسلافیاش لەیەک هەلۆەشێتەوە، مسولمانانیش دابەش بوبون، لەجیاتی ئەوەی مسوڵمان بن یان بۆشناق کەچی یا مسوڵمانی سرپی بون کە لەدەوری کومەڵەی رۆشنبیری (گاجرێت) کۆبونەوە یان مسوڵمانی کروات بون وکومەڵەی (نارودنا وزدانیشا)ی تایبەت بە خۆیان دروست کرد، ئیتر ئەمە بوە هەوڵێکی بەردەوام بۆدابەشکردنی مسوڵمانەکان لەنێوان سرپ وکرواتەکاندا، ئەم هەوڵانەش لە دوایدا ئاراستەیەکی خوێناوی بەخۆوەگرت، پێش ئەوەی —یوگسلافیا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بکەویت بەکۆمەڵەیەک ئاشنابوم کەناسرابون بە (لاوانی مسوڵمان) ئەمانە کۆمەڵە لاوێک بون کە زۆرینە یان قوتابی زانکۆکانی زگرب و

بەلگراد بـون و لەگەڵ هەنـدێک قوتـابی دواناوەنـدی یەکەم و دوەم. دەسـتەیەک لەو قوتابیانەی ئەوان پیک هاتبو لە تاریق موڤیتش قوتابی خوێندنی بواری دارستان بـو، دەئیسعاد کارادزۆ ڤـیچ قوتـابی پزیشـکی بـو سـاڵی ١٩٤٥ شـیوعیەکان کوشـتیان وە ئەمین گرانـۆف قوتـابی ئەنـدازیاری مەدەنـی سـالی١٩٥١یوگسـلافیای جـێ هیشـت هەرگیز نەگەرایەوە وە هەر لەناوئەو دەسـتەیە دا کـورێکی تـر هەبـو نـاوی ئیسـاف سەردارۆڤیچ بـو شـیوعیەکان سـاڵی ١٩٤٤کوشـتیان. ئەمـانە جۆرێـک بیروبۆچونیـان دەخستە رو کە رێک هاوتای ئەوە بو کەمن دەمویست لەبارەی ئیسـلامەوە بیبیسـتم. ئەوەی ئەمانە دەیانخستەڕو لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە حـوجرە خوینـدومانە زۆر جیـاواز بـو بگـرە لەگەڵ خوێنـدنی قوتابخـانە و مەقـالە و نوسـینی گۆڤـارو رۆژنامەکـانیش جیاوازبو. مـن ئەو بیروبۆچـونە ئیسـلامیەی ئەوانـم بـۆیە لەلا پەسـەند بـو چـونکە لەسەر هەردو رەهەندی روخسار و ناوەڕۆک دەدواو و پەیوەندی نێوانیانی دەخسـتەرو بەڵام ماموستایان و زانایانی ئاینی و زۆرترین قسـە یـان لەسـەر شـکڵ و روخسـاری دەرەوەی عیبادەت بو لایەنی کرۆک وناخی ئیسلام لەلایان جێ باس ولێـدوان نەبـو. لەمانگی ئازاری ١٩٤١ لە هەوڵماندا کۆمەڵەی لاوانی مسولمان دامەزرێنین وە بەپێـی رێنومایی ئەو کاتە تۆماری بکەیـن، دانیشـتنێکمان ئەنجامـدا و تیایـا ئەنجـومەنێکی کارگێڕیمان دروست کرد، بەڵام کە مانگی نیسـان هـات و سـوپای ئەڵمانیـا هێرشـی هێنایە سەر یوگسلاڤیا ئەوا ئیتر نەمان توانی تۆماری بکەین.

دژایەتیکردنی شیوعیەت و فاشـیەت لە ئامـانجی سـەرەکی و هەنـوکەیی بزاڤـی لاوانـی مسـوڵمان بـو. ئەودەم فاشـیەت و شـیوعیەت ئاراسـتەیەکی نـوێ بـون کە خواستیاری گۆڕین و کاولکاری جیهانی کۆن بون، دیارە دوایـی دەرکەوت کە ئەوانە هەموی هەر خەیاڵ پڵاو بو، شیوعیەت و فاشـیەت وەهـم بـون، بەڵکـو دنیـای کـۆن بەردەوام مـایەوە خـۆی گۆڕانکـاری بەسـەر خۆیـدا دەهێنـا، کاتێـک بزاڤـی لاوانـی مسوڵمان سەری هەڵدا جیهانی ئیسلامی بە رێگایەکی خراپدا دەڕۆیشت.

ژمارەی ئەو وڵاتانەی سەربەخۆییان وەرگرتبو کەم بون.

ڕێکخراوەکەمان بە خێرایی بەناو توێژی لاواندا بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ و دواناوەندیەکان بڵاوبۆوە ،لەهەمو شارێکدا لە بۆسنە سەدان لایەنگرمان هەبو، وە لە زگرب-یش قوتابیان بەهێزبون. لە نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٥ وەک ئەوە وابو لو نێوان ئێمە و دەسەڵاتدا ریکەوتنامەی ئاشکرانە کراو هەبێت. بۆ ڕوبەڕونەوە لەگەڵ یەکتردا ئێمە خۆمان لادەدا لەوەی راستەوخۆ بکەوینە روبەڕوبونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، هەرچەندە خۆشمان بەنەیار دادەنا، لەساڵی١٩٤٤دا چالاکیم کەم کردەوە ئەویش لەبەر ئەوەی من بەوە ڕازی نەبوم لەگەڵ ڕیکخراوی زانایانی ئاینی (الهدایە) هاوپەیمان بین من قەت لەگەل —رابیتە-ی زانایان یەکدەنگ نەبوم سەرەڕای ئەوەی کە ڕێزی زۆریان دەگرم، من لام وابو نابێت چینێکی کۆمەڵایەتی هەبیت کە لەلایەن زانایان و شێخەکان قۆرخ کرابێت، چونکە ئەمانە بەجۆریک ئیسلام نیشان دەدەن و بەجۆریک لە ئیسلام گەیشتون کە دەبێتە ئاستەنگ بۆ پییشکەوتنی ناوخۆ و دەرەوە، من بە ئاشکرا گوزارشتم لەم رایانەی خۆمدا دیارە دەرئەنجامەکەشی ئەوە بو کە من تۆمەتبارکرام پاشان لە دوای شەڕەوە چالاکیمان دەست پی کردەوە ئەمەیش دەسەڵاتدارانی شیوعی توڕە کرد هەوڵیان دا ساردمان بکەنەوە کە زانیان سەرکەوتو نابن کەوتنە دەستگیرکردنمان ئەمەیش لە سەرەتای ساڵی١٩٤٦، د کە مناڵ بوم حەزم لەوە بو ببمە پارێزەر هەر لە ساڵنی خوێندمەوە ئەم خولیایەم لەگەڵدا بو دوای ئەوەی ٣٦ مانگ زیندانی بوم لەساڵی ١٩٤٩ئازاد بوم ویستم بجم کۆلیژی یاسا بخۆینم چونکە زۆرم حەز لێ بو بەڵام خاڵە - شکری-م نەیهێشت ،هەروەها باوکیشم لای وا بو من ناتوانم لە خویندنی یاسادا سەرکەوتو بم چونکە من —زیندانی پێشوم- وە شیوعیەکانیش نە لە بیریان دەچێت و نە لێشم خوش دەبن، ئیتر ڕوم کردە ئابوری کشتوکاڵ بۆ ماوەی ٣ساڵ بەردەوام بوم لەخویندن ١٣تاقیکردنەوەم لە ئابوری کشتوکالیدا دا قوتابیەکی باش بوم بەڵام وردە وردە حەزم لە سەری نەما بۆیە گواستمەوە بۆ -یاسا- بەڵام من لام وا نیە کە ٣ ساڵی خوێندنم بە فیرۆ چوبێت، چونکە زۆر تاقیکردنەوەی -بیرکاری-روپێوی-

چاکسازی زەوی تەنانەت ٤٥تاقیکردنەوەی کیمای ئەندامی و نائەندامی و کشتوکاڵ کرام هەمویانم بڕی، لەمانگی ٤\١٩٤٥ شیوعیەکان هاتنە ناو —سەرایڤۆ-وە ئیتر لێرە وە ماوەی دەسەڵاتیان دەستی پێ کردکە ٤٥ساڵی خایاند ئێمەش وەک لاوانی مسوڵمان لە هەمان ساڵدا خوپێشاندانێکمان ڕێکخست بەبۆنەی ئەوەی شیوعیەکان دەیانویست دەست بەسەر (کۆمەڵەی مسولمانان-بریبۆردو)دا بگرن هەر لەوێدا و تاری ئاگرینمان دژ بە شیوعیەت پیشکەش کرد خەڵکێکی زۆر بە گەرمی جەپڵەیان بۆ لێداین ئەمەش وای کرد راستەوخۆ لەگەڵ ئەوانی تردا قوڵ بەستم کەن، دیار بو دوای ئەم (شۆرشەی)ئێمە پۆلیسی ئاسایشی یوگسلافیا پێی باش بو پەلە نەکات و بمان خاتە ژیرچاودێریەوە بۆیە ڕۆژی دواتر ئازاد کراین ئیتر ئێمە لە کۆبونەوەکانی خۆمان بەردەوام بوین من لاوێکی سەرکێش وهەڵچوبوم تازە ٢٠ ساڵ بوم هیچ حسابێکمان بۆحوکەمەتی شیوعیەکان نەدەکرد، بەڵام ئەوان ئێمەیان خستبوە ژیر چاودێری خۆیانەوە بۆیە دوای چەند مانگێک دراینە دادگا لە ١١مارس لەگەڵ ١٤کەس لەوێنەی هەمان بۆچونمان هەبو گیراین و ٣ ساڵ زیندانیان بە سەردا داین ئەمەش حوکمێکی شایستەی ئەو کارەی ئێمە نەبو، دوای ئەوەی شیوعیەکان بینیان ڕێکخراوی لاوانی مسولمان سەرەڕای گرتن وڕاونان هەر لە فراوان بوندایە ئەوا هەلوێستیان گۆڕی ساڵی ١٩٤٧ پۆلێکی تریان قۆل بەست کرد و حوکمیان دان ساڵی دواتریش هەر بە هەمان شێوە بو ساڵی ١٩٤٩ بڕیاری کۆتایاندا کە دەبێ بە توندی ڕوبەڕوی لاوانی مسوڵمان ببنەوە لە بۆسنە و هەرسک دا نزیکەی هەزار کەس گیرا. ئەو ڕۆژگارە (کۆمینۆ فۆرم)بو، بوگسلاڤیا لەگەڵ ستالین ڕوبەڕوبون، دەسالاتدارانی یوگسلاڤیا لەلایەن ستالینەوە بەوە تاوان باردەکران، لە ڕوبەڕوبونەوەی نەیارانی شیوعیدا کەمتەرخەمن دەسەڵاتیش بۆ ئەوەی بەتوانایی خۆی دەربخات، پێچەوانەی ئەو قسەیە بخاتەڕو کەوتە ڕاوەدونانی هەوادارانی ستالین و ئەندامانی بزوتنەوەکەی ئێمە، بەڵام دەبێت بڵێین هەوادارانی ستالین لە ئێمە خراپتر بارودۆخەکەیان بەسەردا کۆتایی هات، ڕاستە هەندێک لە ئەندامانی ئێمە لە دادگای

ساڵی ١٩٣٩ حوکمی ئیعدامی بەسەردا درا. بەڵام هەوادارانی ستالین لەڕوی مرۆڤایەتیەوە مامەڵیەکی زۆر قورس و ناشایستەیان لەگەڵ کرا، ئەندامانی ئێمە دوچار بە تەنگەژەو ناڕەحەتی بونەوە بەڵام سوکایەتیان پێ نەکرا وەک ئەوەی لەگەڵ هەودارانی ستالیندا کرا. بەڵام هەوادارانی ستالین لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕوبەروی مێشک داشۆرین کران تا لە ڕوی ئایدۆلۆژیاوە لوتیان بشکێنن. بەتەمەنترین کەس لە تیمەکەی ئێمەکە حوکمی ئیدعامی بەسەردا سەپێنرا (حسە بەیبەر) بو کەتەمەنی ٢٧ ساڵ بو وە بچوکترین کەسیشمان نصرت بو کە تەمەنی ٢٠ ساڵی تەواو نەکردبو. خێزان و خانەوادەکەی داواکاریەکیان پێشکەشکرد کە بەزەییان بەحاڵیدا بێتەوە، چونکە کوڕەکەیان هێشتا منداڵە. بەڵام دەسەڵاتداران دڵیان نەرم نەبو، وەکەسێ ئیمزای ناڕازیبونی لەسەر ئەم داواکاریەکرد کە شیوعیەکان بە کەسێکی خەمخۆری (مافی مرۆڤ)یان دادەنا گوێی لە داواکاریەکەیان نەگرت. ئەم کە (موشا بیبیا دۆ)بو کەبەردەوام سەرۆکی لیژنەی(تنفیزی) حزبی شیوعی بو کاتێک یەکێک لە ئەندامانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی سڕبی (گافلریلوبیونتیش) ساڵی ١٩١٤ لە سەرایڤۆدا تەقەی لە ئەرشیدۆقی نەمسا کرد(فرانزمریتا)وخۆی و ژنە دوگیانەکەی کوشت، ئەوا ئەم(گافریلۆبیونتیش)، حوکمی ئیعدامی بەسەردانەدرا، چونکەتەمەنی نەگەشتبوە ٢١ ساڵ. وە (موشابیبیادۆ)ی مرۆڤ دۆستی شیوعی داڕێژەری ئەو یاسا تاوانبارەیە کە حوکمی لە سێدارەدان بەسەر کەسانی ١٦-١٨ ساڵێشدا جێ بەجێ دەکرێت. لاوان بونە قوربانی ئەم یاسا و هەڵسوکەوتە، تەنها تاوانێک کە ئەنجامیان دابێت تەنها ئەوە بوە کە ئەوان ڕای جیاواز لە دەسەڵاتیان هەبوە. ئەو تۆمەتانەی ڕوبەڕو دەکرانە وە جۆراوجۆر بون، وەک تۆقاندن و توندوتیژی کە ئەمان هەر بەلاشیدا نەچوبون وەئەوەی کە دیارو بەرچاوی هەمولابو چالاکی ئێمە تەنها نوسین و نامە و کۆبونەوە بو وەک و جۆرێک لە بەرەنگاری سایکۆلۆژی قسەکردن بە سیستەمی دەسەڵات داری شیوعیەکان. ٣ ساڵی تەمەنم لەبەندیخانە گوزەراند لەئازاری /١٩٤٦ تا ئازاری/١٩٤٩ ناتوانم بڵێم توشی

ئەشکەنجە بوم جگە لەوەی زۆرینەی کات زۆر زۆر برسی بوم ماوەی دەسبەسەریم تا حوکم درام لە سەرایڤۆ و لە سەربازگەی مارشاڵ (تیتۆ) بەند کرام لە ژورێکدا بەند کرام کە نیوەیان حوکمی ئیعدامیان بەسەردا درابو. وەچاوەڕێی تێهەڵچونەوەی حوکمەکەیان دەکرد زۆربەیان کەسانی تاوان کارو دزو(تشتنیک)ی سەردەمی شەڕبون. کاتێک کە ٣ ساڵ زیندانیان بەسەردادام ئەوا گوتیان ئەمە لەچاو ئەوەانەی ترداهەر هیچ نیە! ٣ ساڵ زیندانی بۆ تەمەنێکی ٦٠-٧٠ لەوە زیاترە کە هەر هەزار شەو ڕۆژ بێت. پاشان گواستیانمەوە بۆ بەندینخانەی- ستۆلاس- و ٧ مانگ لەوێ مامەوە. پاشان گوێزرامەوە بۆ بنکەیەکی بیناسازی. بە حوکمی ئەوەی من ماوەی زیندانیەکەم کەم بو، وە لەسەر دەریاچەی -یوارشکۆ- بنکەیەکی پۆلیسی نهێنی دروست دەکرا ئەوا لەوێ خستیانمە سەر کار، لەسەردەمی تیتۆ دا ئەندامانی پۆلیسی نەهێنی بۆ بەسەربردنی کات و پشودان دەچونە ئەوێ. پاشان لە سەرایڤۆ- لە پرۆژەی بیناسازی بینای داهاتوی لیژنەی مەرکەزی شیوعیەکان کارم کرد. بەدەستی خۆم زۆر بلۆک و چیمەنتۆم گواستەوە. لە ساڵی سێهەمی زیندانی کردنەکەمدا گواستمیانەوە بۆ سەربازگەیەک لە سنوری هەنگاریا کە کێڵگەیەکی شەوانە بو. لە نزیک -بیلی سانتر- مرۆڤ نازانێت لە ژیاندا چی چاکە و چی خراپە بۆی، من ئەگەر ساڵی ١٩٤٦ نەگیرامایە کە خۆم خانەوادەکەم بە ڕوداوێکی قورس و گرانمان دادەنا، ئەوا بێ هیچ دودڵیەک ساڵی ١٩٤٩ سەری خۆم دادەنا و دەیانکوشتم، هەروەک چۆن(خالیدکایتاز)ی جێگرم دوای دەستگیرکرنم لە مانگی ١٩٤٩/١٠ حوکمی ئیعدامی بەسەردادراو گولە باران کرا. پاشان دورخستنەوەم بۆ سنوری هەنگاریا بریتی بو لە سزادانی کەس و کارم بەوەی ٤٠٠ کیلۆمەتر لە کەس و کاریان دورخستمەتەوە. نەیان زانی ئەوەش هەر لەبەرژەوەندی من تەواو دەبێت. کێڵگەکە گەورەبو خواردنی زۆریشی تیایابو، لەهەمو شوێنێکدا بەکۆمەڵ پەتاتە هەڵچنرابو. ئیتر ئێمەی زیندانی دەمان برژاند و دەمانخوارد. لەوێ بومە (داربڕ) باشیش لێی شارەزا بوم تا ئەو ڕادەیەی دوایی بۆ خۆبژێوی کردمە پیشەم، لە

جەنگەڵ و دارستانەکاندا کارم دەکرد. زستانی ١٩٤٨-١٩٤٩ هەر خەریکی داربڕین بوم. ئەو دارانەی دەمان بڕینەوە وەک. سوتەمەنی ئاگرکردنەوە بەکاردەهێنران. دەبوایە بە مشاری دەستی ببڕدرانایانەوە و هەرپارچەیەکیان ١مەتر بوایە و ڕێک هەڵتبچنیایە، ڕۆژانە بڕێکی دیاری کراویان بۆ دانابوین دەبوایە تەواومان کردایە، جا لەبەر ئەوەی خواردن هەبو ئەوا ئاگرمان دەکردەوە و دەستمان دەکرد بە پەتاتە برژاندن. بەم جۆرە بە پێچەوانەی ویستی پۆلیسی نەهێنی ٦ مانگی کۆتایی زیندانم بە خۆشی گوزەراند، کاتێک لە زیندان هاتمەدەر تەمەنم ببوە ٢٤ ساڵ وردە تەندروستم باش بۆوە و بەخۆما هاتمەوە. کەس وکارم لەخۆشی ئەوەی کە باش ماومەتەوە دەستیان کرد بە گریان، بەڵێ بەڕاستی وایە بەندە لە خەیاڵێکدا دەژی و قەدەری خواش شتێکی ترە. ویستی خوا بە پێچەوانەی خواستی پۆلیسی نەهێنیەوە بو. پاش ماوەیەکی کەم لە ئازاد بونم لە زیندان لەگەل کچێکدا هاوسەرگیرم کرد کە لە تەمەنی ١٨ سالێەوە دەمناسی (خالیدە) زۆر جوان بو، کە ناکرێت ئەم قسەیە بە من بڵێن، لە میانەی شەڕدا یەکترمان دیت، هەر کاتێک ئاژێری ئاگادارکردنەوە. ئاگاداری دەکردین کە بچنە پەناگاکانتانەوە لە ترسی فرۆکەی بەریتانیا ئەوا ئێمە لەگەڵ (خالیدە) بەیەک دەگەشتین. ئەو فرۆکانە لە ئیتالیاوە هەڵدەفرین و بە ئاسمانی سەرایڤۆدا دەڕۆشتن تا لە هەنگاریا ئامانجەکانیان بپێکن.

هەندێک جار بارو جبەخانەی خۆیان بە سەرسەرایڤۆدا دە باراند.

ئەو دەمەی خەڵکی بە پڕتاو و لە ترسان خۆیان بە پەناگاکاندا دەکر من و خالیدە لەسەر شەقام دەماینەوە، لەسەر پردێک یان کورسیەکی نزیک دادەنیشتین. ئێمە بڕوامان وابو کە هیچمان لێنایەت.

دەبێ بڵێم من و (خالیدە) ئەو دوکەسە بوین کەبەتەنها حەزمان لە بیستنی ئاژیوی ئاگادارکردنەوە (صفارات الانزار)بو. ئەو ماوەی لە زیندانندا بوم نامەی

سۆزداریمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەو نامانەی کە هەمیشە ئەم وشەیان تیایا دوبارە دەبنەوە(خۆشەویستی بۆ هەمیشە)! چەمکێک کە خەڵکی بێ ئەوەی تێی بگەن، پێی بزانن بەکاری دەهێنن. لام وایە بەرپرسانی زیندان سەریان لەوە سوڕمابو کە چۆن نامەکانمان پڕە لە وشەی ناسک ونیان، بەڵام ئێمە ناڕەحەت نەدەبوین جلەومان بۆ سۆز و هەستی خۆمان شل کرد و دوای ئەوەی لە میحنەتی دوری و دابڕان ئاگری تێ بەربوبو، یەکەم جار کە هەستم بە جوانی ئافرەت کردبێت کاتێک بو کە تەمەنم ٧-٨ ساڵ دەبوم منداڵ بوم لەگەڵ دایکم دەڕۆیشتم بەملاولادا تا بەتەنها نەگەڕێتەوە، جارێکیان لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریەک لەماڵێکدا خەریکی بوک مارەکردن بون بوکەکە ئاڵتونی زۆر پێوە بو زۆرم بەلاوە جوان بو. نەم دەتوانی چاوی لێ داخەم. بەڵام ئەمە تەنها سەرسوڕمانێک بو بەس لەبیرمە کە گەڕامەوە هەستم بەوە دەکرد کە گوناهبارم .! دوای هاوسەرگیریم، ئافرەتان دەورەیان دام بێجگە لە -خالیدە- خوای گەورە دو کچیشی پێ بەخشیم (لیلی-سابیا)بەدوای ئەواندا ٥ کچی نەوەکانم ئیتر خانەوادەکەمان ٨ کەسی (جنس اللتیف)ی تیایابو. من لە نزیکەوە هەوڵ و ماندوبونی ئافرەتانم دەبینی کێشەو ناڕەحەتیان. سوپاسی خوام کرد کە ڕەگەزێکی ترم، ئیتر ئەمە وای کرد بکەومە هاوکاری کردنیان چونکە ئەوان ئەو نیوەیەی کۆمەڵگایەک بون کەمترین بەخت یاوەریان بو.

یەکەمین نەوەم (سەلما)یە ٢٤ ساڵ لەمەو بەر لەدایک بوە. زۆر زۆرم خۆش دەویست، سەبارەت بەم منداڵە هەست و سۆزێکم لەلا جوڵاو دروست بو نە لە پێشترو نە لە دواتر هەرگیز شتی وام بە خۆمەوە نەدیوە شتێکی سەیرم بیرکەوتەوە کە پێکەنیناویە و بە هۆی ئەمەوە بەسەرم هات. سەفەرێکی لیبیام کەوتە بەر کە دەبوایە ٢ هەفتە لەوێ بێنمەوە کچەکەم و هاوسەرەکەشی پێش ٢ هەفتە سەفەریان کردبو بۆ کەنار دەریا کەواتە من دەبێت ٢ هەفتەی تر کچەزاکەم نەبینم کەهێشتا ٢ ساڵی تەواو نەکردبو. منیش بەمە ڕازی نەبوم، بۆیە زۆرم هێنا بۆ (خالیدە) و تا بەیەکەوە بۆ ڕۆژێکیش بێت ئێمەش بۆ لای ئەوان سەفەر بکەین تا —سەلما- ببینم.

پاشان دەگەڕێینەوە بۆ سەرایڤۆ و ئەوسا سەفەری لیبیا دەکەین بیرتـان دەخـەمەوە کە خالیدە توڕ بو، ناهەقیشی نەبو چونکە دەبوایە بەشەمەندەفەر برۆیشتینایە، پاشان بە بەلەمێک بچوینایە بۆ ئەو دورگەیەی کە پشویان تیایا بەسەر دەبرد. پاشان دەبـوایە سـەیارەیەک بیگەیانـدینایە، چـونکە پاسـی تیایـا نەبـو، ئەمەش لە ڕۆژێـکە هـاوینی گەرمـدا. مـن وا هەسـت دەکەم یەکـێکم لەوێـنەی لە سـاتێک شـێت بـون لەزەت وەردەگـرم، دوای ئـازادبونم لە زینـدان لەسـاڵی ١٩٤٩ بەیـارمەتی خوالێخـۆش بـو (حسن بیبر) کە یە کێک لە ئەندامە بەرچاوەکان بو، پەیوەندیم بە ڕیزەکانی لاوانـی مسوڵمان کردەوە، من (حسن)م دەناسی بۆماوەی کەمتـر لە چـل ڕۆژ بینـیم، ئیتـر لە ٢١/نیسانی/قۆڵبەسـت کـرا، دوای زانـیم کە (حەسـەن) زۆری لـێ کـراوە کە دان بەوەدا بنێت کە من پەیوەندیم کردۆتەوە بە ڕێکخراوی لاوانی مسوڵمان ئەویش ملـی نەدابوە خواستی ئەوان و زۆریشیان ناڕەحەت کردبو، ئەگەر ئەو دانـی بەوەدا بنـایە کە من جارێکی تر لە ڕیزەکانی لاوانی مسـوڵماندا چـالاکی دەکەم ئەوا حـوکمی ئەم جارەیان زۆرتر و قورستر لە جاری پێشودەبو، بەڵام ئەو خۆڕاگر بـو وە وای نیشـاندا کە ئەو لەو کارە بێ ئاگایە، ئەوانی تریش هەر وایان گوتبـو، ئیتـر دادگـای (حسـن بیبر) لە تەموزی ١٩٤٩/ بڕیاری گولە باران کردنی بەسـەردادا و لە مـانگی ١٠ دا جێبەجێ کرا. ئەو دادگای کردنە بەشێک بو لە دواهەمین ڕوبەڕوبـونەوە، چـونکە لە هەمو لایەکی بۆسنە کەوتـنە گـرتن و لە زینـدان ئـاخنین. ئەمەش دوای ئەوەی لە کانونی دوەمی ١٩٤٩/ دایان بەسەر بارەگای ڕێکخراوەکە لە(موستار) ئیتر دۆسـیە و کۆنوسـی دانیشـتنە نەهێنیەکـان دەسـتیان بەسـەردا گیـرا، دواتـر کـۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیەکانمـان لە (زگـرب) قۆلبەسـت کـران. بەدوای ئەمەدا زنجیـرەیەک دادگـای کردن دەستی پێ کرد کە لە هەمویان گەورەتر و قەیرا ناوی تـر دادگـای سـەرایڤۆبو لە مـانگی ٨/ ١٩٤٩، پـاش مـاوەیەکی کەم لە دوای ئەمە هـاوڕێی خۆشەویسـتم (چامبارا ئەشرەف) کە مامۆسـتا بـو وە ئێسـتاش مـاوە گیـرا، لە دادگـای سـەرایڤۆ حوکمی چوار ساڵ زیندانی لەگەڵ کاری قورسدا بەسەردا درا، ئەویش ئەوە دوەمـین

جاری بو چونکە جارێکی تر لە ١٩٤٦ دا تۆمەتباریان کرد. ئەگەر ژمارەی ساڵەکانی حوکمدانی ماوەی زیندانی لاوانی مسوڵمان کۆ بکەمەوە ئەوە چەند هەزار ساڵ دەکات بەهۆی دادگاکانی ١٩٤٩-١٩٥١ ڕێکخراوەکە بە تەواوی تێکشکا. سەرکردەکانی خرانە زیندان، یان ئەواتا ڕایانکردەو و خۆیان شاردۆتەوە. ئەمەش واتای ئەوە بو کە ڕێکخراوەکە بونی نەماوە. ئەوەی کە ماوە ئەو ئەندامانەن کە بۆ خۆیان بیر و بۆچونەکەیان دە پاراست، هاوڕێکان بە ترس و لەرزەوە بەیەک دەگەشتن، ئەمەش کۆتا چالاکی ڕێکخراوەکە بو. شیوعیەکان لەمیانەی فەرمان ڕەوایکردنیاندا ڕۆژگارێکی سەختیان ڕوبەڕو بۆوە، ئەمەش بێجگە لە ڕۆژگارە ناڕەحەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. ئەوان شەیدای ڕاونان و لە زیندان ئاخنینی نەیارەکانیان بون، سیستەمی شیوعیەت هەر لە (چین)ەوە تا (یوگسلاڤیا) هەروابو. کاتێک ماوەی بەندیم تەواو کردو لە بەهاری /١٩٤٩ لە زیندان وەدەرکەوتم سەرایڤۆم لە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش و نەشیاودا دەبینی و بەزەیم بە حاڵیدا دەهاتەوە، دەڤەرەکە هەروابو، بەڕاستی کە یەکەم جار سەیری شارم کرد زۆر ترسناک بوە ئەوی بینیم بینیم . کاتێک لەسنوری هەنگاریا لە زیندان وەدەرکەوتم. یەکێک لە زیندانە سیاسیەکانی وەک خۆم کە (جابی) بلیت بڕی تەراموای بو نامەیەکی دایە دەستم کە بیگەیەنمە دەستی هاوسەرەکەی کە لە نێوان پردی قەیسەر و باشتارشیا. خەریکی بەقاڵی کردنە، ئیتر هەر ڕۆژی دوای گەڕانەوە ڕۆشتم و ناونیشانەکەم دۆزیەوە، هاوسەرەکەی لە دوکانەکەدا بو سەیرم کرد ناو دوکانی چی جگە لە ٥-٦ سندوق کەلەرم هیچی تری تیایا نیە. ئەو نامەی دەخوێندەوە و منیش چاوم بە دوکانەکەدا دەگێڕا، لە تاو سەرما کە هیچی خۆ گەرم کردنەوەی لەلانەبو بەتانی لەخۆوە ئاڵاندبو، کە پێم گوت باشە لێرە چی دەفرۆشن؟! لەوەڵامدا وتی ئەوەی کە دەیبینیت. وە پێی گوتم کە هەندێک جار هەندێ پەتاتەیان بۆ دێت، هەر کە بۆیان هات خەڵکی ریزی بۆ دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەختیان لە هەندێکی تریش باشتر بو. ئەوەی کە تاڕادەیەک لەبەردەستی خەڵکە ئاساییەکە بو کە زۆرینەی

خەڵکیان پێک دەهێنا بریتی بو لە ئارد، شەکر، زەیت، جل و بەرگیش بە بیتاقە (کۆبۆن) وەردەگیرا کەمینەی (بەبەخت) ئەوا لە دوکانەکانی وەزیرەکان شتیان دەکڕی.

لە ٣ نهۆم پێکهاتبو خوشکی خێزانم(ژن خوشکەکەم) لە یەکێک لەوێنەدا کاری دەکرد. کە تایبەت بو بە چینی سێهەم لەو بەخت باشانەی خاوەن دەسەڵات بون. ژمارە (١) تایبەت بو بە ئەو پۆلە لە چینی سەرەوەی باڵادەست لە سیاسی و سەربازیەکان، لەو فرۆشگایانەدا هەمو شتێک بونی هەبو هەر لە شیری ئەمەریکی تا دەگاتە جۆرەها شوکلاتە، لەمەسەلەی دابینکردنی چاودێری تایبەت بۆ چینی دەسەڵات داران ئەوا یوگسلاڤیا چاوی لە ڕوسیا کرد. لە ڕاستیدا ئەو وڵاتەی خۆی ناو نابو سۆسیالیستی ڕاستەقینە کە ڕوسیا بو وە هەمو ئەوانەش بە دەورو خولیەوە بون پێگەو دەسەڵات لە لایەن حیزبەوە دەستی بەسەردا گیرابو. بە پێی سیستەمی لیستی ناو هەڵسوکەوتیان دەکرد ئەویش ئەوە بو کە دو لیست هەبون یەکەمیان لیستی ئەو پلەو پۆستانە بو کە بە ڕەزامەندی دەستەی حیزبی تایبەت دەکرا بیگەیتێ. لیستی دوەمیان ئەو کەسانە بون کە ئەگەری ئەوە هەبو ئەو پۆستانەیان پێ بدرێت. هەردو لیستەکە تەنها ناوخۆی حیزبدا بڵاودەکرایەوە. ئەو پلەو پۆستانەی دەدرایە دەسەڵاتداران و خەڵکی لێی بێ بەش دەکرا پەیوەست بو بەو سیستەمی لیستی ناوە کە (معاشی زۆر، شوێنی تایبەت لە شەمەندەفەر، قوتابخانەی جیاواز، گەیشتن بە دامەزراوە پزیشکیە داخراوەکان بە ڕوی خەڵکیدا. فرۆشگای تایبەت ... هتد) ئیتر ئەم خەڵات و بەخششانە بە پێی پلە دابەش دەکران لەگەڵ دابەزینی پلەو پۆست بڕ و کوالێتی داواکراو کەم دەکات (ئیفاییبڕکوڤیچ) لەکتێبەکەیدا (جیاوازی کۆمەڵایەتیە بوگسلافیا) دەڵێت (هەمو جۆرێک قسەو باسێک لەبارەی ئەو ئیمتیازانە بە ئاشکرا و نەهێنی لەناو حیزبدا یاساغ بون لەبەر ئەوەی هەرکەس لەوبارەیەوە بدوایە حسابی کاری دژ بە دەوڵەت و سۆسیالیزمی لەگەڵ دەکرا.) فرۆشگاکان چۆڵ و خاڵی بون بەڵام زیندانەکان بە لاوانی مسوڵمان و

هەوادارانی ستالین و گاڵتە پێکەرانی حوکمەت پڕو ئاخنراو بون. دوای ئەوەی زیندانە کۆنەکانی یوگسلافیا پڕبون شیوعیەکان هەستان بە دروست کردنی سەربازگەیەکی تری زیندانی کردن. ئەو سەربازگەیە بە سەربازگەی (٥٠٥) ناسرابو هەزاران زیندانی تیایا بو، کار بەم جۆرە بو تا ساڵی ١٩٥٢. ئیتر ئەمە عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەپ بو!! تا ساڵی ١٩٦٦ سەرکردەیەکی پۆلیس (ئەلیکسەندەر رانکۆڤیچ) وڵاتی بەڕێوە دەبرد ، لە١٩٧٥-١٩٧٨ دوای ٣٠ ساڵ لە حوکمی شیوعیوکان، دەکرا بڵێین خەڵکی تۆزێک هەستیان بە ئازادی دەکرد، بەڵام لە بیرمان نەچێت هەمو ئەمانەش لەسەر بارگرانی زیاد بونی قەرزی دەرەکی بو کە گەیشتە ٢٠ ملیار دۆلار و ئازادی قسەکردنیشمان نەبو.

# فەصڵی دوەم

## دادگای سەرایڤۆ

ساڵی ١٩٥٤ چـومەوە بـۆ کـۆلێژی یاسـا و لە تەشـرینی دوەمـی ١٩٥٦/ حەز و خواسـتی لاوێتـیم جــێ بە جــێ بـوبەوەی کـۆلێژی یاسـام تەواو کـرد. زۆربەی ئەو کارانەی بۆ بژێوی ژیان ئەنجامم دەدا لە کەرتی بیناسازی دابون. مـاوەی ١٠ سـاڵ لەگەڵ کۆمپانیای بیناسازیدا کارم کرد کە لە جبل الاسود ٧ لقیان هەبو.

ئەوکاتــانە زیــاتر کــاتی خــۆم بە نوســینی (مەقــالە) لە بــارەی ئیســلامەوە بەسەردەبرد، زۆربەیان بڵاونەکرانەوە. ساڵی ١٩٦٩ ڕەشنوسی (جاڕنامەی ئیسـلامیم) تەواو کرد، ساڵی ١٩٧٠ دوای چاک کردن و دەستکاری کردنی بڵاوم کـردەوە. کەس نەیزانی چی لەو ٤٠ لاپەڕەیەدا نوسراوە تا دوای دادگای کردنی ساڵی ١٩٨٣، ئیتـر هەندێک هێرشیان کردە سەر و هەندێکیش بەرگریان لـێ کـرد. سـەڕەرای ئەوەی کە ئەم کتێبەم لە سەرایڤۆ نوسی بو بەڵام چەقی بـایەخ و گـرنگیم ئاراسـتەی جیهـانی

ئیسلامی کردبو نەک یوگسلافیا. تەنانەت لەو دەقەشدا ناوی یوگسلافیا نەهاتوە. پوختەی قسەی ئەم کتێبە بچوکە ئەوەیە کە هەر ئیسلام دەتوانێت هەستێت بە زیندوکرنەوەی ئەو توانا بە هێزەی گەلانی مسوڵمان تا ئەوەی بتوانن جارێکی تر رۆڵی کاریگەر و پۆزەتیڤ لە دروستکردنی مێژویاندا ببینەوە، بیروباوەڕی ڕۆژئاوا توانای ئەمەی نیە. ئیتر ئەم کتێبە کەوتە بەرهێرشی ئەوانەی کتێبەکەیان بە کتێبێکی (ئسوڵی) ناوزەد کردبو. قسەکەیان لە ڕویەکی ترەوە راست بو بەوەی من داوای گەڕانەوەم کردوە. داوام کرد بو کە بۆدجەی زیاتر لەبواری خوێندندا خەرج بکرێت. هانی ئەوەم دابو کە بارودۆخی ئافرەتان دەبێت چاک بکرێت. داوام کردبو دەبێت لە توندوتیژی بەدوربین، مافی کەمایەتیەکان بپارێزرێت. ڕۆژئاوا بەجۆریک خۆپارێزی کتێبەکەی وەرگرت، وام هەست کرد کە ئەوان ئەوەیان پێ قەبوڵ نەدەکرا کە ئیسلام بچێتە کرۆکی چارەسەریەکان و ناوەخنی بابەتەکان ...

ماوەیەک پێش ئەم کتێبەی من پەتای بزوتنەوەی ٦٨ جیهانی گرتبۆوە. بزوتنەوەی ٦٨ بریتی بو لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیران و لاوانی پڕ بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی بو دژ بە دام و دەزگای وەگەڕکەوتوکەوتنە شۆڕش، ئەو شۆڕشە دەیویست لەو ساتەدا شتێک بۆ مێژو بخوڵقێنێت. دەیان ویست ژیان بگێڕنەوە بۆ ڕابردویەکی خەیاڵی و میسالی، بەڵام ڕوداوەکانی دوای ئەوەیان سەلماند (بەتایبەت بزاڤی پارێزکاری ڕۆژئاوا و بێداری ئاینی لە جیهاندا) کەڕوانین و تێفکرینی بزوتنەوەی ٦٨ بە هیچ جۆرێک بە واقیعی مێژوەوە پەیوەست نیە و بگرە لەو ماوەیەدا خەریکی نوسینی کتێبی (ئیسلام لە نێوان خۆرهەڵات و خۆر ئاوا)دا بوم. دەتوانم بڵێم کەمن زۆر پێشتر دەستم دابوە، نوسینی ئەم کتێبە. لەساڵی ١٩٤٦ و پێش بەندیخانە دەستم پێ کردبو. نوسخە ئەسڵیەکەی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بە شاردراوی مابۆوە و هەڵگیرابو.

(ئەزاز)ی خوشکم (ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوای کرد) ڕاستەوخۆ دوای دەستگیرکردنم دەست نوسەکەی لە نیوان تەختە و داری بن میچی خانوەکەی

خۆماندا شاردبۆوە. کاتێک کە دۆزیمەوە بریتـی بـو لەکۆمەڵێـک کـاغەزی پەرپـوت و داهێـزراو دیسـان جـارێکیتر هەسـتام بە نوسـینەوە و خستنەسـەر و سـەر لەنـوێ داڕشتنەوەی و ناردم بۆ هاوڕێیەکم لە کەنەدا. ئیتر خانەی بڵاوکردنەوەی ئەمەریکـی لەو کاتەی دوەم جار لە بەندیخانە مـاوەی ١٤ سـاڵ زینـدانیم لەگەڵ کـاری قـورس بەسەر دەبرد بـڵاوی کـردەوە. ئامـانجم لە نوسـینی ئەم کتێـبە ئەوە بـو هەسـتم بە لێکـۆڵینەوەی ئەو پـێگەیەی کە ئیسـلام لە نێـوان بیـرو بـاوەڕو ڕاسـتیەکان داگیـری کـردوە، بـۆم دەرکەوت کە فیکـری ئیسـلامی کەوتـۆتە نیـوان فیکـری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەروەک چۆن لە بواری جوگرافیادا کەوتۆتە نێوان خۆرهەڵات و خـۆر ئـاوا، ویسـتم ئەوە ڕون بـکەمەوە کەوا هەنـدێ فیکـری گشـتی و بەهـا هەن کە فیکـرو بەهایەکن مرۆڤایەتی هەموی تیایا هاوبەشە، ئەمەش پوختەی کتێبەکەیە.

لە دونیا ٣ تێڕوانینی جیهانی هەن لەو سیانە زیاتر نیە ئەوانیش تێڕوانینی:

١-ئاینی ٢- مادی ٣- ئیسلامی.

خوا هەمو شتێکی بە دوانەو جوت دروست کردوە، مرۆڤ بونەوەرێکی دوانەییەو لەگیان و لاشە پێک هاتوە، لاشە دەفرێکە بۆ هەڵگرتنی ڕۆح، ئەم دەفـرە پێشـکەوتنی بەخۆوە بینیوە واتە خاوەنی مێژویەکە. بەڵام ڕۆح لە جـێگەی خـۆی مـاوە. ویسـتی خوا وایە بوەستێت.

چەقی گرنگی و بایەخی زانست لاشەیە کە دەفـرەکەیە، بەڵام ئـاین و هـونەر و ئەخلاق لەسەر دوەمیان کاردەکات، بۆیە مـرۆڤ دو گێـڕانەوە و دو ڕاسـتی لەبـارەی سروشـتی مـرۆڤەوە بەردەسـت دێـت، ئەم دو بیـردۆزەش لە ڕۆژئـاواوە لە داروین و مایکل ئەنجیلۆ، بەرجەستە دەبێت.

ئەوەی مایکل ئەنجیلۆ لەبارەی مرۆڤەوە دەیڵێت لەلای داروین دەست ناکەوێـت. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە هەقیقەتی هەردوکیان لێک جیـاوازە. وە هەر یەک لەو دو هەقیقەتە لە میانەی ڕوبەڕوبونەوەی شارستانیەت و ڕۆشنبیری گوزارشـت لە خۆیـان

دەکەن، زانست و تەکنەلۆژیا سەر بەشارستانیەتن بەڵام ئاین و هونەر لە دونیای ڕۆشنبیریدان. جیهانی یەکەم کە زانست و تەکنەلۆژیایە گوزارشت لە خواستەکانی مرۆڤ دەکات (چۆن بژیم) بەڵام جیهانی دوهەم کە ئاین و هونەر گوزارشت لە هیواو ڕوانینەکان دەکات (بۆچی بژیم).

ئاین هەر لەگەڵ بانگەشەی یەکتاپەرستی ئەوا لە سەرچاوەیەکی پاکەوە هەڵقوڵاوە. بەڵام دەکرێت بە تێپەڕبونی ڕۆژگار ئەوانەی پیادەی دەکەن دوجار بەلادان ببنەوە، هەروەها حاڵی هونەر و ئەخلاقیش هەر بەو شێوەیەیە. نمونەی پەرستشیش ژیانی عیسی-(علیە سلام) و کەنیسەیە. کۆی گشتی ژیانی مرۆڤ لەناو دوانیەکەدایە (ازدواجیە) کە سیمای ئەمە لە ژیانی مرۆڤدا هەست پێ دەکەن، هەر لێرەوە جیاوازی هەیە لە نێوان لایەنی رۆحی لە (تەورات) و (ئنجیل). وە لەنێوان موسی و عیسی(علیهم السلام) موسی سەرکردەی گەلەکەی بو بەڵام عیسی واعیزێکی ئەخلاق بو. هەروەک جیاوازی هەیە لە نێوان ئامانج و سیستەمی دادپەروەری، ئامانجی جولەکە (زەمینی مژدە پێدراوە)، بەڵام ئامانجی مەسحیەت (مەملەکەتی ئاسمانە)، مرۆڤایەتی و ئیسلام هەردوکیان کۆدەکاتەوە دژایەتی نێوان جولەکەو مەسیحیەت ناهێڵێت وەک ڕێگایەکی سیهەم هەردوکیان کۆدەکاتەوە و لەیەکیان نزیک دەخاتەوە، ڕاستان پێ بڵیم دەترسام پسپۆران بەوردی دێڕ بە دێڕی بخوێننەوە بەڵام.

من دڵنیابوم کە خوێنەری کتێبەکەم ئەوەندەی بەشوێن ئەو وێنا گشتیەدا دەگەڕێت کەمن دەمەوێت پێشکەشی بکەم یان ئاماژەی پێ بدەم ئەوا ئەم لە خوێنەرێکی شیکاری قوڵ زیاتری دەستدەکەوێت. من دەمزانی هەوڵدانم بۆ ڕاڤەکردن و شرۆڤەی وێنەکان لاوازتربون. هەندێک زاراوەی بەرچاو و دیار واتایەکی مەجازی کلاسیکیم دایە. نەک واتا ناسراو دیارەکەی خۆی. بۆنمونە من واسەیری ئیسلامم کردوە کەوەک ڕێگەی سێهەم وایە، وەک مەجازێک بۆ هەمو لایەنەکانی ژیان ئەمەش بەپێی هاوکێشەیەک کە کەسایەتی مرۆڤ ڕازی دەکات لە ڕاستیدا ئەم

کتێبە جگە لە شایەتیدان و دان نان بە تێڕوانینێکی تایبەت بۆ جیهان شتێکی زیاتر نەبو. ئەوسا و ئێستاش کێشەی بەڵکان کێشەیەکی دیموکراتی یە، ئەگەر مێژو بخەینە لاوە، وە جەخت لەسەر سەدەی خۆمان بکەینەوە کە تازە تەواومان کردوەو بەجێمان هێشتوە، ئەوە دەبێ بڵێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەوا هەمو وڵاتانی ئەم بەشەی جیهان لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی زۆرداری پاشانشینی دابوە. وە هەمویان جگە لە یۆنان لەدوای شەڕی جیهانی دوهەم کەوتنە ژێر کۆت و بەندی شیوعیەت. بەکورتی وڵاتانی بەڵکان بەختیان بە دیموکراتیەت نەبو ئەو وڵاتانەی کە خۆیان ناو نابو وڵاتانی سۆشیالیستی بەشێوازی جیاواز لەیەک بەرەو پێش چون ئەوەی جێگای سەرنجە کاریگەری سەرکردەکانیانە لەم ڕێکەوتنانەدا، لەگەڵ ئەوەی ئەوان هەمویان کوڕی یەک ئایدۆلۆژیا بون بەلام بارودۆخی و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتی ئاسای لەیەک جیاواز بو ئەمەش بەپشت بەستنی هەریەکەیان بە سەرکردەی وڵاتی خۆی وەک چیڤکۆڤی بولگاری و (ئەنوەر خۆجا)ی ئەلبانی و (شاوسیسکۆی) ڕۆمانی و (تیتۆی) یوگسلاڤی و، چوار پیاوی جیاواز چوار سیستەمی جیاوازتر، بەڵام هیچ کام لەمانە لەگەڵ جیاوازیان لە ستەم و زەبرو زەنگدا یەک دەنگ بون ،تیتۆ لەساڵی ١٩٧٩و لەشوێنی تایبەت بەراوشکاری خۆی هەریەک لە (سیرانکۆ میلۆلۆتیش) و (رائیف دزدارفیتش) لەسەرکردەکانی حیزبی شیوعی بۆسنی سەردانیان کرد، شتێکی هێندە گران نەبو کە بزانیت کە لەو مەجلیسەدا باسی چی کراوە و چی گوزەراوە. هەرشەوەکەی تەلەڤیزیۆنی (سەرایڤۆ) لە هەواڵەکانی شەودا پەیامی هەڕەشە ئامێزی (تیتۆی) بڵاوکردەوە کە بە ڕونی پێی گوتبون (دەبێت زۆر بە توندی هەر هەوڵێک بۆ زیندوکردنەوەی نەتەوایەتی و یەکێتی ئیسلامی لە بۆسنەو هەرسک دا بە توندی سورکوت بکرێت) ئیتر سەردەمی مستی ئاسنین دوای ماوەیەک لە بێدەنگی و ئارامی کە لەسەرەتای هەفتاکاندا خولقابو هاتەوە ئارا، وەهەڵمەتی ڕاگەیاندن و وتاری جۆراوجۆر بە هێرشکردنە سەر (حسین دجوزو)ی زانای جیهانی ئیسلامی دەستی پێکرد. کاتێک کە پۆلیس

دەستگیری کرد، ئەوا کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئاشکرا پشتیان تێکرد، ئیتر لەو کـاتەوە ئەویش پاشەکشەی کـرد تـا لە دابڕانێکـی تەواودا بۆخـۆی بـژی و بێـدەنگی بکـاتە مایەی سەر سـەلامەتی وەدوایـی بەهـۆی نـاڕەحەتی دڵـیەوە مـاوەیەکی زۆر نـیە کە دنیای جێ هێشتوە و وەفاتی کردوە. (حسن دجوزو) هاوڕێم بو، کارم لەگەڵ کـردوە بەهۆی یارمەتی ئەوەوە لەجیاتی ناوی خـۆم مەقـالەم بڵاودەکـردەوە کە بەردەوام لە جیاتی ناوی خۆم سێ پیتی (ل-س-ب) دەنوسی کە کورت کراوەی نـاوی هەرسـێ منداڵەکانم بون (لەیلا-سابینا-بەکر) لەو مەقالانەدا مەسەلەی ڕاپەڕینـی ئیسـلامی و گیروگرفتەکانیم بەربـاس خسـتبو. لەو باسـانەدا مـن لەگەڵ (دجـوزو) هـاوبیرو هـاو هەڵوێسـت بـوین لە دوای مردنـی تیتـۆ لە سـاڵی ١٩٨٠ بـارودۆخەکە خراپتـر بـو قەیرانـی کۆسـۆڤۆ دەسـتی پێکـرد، بە شـێوەی نـیمچە ڕۆژانە ئەلبانیەکـان دادگـایی دەکران، ئەو دەنگە ڕۆژ ئاوایانەی بەو دادگـایکردنە نـاڕازی بـون کەس نەیبیسـت و کاریگەریان نەبو، ئیتر ڕۆژ ئاواش لە هەڵسوکەوتی شیوعیەکان و مامەڵەکردنیـان تـێ گەشـتبو، ئەوەش لەبەرچـاو بگیرێـت کە ئەوەش گرنـگ بـو یوگسـلاڤیا لە ڕوسـیاوە بەدوربێت، ئیتر هەمو ئەگەرەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە جارێکی تر هەڵمەتی گرتن و قۆلبەست لە بۆسنەوە دەستی پێدەکاتەوە، بەرەبەیـانی ٢٣/مـارس/١٩٨٣ لەدەنگـی لەدەرگادانێکی تونـدی دەرگـای مـاڵەوە بەخەرهـاتم، هەردەرگـام کـردەوە نزیکـی ١٠ چەکداری پۆلیسی نەهێنی یوگسلاڤی، بە پرتاو خۆیان بەژورداکـرد، یەکێکیـان وتـی ئێمە ئاسایشـی دەوڵەتـین بـێ پێڵاودانـان خۆیـان کوتـایە ژورەوە، یاداشـتنامەیەکیان نیشاندام کە ڕێگەی پشکنینی پێ دابون، دەستیان کرد بە هەڵگیر وەرگێـڕو تێکـدانی کەلوپولەکان، کون و قوژبن دەگەڕان پەردەی پەنجەرەیان لـێ کـردەوە و سـەریان بە هەموکونێکـدا دەکـرد. وەک ئەوەی ئاگـاداربن لەوەی مـاڵەکە تەقەمەنـی تیایابێـت، چەقی بایەخدانیان کتێب و نوسینەکانم بـو، بـۆیە هەمویـان کـۆکردەوە. هەتـا دوای عەسر خەریکی پشکنین بون، پاشان فەرمانیان پێ دام تا بارەگای سەرەکی ئاسـایش بڕۆم، پێیان وتـم کە گەیشـتیتە ئەوێ ٣ ڕۆژ بەنـد دەکرێـت دوای ئـازاد دەکرێـت

ئیتـر ٣٠ ڕۆژی تریـان تـازەکردەوە و پاشـان تاکـاتێکی نادیـار لە چـاوەڕوانی دادگایکردندا درێژکرایەوە، پاشان گواستمیانەوە بۆ نـاوچەیەک کە بەنـدینخانەکەی ١٠٠ساڵ پێشتر نا مساویەکان دروستیان کردبو. لێرەوە لێپرسینەو دەستی پـێ کـرد ١٠٠ ڕۆژی پێ چو، دەتـوانم بڵـێم ١٠٠ شـەویش، چـونکە بـانگکردن ولێپرسـینەوەی شەوانە نزیکەی هەمان ژمارەی ڕۆژ دوبارە دەبـونەوە، نـزیکەی ١٠٠ شـەو و ڕۆژ لە زینـدانێکی ٤بە٢م بەسـەربرد کە دوپەنـجەرەی بچـوکی تیایـا بـو دو تـاڵ شیشـی بەسەردا هاتبو. بەسەر بیری بەنـدیخانەکەدا دەیڕوانـی، لەگەڵ گرتنـی مـن سـەدان کەسـی کەش لە بۆسـنە گیـران، ئەوەی کە بەڕونـی دەمـان بینـی ئەوەبـو کە لێکۆڵەرەوەکان گەڕان بەدوای ڕاستیان لامەبەسـت نەبـو، بەڵکـو ئەوەیـان بە ئەرکـی خۆیـان دەزانـی کە تۆمەتمـان بـخەنە پـاڵ و بیسـەلمێنن کە تاوانبـارین، ئـامرازی دەستیشیان بۆ گەیشتن بەم خواستەیان ئەوە بو کە هەندێک ناچـار بـکەن کە بێـت بە هەڕەشەی لەزیندانکردنیان شایەتی درۆیـان پـێ بـدەن. ئیتـر هەڕەشـە لە هەمـو ئەوانە دەکـارا ئەگەر شـایەتی نەدا ئەوا خـۆی ڕوبەڕوی تـۆمەت دەکـرێتەوە . سەرەتای مانگی ٧ زانـیم کـێ تـۆمەتی ئاراسـتە کـراو وە کـێش لە دژمـان شـایەتی دەدات. بناغەی ئەو تاوانەی بۆیان سازدابوین بریتـی بـو لە هەردو مـادەی ١١٤ وە ١٣٣ لەیاسای تاوانی یوگسـلاڤیا. یەکەمیـان لەبـارەی پـیلان گێـڕی دژی دەوڵەت و دوەمیشـیان بە تـاوانی قسـەکردن ناسـرابو، وە لە تۆمەتبـارکردنەکەدا ڕۆڵـی سـەرکردایەتی کردنیـان دابـوە پـاڵ مـن، ئەوش هەر درۆیەکـی گەورەو شـاخدار بـو، چـونکە هـیچ شـتێک نەبـو کە نـاوی کۆمەڵێـک کەس بێـت کە هەمومـان کۆکـاتەوە تەنانەت من هەندێک لەوێنەی لە قەفەسـەی دادگـادا بینـیمن هەر نەشـم دەناسـین. بەرەبەیانی ١٨/تەموز هاتن و بردیانین، بەم جۆرە دادگـای سـەرایڤۆ دەسـتی پێکـرد ،سـەرەتا لە ژورەکانمـان دەریـان هێنـاین و لە ڕاڕەوەکە ڕیزیـان کـردین. ئەوە یەکەم جار بو لەکاتی دەستگیرکردنانەوە یەکتری ببینین بەهۆی برسـێتیەوە هەمـو ڕەنگمـان بزڕکـابو -روشـید- کێشـەی تەنگەنەفەسـی هەبـو، خـۆم لەپێشـەوەی ئەو کـاروانەدا

بینیەوە کە نێوان هەردوکەسی بەندکراو پۆلیسێک دانرابو. پاشان لە دەرگای دواوە کردیانینە ناو هۆڵی دادگای نیوە چۆڵدا. کە چومە ژورەوە سڵاوم کرد وتم (السلام علیکم) و دەستم بەرزکردەوە. هەندێک وەڵامیان دامەوە، دادوەرەکە بەدەنگی بەرز هاواری کرد لەگەڵ کەسدا قسەمەکە. منیش وتم مافی خۆمە سڵاو لە منداڵەکانم بکەم کەلەهۆڵەکەدا دانیشتبون. داوایان لی کردین لەسەر دو کورسی تەختە کە دانرابو دو ڕیز دروست بکەین لەدواوەش ڕیزێک پۆلیس وەستابون، لەلای ڕاستمانەوە دە پارێزەر دانیشتبون. بەرامبەریشمان داواکاری گشتی دانیشتبو کە ئافرەتێک بو لە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا ناسیم. وەدادوەرەکەشم نەدەناسی کەلە پشت سەریەوە وێنەیەکی —تیتۆ- هەلواسرابو.

دادگایکردن بە دەمە بۆلەی نێوان من و دادوەر دەستی پێ کرد من ئەو ناڕەزایەتیەم دەربڕی کە بۆچی ڕێگا نەدراوە خەڵکی بەگشتی بێن بۆ ئاگاداربون لە دادگاییکردنەکە، ئامادەبوان بریتی بو لە دادوەر و داواکاری گشتی و پۆلیس و خزم و کەسوکارەکانمان و هەندێک ڕۆژنامەنوس بون کە بەوردی هەڵیانبژاردبون، ئیتر من وتم مادەم کار بەو جۆرەیە ئەوا من بیدەنگ دەبم و قسەناکەم. دادگا دانیشتنەکەی هەڵگرت تا دادوەر بتوانێت لەگەڵ لایەنیکدا! ڕاوێژ بکات لەوێنەیە لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بوبێت. چارەسەرێکی مام ناوەندی دانابەوەی ڕێگادەدەن بە هەندێک کەسی ترکە ئامادەی دانیشتنەکەبن بەڵام دەبێت پسولەی ڕەزامەندیان پێ بێت و ناویانی تیایا نوسرابێت، واتە ئەوانە ڕێگا دەدەن کە بە دڵی پۆلیسن و ئەوان هەڵیان دەبژێرن. دادوەر(حدتیچ) دانیشتنی دادگای دەستی پێ کرد وتی: سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە سەرجەم تاوەنبارەکان ئێستا لێرە حازرن.

ئەوانش: علی غزت بیگۆڤیچ، عمر بهمن، حسن تشنختش، عصمت کاسوماتمتش، ئەدهەم تشاکتشتش، حسین جیخالیە، رویشد بغودا، صاع بهمن، مستەفا سیهاتش، جمال لاتش، ملیکە سالح بیگۆڤیچ، درویش دجوردوفیتش.دجولایتاکتش، لەگەڵ

خۆم کە سەرۆکی دانیشتنەکەم دادوەر حـدیتچ و ئەنـدامی ئەنجـومەنی دادوەری، وە دادوەری گشـتی عاصـم کانـانتش و ٣ ئەنـدامی دەسـتەی سـوێندخۆران لە نەتەوە جیاوازەکان بەتایبەت سرب، مسوڵمان-کرواتـی .داوامـانکرد لە داواکـاری گشـتی کە تۆمەتەکان بخوێنێتەوە، ئەمە قسەکانی دادوەر بـو کە دەسـت پێکـی دادگـایکردنەکە بو ئیتر داوای کرد لە داواکاری گشتی —ئەدینا ڕەشیدۆڤیچ. کە قسە بکات.

داواکاری گشتی: هەریەکە لە علی عـزت بیگـۆڤیچ و عـومەر بەهـمەن لە سـاڵی ١٩٧٤ بەبیرو باوەڕی ڕاپەڕینی ئیسـلامی و بە ئیسـلام کردنـی مسـوڵمانان شـەیدا و سەرسام بـون ئیتـر هەر ئەوکـاتە بڕیاریـان داوە کە زیـاتر تیشـک بـخەنە سـەر ئەو بیروباوەڕە ئەویش لە میانەی نوسینی ئەو دەقانەی کە دەبێـتە مـایەی بایەخپێـدانی زۆرینەیەکی زۆری خەڵکی ئیتر علی عزت بیگۆڤیچ هەستاوە بە نوسینی ئەو دەقانە، بەدوای ئەویشدا کتێبەکەی (جاڕنامەی ئیسلامی) نوسیوە داویەتی بە عـومەر بهمـن و تۆفیـق فیلاغـتش کە ئەوانـیش هەردوکیـان ئەنـدامی(کۆبـونەوەی کـۆچپەران)ن و نەیـاری یوگسـلاڤیان و لە نەمسـان. ئەمـیش تێبینـی و خواسـتەکانی ئەمـانی لە کتێبەکەیدا نوسیوە. وە لەوکتێبەدا جەختی لەوە کردۆتەوە کەلەبنەماکـانی ڕاپەڕینـی ئیسلامی ئەوەیە کە (لەمێژودا هیچ ڕوداوێک نیە کە بـزوتنەوەی ئیسـلامی لە پشـتی نەبو بێت، بزوتنەوەی ئیسلامی بزوتنەوەیەکی حەق و ڕەسەنە، هۆکارەکەشـی ئەوەیە ئیسـلام ئـاینە بەڵام لەهەمـان کاتـدا فەلسـەفەیە سیسـتەمی ئەخلاقـیە. بە دەستەواژەیەکی تر بڵێین ئیسلام بەرنامەی ژیـانە بەرنـامەیەکی کامـڵ و سـەراپاگیرە. زۆری یاساو ڕێسای ئاڵۆز ئاماژەی ئەوەن کە ئەو کۆمەڵگایە هەڵەی تیادایە، پێویستە یاسـادەرکردن ڕابگرێـت، وەهەوڵـی ئەوە بـدرێت ئەنـدامەکانی ئەو کۆمەڵگـایە فێـری هەڵسوکەوتی شیاو بکرێت. بزوتنەوەی ئیسلامی یەکەیەکـی کامـڵ و تـۆکمەی ئـاین وسیاسـەتە، مسـوڵمانان بـران، بـزوتنەوەی ئیسـلامی دەتوانێـت دەسـەڵات وەرگرێـت ئەگەر لە ڕوی چەنـدایەتی و چـۆنێتی ئەخـلاق (مەعـنەوی) هێـزی پێویسـتی هەبوبێت. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی حوکمەتێکی نائیسلامی بە ئیسلامی بگۆڕێـت،

بەڵکو لە پێناو دروستکردنی حوکمەتێکی ئیسلامی نویٚ.) ئەم کتێبە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤-١٩٨٣ وەرگێردراوەتە سەر ئەم زمانانە. عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی هەڕەشە دژ یە شۆڕش و سیستەمی سۆشیالیستی کۆماری یوگسلاڤیای سۆشیالیستی— ئەم کتێبە بەوزمانانە چاپ کراوە، پێشەکی بۆ نوسراوە. وە بە ئامانجی دەستەوگروپێک کە هاوڕای ئەم بۆچونانەن لە وڵاتدا، ئەمەش وەک هەڕەشە یەک و کارێکی دوژمنکارانەی سیستەمی سۆشیالیستی بەو رەوت و چوارچێوەی کە کتێبی (جارنامە ئیسلامی) نەخشە ڕێگای بۆ دەکێشێت، علی عزت بیگۆڤیچ هەستاوە بە ناردنی کتێبەکەی بۆ زۆرێک لە ڕۆشنبیران لەوێنە حسین دجوزو، محمد کۆبۆسۆڤیچ. وهۆسۆجیفالیە، وحسن تشنتغتنش، محمودتیشهاتیچ، محمد علی حدتش، ملیکە صالحبیگۆڤیچ وئەدهەمبیشتاکیش...هتد) ئەم قسانەی سەرەتا کە لە دەیان لا پەڕە پڕ کرابونەوە هێندە چڕ نوسرابو دێڕیان نە پەڕاندبو، ئیتر تۆمەت ئاراستەی من کرا، بانگ کرام تا دژ بەو تۆمەتانە بەرگری لە خۆم بکەم. بەڵام پێم ڕاگەیاندن کەمن ٣ خاڵی ناڕەزایەتیم هەیە لەسەر چۆنێتی ڕیٚ و شوێنی دادگاو بەرزکردنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگا. ئەوانیش :

١- ئەوتۆمەتانەی ئاراستەم کراون، دەڵێن ١٣ کەس لەم دۆسیەدا بەژدارە، ٧ کەسیان بەهیچ جۆرێکەوە پەیوەندیان بەم تۆمەتەوە نیە (واتە دروستکردنی دەستەیەک بەپێی تێڕوانینی کتێبی —جارنامە-) ٥ کەس لەوێنە لەژیانمدا نەمدیون و نەمناسیون

٢- ڕێگە دراوە هەندێک کەس بێنە ژورەوەو ئامادەی دانیشتنەکە بن بەڵام ڕێگە لە زۆرینەی زۆری خەڵک گیراوە کە بێت بەژداری دادگایکردن بن. من داوادەکەم دادگایکردنەکەم بە پێی یاساو ئاشکرا بێت من هیچ شتێکم نیە بیشارمەوە، بەڵام لەوێنەیە دادگا حەز نەکات بەوەی کەمن بە ئاشکرا لەبەردەم خەڵکدا بەرگری لە خۆم بکەم بۆیە دەیشارێتەوە، من پێم باشە لەبەردەم زۆرترین

خەڵکدا دادگای بکرێم چونکە من خۆم بە بێ تاوان دەزانم، من بەرگری خۆم ناخەمە بەردەستی تەنها دادوەر حدیتیچ- بەڵکو دەیخەمە بەردەستی هەمو ئافرەت و پیاوێکی بەشەرەفی یوگسلاڤی و دەرەوەی یوگسلاڤیا، هەرکەس شتێک بشارێتەوە ئەوا تاوانبارە .

٣- هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەش جێگەی نیگەرانیە، هەندێک ڕۆژنامە پێش دادگا تۆمەتی نەتەوەپەرستی دەمارگیری دایە پاڵم، دوژمنی شۆڕش و دەوڵەت. پێش دادگا تۆمەتباریان کردم، ئەمەش خۆی سوکایەتیە بە دادگا، لە بەرامبەر ئەم کارەی ڕۆژنامەدا نازانم دادگا بۆ پاراستنی ئابڕو و کەرامەتی یاسا چی کردوە، ئەگەر خۆی حەزی لە پاراستنی تاوانباران نەکردبێت. هەستام بە پێشکەش کردنی بەرگری کردنەکەم و وەڵامی پرسیارەکانی داواکاری گشتی و دادوەرو پارێزەرم دایەوە. دوای ئەوەی بۆم ڕونکردنەوە کە وا من لەو باسەی کە گوزەرا هیچ جۆرە تاوانێکم ئەنجام نەداوە. ئەمەش هەندێک لەوپرسیارانەیە کە داواکاری گشتی —ئادینا رشیدۆفیتچ- ئاراستەی کردم لەگەڵ وەڵامەکانی من.

رشیدوڤیچ:- ئایا تۆ لەو کتێبەتدا ئەگەر بە ڕستەیەکیش بێت باست لەوە کردوە کە جارنامەی ئیسلامی هیچ پەیوەندیەکی نیە بە کۆماری یوگسلاڤیای سۆشیالیست.؟

وتم: نا نەخێر لەبەرئەوەی هیچ پێویستی بەو قسەیە نەدەکرد چونکە باسەکە لە کتێبەکەدا بەڕونی باس کراوە.

رشیدوڤیچ: بەلای تۆوە کێ لەو ٧٠٠ ملیۆن کەسە مسوڵمانە حساب دەکەیت. ئایا من یەکێکم لە ئەندامانی جیهانی ئیسلامی.؟

وتم:- من هەرکەسێک لە وڵاتێکدا بژی زۆرینەی مسوڵمان بێت هەر لە مەغریبەوە تا جاکارتا بە جیهانی ئیسلامیم داناوە.

رشـیدۆڤیچ:- تـۆ لە بەرگـری کـردن لە کتێـبەکەت (جارنـامەی ئیسـلامی) خوازیاری سیسـتەمێکی نـوێی مـرۆڤ دۆسـتی کەلەسـەر بنـاغەی پایەکـانی ئیسـلام بنیادنرابێـت، ئایـا سروشـت و نـاوەخن و ناسـنامەی ئەم سیسـتەمە چـیە کە هـیچ لەبارەی وڵاتانی بێ لایەن و بەڕێوبەڕایەتی سەربەخۆ ... هتـد ناڵیـت ئاوڕیـان لـێ نەداتەوە، لەو ماوەیەدا هاوڕێی خۆشەویسـتم —روشـیدبرغودا- کە ١٠ سـاڵی لاوی لە زینـدانـدا بـردە بـوە سـەر لەبەر نەخۆشـی نەیـدەتوانی لەسـەر کورسـیە تەخـتەکە دانیشێت زۆر نەخۆش بو، دوایی زانیمان کە کاتی دەسـتگیرکردنەکەش هەرنەخـۆش بـوە هەرچەنــدە لەکــاتی بەڕێوەچــونی لێکــۆڵینەوەدا نەخــۆش بــوە بەڵام هــیچ چاودێریەکیــان نەکــردوە بگــرە خــراپ مامەڵەشــیان لەگەڵــدا کــردوە. داوای لەپارێزەرەکەی کردوە کە با ڕاپۆرتێکی پزیشکی بۆ وەربگرێت، پزیشکەکەی وتـویەتی کەئەو بە کەڵکی ئەوە نایەت لەدادگا بوەستێنرێت چـونکە لە میـانەی لێکـۆڵێنەوەدا دوجار —نۆرە دڵـی لێـی داوە، وە ڕەوشـی تەندروسـتی بە ڕادەیەک جێـی مەترسـیە ئەگەری هەیە لەهەر چـرکە سـاتێکدا دوچـار بە مەترسـی ببێـتەوە. ئیتـر بە هـۆی ڕاپۆرتێکی پزیشکی دادگایکردنی —روشید- هەڵپەسێردرا —رویشد— دوای سـاڵێک لە هەڵپەساردنی دادگایکرنەکەی دوای سێ دانیشتن و سێ جار دواخستن بە هۆکاری پزیشکی گیانی لەدەست دا لەلایەن پارێزەرەکەی —روشید- وتەیەکی نوسراومان پـێ گەیشت (کە کۆچ کردو) لە میانەی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا نوسـیبوی بـۆ ئەوەی پێشکەش بە دادگای بکات کە تیایا دەڵێت :

[ئەم دادگـایکردنە لەلای مـن جێـی گومـانە، زۆر ڕونە کە دەسـتی تـێ خـراوەو یـاری پـێ کـراوە. بەڵام نـازانم بـۆ؟ مـن پێشـتر لە دادگـایەکی ئـاوا گومانـاوی و دەسـتێوەردراودا ٢٠ سـاڵ زینـدانی بەکـاری قورسـەوەیان بەسـەردادام. بەڵام ئەو سەردەمە سەردەمی ستالین بو ئەوکات بارودۆخ زۆر خراپ بو، ئەو کـات یوگسـلاڤیا ناچاربو بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە شیوعیە ئەوا لەوە ئاسانتری دەست نەدەکەوت کە مسـوڵمانەکان بکـاتە قوربـانی. ئیتـر هێـرش کـردنە سـەر بۆسـنە یەکێـک بـو لەو

ئامرازانەی کە بۆ مۆسکۆی بسەلمێنێت کە یوگسلاڤیا هەر سەر بە مۆسکۆو گوێ لە مستی ئەوانە. قوتابییەکی نمونەیی و جێ بە جێ کارێکی وردی پلانی شیوعیەکانی مۆسکۆیە، من وام دەخواست ئەوڕۆژانەمان تێ پەڕاندبێت و نەیبینینەوە. بەڵام ئەوانەی کە دەبوایە یەکەمین کەس بوایەن لەبیری بکەن ئێستا ئەوان دوبارە بیرماندەخەنەوە، وڵات چ پێویستی بەدروست کردن و داتاشینی دوژمنی وەهمیە؟ چ پێویستی بە سازدان و سیناریۆ سازدانی ڕوداوێکە کە کەس پێی هەڵنەستاوە؟ بۆ قازانجی کێ قوربانی تازە و شەهیدی تازە و تۆقاندنی هاوڵاتی سڤیل و بێ تاوان کە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە خەریکی بە جێ هێنانی ئەرکەکانی خۆیانن. ئایا کەسانی ئایندار هاوڵاتی پلە دوی ئەم وڵاتەن؟ جارێکی تر بەرۆکی مسوڵمانەکان دەگیرێتەوە، ئایا بڵێی دەوڵەت و وڵات لەلایەن ١٢ مسوڵمانەوە کە ئیمام و ڕۆشنبیر و پارێزەر ومامۆستای زانکۆ و ئابوریناس و شاعیرەوە دوچار بە هەڕەشە لێکردن بوبێتەوە. ئەمانە زۆرێکیان هەریەکتریش ناناسن ! ئایا ئامانج ترساندن و تۆقاندنی مسوڵمانانە، ئەم کارەی ئێوە وایان لێ دەکات هەست بە تاڵی و ناڕەحەتی بکەن، من پێتان دەڵێم کە هۆکاری زۆرن کە مسوڵمانانیان دوچار بە تاڵی و ناڕەحەتی کردوە ئیتر پێویست بەم دادگایکردنە ناکات.]

بارودۆخی دەرونی -عمر بەهمەن-یش زۆر خراپ بو، ئەویش ئەوکەسە بو کە ١١ ساڵی لاویەتی لە زیندانا بردبوەسەر نەخۆش نەبو، بەڵام هیلاک و ماندو ناڕەحەت و ڕەنگ بزرکاو بو، دانیشتنی دادگایکردنی دو ڕۆژی پێ چو، ڕۆژی یەکەم هەرچۆنێک بێت سەرکەوت، بەڵام ڕۆژی دوەم لەدوێنێ لاوازتر بو، وردە وردە هاوسەنگی لەدەست دەدا. ئەمەش لەبەشی نائاشکرای دادگایکرنەکەدا کە لە هۆڵەکە کە تەنها ٣ کەسی لێ بو __باکری کوڕم، سابینای کچم، خاتو صالحە-ی خێزانی —عمر- ئیتر عمر لە پڕ لە هۆش خۆی چو کەوتە سەر زەوی. نەیان هێشت خێزانەکەی یارمەتی بدات، دکتۆریشیان بانگ نەکرد، وەبگرە نەیان هێشت کەسیش نزیکی بکەوێتەوە، بەڵام هاوسەرەکەی گوێی بە قسەی دادوەر نەدا چوە

لایەوە و دەموچاوی تەڕکرد و دەستی بەسەرداهێنا، ئیتر عمر کەوتە هێڵجدان و ڕشانەوە، لێوی سورهەڵگەڕا ڕەنگی تێک چو، دوای ئەوەی —نقالە- یان هێنا بە ئاگا هاتەوە پاسەوانەکان بردیانە دەرەوە، هەرچەندە خۆی نەیاری بردنە دەرەوەی بو بەڵام بەرگریکردنی -صابح بهمن- ئەویش کە پێشتر ٨ ساڵ زیندانی چەشتبو ئەوا نیو کاتژمێری پێ چو. ئەویش لە میانەی بەرگری لەو تۆمەتانەی ئاراستەی کرابون وتی: (ئەوانە تۆمەتێکن شایەنی قسەلەسەر کردن نین، تەنانەت بۆ بیرلێکردنەوەش نابێت، ئەوە تۆمەتێکی ئەوەندە دورو لاوازە بە کەڵکی ئەوە نایەت بناغەی دادگایکردنێکی عادیلانەی لەسەر ببەسرێت. ئەمانە درۆ و بوختان و قسەی هەڵبەستراون داوام لە خواکردوە بەهەشتم پێ خەڵات بکات، بەڵام خوای گەورە جارێکی تر لە مێژودا شوێنی تری پێ بەخشیم، مەبەستی ئەو بوختانە بو کە لەساڵیە ١٩٤٩ دژی سازدرابو، من چی بکەم، قەدەری من وایە خەڵکانێک لەسەر شتێک سزام دەدەن کە من ئەنجامم نەداوە، وەخوابەئەوان من تاقی دەکاتەوە) هاوڕێییەکەم لە بارەی (صالح)ەوە پێی وتم کە ئەو کەسێکە زۆر قورسە بیناسیت و خۆشت نەوێت.

دوای گوێگرتن لە تۆمەتبارەکانی تر، ئیتر گوێ لە شایەتی شایەتکاران گیرا کە ٥٩ کەس بون لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا نیوەی شایەتەکان شایەتیەکانیان گۆری، وتیان ئەوان ئیتر لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا لە ژێر ترس و زەبرو زۆردا شایەتیان پێ داون. لە میانەی بەناو دادگایکردندا ساتی نەخوازراو سەیر تێپەڕدەبون. یەکێک لە شایەتەکان کە (سعادسیبلۆیاتس)ە رای گەیاند کە ئەو وتەکانی خۆی دەکێشێتەوە ئەو وتەکانی وەک شایەت لە میانەی لێکۆڵینەوەکدا لێی وەرگیرابون وە وتی: دەبێ بڵێم شایەتی دانی ئێرەم تەواو لەگەڵ ئەوەی لەلای پۆلیس وتومە لەیەک جیاوازن) ئیتر ئینکاری هەرجۆرە شایەتیدانێکی کرد کە دژ بە -تشنغتش و سباهتش و لاتش-ی بدات ئیتر داواکاری گشتی —رشیدۆفیچ —گڕی گرت و توڕەبو، ڕای گەیاند کە ئەو تۆمەتی تاوانباری داوەتە پاڵ (سیپلۆباتس) لەبەر ئەوەی شایەتی درۆی داوە،

دیـارە ئەو مەبەسـتی لە شـایەتی درۆ ئەوە بـو کە لە دادگـا گـوتی. تەلەڤزیـۆنی _سەرایڤۆ- ئێـوارە ئەم هەڕەشـەیەی بڵاوکـردەوە و ڕۆژنـامەی —ئۆسـلوبودۆجینیە-لە ڕۆژی دوایدا ئەوەی بڵاوکردەوە لە تاوانی شایەتی دانی درۆ —سیپلۆباتس- ٥ ساڵ زینـدانی دەکرێـت، دیـارە مەبەسـت لەم کارەشـی ئەوە بـو کە شـایەتەکانی تـر بترسێنێت و لە دادگا بە خواستی ئەمان شایەتی بدەن. ئیتر -سعادسـیبلۆباتس- لەو شـەوڕۆژەدا -مـامەڵەی تـایبەتی— لەگەڵـدا کـرا. دوای دوڕۆژ —حـدتیچ-ی دادوەر ڕایگەیاند کە -سعاد- جارێکی تر دێتەوە دادگـاو شـایەتی دەداتەوە، دیـارە یەکسـەر دادگاش ڕەزامەندی لەسەردا. ئەم جارەیان —سعاد- وتی: هەرچـی شـایەتیەکی لای پۆلیس داومە ڕاستە! کاتێک دادوەر لێی پرسی بۆچی شایەتیەکەت گۆڕی لە وەڵامـدا وتی: لەلایەن —ترجارد-ی برای تۆمەتبـار -لایـش- و —نسرت چانیتچـار- _پێـی ڕاگەیانراوە کەوا لەبـارێکی دەرونـی خراپـدایەو هەرکەس، شـایەتی بە دژی بـراکەی بدات دەیکـوژن. ئیتـر -سیعادسـیلوباش- توشـی —ترجـارد- دەبێـت و وەعـدی پـێ دەدات کە لە دادگـا لەشـایەتی پەشـیمان بێـتەوە وە وتـی: دوای ئەوەی یەکەمجـار شایەتیم دایە وەزارەتی ناوخۆ، بڕیارم دا شـایەتیەکی تـر بـدەم، گـوێ نەدەمە ئەوەی ڕۆژنامە من بە ساختەکار و شایەتی درۆینە بداتە قەڵام)

ئیتر دیارە کەس بڕوای بەم چیرۆکە ساختەیەی‌نەکرد. لەگەڵ ئەوشدا ڕەشـەبای ڕاستی هێشتا هەر هەڵی نەکردبو وا بڕیار بو کە شایەتی سـەرەکی لە دادگـا ئامـادە بێت دەبوایە -نیرمیناباشیرڤچ- لە دادگا ئامادەبێت و شـایەتی بـدات و قسـەی لـێ وەربگیرێت لەهەمان ڕۆژەکە -سعادسـبیلۆباتس- شـایەتی دوەمـی دەدا. ئیتـر لەگەڵ پەشـیمان بـونەوەی شـایەتەکان لە شـایەتیدان دژی تۆمەتبـاران، ئەوا دادگـا بـو بە _مەهزەلەخانە- دادگا ویستی ڕوداوەکە بە ئاراسـتەیەکی تـردا ببـات، بەوەی زەبـرو زۆری خۆی بخاتە سەر —سعادسببیلۆباتس — و -نیرمیناباشیرڤچ- لەگەڵ دوەمیانـدا شکستی هێنـاو یەکەمیـان ناچـارکرد و ملـی دا. ئیتـر وا پێویسـت بـو کە -نرمینـا- جارێکی تر وەک ئەوەی لای پۆلیس شایەتی دابوشایەتی بداتەوە. ڕێوشوێنی تایبەت

بۆ ئەو ڕۆژە گیرابوە بەر کە -سعادسبیلوباتس- و -نیرمیناباشیرڤچ- تیایا لە دادگا شایەتی دەدەن، لە دانیشتنەکەی پێشودا هۆڵی دادگا چۆڵ وهۆڵ کەچی ئێستا لە کەسانی نەناسراو جمەی دێت. دادوەر چو بۆ ژوری شایەتەکان و وەسەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشانان لە دانیشتنی دا ڕۆژنامەنوسی بیانی تیایە، وە بەداخەوەیە بۆ ئەوەی هەندێک لەشایەتەکان هەستاون بە گۆڕینی شایەتیەکەیان گوایە دوچار بە لێدان و هەڕەشە بونەتەوە، ئەمەش مایەی روشاندنی کەرامەتی یوگسلاڤیایە لە دەرەوەی وڵات.

لەدەرەوە پۆلیس جوڵەو هاتوچۆی نزیک دادگای قەدەغە کرد.

دادوەر وداواکاری گشتی زۆر نەرمتر لە ڕۆژانی ڕابردو لەگەڵ شایەت و تۆمەتباران هەڵسوکەوتیان دەکرد. پێش ئەوەی (نیرمینا) شایەتی بدات —دادوەر هەستابە ئاگادارکرنەوەی کە پێویستە تەنها ڕاستی بڵێت، چونکە شایەتی درۆ تاوانە سزاکەی تا ٥ ساڵ سەردەکێشێت (نیرمینا)ش پرسیاری لێکرد. ئایا ئەگەر راستی بڵێم دادگا دەم پارێزێت؟

دادوەریش بە بەڵێ وەڵامی دایەوە. ئیتر (نیرمینا) کەوتە شایەتی دان و دادوەر و دادوەری گشتی و هەمو ئامادەبوانی توشی شۆک کرد وتی ( هەمو ئەوەی لە میانەی لێکۆڵینەوەی سەرەتای لێی وەرگیراوە درۆیە و ناڕاستن)! پاشان (نیرمینا) رونی کردەوە کە ئەو لە میانەی شایەتیدانەکەیدا ڕوبەڕوی زۆر لێ کردین بۆ تەوە وە لێکۆڵەرەوەکان زۆر جەختیان لێ کردۆتەوە کە هەندێک دەستەواژەی دیاری کراویان پێ داوە کە لەبەری بکات و دوبارەی بکاتەوە ئیتر ئەمیش توانای بەرگەگرتنی نەماوە. چەند جارێک بانگ کراوە ئەوسا وتەی شایەتی لێ وەرگیراوە وە وتی: شەش ڕۆژ لەبارەگای پۆلیس ماوەتەوە، ئەوان ناچاریان کردوە ئەوەی کە نوسیویانە ئەم لەبەر بکات بە جوانی بیڵێتەوە، پێش دادگا بە دو شەو جارێکیتر بانگ کراوەتەوە لە بارەگای پۆلیس وە ئاگاداریان کردۆتەوە وە لەوەی کە دەبێت لە

دادگا هەمان ئەم قسانە بکات کەلای پۆلیس نوسراوەو لانەدات. پاشان وتی: (من ڕاستیم پێ گەیاندن، پێم خۆشە ٥ ساڵ زیندانی بکرێم نەک یەک ڕۆژ بژیم بەڵام بە هۆی شایەتیەکی درۆینەی من ئەو خەڵکە بێاخنمە کونجی زیندانەوە، ئەگەر ویستان ئەوا منیش لەگەڵ ئەوان حوکم بدەن) لەم ساتەدا بێدەنگیەک باڵی بەسەردا دگاداکێشا، وە دادوەریش بۆماوەیەکی کەم بێدەنگ بو، ئیتر بەو ئافرەتە شاهیدەی وت کە دەتوانێت بڕوات. دادگایکردنەکە بەهۆی شایەتی دانی شاهێدەکان دوچاری پەشێوی و شلۆقی هاتەوە ئەمەش بەهۆی دیمەنی پێکەنیناوی کە شاهیدەکان لە میانەی شایەتیدانیادا پێشکەشیان دەکرد، یەکێک لەو شاهیدانە(ئەنوەر پاشالتش)بو یان بڵین (حاجی باشو) کە بەم ناوە نوسرابو، پیاوێکی لێزان بو، لەلای دادگا وا خۆی نیشاندا کە کەڕوگێژە، ماوەی دوسەعات لە میانەی وەڵامەکانیدا کە هیچ پەیوەندی بە پرسیارکەوە نەبو گاڵتەی بە دادوەرەکە کرد، لە پڕ دادوەر ویستی توشی بکات و تێوەی بگلێنێ، بەڵام ئەم بەردەوام بو لەسەر قسەکردن قسەکردنێکی زۆر ورد بەڵام هیچ پەیوەندی بە باسەکەوە نەبوگرنگ نەبون. ئیتر ئامادەبوان کاتێکی خۆشیان گوزەراند، بەڵام دادوەر توڕەبو، کاتێ: دادوەر ویستی سەرنجی بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە ئەم قسانەی ئەم ئەو قسانە نیە کەلای پۆلیس درکاندێتی وتی لەوێنەیە نوسینەکانی لای پۆلیس کاغەزەکان تێکەڵ بەیەکتر بوبن. چەند جار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا، دوایی گوتی(من ناتوانم بڵێم شتێکم لای پۆلیس درکاندوە کە پێچەوانەی ئەم قسانەی ئێستامن) دادوەری داماو نەیدەزانی چۆن خۆی لەم دۆخە رزگاربکات، ئیتر داوای لەم شایەتەکرد کە دەتوانێت بڕوات و هۆڵەکە جی بهێڵێت وەپێی وت ((برۆ براکەم جارێکی تر نەتبینمەوە)) ئیتر (حاجی باشۆ)ش داوای لێبوردنی کرد و روی کردە ئێمەو ماڵئاوای لێکردین و (لەئەمانی خودادابن)ی پێ گوتین بەو شێوازە کۆنەی بۆسنیەکان دەستی بەرزکردەوە، ئیتر هەمو لا جگە لە دادوەر و داواکاری گشتی دایانە پێ کەنین. ٥٦ شاهید بانگ کرابون کە خۆی ٥٩ شاهیدبون، ٥٦یان داواکاری گشتی دا داوای

کردبون و ۳ تریشیان شایەدی بەرگری بون !! ۲۳ کەس لەوێنە هیچ پەیوەندیەکی دورو نزیکیان بە داواکاری گشتی و بەرگریکردن نەبو، تەنانەت دەقی بڕیاڕی حوکمدانەش باسی نەکردبون ۱۵ کەس لەو ۳٦ کەسە شاهیدە لەسەر ڕای پێشوی خۆیان مابون کە پێشتر لای پۆلیس شایەتیان دابو وەک بەشێک لە ئامادەکاری دادگایکردن. کە ئەمانە زۆرینەیان لەبەرژەوەندی داواکاری گشتی بون. بەڵام لەو کەسانە ۲۱ کەس بە جۆرێک لە جۆرەکان شایەتیەکەیان کێشایەوە یان گۆڕانکاریان بەسەردا هێنا. ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراو بو کە تۆمەتباران وتەکانیان ودانپیانانەکانیان بگۆڕن کە لە ڕوانگەی دادگایکردنی وڵاتانی پێشکەوتو ئەو بوارانەی داوە کە تۆمەتباران مافی ئەوەی هەیە کە خۆی ناوی ناوە (مافی درۆ کردن) بەڵام ئەمجارە لێرە شاهیدەکان شکایەتیەکانیان دەگۆڕن ئەمەش بە ڕاستی ئەمەش شتیکی تەواو گۆڕاو وسەیرە، خۆی دەبێت شایەتحاڵ ئەو شایەتیەی پێش دادگایکردن دەیدات لەگەڵ شایەتی دانی ڕۆژی دادگایکردن وەک یەک بێت و ڕاستیەکان بڵێت، ئەگەر شایەتی درۆی داو درۆی لەگەڵ دادگا کرد دەخریتە زیندان، باشە دەی بۆ ۲۱ کەس لە شاهیدەکان ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە و شایەتیەکانیان گۆڕی خۆیان دوچار بە ئەگەری سزادان کردەوە؟ کاتێک ئەم پرسیارە لە شاهیدەکان کرا لەلایەن داواکری گشتی و بەرگریکار ئەوا هەریەکەیان بە جۆرێک وەڵامیان دەدایەوە هەندێکیان وایان ڕونکردەوە کە لێکۆڵەرەوەکان چەند سەعات لێکۆڵینەوەیان لەگەڵداکردون پاشان دەستیان کردوە بە نوسین ئیتر دوای ئەوە ناچاریان کردون کە نوسراوەکە ئیمزا بکەن، لە کاتێکدا ئەمان شتیی وایان نەگوتوە دوایی کەئەوان ملیان نەدابوە واژۆکردنەکە ئەوا ماندوکردن و هیلاک کردنیان لەلایەن پۆلیسەوە دەست پێ دەکات و زۆر کردن و هەڕەشەلێکردنیشی بەدوادا دێت، ئەم ڕوداوانە لە میانەی بێدەنگیەکی ترس ئامێز کە باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەگرێت لە بەندیخانەی سەرایڤۆ- ئەنجام دەدرێت، یەکێک لە شایەتحاڵەکان دەیگوت ئەوەی کە لەوێ دەتبیست جگە لە تەقەی دەرگای ئاسنینی

بەندیخانە و تەپەی پێی پاسەواکان کە بەڕاڕەوەکەدا دێن و دەچن هیچی ترنەبو، یەکێک لە شایەتەکان کەناوی —ئەنیس کارتش-ە ئەوەی ڕون کردەوە کە چۆن لێکۆڵەرەوەکان شایەتیدانیکی سادەیان بۆ کردۆتە شایەتی دانی حاڵەتێکی ئاگرین.! کاتێک داوای نمونەو ڕونکردنەوەی لێکرا وتی. من وتومە (تشنغتش هەواڵی پێدام کەلەدەرەوەی سینەما یەکتری دەبینین) کەچی لێکۆڵرەوەکە نوسیویەتی گوایە من وتومە:( تشنغتش- لەدەرەوەی سینەما مەوعیدی بۆ دیاری کردم )) . دیارە ئەم وشەیە واتایەکی سیاسی دەبەخشێت وەک ئەوەی ئەوەی کۆبونەوەیەکی سیاسی— یاساغ بێت. نمونەیەکی تر (من پێم گوت کەوا لە تورکیام) بەڵام پێنوسی لێکۆڵەرەوە دەیگۆڕیت بۆ (لەسەردانەکەی تورکیام ڕاپۆرتێکم پێشکەش کرد) ئیتر بەم جۆرە. وە (کارتش)ئەوەشی ڕونکردۆتەوە کە ئەفسەری لێکۆڵەرەوەکە زۆر هەوڵی لەگەڵدام کە ڕازی بم بەو ڕستانەی ئەو گوایە هەرهەمان واتایان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەرم واژوی بکەم. دوای ٩ سەعات لە قەناعەت پێکردنی بە زۆر ئەوسا واژوم کرد چونکە هیچ بژاردەیەکی ترم نەبو، بەڵام ویستم دادگا ئاگاداربکەمەوە لەو بارودۆخەی کە ئەو قسانەم تیایا واژۆکردوە. با ڕاست و ناڕاست بزانن.

یەکێکی تر لە شاهیدەکان —حیلمی ئیبراهیم مۆڤیچ- بو وتی: دانیشتن و قسەکردن لەسەر شاهیدی دان لەگەڵ لیکۆڵەرەوەکەدا ٤٠ سەعاتی پێ چوە کە ناوە ناوە پشویەکی تیایا داوە. ئەمەش بۆ ئەوەی هەمو شاهیدیەکە لەلایەک لاپەڕەی __تایپ-کراودا تەواو بکرێت. پاشان لێکۆڵینەوە لەگەڵ شایەتێکی تر کرامە ئەویش —فاهید کوزارتش-ە ٣ ڕۆژی پێچو لە ڕۆژی سێهەمدا دوچار بە- نۆرە دڵی— نوبە قلبیە- هات ڕەوانەی نەخۆشخانەکراو ٢٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە. هەر لە نەخۆشخانە هاتەوەدەر یەکسەر لەلایە پۆلیسەوە بانگکرایەوە تا بە زۆری لێکۆڵەرەوەکان کە واژوی قسەکانی ئەو سێ ڕۆژەی پێش نەخۆشخانەی پێ بکەن. هەریەکە لە -محمد عمر بتشتش-. و حمزە علی حیدەر علی— ئامادەی شایەتی دانەکە نەبون هەرچەندە پێشتر ئامادەی لێکۆڵینەوەکە بوبون. ئەویش لەبەر ئەوەی

هەردوکیان دوچار بە داروخانی ئەعصاب —انهیارالعصبی. بوبونەوە لە میانەی بەڕێوەچونی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوان چارەسەری دەرونیان وەردەگرت. (رشیدحافیزۆفیچ)یش وتی لێکۆڵەرەوەکە لەمیانەی بەڕیوەچونی لێکۆڵینەوەدا لولەی دەماچەی ئاراستەی ئەم کردوە پێی وتوە نابێت ئێرە جێ بهێڵێت ئیتر هەرچی دەبێ با ببێت تاواژوی نەکەیت نابێت بڕۆیت، (حافیزۆفیش) پێی گوتوە خۆ ئەم بەند کراو نیە هاولاتیەکی ئازادە بۆیە بەرەو دەرگای چونە دەر هەنگاوی ناوە. بەڵام ئەفسەرەکە خێرا دەمانچەکەی بەدەستەوە گرتوە و میلی لێ هێنایەوە نەیهێشت ٣ هەنگاو لە شوێنی خۆی جوڵە بکات. یەکێکی تر لەو شایەتانە _(رشیدپرتشش). و دەڵێت لەماوەی ٥ ڕۆژدا ڕۆژانە ٩ کاتژمێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە وە لە میانەی لێکۆڵینەوەکە زۆر سوکایەتی پێ کراوە (مستەفا سباهتش) کە یەکێکە لە تۆمەتبارەکان لە زیندان کراوە وتی: ئەفسەری لێکۆڵەرەوە ئەوەی بۆ خستۆتەڕو کە دەکرێت واژو لەسەر شایەتیەک بدات کە دژ بە کە یەکێک لە ٣ تۆمەتبارانی سەرەتای لیستەکە (هەر تۆمەتێک بێت بە ئارەزوی خۆی) ئیتر ئازاد دەکرێت.

یان ئەوەتا خۆی ڕوبەڕوی تۆمەتباربون دەکرێتەوە، ئیتر ناوی ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوەی هێنا و کاتی روداوەکە لە ١٩٨٣/٣/١٤. ئیتر کە ئەم بەم کارە ڕازی نەبوە ئەوا تۆمەتی ئاراستە کراو ٥ ساڵ زیندانی بەسەردادرا.

هەمو ئەمانە هیچ گرفتێکیان بۆ دادوەر دروست نەکرد، لەسەرو ئەوەشەوە هەمو ئەو شایەتیانەی کە دران ئەگەر بە هەمان هاوشێوەی ئەوەی لای پۆلیس نوسراوە هاوتا نەبون ئەوا وەرنەگیران و نەخرانە پێش چاو تا لەمەسەلەی حوکمدان کاریگەریان هەبێت، پشت بەستن بەوتەو شایەتی لای پۆلیس لە میانەی لێکۆڵینەوەدا. ناک شایەتی دەنگ و حزوری شاهید لە دادگا بە شێکە لەو (استثناء- هەڵاوێردن- بەدەرکردن) انەی کە یاسا ڕێگای پێداوە بەڵام ئەمە لێرە خۆی بو بە یاسا، ئەمە نەک تەنها تاکە نمونە نەبو بۆ ئەوەی(بەدەرکردن —هەڵاوێردن)خۆی

ببێتە یاسا و لە دادگا پیادە بکرێت بە ئارەزو پەنای بۆ بدرێت، بەپێی یاسا دادەوەری لێکۆڵەرەوە پێش دادگایی کردن سەیری ئەوە بکات ئاخۆ (هەڵاوێردن-بەدەرکردن) ڕێپێدراوە ڕێی داوە بە پۆلیس بەو کارە هەستێت. لێرەشدا جارێکی تر (هەڵاوێردن —بەدەرکردن) کرایەوە بە یاسا. یاسا دەڵێت {دەبێت پارێزەری بەرگریکارلەکاتی بانگکردنی تۆمەتباران و شاهیەکان لەویێ ئامادە بێت وە دەکرێت لەو —بەدەرکردنانە- تەنها پارێزەر بگرێتەوە بەڵام ئەم جارەشیان تەنها (هەڵاوێردن_بەدەرکردن) کرایەوە بە یاسا. بەم جۆرە پرۆسەی دادگاو دادگایکردن و ڕێڕەی دادگا خۆی بۆ خۆی کرایە گاڵتە جاری بەیاسا ئەو ڕێگە چارەی دادگا باسی دەکرد لەوەی کە پەنای بردۆتە بەر (هەڵاوێردن — بەدەرکردن ) شتێکی ناوازە بو. هەر لەبەر ئەمەش دادگای سەرەتایی هۆکارەکەی گێرایەوە بۆ (دادگا وتەو لێدوانی شایەتەکانی پێش دادگای کردن قەبوڵ کردوە، نەک لە کاتی بەڕێوەچونی دادگادا، چونکە ئەو بیانوانەی شاهیەدەکان دەیان هێنایەوە بۆ ئەوەی کە بۆچی شایەتیدانەکەیان تیایا گۆڕێوە قەبوڵکراو نەبون و نالۆژیکی بون ئەو شاهیدانە ئەو شاهیدیانەیان بەبێ زۆری کەس داوە وەئەوەی وتویانە ئاواش دوایی واژۆیان کردوە،، (لا١٥٣-لە حوکمی دادگای کردنی سەرایڤۆ.)

دادگا ئەوەی ڕون نەکردەوە ئەو هۆکارە چی بو وادادگای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە دڵنیا بێت لەوەی ئەو شایەتیانەی لەلای پۆلیس تۆمارکراون لەلایەن کەسانی ترەوە دانەڕێژرابێت و هیچ جۆرە زبری و زۆریەکی نەکەوتبێتە سەر شاهیدەکان کە نزیکەی زۆرینەی زۆری شاهیدەکان پێچەوانەی بۆچونی دادگا بون. وە حوکمەتی بۆسنە و هەرسک —بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تیایا دەڵێت (ئەو ڕونکردنەوەیەی شاهیدەکان لەبارەی شاهیدیەکەیان و گۆڕانی شایەتیەکەیان داویانەگوایە لەکاتی شایەتیدان لە حاڵەتێکی دەرونی و دیاری کراودابون و ترسیان لەسەر بوە و دەسەڵات شایەتیەکەی بۆ گۆڕیون... ئەمانە هەموی گومانن و بیانون کەشایەتەکان دەیڵێن هیچ بناغەیەکی نیە کە وتویانە (لا٣٨-٣٩-دەقی بڕیاری

حوکمدانەکە) هەروەها دادگای فیدڕاڵی ئەوەشی ڕاگەیاند ((هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا نـیە و وە هـیچ بەڵگەیەکـی ئاشـکرا نەخـراوەنەڕو کە بڵێـت شـایەتی وەرگرتنـی شاهیدەکان بەزۆر و هەڕەشەبوە. (ل٢٦). یەکێک لەو تۆمەتـانەی ئاراسـتەی کەسـی سێیەم —حسن تشنغتش- کرا ئەوە بو گوایە وتویەتی ((نابێـت مسـوڵمان خـوێن بە نا مسوڵمان ببەخشێت و خوێنی لێ وەربگرێـت)) تشـنغتش- زۆری دوپـات کـردەوە کە ئەو قەت قسـەی وای بەزاردا نەهـاتوە وە ڕێـکەوت وابـو ئەوە ئاشـکرا بـو _تشنغتش- خۆی یەکێکە لەوێنەی خوێن دەبەخشـێت و کـارتی خـوێن بەخشـینی هەیە. شایەتی داواکراو (ئەنوەر پاشاتش) وتـی ئەویـش لای سـەیر بـوە کە کاتێـک ڕۆژنامەی —ئۆسلوبۆدۆجێنیەی- خوێندۆتەوە ئەم قسەی تیایا بوە. چونکە ئەم خـۆی بـاش حسـن تشـتغتش— دەناسـێت کە ئەو لە قوتابخـانەی ئـاینی خـوێنی زۆر بەخشیوە. ئەم شایەتیدانە دادگای توشی شـۆک کـرد ئیتـر لامـان وابـو بەڵـگە لەمە بەهێزتر نیە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەوتاوانە داتاشـراوە. بەڵام دادگـا لەگەڵ ئەم ڕایەی ئێمەدا نەبو بەڵکو بڕیـاری دادگـا ئەوەی تیایـا هـات کە پێویسـتە خـوێن بەخشـان سـزابدرێن گـوایە ئەمـانە کە سـانێکی دژ بەوەن خـوێن بە کەسـانی نامسـوڵمان بدریت. ئەم بڕیـارە زۆر جێـی سـەرنج بـو چـونکە هەمـو کەس دەزانێـت کەسێک کەخوێن دەبەخشێت نازانێت ئەم خوێنە دەدرێت بە چ کەسێک. دادگـای سـەرایڤۆ لە میـانەی بڕیـاری حوکمـدانەکەدا دەڵێـت (لە ڕوانـگەی دادگـاوە هـیچ بوارێـک و دەرفەتێـک نـیە بـۆ ئەوەی گە سـزای سـەر تۆمەتبـاران سـوک بکرێـت ) (ل١٨٧ی بڕیـاری دادگـا) ئەو دادگایـانەی هەڵدەسـتن بە دادگـای کردنـی تاوانبـارانی شـەڕ. پیـاوکوژ، چەتەو ڕێگـر، هەمـو پیـاو کـوژو ڕەشـە کوژێـک. ئەوا بەدوای کەلێنێکـدا دەگەڕێـن کە سـزاکەی سـەر شـانی تاوانبـار سـوک بکـات، ئەوەی کەوا لەلای بەناوبـانگترین دەزگـای دادوەری ئاشـکرایە ئەوەیە کە هـیچ تاوانبارێـک نـیە کە دەرەچەیەکی وای بۆ نەدۆزرێتەوە کە سزاکەی لەسەر کەم بکـاتەوە، ئەگەر نەکـراو نەبـو ئەوا نەنگـی و کەم و کـوڕی ڕو لە دادگـا دەکـات نەک لە تۆمەتبـار.

لەوکەسانەی کە لەگەڵ ئێمەدا گیراون دو شاعیریان تیایا بو کە تاوانەکەیان ئەوەیە کە شیعریان گوتبو. زۆرینەیان خاوەن ماڵ و خێزان بون، هەندێکی تیایا بو لەسەرو ٦٠ ساڵەوە بو، ٥ کەسیان نەگەیشتبونە ٣٠ ساڵ . ٨ کەسیان یەکەم جاریان بو دادگا ببینن. یەکێک لە تۆمەتبارەکان لەو ڕێکخراوەی کاری تیایا دەکرد ڕاپۆرتی بەشداری کردی بۆ هات، دوان لەو تۆمەتبارانە لە ڕوی تەندروستیەوە زۆر خراپ بون. ئیتر بەم جۆرە، هەریەکە ئالەمانە لەهەر دادگایەکی تردا بەرچاو دەگیرێت و بڕیاری دادگای لەسەر کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەم دادگایی کردنەی سەرایڤۆ ئەمانەی لەبەرچاو نەگرت، تەنانەت دادگای باڵای —بۆسنە و هەرسک— کە بەوە ناسراوە بابەتی و بێلایەنانە حوکم بدات ئەوا لەکاتی بیستنی هەواڵی دادگایکردنەکە وتبوی (دادگا زۆر توند دەستیان داگرتوە). (ل٧١ دەقی بڕیاری حوکمی دادگای باڵا) بەڵام مرۆڤ چی لە دادوەر و داواکاری گشتی و ئەفسەری لێکۆڵەرەوە یەک چاوەڕوان بکات، کە سەرەتای کاری دادگا و ئەزمونی یاساییان لەو پێناسە مارکسیەی دادپەروەری وەرگرتوە کە دەڵێت (دادپەروەری گوزارشتە لە ویست و ئیرادەی چینی باڵادەست بۆیاسا) ئەم هاوکێشەیەش لەگەڵ دادپەروەریدا تەواو پێچەوانەیە ئەم بارودۆخە هاوشێوەی جیهانی شیوعیەکان بو. کاتێک فیلمی (ینتس ئەلتوبە)ی دژ بە ستالین کە لەلایەن (ئنگیز ئەبدو دەرهێنرابو لەشاری تیلیسی جۆرجیا نیشاندرا ، دوای فیلمە لەوشارە ڕاپرسیەک ئەنجامدرا بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی بە فیلمەکە دڵخۆش بون. وەهەندێک حاڵەتی (هەڵاویێردن-بەدەرکردن)یش هەبو، ئەمانە کێ بون؟ دەرهێنەری فیلمەکە (تنگیز ئەبدو) لەوەڵامدا دەڵێت. (ئەمانە پارێزەر و دادوەرەکان بون کە تەمەنیان لە نێوان ٦٠ بۆ ٧٠ ساڵ دەبو، ئەمانە هەر ئەوانە بون کە خەڵکیان دەترساند و ئەشکەنجە دەدا. لەهەمو کۆمەڵگەیەکدا توندوتیژی و زوڵم بونی هەیە. بەڵام ئەوەی کە توندوتیژی و چەوساندنەوەی شیوعی لەوێنی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بە یاساوە پابەند نیە، هەرچەندە دەیەوێت لەژێر چەتری یاساو چاکسازی خۆی داپۆشێت، ئەم دوڕویە لە

بواری تیۆرو پراکتیک) جۆرێک پەشێوی و ئاڵۆزی دروست کردوە. زۆر خەڵکی لەسایەی ئەم ڕژێمەدا ژیان و مردن کە نەیاندەزانی ڕاست و هەڵە کامەیە. ئەوانە بەردەوام لە وەهم و خەیاڵدا بون چونکە زۆر بەسادەیی بروایان بە هەمو شتێکی ڕۆژنامە، دەسەڵات، بەیاننامەی حوکمەت دەکرد. بگرە جارێکی تر بێ ئاگایانە دەکەوتنە بڵاوکردنەوەی زوڵم و درۆ. ئەمانە ئەوکەسانە بون کە هەواڵێکیان دەبیست زۆر بە سادەیی دەیانگوت (باشەدەی ئەمە ئەوەیە کە ڕۆژنامە باسی کردوە)؟! دیکتاتۆریەت و جەماوەری سەر لێشێواو بێ ئاگا ئەوا دەست لەناو دەست ڕێگا دەبڕن و هەردوکیان بەیەکتری دەژین. ئیتر دوای مانگێک دادگا بەرەو کۆتایی بارگەی تێکنا. بە پێچەوانەی —دادوەر- کەوەکو بەڵێندەر -مقاول- وابو. ئەوا داواکاری گشتی کارەکانی خۆی زۆر بە خەمخۆری لێبڕانەوە جێ بەجێ کرد. لەکۆتایی دادبینەکە دانی بەوەدا ناوە کە شایەتەکان لە دادگا شایەتیەکانیان گۆڕیوە بەڵام بە لایەوە گرنگ نەبوە! چونکە لە بنکەی پۆلیس پێیان وتراوە کە دەبێت ڕاستی بڵێن. بەم جۆرە داواکری گشتی —رشیدۆڤیچ بە لۆژیکی ستالینانە وتی: (ئەو شایەتیانەی پێش دادگایکردنەکە لە بنکەی پۆلیس تۆمارکراون ورتدتر و ڕاسترن).

وە داواکاری گشتی پوختەی قسەکانی ئەوە بو کە ٦ کەسی یەکەم ٢ جۆر تاوانیان ئەنجام داوە. یەکەم کۆبونەوە بە مەبەستی دروست کردنی مەترسی بۆ سەر سیستەمی سۆشیالیستی. دوەمیان هەستان بە ئەنجامدانی چالاکی دژی شۆڕش. وە ٦ کەسەکەی تر (تاوانی قسە)یان درایە پاڵ هەروەک ئەوەی لە مادەی ١٣٣ یاسای تاواندا هاتوە. وە داوای لە دادگا کرد کە هەمو تۆمەتباران تاوانبار بکرێن. بە ئەو سزایانەی یاسا دیاری کردوە ئەوەش لەبەر ئەوەی:

((کتێبی (جاڕنامەی ئیسلامی) هێرشێکە بۆ سەر بەهای سستمی سۆشیالیستمان وە ئەو کتێبە مەترسیەکی رون و تاوانی قسەکردن و نوسینی تیادایە. وە بانگەشەی چالاکی دژی شۆڕشە کەلەچالاکی پڕوپاگەندەی دوژمن دەچێت.

وە ئەم چالاکیە بەردەوامە و پڕوپاگەندە ی دژو چڕە کەدەچێتە خانەی دژایەتـی شۆڕشەوە)!

لەگەڵ داواکاری گشتی بو بە دەمەبۆڵەمان هەرچەندە دەشم زانـی تـازە سودی نـیە، ئیتـر ئێمەیـان تاوانبـارکرد، لەو کـورتەیەی کەپێشکەشـم کـرد وتـم ((مـن یوگسلاڤیام خۆشدەوێت، بەڵام حوکمەتەکەیم خۆشناوێت. وەمن هەمـو خۆشەویسـتیم بۆئازادی تەرخاندەکەم. هیچ خۆشەویستیەکم نیە بـۆ دەسـتەڵات مـن لێـرە دادگـای نـاکرێم لەبەر ئەوەی یاسـای وڵاتـم پێشـێل کردبێـت. بەڵکـو لەبەر ئەوە دادگـایی دەکرێم کە ڕێنمایەکانم شکاندوە. ئەوڕێنمـایە نەنوسـراوەی کەدەسـتەڵاتداران بە پێـی حەزو ئارەزوی خۆیان چیان پێ باش بێت ئەوە باشەو چیان پێ خـراپ بێـت ئەوە خـراپ بێـت بـێ گوێـدانە یاسـاو دەسـتور وا دیـارە منـیش زۆر لەو ڕێنمایـانەم پێشێلکردوە. جالەسەر ئەوە مـن مسـوڵمانم وە هەر بە مسـوڵمانێتیش دەمێـنمەوە. وە خۆشم بەیەکێک لە بەرگریکارەکانی ئیسلام دەزانم لەدنیادا. وەهەرواش دەمێنمەوە تـا مردن، چونکە بەلای منەوە ئیسـلام واتـایەکی تـری هەمـو جـوانی و شـکۆمەنیەکە. ئیسلام ناوێکی ترە بۆ پەیمان -هیوا بە ئایندەی گەلانی مسوڵمان بۆ ژیانێکی باشتر. کە هەقی خۆیانە ژیانێکی شەرافەتمەندانەو و ئازادانە بژین))

بەڵام عمر بهمن- تەنها دو ڕستەی وت سەبارەت بە من ئەوا لەهەمـو ئەوانەش خۆش دەبم کەلەم حاڵەتەدا دەستیان هەبوە لە ئەفسەری لێکۆڵینەوە و شـایەتەکان)) پاشان ئـاوڕی دایەوە بەلای داواکـری گشـتی رشـیدۆڤیچ و گـوتی {هەنـدێک لێـدانی (نامەردانە) هەبون بۆ بەرکەمەر} ئیتر ئەوانی تریش بە کـورتی قسـەیان کـرد بەڵام کەس ئامـادە نەبـو داوای نەرمـی نوانـدن و سـۆزو بەزەییـان بکـات یـان تـۆبە و پەشیمانی لەکاری خۆی دەرببڕێت. ڕۆژی ٢٠/ئاب ڕۆژی دەرکـردن و خوێنـدنەوەی بڕیارەکەبو. لە ڕوی زهنیەوە خۆم بۆ ئەو چـرکە ساتە ئامـادەکردبو. دادوەرە داوای لێ کـردین کە بە پێـوە ڕاوەسـتین رونـاکی —فـلاش-ی کامێراکـان هەمـوی لەسـەر ڕوخساری من بو، ئیتر گوێمان لێ بو وتیان (تۆمەتبار علی عـزت بگـۆڤیچ ١٤ سـاڵ

زیندان..) دڵەتەپەم بو بەڵام سەرم بەرزکردبۆوە وە وا روخسارم نیشاندا کە بەلامەوە گرنگ نیە، کامێراکان لە ئامادەباشیدابون تا کاریگەری بڕیارەکە لەسەر ڕوخسارم هەڵبگرن و بیدۆزنەوە. بەڵام هەمو ئەوەی کە ئەوان تۆماریان کرد ئەوەبو کە چاوم بڕیبوە سەقفی بیناکە و پاشان دادوەر حوکمەکانی تری خوێندەوە ١٥-١٠-٨ ساڵ کۆی گشتی ٩٠ ساڵیان بەسەردادابن بەم جۆرەش کۆتایی بە قسەکانی هێنا (ئەم کۆمەڵگایە بە پێی یاسای وڵات دژ بە هێرشکردنە سەر برایەتی و یەکێتی وبەرگری دەکات و دەجەنگێت هەروەک دژ بە دەستکەوتێکی کۆمەڵگاش دەجەنگێت) پاشان چەپڵەیەکی توند لەلایەن ئەو ئامادەبوانەی کەبۆ ئەم کارە هێنرابون لێدرا.. ڕۆژنامەی (ئوسلۆبۆدجۆنە) لەگەڵ بڕیاری دەرچونی دادگا نوسیبوی (دەست کەوتی دوژمنانی دەوڵەت ٩٠ ساڵ زیندانە). دوایی ڕۆژنامەکەم بەدەست گەشت کاتێک وەک خوا بەرستەکان لەکۆمەڵگە دابرام و لە ژورێکی تەنهایدا زیندان کرام. تاکە هۆکاری پەیوەندی من بە دنیای دەرەوە نامەی منالەکانم بو -باکری کورم لەنامەیەکدا بۆی نوسیوم (یاسەمین)ی کچەزام لەکاتی دادگایدا لە دایک بوە، ئیتر کاتێک تەمەنی یاسەمین بو بە ٥ ساڵ ئەوسا بۆ یەکەمجار بینیم، هەڵسوکەوتی زبر و ڕەقی دەسەڵات هیچ شرۆڤەیەکی عەقلانی بۆی ڕاڤەنەدەکرا. بڵێی ئەم هەنگاوەی دەسەڵات لە بێ هیوایی بو کەوا وردە وردە بەرەو دارمان دەچو،؟ سیستەمی تۆکمە و بە هێزی دەسەڵات قەت لەسەر قسەکردن خەڵکی تاوانبار ناکات. بەڵام حوکمەتە لاواز و بودەڵەکان بۆ درێژەدان بە تەمەنی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردن لەسەر قسە تا درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن) سەبارەت بەڕای گشتی خەڵکی ئەوا زۆربەی خەڵکی لایان وایە تۆمەتبارانی سیاسی بە هۆکاری -خۆپەرستی—أنانیە- دەگیرێن. ئەمەش بەرگریکردنی خەڵکە لە ڕای خۆی چونکە خەڵکی ناتوانن هەست بەوە بکەن کە ئەوان لە کۆمەڵگایەدا دەژین کە بە هیچ جۆر یاسا و دەستور نایان پارێزێت، ئیتر چۆن بێدەنگ بین باشترین شرۆڤەکردن بەلایانەوە ئەوەیە کە بڵین دوبارە شتێکی کردوە بۆیە گیراوە؟

دیارە بە جۆرێک لە جۆرەکان یاسای پێشێل کردوە، دەی ئەگەر ئەمەی نەکردبێت بۆ لە زیندان دەئاخنرێت؟. وەتا حوکمەکە قورستر بێت خەڵکی زیاتر قەناعەت بە ڕاکەی خۆیان دەکەن، لە حاڵەتێکدا کە هیچ بەڵگەیەکیشیان نەبێت ئەوا سزادانی قورس بۆ خۆی دەبێتە بەڵگەی ئەوەی (دیارە ئەو کەسە تاوانبارە)! ئیتر کەسێکی سادەی سەرشەقام لای وایە (ئەگەر تاوانێکی خراپی ئەنجام نەدابێت چۆن ١٥ ساڵ زیندانی بەسەردادەدەن (! لەحاڵەتی نەبونی بەڵگەی بەهێز و رون لەسەر ئەنجامدانی تاوانێک. ئەوا حوکمدانی سوک جۆرێک لە گومان و دودڵی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وە ئەوە بە ئاماژەی ئەوە دەزانن کە دەسەڵاتداران دڵنیانین و نازانن چی بکەن. بەڵام حوکمدانی قورس بۆماوەیەکی زۆر ئەو گومانەیان لا دەڕەوێنێتەوە. لەبەر ئەوە کەسی بێتاوان سزاکەیان زیاتر قورس دەبو، ئەم فێڵەش لە نازیەکانەوە مابۆوە کە لەبەندیخانەکانیاندا زۆر بە وەحشی گەری پیادەیان دەکرد. لەوێنەیە کەسی سادەی سەرشەقام بڵێت دوبارە گەر خیانەتکار نەبونایە ئەوا بەڕەقی مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکردن.) بەڵام ژیان خۆی سونەتی خۆی هەیە ڕێڕەوی خۆی گرتۆتەبەر وردە وردە حوکمی شیوعیەکان بەرەو لاوازی و پوکانەوە ملی ڕێی گرتەبەر ، ، هەروەک ئەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت رویدا. پاشان رۆمانیاو چکسلۆڤاکیا وپۆڵندایوگسلاڤیائەم هەموداڕمانانە لەکاتێکدابو کەئێمەلە زینداندابوین. کە حوکمی زیندانی کردنمان دەرچو داواکردنی چاوپیاخشاندنەوە لە ناوخۆ ودەرەوەی وڵات دەستی پێ کرد. هەمویان نەیاری ئەو حوکمدانە بون و داوای ئازادکرنیان دەکردین ٢٠ کەس لەڕۆشنبیرانی —بلگراد- کە ١٢ یان ئەکادیمی بون لە ٦/تەموزی/١٩٨٦ داوایەکیان پێشکەشی بە سەرۆکایەتی بوگسلافیا کرد :

{لە ١٨ /تەموزی تا ١٩/ ئابی١٩٨٣ . ١٢ کەسایەتی ڕۆشنبیری مسوڵمان لە سەرایڤۆ دادگای کران. ئەم دادگایکردنە لە مێژوی دادگەری یوگسلافیا داوەک جۆرێک لە سزادان لەسەر فیکر وشە دەچێتە مێژوە. دادگای بەرایی کۆمەڵێک سزای زاڵمانەی بەسەر کەسانی ڕاجیاوازدا سەپاندوە کە پێشتر ئەمەمان لەم وڵاتەدا نەدیوە

٣ تۆمەتبار هەریەکەیان ٥ ساڵ دوکەسی تریان یەکی ٦ ساڵ یەکێکی تر ٦ ساڵ و نیو، یەکێکی تر ٧ ساڵ، دوانی تر هەریەکەیان ١٠ ساڵ، کەسێکی تریان ١٤ ساڵ، دواهەمین کەس ١٥ ساڵ. وە دادگای باڵای بۆسنەو هەرسک سزای سوکی ٣ ساڵ و نیو تا ١٢ ساڵی دەرکرد پاشان دادگای فیدراڵی حوکمەکەی بۆ ٢ ساڵ و ٨ مانگ تا ٩ ساڵ کەم کردەوە.)).

هەرهەمان دەستە لە ڕۆشنبیرانی —بەلگراد- دوای ٤ مانگ داوایەکی تریان لە ٤/تشرین/١٩٨٦ بەرزکردەوە کە تیایا نوسیبویان ئەم دادگایە دادگایەکی ساختەو نایاسابیە و داوایان کرد و خێرا ئازاد بکرێین.

{تاوانی سەرەکی کە دادگای بەرایی لەسەرایڤۆ سەپاندویەتی پەیوەندی بە تاوانێکی گەورەوە هەیە کەئەویش کۆبونەوە بۆ دژایەتی ئەمەش بەپێی مادەی ١٣٦ کە بە مادەی ١١٤ یاسای تاوانکاری دژ بە کۆماری یوگسلاڤیای سۆشیالیستی یە. پاشان تاوانێکی تریان دراوەتە پاڵ ئەویش تاوانی ڕاوبۆچونە واتە هەستان بە پروپاگەندە و یارمەتیدانی دوژمن هەروەک ئەوەی بڕگەی یەکی مادەی ١٣٣ لە یاسای تاوانی یوگسلاڤی دا هاتوە. ئیتر دادگای سەرایڤۆ ئەوەی سەپاندوە کە ئەو تۆمەتانە بەسەر تۆمەتباراندا ساغ بۆتەوە و دەستی کردوە بە سزاسەپاندن کەتا ١٥ ساڵ ڕۆیشتوە وە چەند حاڵەتێکی تر کەلە ٤ ساڵ تا ١٤ ساڵی تری تیایە، دادگای فیدراڵی لەو حوکمەی لە ١٩٨٥/١٠/٣١ وەری گرتوە تۆمەتی سەرەکی هەڵوەشاندۆتەوە کە گوایە -کۆبونەوەی دژ بە لەرزاندنی بنەماکانی دەسەڵات بوە لە یوگسلاڤیا و بە چالاکی دژی شۆڕش ناو زەدکراوە. بەوەی ئەم تۆمەتانە لەرزۆک و بێ بناغەن، دادگا تۆمەتەکانی سوک کردوە و دابەزاندوە بۆتە ئەوەی چەند نوسینێکی پڕوپاگەندەی دوژمنانەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حوکمە قورسەکە هەر لە جێی خۆیدایە و سوک نەکراوە. کە دوبارە سزای ئەم جۆرە تاوانانە ساڵێک بۆ دوساڵە کەچی علی عزت بگۆڤیچ لەپای ئەم سزایە ٩ساڵ زیندانی بەسەردا دراوە. هەمان دادگا ٨ ساڵی تر بەسەر —عومەر بەهمەن— دا داوە، وە بۆ —عصمت

کاسۆماغتش ٧ساڵ و حسن تشغتش-یش ٦ساڵ و صالح بەهمن- ٤ساڵ. ئێمە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە هەمو ئەو ڕێوشوێنەی گیراوەتەبەر و سەپاندنی حوکمی زاڵمانە هیچ شەرعیەتێکی نیە. گومان و سەرسوڕمانێکی گەورە لە پێشە چۆن لە ٣٦ شاهید ٢١یان شاهیدیەکەیان دەگۆڕن یان دەکشێنەوە. وە شاهیدەکان باسیان لەوە کردوە کە هۆکاری ئەوە چیە کە وای لێ کردون شایەتی بگۆڕن و ئەم کارە چاوەڕوان نەکراوە ئەنجام بدەن. ئەوشایەتی دانانە کە لەلای پۆلیس تۆمارکراوە و شایەتی بەرگری بونی نەبوە ئەوا بەزۆر بوە بەوەی شایەتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر تەنگەیان پێ هەڵچنراوە و مامەڵەی نادروستیان لەگەڵ کراوەو وەهەڕەشەی جدیان لێ کراوە تەنانەت لەهەندێحاڵەت گەیشتۆتە لێدانیش. هیچ کام لەمانە نەیانزانیوە کەلەلایەن پۆلیسی نەهێنیەوە بانگ کراون ئەوا بۆشایەتی دانیان بانگ کردون، یان ئەوەتا لە دادگا تۆمەتیان ئاراستە دەکرێت. دەیان بەڵگەنامەی چونەدەرەوەیان _پاسپۆرت — کێشەیان بۆ دروستەکەن ئەمەش ناچارکردنێکە تا بەدەم داواکاریەکانیانەوە بێن. باشترین نمونەی ئەم قسانە .(مستەفا باهتیش)ە کە ئەم پیاوە دەبوایە لە دادگا شایەت بوایە، ئەو لە دانیشتنی دادگای —داد- لە ١٠٨٣/٣/١٤ ئەوەی ڕونکردەوە کە چۆن لە لایەن ئەفسەری لێکۆڵەرەوە دو بژاردەی خراوەتە بەردەم: یەکەم ئەوەیە -إعتراف- لەسەر تاوانبارانی سەرەکی بکات لەبەرامبەردا ئازاد دەکرێت دوەم. یان ئەوەتا تۆمەت ئاراستەی ئەمیش دەکرێت. وە پێشیان وتوە کەمترین ماوەی زیندانی ئەمەش لە ٥ ساڵ کەمتر نیە، ئیتر مستەفا باهتیش-یەک یەک ناوی هەمو ئەو ئەفسەرانەی هێنا کە بەم کارە هەستاون، ئیتر تۆمەت ئاراستەی مستەفا باهتیش کراو ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا درا. دیارە کە نەیوست ببێتە شایەتی ناهەق، لە زیندان کراو هەمو ئەمانە ئەو قەناعەنەی لا دروست کردوین کە ئەو تۆمەتانەی لەسەر ئەم شایەتیدانە ئاراستەکراون ناڕاست و هەڵبەستراون، دەبوایە دادگا لەسەر ئەو شایەتیدانەی ناو دادگا مامەڵەی بکردایە چونکە ئەمانە جێی متمانەن ،کەچی دادگا ویستی نەیبینێت و نەیبیستێت، بەڵام

متمانەی خۆی بداتە دەست شایەتی دانێک کە لە ژێر هەڕەشەی پۆلیس وبارودۆخی ناسازدا بەبێ بونی شایەتی بەرگریکار وەرگیراون. وە دادگا هەر سوربوە لەسەر ئەوەی کە سەرەڕای پێشکەشکردنی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر کەچی جێی سەرسوڕمانە ئاوڕی نەداوەتەوە. وەتۆمەت ئاراستەی حسن تنغتش- کراوە بەوەی گوایە وتویەتی (نابێت مسوڵمان خوێن لە کەسی ناسوڵمانەوە وەربگرێت و نابێت خوێنیشی پێ ببەشێت.) بەڵام هەر لە دادگاوە ئیسپات کرا کە -حسن تنغتش- کە بەردەوام خوێنی بەخشیوە و کارتی خوێن بەخشینی پێیە، بگرە سەرەڕای ئەمە هەستاوە بە سازدانی هەڵمەتێکی خوێن بەخشین لە قوتابخانەی ئاینیدا. ئەمەو ئەوانەی پێشو ئەوەمان زیاتر لا ڕون دەکەنەوە کە بگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو حوکمدانانە لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست دەرنەکراون، بگرە هەر دادگاکە خۆی دادگایەکی ساختە بوە. ئەنجومەن ئاگاداری ئەوپێشنیارەشە کە تۆمەتباری یەکەم —علی عزەت بیگۆڤیچ— داوای چەترێکی یاسایی کردوە دژ بە حوکمەکانی دادگای فیدراڵی. ئێمەش لەگەڵ ڕۆشنبیرە مسوڵمانەکان یەکدەنگ پێمان وایە کە ئەم دادگایکردنە وەک سەرکەوتنی سیاسەتی ئۆتۆکراتی نا عەقلانیە بەسەر دادپەروەری و ڕاستی و لۆژیکدا ئەمە نەک تەنها ژێرپێنانەبگرە شێلانی ژیان و تەندروستی هەریەکە لە (علی عزەت بیگۆڤیچ- عومەر بەهمەن- و حەسەن تشغتش عصمان کاسوفاغش، ساڵح بەهمەن)ە.

دوای ئەوەی ٣ساڵ و نیویان لە بارودۆخی سەختدا لە زیندان بردە سەر ژیانیشیان لە مەترسیدایە. بۆیە داواتان لێ دەکەین کە بۆ ئەوەی دوچار گرفت و ئاریشەی کارەساتبارا نەبن تکایە ئازادیان بکەن.) بەڵام ئەم هەمو خواست و داواکاریانە بە با چو. لە مانگی ١١/١٩٨٣ گواستیانمەوە بۆ بەندیخانەی ڤۆتشا-وەلە بەشی ٢٠S دایاننام تا ١٤ ساڵ زیندانی تیایا بەسەربەرم. ئەم بەشی ٢٠S بەوە ناسراوە کە تایبەتە بە پیاوکوژەکان کە هەریەکە لەو سزادراوانەی ئەم بەشە تاوانێک و زیاتر لە تاوانێکی کوشتنیان ئەنجام دابو، لە ڕاستیدا ئەو قاوشەی ئێمە

لە چەند ژورێک پێکهاتبو ژورێک بۆ چێشت خانە و ٤ تریشیان بۆ خەوتن ٢ لای ڕاست و ٢ لای چەپ لەگەڵ پێداویستیەکانیاندا. ئەمەش بەشێکی سەرەکی بەندیخانەی پێک هێنابو ٨٠-١٠٠ کەس تیایدا دەژیا کە لەم کەسانە کەسێکیان ٣ تاوانی کوشتنی ئەنجام بو سزای ئیعدامی بەسەردا درابو بەڵام دوای بۆی سوک کراو بوبە ٢٠ ساڵ زیندانی _ لەوێنەیە کەیەکمجار باسی دەکەیت بەلاتەوە قورسبێت چۆن لەناو ئەمانەدا ژیایت بەڵام لە ڕاستیدا دوایی تێگەشتم کەمن بەختم لە برادەرەکانم باشتربو چونکە ئەوان لەگەڵ کەسانێک دەژیان کە ژیان لەگەڵیان ناڕەحەت بو ئەوانەش ئەوانە بون کە دزی بچوک و تاوانی بچوکیان ئەنجام دابو، ئەمەش لە زینداندا جۆرێکە لە بەدبەختی چونکە ئەو جۆرە کەسانە کەسایەتیان بودەڵەو لاوازە بەڵام پیاوکوژەکان لەجۆرێکی ترن و تەواو جیاوازن. ناتوانم بڵێم لە زینداندا خراپ مامەڵەم لەگەڵدا کراوە، لەگەڵ ئەوەی کاری قورس خۆی ماندوکردنی لاشەو زیهنی مرۆڤە. بەڵام ئەوەی کە ناخۆش بو ئەوە بو کە ئێمەی زیندانی سیایی لەگەڵ ئەو جۆرە حوکمدراوانە دایان نابوین، پێشتر شتی لەم جۆرە لای خەڵکی باوەڕنەکراو بو چونکە شیوعیەکان پێش ئەوەی بێنە سەرکورسی دەسەڵات کە دەگیران شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری دەکراو مامەڵەی باشیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام کە شیوعیەکان چونەسەر کورسی دەسەڵات ئەوا ئەمان ئەم خەڵات و دیاریەیان لە نەیارانی خۆیان وەرگرتەوە، بگرە بارودۆخی زیندانی سیاسی لەسەردەمی شیوعیەکان زۆر خراپتر بو، هەمو حوکمدراوێک بۆی هەبو سەردانی دەرەوەی زیندان بکات —جگە لە ئێمەی سیاسی- هەروەک إجازەی ساڵانەی سەردانی خێزانیان بە ئێمە نەدەدا ٦٠ ساڵی ڕەبەق لە زینداندا نەیان هێشت چوار دیواری زیندان جێ بهێڵم، کەچی هاوڕێ و هاوبەندیەکانم لە دزوتاوانکارانی بازرگانی و چەتە و ڕێگر، ڕێگەیان پێ دەدرا سەردانی ماڵ بکەن و زیندان جێ بهێڵن. تا ئەوکاتەی دادگای باڵای سەربەخۆی بۆسنەو هەرسک بڕیاری دەرکرد هەندێک هیوام هەبو. چونکە باوەڕم وانەبو کە بە هۆی ئەوەی چەند شتێکم نوسیوە دەبێ لە زینداندا بمرم جابا

هەرچیەکیشم نوسیبێت. بەڵام دوای ساڵێک دادگای باڵا جەختی لەسەر سزادانەکە کردەوە زانیم شەیتان دوا قسەی خۆی کرد و ئەوان بە ڕاستی دەیانەوێت ئەو سزا قورسەم بەسەردا بدەن...جا من چی بکەم..؟ کە سەیرم دەکرد ڕێگایەکی دورم لە پێشەو کۆتای دیار نیە. وام هەست دەکرد کەمن سزای هەمیشەی -أبدی- دراوم. بەڵام من بێ هیوایم نەدەزانی هەندێ کات پێ دەکەنیم. من پاڵەوان نیم بەڵام مەسەلەکە مەسەلی جێگیربون و ڕاگیربونە. مرۆڤ بڕوا بە شتێک دەکات و قسەی لەسەر دەکات ساتێک هەیە کە ساتی ڕاستەقینەیە. یەکێک لە بنەما باڵاکانی ئیسلام ئەوەیە مرۆڤ هەرچی ڕوبەڕوی بێتەوە هەر بە هی خوای بزانێت. ڕاستتان پێ بڵێم من پێشتر بیرم لەمە نەکردبۆوە.

بەڵام کاتێک کەزانیم دەبێت ژیانم لە زیندان بەسەربەرم، هەرلەوێشدا سەر بنێمەوە. ئیتر ئەو چەمکەم وەبیر خۆم هێنایەوە کە چەمکی ڕاگیربون و بەردەوام بونە. بیرو هۆشم سەلامەت بون دکتۆرەکان وتیان لاشەشت هەر ساخە. سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەو ئیمان و بڕوایە کە وای لێکردم ڕاگیرو بە ئارام بم هەروەک نابێت پشتگیری و هاوکاری مەعنەوی ماڵ وخێزانی خۆشم لەبیربچێت بە تایبەت ئەو پشتگیریە نەبڕاوەی منداڵەکانم. لە ڕۆژانی سەرەتای دەرچونی فەرمانی دادگاوە بەخۆم دەگوت بڵێی بتوانم بوێرانە ڕوبەڕوی داهاتوی نادیارم ببمەوە. کەچی ساڵان هاتن و ڕۆشتن ساردبونەوەیەکم لەخۆمدا بەرامبەر بەهەستی ژیان دۆستی بەدی نەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەو هەستەدا دەژیام کە پێی دەگوتم من تەمەنم بەرەو سەر هەڵکشاوە و وردە وردە لە مەرگ نزیک دەبمەوە بەڵام نەهێنیەک بو هەر لەدڵی خۆما دەمهێنا و دەمبرد. هەر لەگەڵ خۆمدا بەرخوردم دەکرد و دەمگوت لەوێنەیە ئەم کارەساتە گەورەیە منی لەسەدان روداوی بچوک پاراستبێت. کە لەوێنەبو هێواش هێواش منی بکوشتایە... ئەم قسانە بەوپەڕی ڕاگیربونەوە بە لەوە دەچێت..... لەوێنەبو..... دەست پێ دەکرد. هەندێ کاتی تر بەدوای حەلی مەتەڵە قوڵەکان شۆڕ دەبومەوە بەرەو قوڵای دەڕۆیشتم، باسێکم دەهێنایە خەیاڵی خۆم و ئیتر بێ

ماندوبون پەیجوری دەبوم و جلەوی خەیاڵ و بیروهۆشم دەدایە دەست. چونکە دەمزانی راستیەک هەیە دەیەوێت خۆیم لێ بشارێتەوە بەڵام لەبەر دەستدایەو لێم نزیکە. ئەگەر من وێنەکێش بومایە ئەوا ئەوکاتانەی کەوشە دەرەقەت نایەت وێنەکێشان فریام دەکەوت و ئەو چەمکەی مێشکی گوشی بوم بەو حاڵەتە زهنیە دەم نەخشاندکە پڕبون لە پرسیار، من واهەست دەکەم بە جۆرێک لە هونەری سەردەم گەیشتبوم کەکەس لێی تی ناگات مەگەر کەسانیک کە دەستیان بەو هونەرە گەیشتبێت، لەدوای دادگایکرنەکەوە دەستم کرد بە تۆمارکرنی بیرۆکەو وردبونەوەکانی خۆم بۆ ژیان و قەدەر ئاین و سیاسەت. ئەو کتێبانەی خوێندبومەوە وە لە بارەی هەمو ئەوشتانەی لە خەیاڵی زیندانیەکی زیاد لە ٢٠٠٠ هەزار شەو رۆژی دورو درێژدا دێن و دەچن. ئەو یادەوەریانە بونە ١٣ جەلد بە کاغەزی A5 بەخەتێکی زۆر وردی وا کە نە خوێندرێتەوە نوسرا. من بە ئەنقەست ئەم کارەم کرد. یەکێک لە هاوڕێیانی زیندانم ئەم نوسینانەی لە پاکەتی یاری شەترەنجدا بردە دەرەوەی زیندان. تا ئەوە بو هەموی کۆکرایەوە و دوایی کتێبێکی لێ دەرچو بەناو نیشانی (ڕاکردنم بەرەو ئازادی) کە خانەی سفیلوست- ساڵی ١٩٩٩لە سەرایڤۆدا بڵاوی کردەوە (١) لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگاردا دەمەو ئێواران بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو واقیعە تاڵەی زیندان ئەو ئازایەتیەم نەدەما و ناخۆشترین کاتەکانم کۆتایی ڕۆژو دەمەو ئێوارە بو کەتیایا خەمۆکی یەخەی دە گرتم، دیارە بەپێی ڕەچاو کردنی هەلو مەرجی نوسین ئەمەم بۆ —سابینا-ی کچم نوسیبو بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم نامەی بۆ ناردمەوە:

(نازانم تۆ پێشتر ئەم هەستەت لادروست بوە یان نا بەڵام من هەر کە تاریکایی دادێت هەستی پێ دەکەم، بە دوای شتیکدا دەگەڕێم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت سەرقاڵم بکات و لەبیرم بچێتەوە، هەندێک جار لەگەڵ هەستی خەمباری دوایی هەست بە ترس دەکەم و لاشەم لاواز دەبێت، دەزانم هەروا تێپەڕبون لەو

کاتانەوا ئاسان نیە. بەڵام کاتێک کات دەردەچوم و تاریکای چواردەوری دەتەنیم ئەو هەستەم لەلانەدەما.

ئیتر وام هەست دەکرد کە هەرچی ترس و دڵەراوکێ و خەمەکانمە لەم هەستی نامۆیەدا کۆدەبنەوە. بۆیە واهەست دەکەم هەر ئەم حاڵەتە زهنیەیە کە وا لە هەندیک دەکات کە شەو داهات پەنا بەرنە بەر مەی و مادە هۆشبەرەکان تا ئەو قۆناغە ببرن. من بۆیە ئەمەت پێ دەڵێم تا بزانیت من دەزانم و هەست دەکەم هەرچەندە کەمیش بێت کە تۆ لە چ حاڵەتێکدایت ئێستا من بە خەیاڵ دەزانم کە تۆ چ هەستێکت هەیە. دیارە زیندان ئەم هەستە ئازاراوی تر دەکات بەڵام هەمان هەست لە ماڵدا ئاسانترە. بۆیە کارێکی وا بکە بۆ دڵدانەوەی خۆت باش بێت باشتر وایە خۆت سەرقاڵ و بە شتێکەوە سەر گەرم بکەیت، ئەگەر توانیت شتێکی سادە و سوکەڵە بخوێنەوە، یان وشە لێک دابڕاوەکان حەل بکە. یان سەیری تلفزیۆن بکە. من دەزانم کاریکی باش نیە مرۆڤ لەو ساتەناڕەحاتانە تەسلیم بەو هەستە بێت، چونکە کارەکە قورستر دەبێت. هەروەک دەبینی من دوبارە وا سەیرت دەکەم. وە دەمەوێت لەسەرت سوک بکەم، ئەوەی کەمن لەوکاتانەدا پێم خۆش بێت ئەوا حەزدەکەم پێکەوە قاوە بخۆینەوە تۆش باش دەزانی کە من هەردەم لە خەیاڵی تۆدام بە تایبەت سەر لە ئێواران.) دەشێت مرۆڤ مامۆستای زانکۆ بێت یان فەیلەسوفێکی بەناو بانگ بێت بەڵام هەمو ئەمانە نابنە ئەوەی لە ئازاری زیندانت کەم بکەنەوە و ئاسانتربێت. بەڵام بەلای زیندانی و حوکمدراوەکانەوە ئەوە زۆر گرنگە کە تۆ —پارێزەر —بیت. من تاکە -پارێزەر-ی ئەو بەشەبوم هاوڕێیانی ئازار و ناڕەحەتی زیندان زۆر داواکاریان لێ دەکردم کە داوای سۆز و لێبوردنیان بۆ بنوسم یان لە جیاتی خۆیانەوە داوای تێهەڵچونەوەیان بۆ بنوسم، ورد و درشتی ژیانی خۆیان بۆ باس دەکردم، بگرە هەمو هەڵە و تاوانەکانی خۆیان دەخستە بەردەمم. ئەمانە هەموی جێی سەرنج و تێڕامان بون. لە بەسەر هاتی هەریەکەیان گەیشتم زۆر بیرم لێ دەکردنەوە. نازانم بوێرم بڵێم هەندێک لەو بکوژانە کەسانی

باش بون؟ چەندین کەسیان پاڵنەری پیاو کوشتنەکەیان مرۆڤ دۆستانە بوە!. دیارە هەرگیز پاکانە بۆ کوشتنی مرۆڤ ناکرێت بەڵام گرنگیشە پاڵنەرەکانی پشتەوە و هەلو مەرجی نەهێنی و زەمینەسازی ئەم کارە خراپە بزانیت. لە بەندینخانەی _ڤۆتشا- لاوێکی تیابو تاوانی کوشتنی ئەنجام دابو ئەویش لەبەر ئەوەی بەرگری لە باوکی کردبو، لەماڵەوە خەریکی کاربو بو کاتێک هەواڵیان هێناوە کە خێرا فریاکەوە لە چێشتخانەی گەڕەکەکەماندا خەریکن لەباوکت دەدەن، کاتێک کە دەگاتە ئەوێ سەیر دەکات وا باوکی بەتەمەنی لەسەر زەویەکە کەوتوە لەژێر مێزێکدایە یەکیک لە لاتەکانی گوندەکەیان لێی دەدات. ئیتر منیش بومایە لەو حاڵەتەدا هەروام دەکرد، کەسێکی تر —بونوج کیتشۆ- بو کە ٣ ساڵ لە ژورەکەمدا پێکەوە بوین. پیاوێکی هێمن و داماو بو. ڕوبەروی چارەنوسێک بۆوە کە -عبدلله سیدران — سیناریۆی بۆ داناوکردی بە فیلمێکی کاریگەر. بە ناوی (کوروز) یەکێکی تر لەو زیندانیانە حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا درابودوای ئەوەی هەستا بو بە کوشتنی هاوسەرەکەی کە خیانەتی لێ کردبو، پاشان دایکیشی کە لێی شاردبۆوە. ئیتر بۆ ماوەی ساڵێک ژیانێکی قورس و ناخۆشی هەبو، چونکە هەمو دادگاکان هەردەیان گوت —ئیعدام- بەڵام لە چرکە ساتەکانی کۆتایدا بۆ ٢٠ ساڵ سوک کرا. دەیگوت کە هەواڵی ئەوەیان پێ دام کە گەردنی لە سێدارە دورخراوەتەوە و ژیانی ڕزگار کراوە وەک منداڵ داویەتیە قوڵپەی گریان. زۆربەی خەڵکی کە دەکەونە هەڵەوە لەبەر پەلاماردانی بەرژەوەندی سامان -دەسەڵات- شکۆمەندی- خۆشەویستی... ئەوشتانەیە. بەڵام شەر هەر شەڕە. ئەمەش خۆی جەهەندەمێکە بۆخۆی. دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتە پێش کە بەداخەوە ئەو کەسانە بناسم کە بەم کارە خراپە هەڵدەستن یەکێک لە زیندانیەکان بڕیاری دادگای لەسەر دەرچو ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە ئەوەی کە گەردنی لە پەتی سێدارە ڕزگار کرد ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیەبو کە جەختی لەوە کردەوەکە ئاستی عەقڵ و فامی زۆر کزو لەخوارە. شێت نەبو چونکە هەڵسوکەوتی سروشتی بو بەڵام عەقڵی ئاستەنگی کەشە

نەکرنـی هەبـو، جارێکیـان کتێبـی یەکیـک لە زینـدانیەکانی فـڕێ دا کە بەیەکەوە ــفەلسەفەمان لێ دەدا— و باسی فەلسـەفەمان دەکـرد. هەر لە خـۆیەوە فڕێـی دایە دەرەوە. کە ئەو شوێنە ناوچەیەکی قەدەغە کراو بو، ئیتـر ئەو بـرادەرەی کتێـبەکەی جێهێشت بو رۆیشـتبو بـۆ دەسـت شـتن کە گەڕایەوە نەیتـوانی کتێـبەکەی دەسـت بکەوێتەوە، زیندانیەکی تر پێی ڕاگەیاند کە چی قەوماوە. بە بەراورد بەم کەسـەلات و خراپەکــارانەدا ئەوا دزەکــان پیاوچــاک دەردەچــن ئەوان کە دزی دەکەن ئەوا پێویستیان بەو شتەی تۆیە، پاڵنەرێکی مرۆڤانەیان تیایە دەشێت بەرخوردیـان لەگەڵ بکەیت و لێیان تێ بگەیت. ئەو هـاوڕێی زینـدانیەم کە کتێـبەکەی تیایـا چـو پێـی گوتم (من دەزانـم تـۆ بـاوەڕت بە خـوا هەیە. مـن لە بـونی دڵنیـانیم، بەڵام بـڕوای تەواوم هەیە کە شەیتان بونی هەیە)) هەر لەناو زینداندا ئەلبانی زۆری تیایا بو کە بەشداری بزوتنەوەی بەرگری کردن بون دژی سڕبیا کە سیسـتەمی —ئۆتۆنـۆمی- لە کۆسۆڤۆ هەلوەشاندبۆوە. دۆستایەتی دڵگەرمانەم دەکردن بەڵام زۆر تـێکەڵاو نەدەبـون. ئەوان لە گۆڕەپانی زیندانەکەدا زۆر وەرزشـیان دەکـرد. بەڵام ئـێمە دورتـر لەوێـن لە گۆڕپـانێکی تـردا وەرزشـمان دەکـرد. بەنـدیەکان و پاسـەوانەکان ڕێزیـان لە یاسـای نەنوسراوی زیندان دەگرت. ئەلبانیەکان نەهێنی پارێزراو جدی بون و هەندێک جـار یاخی دەبون و مانیان لە خواردن دەگرت، دەیان ویست کتێبی مارکسی بخـوێننەوە. بەڵام لێپرسراوی زیندانەکە ڕێگەی پێ نەدەدان. بەرێوبەڕایەتی زینـدان ئەفسـەرێکی ئەلبانی هێناو کردی بە چاودێر بە سەر ئەو جودای خوازانەوە. سـەبارەت بە ئـێمە ئەوا ئێمە من و جمال و ئەدهەم هاوڕێ بوین، ئەلبانیەکان لە بارەی جوڵانەوەکەیـان پرسیاریان لێ کردین منیش وەڵامـم دایەوە {ئەلبانیەکـان گەلێکـی مسـوڵمانن، ئەمەش هۆکـاری سـەرەکی ئەوەیە کە پشـتیوانیانین} بەهـۆی وەڵامەکەوە تۆزێـک شـڵەژان. سەرۆکی ئەم دەستەیە بەوە وەڵامی دامەوە کە لەوەڵامەکەی مندا هەندێک تێڕوانینـی هەڵە هەیە چونکە بەلای ئەوەوە ئاین لە مێژوی ئەلبانیدا ڕۆڵی نێگەتیڤانەی هەبـوە. زۆربەی کات ئاین بـۆ بەرژەوەنـدی داگیـرکەران سـودی لـێ بینـراوە. ئەم هەڤاڵ-ە

لەوەڵامەکەیدا وتی: ئێمە ئاینمان تێ پەڕاندوە ئیتر گەلی ئێمە بە خەبات لە ڕێی ئازادیدا چ پێویستیەکی بە ئاین نیە. منیش پێم گوت: کەوا ئێوە لە دنیادا تاکە گەلێکن کە بتوانن بە بێ ئاین بژین. بەڵام زانیاریەکانی ئێمە ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆرینەی خەڵکی ئەلبانیا لەگەڵ ئەم ڕایەی ئێوەدا نین) کەچی بە باوەڕ بە خۆبونێکەوە وەڵامی دامەوە و وتی {مارکسی —لینینی گەشەو پێشکەوتنی بۆ گەلمان هێناوە} باشە بڕۆن بەڕێگەی خۆتاندا ئەمە تایبەتە بە خۆتان، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە پشتیوانی کردنی خواستی شەرعی خەڵکی ئەلبانیا کە ئازادی و یەکسانیە. بەم جۆرە وتو وێژەکەمان کۆتای پێ هات، بەڵام دۆستایەتیمان هەر بەردەوام بو. دوای ئەوەی دادگای باڵا هەمو خواست و داواکارییەکانی تێ هەڵچونەوەی پشتگوێ خستین کەچی لە چواردە ساڵ دایان بەزاند بۆ ١٢ ساڵ . بەڵام بەردەوام دەرفەتی چاو پیا خشاندنەوەم لەبەردەمدا بو بەوەی داوا لە دادگای فیدراڵی بەلگراد بکەم بۆ ئەوەی چاو پیاخشاندنەوەیەکی نا ئاسایی بۆ دۆسیەکەم بکەم. لەم دەرفەتە کەڵکم وەرگرت. لەداواکاریەکەمدا کە ٣٠ لاپەڕەبو تیایا باسم لەوە کردبو کە ئەو تۆمەتانەی ئاراستەم کراون پوچەڵە، ئەمەش وای کردوە دادگا دادگایکردنەکەی بەلاڕێدا بردوە و یاسای پێشێلکردوە. وە تیایا وتم ئەو حوکمە نایاسایانەی کە دادگا دەری کردون دەرەنجامی ئەو هەڵەو کەلێنە یاسایانەیە کە لە میانەی بە ڕێوەچونی دادگایی کردن بەرهەم هاتون. بەڵام لەم حاڵەتەدا پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەو بناغە پوچەڵەوبەتاڵەی کە ئەو تۆمەتانەی لەسەر بنیات نراوە و لە کتێبی (جاڕنامەی ئیسلامی) دەرهاتون ئەوا زۆر بە ڕونی پوچەڵ و هەڵبەستراون ئەمەش هەر لەیەکەمین ڕۆژی لێکۆڵینەوەوە دەرکەوت کە هەندێک لە دەسلاتدارانی لێکۆڵینەوە هەستان بە پێشێڵکاری و ساختەکاری درۆ هەڵبەستن. لەوێنەیە شتەکە جۆرێک لە دژایەتی تیا بێت گەر من لە دادگایکرنی دادوەرانە بێ خەم بوم، بەڵام هیچ دادگایەکی دادوەرانەم نەدی چونکە من بێ تاوان بوم. ئەگەر من تاوانبار بومایە -دادوەر- لێکۆڵینەوەی لەگەڵم بکردایە کەچی-پۆلیس—

لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم. وە ڕێگەیان دەدا هەر لەسەرەتاوە پارێزەری بەرگریم کە لە دانیشتنی لێپرسینەوەو پۆسیارو وەڵامدا ئامادەبێت. هەروەک ئەوەی یاسا ئاماژەی پێ داوە. ئەگەر من تاوانبار بومایە ئەوا هیچ پێویست بەوە نەدەکرد شێوازی نا ئاسای لەگەڵ شایەتەکان بگرنە بەر، وە لەولاوە خراپ قسەانیان ئاڵو گۆر بکەن، هەروەک پێویستیشی بەوە نەبو —ڕۆژنامە- پاڵە پەستۆ لە میانەی هەڵمەتێکی بێ وێنە بکات بکات تاوەک و ڕای گشتی کە تۆمەتباران تاوانبارن. وە بگرە هێشتا ڕێ و شوێنە یاسایەکانیش تەواو نەبون کە ئەوان خۆیان پیاکرد. هەروەها ئەکەر ئێمە تاوان باربوینایە بۆ بە نەهێنی دادگای دەکراین خۆ هیچ شتێک ڕوی نەداوە، بەڵام دیارە کێ برکێیە هەبوە بۆ بە باڵا** تاوان بەسەرنادا دیارە هیچ شتێک لە ئارادا نەبو هیچ ڕاستیەک لە ڕای کشتی شاراوە نەبوە.} ئیتر ڕۆژنامە لەسەری نوسی و ڕێکخراوە یاساییە نێو دەوڵەتیەکان و هەندێک کەسایەتی ئازادی خوازی ڕۆژنامەوانی یوگسلافی ئاماژەیاندا کە دادگا ساختەو هەڵبەستراوە. ئەمانە هەمویان زەمینەسازیەکیان کرد کە دەکرێت حوکمی دادگا گۆڕانی بەسەردادێت. بەڵام ٣ساڵی پێچوز دادگای فیدڕاڵی ماوەی زیندانبەکەی زۆر کەم نەکردمەوە. بەڵام جۆری تۆمەتی ئاراستەکراومانی گۆڕی تاوانی قسە پێ وتن {من کە لە مادەی ١٣٣ هاتوە بەسەردا وایەوە لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم مادەیە بەکراویی ماوەتەوە هەرکەس بە جۆرێک کە بیەوێت ڕاڤەی دەکات کە دەڵێت {هەرکەس بە هەستیت بە سوکایەتی کردن، یان هێرش کردنە سەر دەوڵەت یە قسە -نوسین-وێنە- ئەوا تا ٥ ساڵ روبەروی زیندان دەبنەوە} دواهەمین حوکمێک کە بەسەرمدا درابریتی بو لە ٩ ساڵ زیندانی بە کاری گرانەوە بە فیعلی- ٥ساڵ و ٨ مانگم لە زیندان چەشت لە پای هەندێ قسەو نوسین و بلاوکراوە واتە بە هۆی ڕاوبۆچونمەوە. لە قوتابخانە ئەوەمان خوێند ئەو دەمەی مرۆڤایەتی نوسینی داهێنا بوبە —گیاندارێکی مێژویی. بەڵام تا ئەودەمەی هەر قسەی هەبو ئەوا لەزنجیرەیەک نەوەی پێشتری باب و باپیر چی دی نەبو، ئیتر ئەوانە هاتن قسەیان یاساغ کرد و یاسای بەد ناوی (تاوانی

قسەکردنیان) داهێنا. . ئیتر مرۆڤایەتیان پاشەوپاش گێڕایەوە بۆدواوە. تا لە تـاریکی دا بـژی. چـاکەو پیـاوەتی ئەو داهێنـانە گەورەی —تـاوانی قسـەکردن— لەوڵاتـانی ئەمرۆمان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین وڵاتی سۆشیالیستی کە ئەویش یەکیەتی سـۆڤیەتە. لەساڵی ١٩٢٢ —لینین- پێشنیاری هەمـوار کـردنەوەی یاسـای تاوانکـاری لەکۆمـاری سـۆڤیەتی سۆشیالیسـتدا کـرد. لەو پێشـنیارەیدا وا هـاتوە کە پڕوپاگەنـدە بـۆ دوژمـن یەکـێکە لە ٦ تـاوانە تازەکـان. کەلەوێـنەیە سـزادانەکەی تائاسـتی لە سـێدارەدان بگات. لینین بەم جۆرە پاساوی بۆ پێشنیارەکەی هێنـاوەتەوە (هیـوادارم واتـاکە ڕون بێت ، پێویستە پێناسەیەکی گەورە و فـراوان هەبێـت ، ئەوەش لەبەر چـاو بگیرێـت کە هۆشـیاری شۆڕشـگێڕانە دەبێـتە مـایەی بەرتەسـک کـردەنەوە و فراوانکـردن لە پراکتیزەکردندا.)

لە سـاڵی ١٩٩٤و لە وانەیەکـی گشـتیدا لە سـەرایڤۆ یەکیـک لە ئامـادەبوان لەبارەی چاودێری —الرقابە — پرسیاری لێ کردم ((بەڕێز سەرۆک ئایـا ئێـوە چـۆن لەم حـاڵەتی شـەڕو جەنگـدا کە هەیە چـاودێری دەخەنە سـەر بڵاوکراوەکـان.) لە وەڵامدا وتم. دوای ئەو هەمو تاڵاوەی کە لە ڕابردودا چەشـتومە قەت پشـتگیری ئەم کارە ناکەم. مەسـەلەکە تەنهـا ڕاوبۆچـون نـیە بەڵکـو مەسـەلەکە بەرهەم هێنـانە .! ڕێگری و نەهێشتن بەکارهێنانی هێز لە بەرامبەر قەناعەت پێکردنی خەڵکـدا هیچـی پـێ ناکرێـت وە ئامـاژەم بەوە داکەقورئـانی پیرۆزلەئـایەتێکی (اعجاز)یـدا ئامـاژە بەمەدەکات و دەفەرموێت( لاکراه فی الدین) واتە ناکرێـت زۆر لە خەڵکـی بکەیـت تا باوەڕ بهێنن. ئەگەر زیاتر لەو ئـایەتە وردبیـنەوە دەبـێ بڵێـین نابیـت و ناکرێـت خەڵکـی لەسـەر ئەو شـتەی قەناعەتیـان پێـی هەیە زۆرە ملێیـان لەگەڵ بکرێـت و هێزیان لەبارەوە بەکار بهێنرێت، شیوعیەکان بەردەوام ئامادەی هەڕەشەو بگـرە لێـدان و پۆلیس و زیندان بون کە زۆرترین میکـانیزمی بەکارهێنراویـان بـو. بەڵام ئەزمـونی سیستەمی دەسەڵاتی شیوعیەکان ئەوەی سەلماند کە سیسـتەمی شـیوعیەت دوچـاری بەڕوخان بۆتەوە، وە ئەوەشی سەلماند ئەم سیستەمە هەرگیـز جـێ بە جـێ ناکرێـت

.دەتوانین لە ڕێگەی ئەو نامانەی منداڵەکانم بۆیان ڕەوانە دەکردم بزانیت کە ماڵەوەمان چەندە لە نێوان هیواو بێ هیوایدا دەهاتن و دەچون —سابینای کچم- لە ٣٠/ حوزەیران / ١٩٨٥ دا دەڵێت (قەت ئەوە ڕاست نیە زەمانە چارەسەری شتەکان دەکات، ئەو ئازارو تورەیەی من هەمە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت تا لە دادگایکردنەکە دوربکەوینەوە من زیاتر بیری لێ دەکەمەوە. واهەست دەکەم من دەتوانم بەرگەی بگرم وەک ئەوەی کە تۆ ڕۆژی دادگایکردنەکە بەرگەت گرت من شتی ئاسایی ڕۆژانەت بۆ دەنوسم. چونکە من ناتوانم هەست و شعوری ڕۆژانەی خۆم لەبارەی ئەوەی بەدەستیەوە ناڵاندومانە و دەناڵێنین قەبوڵ بکەم.

من هەموشتێکت بۆ باس دەکەم تا چاک ئاگادار بیت لەلایەکی ترەوە دەبێت بڵێم کە شتێک نیە ناوی داد بێت لەو دادگایکرنەی بەناو دادەوە کرا. هیوادارم بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی شتێکی دادپەروەری تیایابێت) لە ٢٣/ ١٩٨٥/٩ دا نوسیبوی(ئەم بەیانیە چوم بۆ وەزارەتی ناوخۆ تا پاسپۆرتەکەم وەربگرمەوە، لەڕاستیدا ئەوە چەند جارە دەچم داوای پاسپۆرتیان لێ دەکەم بەڵام ئەم جارەیان هیوادارم شتێکی تر بێت چونکە پێش ئەوەی بڕۆم بۆ گەشت(نمونە)یەکیان دامێ تا پڕی بکەمەوە. بەڵام ئەمەش هەروا بە خۆڕایی بو لەبەر ئەوەی پێیان گوتم کە داواکاریەکەت قەبوڵ ناکرێت. وە ئەوان خۆیان بە نوسراو ئاگادارم دەکەنەوە، باشە بۆلەناو ئەم هەمو خەڵکەدا بێ پاسەپۆرت بم،؟ نازانم بۆ؟ من پێم خۆش بو هۆی چی بو!؟ وا ئەم بڕیارەیان دا پێم باشە نەڕۆم و سەفەر نەکەم بەس حەزدەکەم بزانم بۆ ...بەڵام وادیارە من دەبێت بێ پاسەپۆرت و بێ وەڵام بمێنمەوە...). وە جارێکی تر سابینا لە ٣٠ /ئەیلولی/ ١٩٨٥ نوسیبوی (ئەوەی کە وا پێویستە لەم چەند ڕۆژەدا بیکەیت ئەوەیە کە بیربکەیتەوە بە ئارامی چاوەڕوانی بڕیاری دادگای فیدراڵی بیت. ئێمە ئەم چەندڕۆژە لەگەڵ لێدانی زەنگی تەلەفۆن دڵە خورپەمانە و دەست لەسەر دڵین. بەلام تا ئێستاش هیچ ڕون نەبۆتەوە.( ئۆرخان)ی پارێزەر لە بەلگرادەوە هەواڵی ئەوەی داینێ کە هێشتا بڕیاری دادگا دەرنەچوە ئەمە تا کەی؟

بەڵام من وا هەست دەکەم شتێک ڕوی دابێت بەم زوانە هەواڵێکمان پێ دەگات. بەڵام ئەوەی لام نیگەرانیە ئەوەیە کە خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبێتەوە. ئەوەندە ترس دام دەگرێت ئەوەندە بە هیواوە نازیم. بەڵام خواست وخۆزگە و هیوا تاکە ڕێگەی درێژەدانە بە ژیانت، کەواتە نابێت بێ هیوا بین). سابینا لە ١٩٨٥/١٠/١٦ دادەڵێت (من بەردەوام لە خەیاڵی تۆدام لەوێنیە ئەمڕۆ نامەیەکی تایبەتت لەبارەی بڕیاری دادگای فیدراڵیەوە بەدەست بگات. ئای چەند حەزم دەکرد ئەگەر بۆ ٥ خولەکیش بوایە پێ کەوە بوینایە. هەرچەندە تۆ بەردەوام ئەوەمان پێ دەڵێیت کە ئامادەی روبەڕوبونەوەی هەرچی دێتە پێشت ببیتەوە. بەڵام من واهەست دەکەم ئەمەش هێندە لەلات ئاسان نەبێت. ئەمە دوا بڕیارە. قسەکردنی لەخۆوە مانای نیە. نازانم تۆ چەندە نیگەرانیت بەڵام ئێمە زۆر نیگەرانین)).

باکری کوڕم لە ١٩٨٥/١١/١٤ دا نوسیوبوی (باوکی خۆشەویستم وابزانم نامەکەی سابینات بەدەست گەیشت کە دادگا حوکمەکەی بۆ کردویت بە ٩ساڵ. ئەمە لەوە خراپترە کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد بەڵام ئیتر هەر ئاوایە نیگەران مەبە. زۆر بێ هیوابوین. خوا دەزانێت حاڵی تۆ چۆنە کە هەواڵەکەت پێ دەگات یان لەوێنەیە ئێستا لەکاتی خوێندنەوەی ئەو نامەیە. هەواڵەکەت پێ بگات. بەدوای ڕستەیەکدا گەڕام کە ناڕەحەتیت کەم بکاتەوە کەچی من بۆخۆم ئارامیم پێی هات. ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە هەمومان باوەڕمان بە -القچا و و قدر- هەیە . واتە ڕۆژی هاتنەدەری تۆ لە زیندان مێژوەکەی دیار کراوە. ئیتر ژمارەکانی -١٤-٩-١٢- ئەمانە تەنها ژمارەن و جێی ئاوڕ لێ دانەوە نین. تۆ خۆت لە یەکێک لە کتێبەکاندا بە جوانترین شێوە گوزارشتت لەمە کردوە کە دەڵێیت:گەورەیی پیاو لە ڕۆحیدایە کە ئەویش خۆی بە کات پێوانە دەکات. بۆیە تۆ دەرفەتی ئەوەت هەیە کە ژیانێکی ڕاستەقینە بژیت، دەکرێ بڵێم ئێستا تۆ لە شوێنی شایستە بە خۆت دەژیت و ئێمە لەپەراوێزدا ژیان دەگوزەرێنین یان لە باشترین حاڵدا ئێمە تەنها بینەرین، بۆیە نیگەران مەبە و هەرگیزبەد گومانی هێرشت نەکاتە سەر. دەقی

بڕیاری دادگای فیدڕاڵی بە پێی مادەی ١٣٣ بە تاوانبارت دەزانێت، هیشتا هەر هیوایەک هەیە بەوەی مادەکەت بگۆڕدرێت یان لێبوردنی گشتی بتگرێتەوە وە یان ئەوەتا بارودۆخی زیندانە سیاسیەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت (دیارە ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێت تا زیاتر لەم بوارەدا چالاکتربین بە تایبەت ئێمەی ئەندامانی خیزان).

بەڵام -لیلی- لە ٢٤/نیسانی/١٩٩٩ دا نوسیبوی: باوکی شیرینم سەردانیکردنمان بۆ لات وەک چاوتروکان تێ دەپەڕێت دەست بە قسەکردن ناکەین لەگەڵتاکە کۆتای پێ دێت. ئەم چەند ساڵە هەروەک —باکتش- دەڵێت —کولە خواردویەتی. بەڵام من ئەوەم لەیادەو لەیادم ناچێتەوە کە دوایەمین جار لای بەقاڵەکان بەیەکەوە قسەمان دەکرد، من ئێستاش ئەو ساتە یادەوەریەم بۆ ئەوە ماوە دورودرێژەی دوای ئەوە هەر لە خەیاڵمدا هەڵگرتوە، دەزانم ئێمە دەبێت ژیان بکەین بەدوبەشەوە ژیان پێش زیندان و ژیانی ناو زیندان. من لام وایە ئەو ساتانەش تێدەپەڕن).

لە زینداندا زۆرترین قسە لەدوای جنێودان بیستنی قسەو باسی لێبوردن و لێبوردنی گشتیە. زیندانیەکان دوای سەردانی خێزانەکانیان ئەوا بەڵگەی ئەوەیان دەخستە ڕو کە لێبوردنی گشتی بەڕێوەیە بەڵام هەر نەهاتە دی. لە ڕاستیدا منیش لای خۆم وام دانابو جۆرێک لە لێبوردنی گشتی بمگرێتەوە. من دڵنیا بوم ٩ ساڵ زیندانی بە کاری قورسەوە بەسەر نابەم. لە بەرەبەیانی ١٩٨٧/٢/١ بانگیان کردم بۆ دیدارێکی تایبەت ئەمەش شتێکی ئاسایی نەبو. ئیتر کاتێک بەرەو بیناکە ڕۆشتم زۆر لە بیری ئەوەدا بوم کە شتێکی گەورە و خراپ ڕویدابێت. لەبەشی میوانداری هەردو کچەکەم —(سابینا) و ( لیلی)م بینی. ئەوانیش هەروەک ئەوەی بیری منیان خوێندبێتەوە بە زەردەخەنەوە سەلامیان لی کردم بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەم کە ئەوان بۆ پێدانی هەواڵی ناخۆش نەهاتون. ئیتر وتیان ئەوان لای بەرپرسێکی باڵاوە پەیامی ئەوەیان پێیە کە داوام لێدەکات داوای لێبوردن و بەخشین پێشکەش بکەم ئەوا ئەو ئازادم دەکات. هاوڕێیەکی لەیلای کچم نامەیەکی لە(دراغکۆڤیچ)ی

رازگری نەهێنی لیژنەی نێودەوڵەتی لێبوردنی وەرگرتبو بەڵام وەک دەرکەوت نـامەکە لە ئەسڵدا لەلایەن (نیکۆلاسوباشوفبتیش)وە نێردرابو کە بەرپرسێکی حیزبـی گەورەو لێپرسـردراوی هەمـان لیـژنە بـو کە دوای چەندسـاڵ (دراغکـۆڤیچ)م بینـیەوە وەک دەرکەوت پیاوێکی باش بو. ئەوکاتەی کچەکانمی بینـی بـو پێـی وتبـون بـا نـامەی پەشیمان بونەوەکەی و هەندێک وشەی وەک پەشیمانی و قسەی بـاش بـۆ حـوکمەتی تیایا بێت. کچەکانم نوسراوێکی ئامادەکراوی لەوجۆرەیان بـۆ هێنـام کە بەو شـێوەی دەیان ویست نوسرا بو، سەیرم کـرد بەڵام ئیمـزام لەسـەر نەکـرد. ئیتـر ملـم نـایەوە بەرەو زینــدان و ٥ سـاڵی تـر لە چاوەڕێمـدابو. لە ٨/ئـاب/١٩٨٨دا لە سـاڵیادی لەدایکبونمدا هەنـدی تێبینـیم نوسـی کە سـاڵی ١٩٩٩ لە ژێـر ئاونیشـانی (ڕاکـردنم بەرەو ئـازادی —تێبینیەکـانی بەنـدیخانە) بڵاوکـرایەوە. (ئەمـرۆ ٨/ئـابی/ ١٩٨٨ تەمەنم گەیشتۆتە ٦٣ ساڵ تا ئێسـتا ٦ سـاڵ و نیـوم لە زینداننـدا بەسـەر بـردوە وە نیـوەی ئەو مـاوەیە کە ٣ سـاڵ و نیـوە} لەبەردەمـدا مـاوە. ئەوەی لە بەردەمـم دایە تەنهـــا ئەوەنـــدەیە کە بـــڕوانمە ئەو گۆڕانکاریـــانەی کەلەدەرەوە ڕودەدەن. ئەمەش گـرنگە. دیمەنەکـان لەیەک کاتـدا وروژێـنەر و بێـزارکەرن). ڕوداوەکـان بە خیرایـی تێـدەپەڕین نەدەکـرا هەر چـاودێربم. ٤ مـانگی تـر لە زینـدان بـوم. لە عەسـرێکی ١٩٨٨/١١/٢٥ بانگکرامە بەڕێوەبەرایەتی زینـدان. سـەرکردەی پاسـەوانەکان -مـالکۆ کۆرمان. بەبەرگـی فەرمـیەوە وەسـتابو، بەدەنگێکـی فەرمـی هەسـتا بە خوێنـدنەوەی بڕیـاری ئـازادکرنم لەلایەن سـەرۆکایەتی یوگسـلاڤیاوە. دیـارە ئەمەش پـێش ئەوەی ماوەی حوکمدانەوەکەت تەواو بێت ئەو ڕۆژە ٢٠٧٥ ڕۆژم لە زینداندا بەسەر برد کە ئەو چەند ساڵە -کولە خـواردی). کاتیـک ئـازادکرام لە بـارەی دادگـایکردنەکەمەوە چەنـــدین چـــاوپێکەوتنم لەگەڵـــدا ســـازکرا، گرنگتـــرین پرســـیارێک کە دوای سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٠وە لێم کرا ئایا هیچ تۆڵەکردنەوەیەکتان دەبێـت لە شیوعیەکان دوای ئەوەی کە پێان کرا بە تۆو هاوڕێکانیشتان کرد؟. لە وەڵامـدا وتـم: نەخێـر هـیچ تۆڵەکردنەوەیەکمـان نابێـت هەر ئەوەش ڕویـدا. هەمـو ئەوانەی لە

دادگایکردنەکە بە شداربون —دادوەر— ئەفسەری لیکۆڵینەوە- داواکاری گشتی زۆر بە ئاساییانە ژیانی ڕۆژانەیان بەرێ کرد. و ئەرکی خۆیان جێ بەجێ دەکرد بگرە هەندێکیان لەسەر هەمان پۆستی پێشویان مانەوە. من وەک سیاسیەک لێیان خۆش بوم، بەلام وەک مرۆڤێک لێیان خۆشنابم.

# فەصڵی سێهەم

## دامەزراندنی حیزب

هەوڵدان بۆ دارشتنەوەی پەیکەری یوگسلافیا، لەدوای دەستگیرکردنم لە ساڵی ١٩٨٣ قۆناغێکی گرنگ ڕوی کردە ژیانم ٦ دانە ساڵ زیندان ساڵێک پشو پاشان ١٠ سەرۆکایەتی بۆسنەو هەرسک، ئەو تاکە ساڵەی کەوتۆتە نێوان زیندان و سەرۆکایەتی بۆسنە ساڵی ئاشتی و پشودان بو. کاتێک مرۆڤ ٦ ساڵ لە زینداندا بەسەردەبات هەمو ئەو ڕوداوانەی دوای زستان بە جوانی دەبینیت، ئیتر دەستم کرد بە گەشت کردن و خویندنەوە. زۆر ڕۆیشتم، بەردەوام لە ژێر چاودێری و بایەخ پێدانی منداڵەکانمدابوم. لەهەموی گرنگتر ئەوەبو هەستم بە ئارامیەکی باش دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشتی لە کۆمارەکەماندا لە بۆسنەو هەرسک بەرو نا ئارامی دەڕۆیشت. لەو چەند ساڵەی پێشودا دو ڕوداوی ئابڕوبەر رویاندا یەکێک لەو دو ڕوداوە گرنگە لە نزیک باکوری ڕۆژئاوای بۆسنە ڕویدا کە پێی دەوترێت —بۆسانسکاکراپناکە بە

(ئابرووبەریەکەی ئەغرۆکرۆمیوس) ناسرا. ئەمەش بەناوی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحەی بۆسنەو هەرسک کەزۆرینە مسوڵمان بو. دەرەنجامی قەیرانەکە زۆر گەورە بو تا ئەڕادەیەی کە هەمولایەک هەستیان بەوە کرد کە پاڵنەرەکانی ئەم ڕوداوە نەخشە بۆ کێشراوی سیاسیەکی مەترسیدارە، ئیتر هەڵمەتی خۆکوشتنی زۆرێک لە تێوەگلاوانی سەرەکی ئەم دۆسیەیە دەستی پێ کرد، ئەو ڕۆژنامە نوسەی بابەتەکەی وروژاند کوژرا. یان بڵێین لە پڕ مرد!! ئیتر لێکۆڵینەوەو دادگایکرنی ئەوانەی گوایە تێوەگلاون زۆر جێی گومان بو.. زۆر بەسەر ئەم کارەساتەدا تێنەپەڕی بو کەلە بۆسنە پەردە لەسەر دۆسیەیەکی تر هەڵدرایەوە ئەم جارە لە بەلگرادەوەباس لە ڤێلاکانی بەرپرسانی سەرکردە شیوعیەکانی بۆسنە و هەرسک بو لە نیۆم Neum. ئەو شوێنەش ناوچەیەکی بچوکی زۆر خۆشی بۆسنەیە کە لەسەر دەریای _ئەدریاتیک-ە. خەڵکی لە باس و خواسی خۆشگوزەرانی و —رفاهیەت-ی سەرکردەکانی کۆمار دوچاری شۆک هاتنەوە. ئیتر هەندێک هێز کە ئێمە ئەوکات بە هیزی دیموکراتیمان دادەنا لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی یوگسلاڤیا دەرکەوتن. لەوکاتەدا —بەلگراد- لە زگرب- کراوەتربو. وە لە سەرایڤۆش زیاتر. زۆرجار هێرش دەکرایە سەر سیستەمی شیوعیەت و لە پایتەختی کۆماری بۆگسلافیای سۆشیالیستی بە ئاشکرا لەلایەن هەندی ڕۆژنامەوە رەخنەی لێ دەگیرا، وەخواست و داواکاری زۆر هەبو لەسەر رەخساندنی دەرفەتی لەبواری گشتیدا تاژیانی فرەیی سیاسی بێتە ئاراوە. ئەم داواکریە لە -بەلگراد- بەرووپۆشێکی نەتەوایەتی ە جارێکیتر خواستی _شانشینی سڕبی- دەخرایە رو. هەندێک جاریش بە ئاشکرا دەدرای پاڵ -چانتیک- دەنگی ناڕەزای و گۆڕینی سیستەمی شیوعیەت لە -سلۆڤینیا- لە -بەلگراد- بەرزتربو.

لە پایتەختی سلۆڤینیا- دوبلاوکراوە دەرچون -ملادنیا کەکەسانی بانگەشەکاری دیموکراتی دوچار بە شۆک و سەرسوڕمان کرد. دوەمیشیان —دیلۆ-بو گۆڤارێکی وەرزی بو کە لە مەقالەو نوسینی ڕەخنە ئامێزی بەرچاوترین نوسەرانی دیموکراتی و

جیاخوازی یوگسلاڤی بڵاودەکردەوە. کۆمەڵەی سۆشیالیستی سلۆڤینی بیروبۆچونی ئازادیخوازانە نوێی بڵاودەکردەوە. کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بەسیستەمی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادانەبو کە شیوعیەکان بون.

چانتیک/باڵی سەربازی ڕێکخراوی سرپیای گەورەیە. کەلەمیانەی جەنگی جیهانی دوەم قەسابخانەیەکی ڕەشەکوژی دژ بە مسوڵمانەکان و شناڤەکان ئەنجامدا.

لەو مەقالانەدا هەڕەشەدەکرا لە بەلگراد و لیۆبیلیانا-کتێبی جۆراوجۆر لەسەر ئەو تاوانانە بڵاودەکرایەوە کە شیوعیەکانی یوگسلافیا دەرهەق بەگەلی یوگسلاڤیا ئەنجامیان داوە. ڕۆژنامەکانی ئەم دوشارە لەبارەی دادگایکردنەکەی ١٩٨٣ ی ئێمەوە شتیان نوسی. ئەمەش بەس بو بۆ ئەوەی لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەمو ژمارەکانی لەبازاڕدا نەمێنن. مەسەلەی دامەزراوە نیشتیمانیەکانی مسوڵمانانی یوگسلافیا لەو کاتەدا بابەتێکی سەرەکی بو. وردە وردە لەکەرتی ئازادی ڕۆژنامە گەریەوە گوێبیستی سرودەکانی چایتنک- دەبوین کە لە بەلگرادەوە بەنەفەسێکی دەمارگیرانەوە دەچڕا. وە وێنەکانی دراگۆمینی لۆفتیش (یەکێکە لەسەرکردەسیرپییەکانی جەنگی جیهانی دوەم) لە مەیدانی تیرازیەی بەلگراد. لە دارو دیوار هەڵدەواسرا. لاوانی ریش درێژی کڵاوبەسەری سرپی سرودی سەربازی و سرودی -چایتنیک- یان دەچڕی. ئەوەی کە زیاتر جێگای نیگەرانی بو کە دەسەڵات لەبەرامبەر ئەم جموجۆڵە و خۆپیشاندانەدا بێ دەنگ بو، ڕۆژنامەی ـــهەواڵنامەی ئەدەبی- هەستابە بڵاوکردنەوەی گفتو گۆیەک لەسەر -بانیتۆفانتش. و ئەو بیردۆزەی کە لای وایە -کرواتەکان— گەلێکی جینۆسایدی رەگەزین- ڕۆژنامەی کرواتیاش بە توڕەییەوە وەڵامیان دایەو. ڕۆژنامەی (داناس-ئەمڕۆ-)ی زگرب-ب بەناوبانگ وەڵامی دانەوە.

بەگیانێکی نەتەوەی کرواتیانە -وەڵامی دایەوە بەڵام سنوری نەبەزاند، چونکە هاوسەنگانەراو بۆچونی خۆی خستە ڕو. سلۆڤیناکانیش. ئەوەیان سەلماند کە بەرزترین دەنگن. لەبەرامبەر ئەوقسانەی لاوانی سلۆڤینی بەلگراد سلۆڤینیای بەوە تاوانبارکرد کە خەریکە دژ بە بەرژەوەندی یوگسلاڤیا دێنە گۆ. پەرچەکرداری سەرکردایەتی سیاسی لە سەرایڤۆ و ڕۆژنامەکانی سەربە دەسەڵات سەبارەت بەو ڕوداوانەی سرپیاو سلۆڤینا دژ بە زیندوکردنەوەی گیانی —جانتیشکی- بەهەمان هێندەی دژایەتی خواستی جیابونەوەی سلۆڤینیا و چالاکی دژ بە شۆڕش بو. بزوتنەوەی —ئیردنتا- (ئەوزاراوە بو کەسرپیکان دایانە پاڵسەربەخۆخوازانی ئەلبانی) لە کۆسۆڤۆ دای لە چەخماخەی یاخی بون لەساڵی ١٩٨٨ حاڵەتی لە ناکاو لە هەرێمەکەدا ڕاگەیانرا. ئەمەش بەهۆی خەڵکی کۆسۆڤۆی سەربەیوگسلاڤیا. هێزە نیشتیمانیەکانی سرپیا لە سیرپیای دایک داوایانکرد چاوێک بە دەستوری کۆماری سۆشیالیستی یوگسلاڤیای ١٩٧٤دا بخشێنرێتەوە. کە بە پێی ئەم دەستورە هەردو هەرێمی کۆسۆڤۆ و فۆیفۆدینا- خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی تاڕادەیەک باش بون.

هەفتانە لاوانی کۆسۆفۆی —یاخی بو- دادگایی دەکران کە حوکمی جیاجیا دەدران. هەندێکیانم لە زیندانی —ڤۆدتشا- ناسی. گومانم لەوە نەبو کە ڕژێمێکی ئاوا ڕەق و سەختی شیوعی درێژە بکێشێت. بەڵام ڕاستان پێ بڵێم چاوەڕوانی ئەوە نەبوم لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ ئاوا هاڕە بکات و بڕوخێت. من وام دانابو کە جۆرێک لە نەرمی نواندن بێتە ئاراوە و ئەمەش وادەکات دەرفەتی سیاسەتی زیاتر بێتە پێش تا دەرکەون بەمەش وا دەکات لە ژێر چەتری شیوعیەکاندا جۆرێک کێ بەرکێ دێتە پێشەوە. بەڵام ڕوداوەکان ئەوەیان سەلماند کە بۆچونەکەی من هەڵەبو، ئیتر ئەمە سروشتی سیستەمی شیوعیەتە یان دەبێت هەمو شت بن یان هیچ نەبن. هیچ جۆرە چارەسەرێکی مام ناوەندی پێ نیە کە هەموان دڵشاد بکات. شیوعیەت و ئازادی بەرامبەر یەک نایەنەوە. یان شیوعیەت ئازادی لەناو دەبات وە یان ئەوەتا ئازادی شیوعیەت قڕ دەکات لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا شیوعیەت هەستا بە

لەناوبردنی ئازادی، لەگەڵ کۆتایی سەدەدا بینیمان جارێکی تر بەتەواوی پێچەوانە بۆوە. روخانی دیواری بەرلین لەمانگی ١٩٨٩/١١ کاریگەری زنجیرەیی بەردەوامی خستە سەر جیهانی شیوعیەت. هەریەکە لەو وڵاتانە وەک ئەوەی —شلل- لێی دابن دەستە پاچەمان و لەبەردەم گۆڕانکاریەکاندا هیچیان پێنەکرا. ئەوەی لە یوگسلافیا قورەکەی زیاتر خەست کردەوە ئەو ئالۆزیە ڕەگەزیە بو کە لەبەرچاودا دیار بو وەئاماژەی دەدا کە سەری بۆ بونەکێشە دەکێشا. وە یوگسلاڤیا خۆی هەردەمێک بو بەدەست دو نەخۆشیەوە دەینالاند یەکەم ئابوری سۆشیالیستی ناکارا لەچاو ئابوری سەرمایەداریدا دواکەوتوانە هەڵدەسوڕا وای کرد کە هەر لە دواوە بێت .

دوهەم: ئەوە پاوانکاری تاک لایەنەو تاک ڕەوانەی سیرپیەکان، کە ئەمە هەر لەسەرەتادا خرابوە ناوسیستەمەکەوە. سیرپیەکان کرابونە گەلی باڵا دەست و هەمو پۆستە گرنگەکانیان ژێر چنگی خۆیان خستبو، ئیتر باقی گەلەکانی تری وەک کرِوات وسلۆڤینی ومۆنیتۆگرۆو مەکدۆنیا و مسوڵمانەکان هەستیان بە بەش خوراوی ژێردەستی دەکرد. باڵادەست بونی سیرپیەکان شتێکە جێگەی قسەلەسەر کردن نیە.

بۆ نمونە پێش شەڕ لە وەزارەتی بەرگری تیشتمانی بۆسنەو هەرسک ٢٨ ئەفسەری تیابو کە لەوێنە ڕێژەی ٦٣.٢%سرِبی بون ١٠.٥% یوکسلاڤی و ٧.٥% مسوڵمان و ٥.٣%مۆنتینۆگرۆ.. بەم شێوەیە هەمو ئەندامە مەدەنیەکانی ناو ئەمانەتی گشتی ناوخۆ سرِبی بون. ئیتر من بەم باسە دڵخۆش نەبوم من زیاتر لەڕوی سۆزەوەبە یوگسلاڤیا پەیوەست بوم. بەوەی کە مسوڵمانم هەستم دەکرد کەهەڵوەشاندنەوەی یوگسلاڤیا لە بەرژەوەندی مسوڵمانان نیە. هەرچەندە زۆرینەی مسوڵمانان لە بۆسنەدا بون بەڵام شوێنەکانی تری وە سرِبیا و مۆنتیگرۆ و مەکدۆنیا کۆسۆڤیاو کرواتیا مسوڵمانی لێبون. پوختەی قسەکانم لە دادگای ١٩٨٣دا ئەوە بو کەوتم من یۆگسلاڤیام خۆش دەوێت بەڵام حوکمەتەکەی نا. من وام دەبینی کە دەکرێت یۆگسلافیا بکرێتە پەیکەری دەسەڵات دەستکاری بکرێت و بە شێوەیەکی

دیموکراسیانە داڕێژرێتەوە تا ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی، ئەویش بە ئابوری بازارو سنوردار کردنی تاکڕەوی سڕبیەکان لەو دەسەڵاتە ڕەهایەش کە هەیانە. ئەمەی دوایی بەوەدا دەکرا کە ڕێژەی دەستەڵاتداری هەر ٦ هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان زیادبکرێت کە کاتی خۆی یوگسلاڤیایان پێکهێناوە لەماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداری شیوعیەکان زۆربەی جار هەستی دینداری خەڵکی مسوڵمان لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕوبەروی هێرش دەبۆوە. لەگەڵ ئەوەی لەم بارەوە یوگسلاڤیا لە چاو وڵاتانی تری شیوعیەوە بارودۆخی باشتر بو بەڵام هەرگیز ناکرێت بڵێین ئێمە خاوەنی ئازادی ئاینداری بوین. ڕوداوەکان دوایی دەریان خست کە هەستی ئاینداری نەکوژابۆوە و بەڵکو کۆمەڵێک پشکۆی گەش بو لە ژێر توێژێک توێکڵی خۆڵەمێشەوە بو، ئیتر هەر بە بایەک دەگەشایەوە و کڵپەی دەسەند. بەوەی کە وڵات لە پەیکەری دەسەڵاتدا بەرەو دیموکراسیەت ئاراستەی گرتبو ئەوا دروستکردنی پارتێکی دیموکرات ببوە پێویستی. دیارە ئەم کارەش بێ عەیب نابێت بەڵام تا ئێستا لە جیهاندا شتێکی باشتر لەمە نەخراوەتەڕو. لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بە ڕیکخراوێک یان دەستەیەکی سیاسی هەبو کە پشتیوانی بۆسنەو مسوڵمانان بکات، وەئەو ئەرکەش لە ئەستۆ بگرێت کە هەمو ئەو مسولمانانەی بەتێکەڵاوی لەگەڵ سڕب و کروات دا لە روبەرێکی فراوانی جوگرافیی (هەر لە نوفی بازاڕ تا شازبن) دەژین بگرێتە ئەستۆ و کۆبکاتەوە. چونکە حاڵەتی لەیەک هەڵوەشانی یوگسلاڤیادا ئارایشەکە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەمەش کارێکی هێندە سانا نەبو، لەسەرەتادا بەنیازی ئەوە بوم کاتی خۆی ڕێکخراوی مسوڵمانانی یوگسلافیامان هەبو ئەوە زیندوبکەمەوە.

ئەو ڕێکخراوە لە نێوان هەردو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەمدا کاروباری مسوڵمانانی لە ئەستۆ گرتبو، بەڵام ساڵی١٩٤١ کە یوگسلاڤیا لەسەر دەستی ئەوڵمانیەکان ڕوخا ئەمیش نەما و لەناوچو،ئەم ڕێکخراوە گرنگترین ڕێکخراوی گەلی مسوڵمان بو کە پیاوێکی ناوازە بە ناوی —محمد سباهۆ- سەرۆکایەتی دەکرد. ئیتر ئەم پیاوە ماوەیەکی کەم پێش شەڕی جیهانی دوەم کۆچی دوایی کردوە یان وەک

هەندێک دەڵێن کوژرا). هەردوای وەفاتی ئەم پیاوە پەیماننامەی (تسفیتکۆفیش-ماتشیک)ی شەرم ئامێز بۆ دابەشکردنی بۆسنە واژۆکرا. بەڵام ڕێکخراوەکە لە ئاست پلان و روداوەکان هێندە گەورە نەبو هەربە هەڵکردنی بای شەڕی جیهانی دوەم ئەمیش نەما. بۆیە کەوتمە بیری ئەوەی پارتێک دابمەزرێنم ئەوا لەبیری ئەوەدا بوم دەبێت شتێک بێت لە ئەو باشتر بێت و بەرگری لەوە یشومەو زریانی بەرەولامان هاتوە بگرێت. لەبارەی ئەمەوە لە زینداندا لەگەڵ هاوڕێکانم دوام و قسەم کرد. لام وابو دەبێت پارتەکە پارتێکی ئیسلامی بێت. دەشم زانی ئەم پارتە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی مسوڵمانەکانی یوگسلاڤیا ماندو نابێت، هەربەوەندەی داوای هاتنە ڕیز و ئەندام بونیان لێ بکەیت بەدەمتەوە دێن. بەشێک لەم تێڕوانینەو جێ بەجێ بو دەبو. وەک ئەوەی ویستم بوبە واقیع هەروەک ئەوەی خەڵکی ماوەیەکی زۆربێت لە چاوەڕێی ئەم پارتەدابن. ئیتر دەستکرا بە کار تا ئەم پارتە دروست بکەین کەدواتتر ناومان نا (پارتی کاری دیموکراتی). لەمانگی ١٩٨٩/١١ دامان دەزراند. واتە دوای ساڵێکی تەواو لە ئازادبونم لە زیندان. لەهەڵبژاردنەکانی مانگی ١٩٩٠/١١ سەرکەوتنی بەدەست هێنا. واتە ڕێک دوای ساڵێک لە دامەزراندنی. هەر لەسەرەتاوە من کرامە سەرۆک خۆشم نازانم هۆکاری ئەمە چی بو. بەخۆمم دەگوت {باشە ئەگەر من چاکە کەیان بم ئەی دەبێت حاڵی ئەوانی تر چۆن بێت}؟ بەڵام خۆ مەرج نیە سەرکردە لە هەمویان چاکتربێت، جا بۆ ئەوەی سەرکردە سەرکەوێت دەبێت هەندێک فەشەل و شکستی هەبێت کە منیش لەمە بێبەش نەبوم. کە بیرم لە دروست کردنی پارتی سیاسی دەکردەوە ئەوا بەردەوام لە خەیاڵی ئەوەدابوم کە ئەم کارە دەبێت بە هاوڕێیەتی پرۆفسۆر (محمد فیلیبۆفیچ) بکەم ئەم پیاوە لەهەرە ڕۆشنبیرە مسوڵمانە ناودارەکانی ئەو کاتە بو. بۆیە بە خۆمم دەگوت {تۆ پێویستت بە محمد فیلیبۆفیچ و سەد ڕۆشنبیری تر هەیە ئەوکاتە نیوەی کارەکەت بە ئەنجام گەیاندوە}.

بەڵام دەرەنجامی کارەکە بە شێوەیەکی تر بو. کاتێک کە لەگەڵ پرۆفیسۆر باسەکەم کردەوە وە ئەویش تازە لیژنەی پاراستنی مافی نەتەوایەتی و ئاینی مسوڵمانی بۆسنەی دامەزراندبو. بە ئەدەبێکەوە کارەکەی لە لا پەسەند نەبو لای وابو (ئێستا کاتی ئەم کارە نیە)بەڕاستی هەرواش بو،چونکە ئەو یاسایەی کەهەرجمو جوڵ و چالاکیەکی سیاسی دەرەوەی شیوعیەتی بەتاوان دادەنا هەرکاری پێدەکرا. هەر چالاکیەک کە ئەوان نەیاری بونایە بە چالاکی دژی دەوڵەت دەدرایە قەڵەم وە یان لانی کەم ١٠ساڵ زیندانی بە دواوە بوە . ئیتر من سەرکێشیەکەم کرد نازانم لە ئازایەتیم بو یان نا. بەڵام حەزم لێ بو ئەم سەرکێشە بکەم بارودۆخەکە وەک ساڵی ١٩٤٦ وابو کە بەریزەکانی —لاوانی مسوڵمان-ی یاساغەو پەیوەست بوم، کە ئەمەش ٣ساڵ زیندانم لەپای کێشا. بەرەو —زگرب- بەڕێ کەوتم تا لەوێ ناسیاوەکانم بیرۆکەکەم لێ وەربگرن- لەوێ کۆمەڵێک مسوڵمانی بەناوبانگ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئیسلامی-زگرب-بە سەرۆکایەتی سالم شابیتچ و دشیمسۆ تانگۆڤیچ کاریان دەکرد. پێشتر هەردوکیانم دەناسین. (شابیتچ)شایەنی جوانترین گەورەترین پیاهەڵدانە بەوەی کە مزگەوتی گەورەی —زگرب-ی دروست کرد کە گەورەترین و جوانترین مزگەوتی یوگسلاڤیای شیوعی بو. دشیمسۆتانگۆڤیچ. لە زانکۆ مامۆستای ئابوری بو. کەسێکی بەناوبانگ بو. نزیکەی ١٥ کەس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە بە خێرایی لەسەر چەند خاڵێکی ڕێکەوتین دیارە دواتر حیزبەکە ناونرا پارتی کاری دیموکرات، لەگەڵ ئەوە پارتەکەمان دەیویست هەمو مسوڵمانانی بۆسنەو هەرسک یەک بخات و لەڕوی سیاسیەوە بیانکات بەیەک، بەڵام خواستی ئەوەشی هەبو بێتە پارتی هەمو مسولمانانی یوگسلاڤیا— وەک مسوڵمانانی —سڕبیاو —مۆنتیگرۆ-کۆسۆڤۆ-مەکدۆنیا و لەسەرەتادا پارتەکەمان لەهەمو روبەری یوگسلاڤیا دا دامەزراند. لەهەر کوێیەک مسوڵمانانی لێ بوبێت لەوێ بونمان هەبو. لە پڕ بارودۆخی ناوچەی یوگسلاڤیا گۆڕانی کاریگەری بە سەرداهات خێرییەکەی چاوەڕوان نەکراوبودیارە ئەمەش لەژێر کاریگەریئەو گورزە کوشندەیە بو کەبەر کۆی

گشتی بلۆکی سۆشیالیستی کەوت بەتایبەت دوای روخانی دیواری بەرلین، ئیتر جڵەوی دەسەڵات شل بۆوە لەماوەی چەند مانگێکدا چەندین گۆڕانکاری رویاندا کە ئەگەر جارانی پێشو بوایە ئەوا چەندین ساڵی پێویست بو. بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە روبدەن. لە سەرەتای بە هارداو بە دیاری کراوی لە ١٩٩٠/٣/٢٧ لەئوتێل -هۆڵیدای- سەرایڤۆ ولە هۆلی کۆبونەوەکان. کۆنگرەیەکی ڕۆژنەماوانیم ساز کرد. ئەمەش تا لێرە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی بدەم بە گوێی رای گشتی و دەسەڵاتدا. لە ڕوخسار و سیمای زۆرێک لە ئامادەبواندا جۆرێک ترس و دڵەڕاوکێی لەسەر پەرچە کرداری دەوڵەت دەخوێنرایەوە. لە پشت مێز و لەسەر کورسی دانیشتم و سلاوم لە ڕۆژنامەوانان کرد. بە دەنگێکی بەرزو دلەڕاوکێوە بەیانامەی گشتیم خوێندەوە کە چل کەس لە دامەزرێنەرانی پارتی کاری دیموکراتی واژۆیان کردبو. کە بە بەیاننامەی جاڕنامەی چلی ناسرا. لەسەرەتای ئاخافتنەکەمدا ئاماژەم بەوەدا بەیاننامەکە بە زمانێکی سیاسیان نوسراوە بەڵام پەیڕەو پرۆگرامی حیزب نیە، بەڵکو زۆرتر ئاراستەی ڕای گشتی کراوە. ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

ئێمەی واژۆکاران کە لە خوارەوە ناومان هاتوە:

ئەمڕۆ یۆگسلاڤیا لە قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدایە ئەمەش تەنها ئاریشەی ئابوری بەتەنها بەدوای خۆیدا پەلکێش نەکردوە، بەڵکو قەیرانێکی سیاسی و ئەخلاقیشە، جا لە سۆنگەی خەمخۆریمان بۆ یۆگسلیڤیا بە خاک و خەڵکەکەیەوە بە نەتەوە جیاوازەکانیەوە وە بە ئومێدی چاوبڕینە ئاسۆیەکی ڕونتر کە لە کەشو هەوایەکی دیموکراتیدا دەوڵەتێکی تازە بنیادبنرێت کە تیایا ئازادیەکان و حوکمی یاسا بە ئاراستەی سروشتی خۆیان بڕۆن. و ئاستەنگیان وەبەرنەیەت. وەوەک حەزێکی سروشتی بۆ پشتیوانی کردنی ئەم گۆڕانکاریانە وە دی هاتنی خواستەکان نەک تەنها بۆ هەمو هاونیشتیمانانی ئەم وڵاتە بەڵکو بە شێوەیەکی تایبەت جێ بەجێ بونی بەرژەوەندیەکانی ئێمەی هاوڵاتی مسوڵمان لەڕوی روشنبیری و مێژوییەوە، ئەوا

ئێمە هەستاوین بەدەست پێشخەریەک لە پێناو دروستکرنی پارتی کاری دیموکراتی.
ئێمە ئامانجی سیاسی کارەکەشیمان لەم ١٦ خاڵەدا دەخەینە ڕو.

یەکەم: پارتی کاری دیموکراتی.هاوپەیمانیەکی سیاسی هاونیشتمانیانی ئەو یوگسلاڤیایانەیە کە لەڕوی ڕۆشنبیری و مێژویی و ئینتیمایان بۆ کۆمەڵگای مسولمانان هەیە و هەروەک بۆ ئەو هاولاتیە یوگسلاڤیانەشە کە پشتیوانی لە بەرنامەو ئامانجەکانی پارتەکە دەکەن.

دوەم: پارتی کاری دیموکراتی لە میانەی گفتوگۆی دیموکراتی و لەبۆ هێنانەدی ئامانجەکانی تێدەکۆشێت و لەهەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی دەنگدەرانیدا دەبێت و بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات.

بە پێی تواناو قەبارەی خۆی و دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئازاد بەشداری دەستە ونوێنەرایەتی حوکمەت و دامەزراوە جیاوازەکان دەکات.

سێهەم: دیموکراتیەت پایەیەکە لە پایەکانی پارتەکەمان. جالەبەر ئەوەی دیموکراتیەت ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە بگرە لە هەندێک جار پێچەوانەش دەبنەوە لەگەڵ دیموکراتیەت ئەوا دەڵێین بەلای ئێمەوە دیموکراتیەت ئەو حوکمەتەیە کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە وە بەیاساو ڕێسایەکی عادلانە نەخشە ڕێژکراوە.پێویستە بێ کۆت وبەند مافی هەموان بە بێ گوێدانە نەتەوەو ڕەگەز وئاین و زمان و بارودۆخی کۆمەلایەتی و باوەڕی سیاسی دەستەبەر بێت.کە دەڵێین مافی مرۆڤ، ئەوا مەبەستمان لەو مافانەیە کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە جاڕنامەکەیدا دانی پیایا ناوە و مەبەستمان لە جاڕنامەکە ئەو مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوری وکۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریانەیە کەلە جاڕنامەکەدا ڕاگەیانراون.
جالەبەر ئەوەی ولاتی ئێمە بە مەرازی بوەو واژۆی کردوە، ئەوا پارتی کاری دیموکراتی داوای جێ بەجێکردنی و پیادەکردنی دەکات لەناو ناوەندەجۆر بە جۆرەکانی ئەم ولاتەدا

چوارەم: ئێمە خوازیاری حوکمەتێکی دیموکراتین جا بۆ ئەوەی حوکمەتێکی دیموکراتیمان هەبێت. ئەوا دەبێت حوکمەت لابدرێت. ئەمەش بەوە دەکرێت کە ناکرێت تاکە حیزبێک دەسەڵات بۆخۆی پاوان بکات. وەئەوەی ناوی دەبەن بە حوکمەتی تاک حیزی نەمێنێت. وەئەمەش واخەریکە سەرهەڵدەدات، بەڵام لە ڕیکلام کردن وتە و لێدوانی فەرمی زیاتر شتێکی تر نیە. پێویستە نوێنەرانی گەل کە هەڵبژێردراوی هەمو ڕەنگ وئاراستەو کەرتە جیاوازەکانن جڵەوی دەسەڵاتی وڵات بەدەستەوە بگرن، دیارە ئەمەش لێکەوتەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێ غەوش و ئازادە و بە نەهێنی نوێنەر دیاری بکرێت. ئێمە پێمان وایە کە ئەنجومەنی نیشتیمانی پەرلەمان-لەدو ئەنجومەنی یەکسان پێک دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی هاوڵاتیان- لە جیاتی ئەنجومەنی —فیودراڵی و پاشان ئەنجومەنی گەل. میکانیزمەی کارکردن و بڕیاردانی قانونی لە ڕێگای دەنگدانی زۆرینەی ئەنجومەنی یەکەم و یەکدەنگی ئەنجومەنی دوەم بێت.

حوکمەت هەرچیەک بێت دەبێت سەربەخۆیی دادگاکان لە میانەی پاراستن.

یاسا و دەستور بپارێزێت ،پێویستە دادوەرەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دەستەی نوێنەران بێت لانی کەم لەسەر ئاستی کۆمارەکان، وە پێویستە ئێستا ڕێ و شوێنی گۆڕینی دادوەرەکان بگرێتە بەر تاوەکو نوسینگەیەکی دادوەری دەستوری بێتە ئاراوە هەر وەک ئەوەی لە زۆربەی وڵاتاندا پێناسە دەکرێت.

پێنجەم: بەوجۆرەی کە ئێمە وا پێناسەمان کردوە دیموکراسیەت حوکمی زۆرینە نیە، بەڵکو حوکمی یاسایە. ئەوا ئێمە ئەوە دوپات دەکەینەوە کە بەتەواوی پاپەندبن بە چەمی یەکسانی لەبەردەم یاسا هەروەک گەلانی زۆرینەو کەمینە وە پاراستنی مافی کەمینەی ئاینی و نەتەوەیی، وەهەمو زیادبونی دەنگێگ بەهۆی ژمارەی دەنگدەرانی زۆرینە بکرێتەی بارگرانی بەسەر کەمینەدا ڕەت دەکەینەوە .

حوکمـداری زۆریـنە ئەگەر یاسـایەک نەبێـت. ئەوا دەبێـتە سـتەمکاری زۆریـنە لەبەرامبەر کەمینەدا. کە ئەمەش جۆرە زوڵمێکە هاوشانی زوڵمەکانی ترە.

شەشەم: ئێمە داواکار وخوازیاری پاراستنی یوگسـلاڤیاین وەک کۆمەڵگـایەکی فـرە نەتەوەی ئازاد. وەوەک دەوڵەتێکی فیدراڵی لەناو سنوری ئێسـتای خۆیـدا هەر لەبەر ئەمەش پشتیوانی لە دروشمی (کۆنگرەی هێڵسنکی لە پێناو یوگسلاڤیادا)دەکەین.

ئێمە لامان وایە داواکـاری دەسـتکاری کردنـی سـنورەکانی نـاوخۆ. ئەوا دەبێـتە مایەی ئاڵۆزبونی پەیوەندی نیـوان گەلانـی یوگسـلاڤیاو سەردەکێشـێتە سـەر کێشـەو ململانێی سەخت کە گرانە قسە لەسەر دەرئەنجامەکەی بکەیـن. کەواتە ئەنـدامانی ئەو گەلانەی لەناو سنوری کۆماری فیدراڵیدا دەژیـن، دەبێـت هەمـان مـافی کۆمـاری ئەسڵی خۆیان هەبێت کە بەوڵاتی دایک ناودەبرێت .لامان وایە کۆت و بەنـدی ئەم مافە کارێکی ناشەرعیە.

حەوتەم: لەبەر ئەوەی ئەوەی دەیبینـــین لە زەوتکـــردن و پشـــتگوێ خســـتنی تایبەتمەندی ناوازەی گەلی بۆسنەو هەرسک وە لێسەندنەوەی هەمـو مافەکانیـان. کە ئەمەش پێچەوانەی خواستی مێژو ئیرادەی گەلێکـی خـاوەن ئیـرادەیە، ئەوا دەڵێـین" گەلی مسوڵمانی بۆسنەو هەرسک بەوانەشەوە کە لەدەرەوە دەژیـن ئەوا ئەمـانە گەلـی ڕەسەنی بۆسنەن، وەشـتێکی مێـژوییە کە یەکـێکن لەو ٦ نەتەوەی کە یوگسـلاڤیایان پێک هێناوە ناوێکی مێژویی خۆیـان هەیە. خـاکی تـایبەت بەخۆیـان هەیە .مێـژوی تایبەت ئاینی تـا بەخۆیـان هەیە. بەکـورتی ئەم گەلە ڕابردویەکـی تـایبەتی هەبـوە هەروەک دەبێت داهاتویەکی تایبەتیشی هەبێت، جابۆیە پارتی کاری دیموکراتی کـار بۆ هۆشـیارکردنەوە و زینـدوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوی مسـوڵمانی بۆسـنە دەدات. وەجەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت ڕیز لە ناسنامەیان بگیرێت و هەمـو شـوێنکەوتە یاسـای سیاسـیەکانی بەرچاوبگیرێـت. ئەو دەمەی ئـێمە جەخـت لە مـافی گەلـی بۆسنەو هەرسک دەکەینەوە کە مافی خۆیـانە لەسـەر خـاکی خۆیـان بەنـاوی گەلـی

خۆیـــان لە خاکەکەیانـــدا بـــژین. ئەوا هـــاوڕای ئەوەشـــین کە دەبێـــت لەگەڵ مسوڵمانانیشـدا گەلانـی سیرب و کـروات بە بـێ هـیچ کـۆت و بەنـدێک وەک هەر گەلێکی تر لە بۆسنەو و هەرسکدا بـژین.لەم چوارچێـوەیەدا جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەینەوە کە گرنگی تایبەت بە پاراستنی بۆسنەو هەرسک بـدرێت وەک دەوڵەتێکـی کۆمەڵگـای مسـوڵمانان. سـرب کـروات لە پێنـاوی ئەم مەبەستەشـدا پـارتی کـاری دیموکرات ئەوا بەرگریەکی توند دەکات لەوەی کە ئـارامی و ئاشـتی تێـک بچێـت. یان پارچە پارچە بکرێت، وە یـان دەسـت درێـژی بکـرێتە سـەر بۆسـنەو هەرسـک. جاهەر لە فیکرو ئایدیایە کە دەبێت.

هەشتەم: لەو گرنگی پێدانانەی هاوشێوەی ئێمە بریتیە لە هەرێمی کۆسـۆڤۆ. زۆر ڕونە کە ململانێکە ململانێی گەلانە. بە زۆری لێدان و چەپانـدن دانامرکێـت. ئـێمە گفتوگـۆ بە تـاکە چارەسـەر دەزانـین. بەڵام گفتوگـۆش نـایەتەدی ئەگەر نـوێنەرانی راستەقینەی گەل لەسەرمێزی گفتوگۆ دانەنیشین، بۆیە ئێمە خوازیـاری دیموکراسـین بۆ گەلی ئەلبانیا، وە ئێمەش قەناعەتمان وایە پشتگیری بژاردەی یوگسـلاڤیا دەکەیـن تـــا کێشـــەی کۆســـۆڤۆ چارەســـەر بێـــت ئەوەی هانیشـــمان دەدات هەنـــدێک لە ئەلبانیەکانن کە پشتگیری ئەم ڕایەی ئـێمەن بـۆیە ئەوا ئـێمە پشـتگیری جاڕنـامەی (لەگەڵ دیموکراتی دژ بە توندو تیژی) وەک چارەسەر بۆ کێشەکە دەزانین.

نـۆهەم: بەلەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە بـازنەی مسـوڵمانان لە یوگسـلاڤیا بەهـۆی چەنـدین هۆکـاری جۆربەجـۆری مێژویـی و بـابەتی ئەوا لە بـازنەی گەشـەپێدان خوێندن دواکەوتوە پارتی کاری دیموکرات ئەوە بەئەرکی خـۆی دەزانیـت هۆکـاری ئەمە بنبڕبکـات لەهەوڵـی هاوکـاری و پشـتیوانی ئەم هەوڵانەبێـت کە کـار بـۆ بەرزکـــردنەوەی ئاســـتی خوێنـــدن دەکەن، ئەمەش زۆر پەیوەســـتە بە خوێنـــدنی بنەڕەتیەوە بـۆیە دەبێت خوێنـدنی بنەڕەتـی بکرێـت بە زۆر و بە خـۆڕایی بێـت و هەموان بگرێتەوە ، پارتی کاری دیموکرات داوای چاکسـازی بنەڕەتـی لە سیسـتەمی

خوێندنـدا دەکـات وە پێویسـتە چـاو بە پرۆگرامەکـانی خوێندنـدا بخشـێنرێتەوە تـا هەرچی لادان و توندو تیژی ئایدۆلۆژیە کە زادەی سەردەمی تاک حیزبیە لابنرێت.

دەیەم: لەبـارەی ئـازادی ئـاینی وەک مـافێکی ئینسـانی وبنەڕەتـی وە قەنـاعەتی تەواومان بە توانای گەورەی ئەخلاقی لە خوێندنی ئاینیدا ئەوا داوا دەکەین:

هەمو ئاینەکان لە یۆگسلاڤیا ئازاد بن خۆیان کـاری خۆیـان بەڕێـوە بەرن ئـازاد بـون لە دروسـت کردنـی دامەزراوەی ئـاینی کە بە گـوێرەی خواسـت و پێویسـتی شوێنەکەوتوانی بێت. بۆ بە جێهێنـانی ئەم خواسـتە داواکـاری چـاو خشـاندنەوەین بەنەخشە سـازی مەدەنـی چـونکە ئەوان چەمکـی —ئـاینی-یـان لەلای خۆیـانەوەوە سڕیەوەتەوە. لەلای ئەوان لە نەخشەسازی مەدەنیدا یاسایەک نیە باس لەساختمانی ئاینی بکات لە ناو شارو ئەوکۆمەڵگا نیشتەجێبوانەی کە نەخشـە سازی بـۆ دەکەن هەروەها دەستگەیشتن بە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی وەک تەلەڤزیـۆن و ڕادیـۆ. ئـازادی کۆڕو کۆبونەوەی ئـاینی و بانگەشـەکارانی ئـاینی، ئەمەش لەبەر دو هـۆ .یەکەم: تـا چەمکی یەکسانی لە نـاو هاوڵاتیانـدا زیـاتر بچەسـپێت. دوهەم: تـا بانگەشـەکارانی ئاینی بەشێوەی یەکسان لە دەزگاکانی ڕاگەیانـدن بەهرەمەنـد بـن. داننـان بەبـۆنەو جەژنە ئـاینیە فەرمییەکـان، وەک ڕۆژانـی پشـو لە ئاینەکانـدا. وە ئەو ڕۆژە جەژنە ئاینیەی کە زۆرینەی زۆری هاوڵاتیان دەگرێتەوە بکرێتە پشو . لە بۆسنەدا جـگە لە جەژنـی ڕەمەزان و قوربـان ئەوا جەژنـی سـەری سـاڵی زاینـی کاسـۆلیکی ئەرسەزۆکیەکان دەگرێتەوە. پێشکەش کردنـی ژەمە خـۆراک لە سوپاو نەخۆشـخانەو زیندانەکان کە لەئاراستەی ئاینی تاکەکەدا پێچەوانە و دژ نەبێت.

یانزەهەم: پارتی کاری دیموکرات پشـتیوانی لەو چاکسـازیە ئـابوریە دەکـات کە لەمـانگی ١٢/١٩٨٩ پێشـنیار کـراوە ئەمە بەهەنگاوێـک دەزانـین بـۆ داڕشـتنەوەی پەیـکەری ئـابوری نیشـتیمانی. بەڵام ئـێمە وەک هەنگـاوی یەکەم لەپێنـاو

دروستکردنەوەی پەیکەری ئابوری نیشتیمانی سەیری دەکەین. ئێمە لامان وایە دو گۆڕانکاری ریشەیی دی هەن کە ناکرێت لێیان دەستبەرداربیت:

یەکەم/ ررزگارکردن و ئازاد کردنی کارخانەو کۆمپانیاو بازرگانیە گەورەکان لە چنگ دەوڵەت لە بچوکەوە دەست پیَ بکرێت تا گەورە بەڵام پۆست، تەلەفۆن، هێڵی ئاسن ،

کانی کانزاو مەعدەن و بواری گەشتی ئاسمانی دەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بمێنێتەو لە کەرتی گشتیدا بن. هەروەها ئەو دەزگا جۆراوجۆرانەی وابەستە بە بازاڕ نین، وەلامان وایە -موڵکیەتی تاک— نەک کارایەکی کاریگەری بواری چالاک کردنی بواری ئابوریە بەڵکو دڵنیایەکی بنەڕەتی هاولاتیانە.

دوهەم/ گەڕاندنەوەی شکۆی کشتوکاڵ و پێدانی شوێنی تایبەت بە خۆی لە وڵاتدا وە پێویستە بەیاسا زەوی و زاری کشتوکاڵی بپارێزرێت. لە بەر ئەوەی زەوی و زاری کوشتوکاڵی لە باری خراپ دایە. وە ڕێژەی ڕێگە پێدراوی زەوی وەلابرێت. دابەزاندنی باج، دەستەبەرکردنی بار بۆ کۆمەکی هاندان بۆ ناوچە دورە دەستەکان، تا بازاڕکردنی نویَ بەرهەم بێت. بەتایبەت گرنتی کڕین دەستەبەربکریَ لەمەوە نمونەی ڕۆژئاوا لەبەرچاو بگیرێت. بەڕای ئێمە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە دەبێتە مایەی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆرە هاولاتیانمان کە چونەتە دەرەوە وڵات بگەڕێنەوە وە لەگەل خۆشیاندا نەک سەرمایە بگرە ئەزمونێکی باشیش دەهێننەوە کە لەویَ فێری بون ئەمە لە ئایندەیەکی دوردا وادەکات ڕێژەی بێکاری دابەزێنێت.

دوانزەهەم: گۆڕانکاری پەیکەری ئابوری موڵکایەتی نا بێت وابکات ئەومافانەی بەدەست هێنراون بکەونە مەترسیەوە، هەروەک نابێت لایەنی ئەرێنی دەوڵەت لەچاودێری کۆمەلایەتی دەبێت بپارێزرێت و گەشەی پیَ بدرێت ئەمەش بە خستنەڕوی چاودێری تەندروستی بەخۆڕایی دەبێت وە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی بیَ کاران و بەسالاچوان و نەخۆش و خوێندنی بنەڕەتی بە خۆڕایی و چاودێری

دایکایەتی و پاراستنی منداڵ ...هتد دەبێت بەو مەرجەی ئەو ڕێکخراوانەی بەم کارە هەڵدەستن کە چالاک و کارا بن وە دەبێت لە کۆت و بەندی بیرۆکراتیەت کە دەبێتە مایەی بە فیڕۆدانی زۆر سەرچاوە کە بۆ پێشکەشکردنە ئەو خزمەتە بنەڕەتیەلەبارو گونجاوە. هەروەک داوادەکەین ڕێ و شوێنی تایبەت بە ئافرەتانی هاوسەردار دایکانی ئیشکەر بگرێتەبەر پێویستە چۆنێتی و شێوازی کارکردنیان ڕێک بخرێت بارودۆخی کاکردنی هەفتە یان کەم بێت وەهەروەها سەعاتی کارکردنیان کەمتربێت ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەرکی خێزانداریان لەسەر شانە.

سیانزەهەم: پارتی کاری دیموکراتی گرنگیەکی تایبەتی دەدات بە پاراستنی بەهای ئەخلاقی خێزان. کە یەکەمین کاریگەری پەروەردەی تاکەو زەمینەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئارامی کۆمەڵ و کۆمەڵگایە. بۆیەهەوڵەکانمان لە دژایەتی هەمو جۆرە ڕۆشنبیریەکی زیانبەخش چڕ دەکەینەوە. وەک ئەدەب وێژەی نزم و وێنەی بێ ڕەوشتی ...هتد .پێویستەخاوەن ڕۆشنبیریەکی هەق و ڕاستی بن نەک ڕۆشنبیری شێواو ساختە.

گرنگی پێدانمان بە خۆپاراستن لەو نەخۆشیانەی بە نەخۆشی —ئەنقەست-ناسراون. وەک مەیخواردنەوە،ئالودەبون بە جگەرە و دوکەڵ و مادەی هۆشبەر و هاوشێوەکانیان پا بەندە بە گرنگی پێدانی ئەوانەی پێشتر باسمان کردن، ئەمەش بە ئەنجامدانی چالاکی فێرخوازی و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی قەدەغەکردنی پڕوپاگەندە وڕیکلام و هەروەک دەکرێت سود لە ئەزمونی وڵاتانی تر وەر بگرین.

چواردەهەم/ داوای گرتنەبەری هەڵپەساردنی دەستور دەکەین بۆ یاسای تاوانکاری تا ئەوەی لەگەڵ مافی مرۆڤ و بەیاننامە نێودەوڵەتیەکان هاو تەریب بێت. کە پێشتر یوگسلاڤیا واژۆی لەسەر کردوە.

پێویستە ئەوەی تیایا ڕەچاو بکرێت کاتێک کە چالاکی سیاسی هاوڵاتی سەری کێشا بۆ توندوتیژی تاوانکارانەئەوائەوەبە تاوان دابنرێت، جاهەر لەم

روانگەیەوەکەهیچ جۆرە توندوتیژیەکی تاوانکارانە لەسەر دەستیان روی نەداوە ئەوا داواکارین سەرجەم زیندانە سیاسیەکان ئازد بکرێن و ئازادانە بگەڕێنەوە بۆ باوەشی وڵات و خانەوادەی خۆیان.هەروەک مادەی ١٢ ی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان باسی لێوەکردوە.

پانزەهەم: پشتیوانی ڕۆشنبیری ژینگە دەبین وە لەگەڵ گرتنەبەری هەمو ڕێو شوێنێکی گونجاوین بۆ پاراستنی ژینگە. پێویستە ئەندامانی پارتی کاری دیموکراتی ئەندامانی کارای بزاڤی ژینگەدۆستان بن لە ناوچەو شوێنەکانی خۆیاندا، هاوڕێ و هاوکار و دەستباری چالاکوانانی ئەم بوارەبن

شانزهەم: ئەو ئامانجانەی کە دیاری کراون لە جاڕنامەکەدا و خاوەن گرنگیەکی گشتی و جیهانین ئەوا جێ بەجێکردنی بە هاوکاری لەگەڵ هێزە دیموکراتیەکانی تری وڵاتدا دەبێت لەبەر ئەوەی پارتی کاری دیموکرات خۆی بە بەشێک دەزانێت لەبەرەی دیموکراتی کە چەند پارتێک پێکمان هیناوە لەگەڵ چەند کۆمەڵەو دەستەو لیژنەی تردا لە یۆگسلاڤیا. پارتی کاری دیموکراتی لەگەڵ ئەو لایەنانە هاوکاری ناکات کە کار دەکەن بۆ لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی یوگسلاڤیا و جارێکی تر نەخشە داڕشتنەوەی سنورە ناوخۆیەکانی، یان لەگەڵ ئەو لایەنانەی شۆڤێنی و خاوەن کلتوری نالێبوردەیین. ئێمە جەخت لەو بەیاننامە دەکەینەوە کە نوینەری بزوتنەوە دیموکراتیەکام لە-ئۆتۆتیش- لەبەرواری ١٩٨٩/١٠/٨ دەریان کردوە. ئێمە باوەڕمان بە ڕەوتی دیموکراتیەتە بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری وڵات. بەبێ زۆر لێکردن و سیاسەتی خاک داگیرکردن.

ئەمەش واژۆی چل کەسەکە.

١-علی عزەت بیگۆڤیچ..............(دەرچوی بەشی پارێزەری —سورایڤۆ)

٢-محمد تشینتکچ.....................(ئەندازیاری میکانیک --سەرایڤۆ)

٣-د.مايد حادجی ........................(دکتۆری ددان --سەرایڤۆ)

٤-د.محمد هۆگۆڤیچ........................ (مامۆستا سەرایڤۆ)

٥-بیتشر بیگۆڤیچ......................... (پارێزەر --سەرایڤۆ)

٦-د.شاکر چیرمۆفچ ..............................(دکتۆر —سەرایڤۆ)

٧-سالم شابچ .........................................(پیاوی کار--سەرایڤۆ)

٨-د.سلێمان ماشوفچ ....................(کۆلێژی پەروەردەی تایبەت-- زگرب)

٩-د.فهیم نابیتاک..............................(لێکۆڵەر —سەرایڤۆ)

١٠-صالح فتش............................ (دەرچوی پارێزەر)

١١-فرصیا ڤیزچ................... (ڕۆژنامەنوس——سەرایڤۆ)

١٢-د.شاکر تشنگچ........................ (دکتۆر--—سەرایڤۆ)

١٣-ئەدهەم ترالیچ............................ (پارێزەر—سەرایڤۆ)

١٤-جمالدین لامیچ........................... (نوسەر—سەرایڤۆ)

١٥-عمر بوبریش................................ (موزیکزان—سەرایڤۆ)

١٦-دسعاد شیتیتش.............................. (لێکۆڵەر___—سەرایڤۆ)

١٧-دتارق موفیچ................................ (دکتۆر —مۆستار)

١٨-صفوت ئەبزۆفچ............................... (ئەکتەر—سەرایڤۆ)

١٩-دشیسمۆ تانکۆڤیچ...................... (مامۆستای یاریدەدەر)

٢٠-میرصاد فیلادجتچ...................... (شارەزای میکانیک)

٢١-د.کمال بتشاکشچ........................ (دکتۆر —سەرایڤۆ)

٢٢-عبدالله سکاکا ..................................(پیشەوەر —سەرایڤۆ)

٢٣-عمر بهمن.................. (دەرچوی ئەندازیاری مەدەنی —سەرایڤۆ)

٢٤-وشیفکۆ عمر باشچ................. (پێش نوێژی مزگەوت---زگرب)

٢٥-د.مصطفى تيرپتچ..(مامۆستای یاریدەدەر کۆلێژی ئاینی ئیسلامی—سەرایڤۆ)

٢٦-د.سلێمان تشامدجچ.........................(لێکۆڵەر --زگرب)

٢٧-د.لیما حادجی عصمانوفێش...............(کۆلێژی فەلسەفە —سەرایڤۆ)

٢٨-د.خالید تشاوتش..........................(پارێزەر —سەرایڤۆ)

٢٩ — كمال نانیش.......................... (ئەندازیاری مەدەنی)

٣٠-بکرسادۆفیش......................... (قوتابی —سەرایڤۆ)

٣١-فارس نانیتش.......................... (قوتابی —سەرایڤۆ)

٣٢- نورالدین ایسماغیلۆڤیچ...................(قوتاب—زگرب)

٣٣-حسین هۆکتش..................(ئەندازیاری میکانیک —ماریبۆر)

٣٤-میرصاد سریر نیکۆڤی......................(پارێزەر —زگرب)

٣٥- نرجاد جهور.............................(هونەری—بانیالوکا)

٣٦-فهیم نوح بیگۆڤیچ..........................(پیاوی کار —زگرب)

٣٧-دجاوکۆزونتش.............................(پیاوی کار —زگرب)

٣٨-د.ئەڵماسە شاکر بیگۆڤیچ..............(کۆلێژی ڤێتەرنەری—سەرایڤۆ)

٣٩-د.احمد براتشکۆڤیچ.....................(کۆلێژی ئابوری —سەرایڤۆ)

٤٠-د.ئومیر غیتیش ........................................(دکتۆری ددان)

لەبیرمە هەر کە لە خوێندنەوەی —بەیاننامە-کە بومەوە ڕۆژنامە نوسێکی _بۆربا- لێی پرسیم: بەڕێز علی عزت بیگۆڤیچ ئەگەر دەسەڵاتان کەوتە دەست هەوڵدەدەن ئەوانەی ئێوەیان لە زیندان ئاخنی تۆڵەیان لێ بکەنەوە؟. لەوەڵامدا وتم: نەخێر بەنیازی هیچ تۆڵە کردنەوەیەک نین. هەروەک ئێستا لە بەیاننامەکەدا ئاماژەم

پێدا. پاش کەمێک وتم: ئێمە شتی گەورەترمان لە پێشە لەناو ئامادەبواندا -جمال الدين لاتیچ- هەستایە سەرپێ و ماوەیەک بو خەریکی هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانی گەورە بو لە پێناو چاو خشاندنەوە بەو ڕێکارانەی کە گیرابونە بەر بۆ حوکمدانمان وتی —بەڕێز بیگۆڤیچ ئەمە تەنها ڕای خۆتە و باسی ڕای گشتی ئەوانە نیە کە لەو دادگایەدا حوکمدرابون سەبارەت بە خۆم ئەوا داوای چاوپیاخشاندنەوە دەکەم بۆ چۆنێتی گرتنەبەری ئەوحوکمدانە. وە داوادەکەم هەمو ئەوانەی دەستیان لەم کارەدا هەبوە بدرێنە دادگا. مەرجیش نیە هەمویان زیندانی بکرێن، ئەم پەرچەکردارە جۆرێک لە پشێوی لەناو ئامادەبواندا دروستکرد. ئەوەتەی دەسەڵاتی شیوعیەت هەیە لە بۆسنەو هەرسک ئەمە یەکەمجارە هێزێکی سیاسیی دەرکەوێت و سەر بە شیوعیەکان نەبێت و بە دەنگی بەرز بدوێت. دوایی لە میانەی ئەو هەواڵانەی گەیشتنە بارەگای گشتی زانیمان کە دەسەڵات دوچاری دودڵی و پەشێوی هاتوە لەوەی بەرگری لەوە بکات کە بەو کارە هەستین.

هەروەک هەواڵی ئەوەشمان بەدەست گەیشت کە دەسەڵات لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ دەستگیرکردنی ئەو ٤٠ کەسەی واژۆیان کردوە بەڵام دەسەڵات لەوە لاوازتر بوبون توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیان نەبو وە بۆ بەتاڵ کردنەوەی حاڵەتی دەرونی خۆیان تەنها ئەوەندەیان لەدەست دەهات لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەخنەمان لێ بگرن . ئیتر ئەمە هەمو شتێکی ئەوان بو.لەمانگی نیساندا ڕۆژنامەی —ئۆسلۆبۆدۆجینیە- ڕزگاری. بە زنجیرە چیرۆکی ڕۆژنامەوانی __دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی باس و خواسی دادگایکردنەکەم لەساڵی ١٩٨٣دا وە ئەمەش بۆ قەناعەتپێکردنی ڕای گشتی کەوا من خاوەنی پێشینەی خراپ-م. وە ڕۆژنامەکە بە هەمان شێواز و جۆر کە پێشتر کاتی خۆی لەسەر دادگایکردنەکەی نوسیبوم کەوتنەوە تۆمەتبازی و ساختەکاری کردن. شیوعیەکان وایان دانابو کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون چونکە (کرێکاران و هاوڵاتیان کاتێک کە نەخشەو پلانی دەمارگیران و کۆنە پەرستانی پێشویان بۆ بەیان دەکرێت. ئەوا شوێنی

شايستەی خۆيان پـێ دەدەن و وەلايـان دەنـێن!!). وە وەک پەرچەكردارێـک بـۆ ئەو چيـرۆكە بە باشـم زانـی كە ئەمە بە دەرفەت وەربگـرم تـاڕاو بۆچـونی خـۆم بـڵاو بـكەمەوە، ئيتـرلە وەڵامدانەوەكەمـدا سـودم لە قسـەكانی خـۆم وەرگـرت لە دادگـايكردنەكەی سـاڵی ١٩٨٣ دا پـێش ئەوەی بڕيـاری حـوكمەكەم بەسـەردا بخوينرێتەوە گوتم :

(من يوگسلاڤيام خۆشدەوێت. بەڵام حوكمەتەكەم خۆش ناوێت)

دوای ٢ مانـگ لە ١٩٩٠/٥/٢٦ دەسـتەی دامەزرێـنەری پـارتی كـاری ديموكراتيەت لە هۆتێل-هۆلێدای ئێن) كۆيونەوەی خۆی دەست پێ كرد.

هـۆڵەكە پڕبـو لە تـرس و دڵە ڕاوكێـی جۆرێـک لە (تحـدی)ی دروسـت كـرد، خەڵكـانێكی زۆر لە هەمـو ناوچەكـانی بۆسـنەو هەرسـک و يوگسـلاڤيا ئامـادەبون. (زوالفيقـار باشـتيش) بەتـايبەت لە سويسـراوەهاتبو، ئەوكەسـەردەمانێكی زۆر بويوگسلاڤيای جێهێشتبو لەسويسرا پەنابەر بو. من لە هـاوينی ١٩٨٩دا ناسيم. هەر لەناسينی سەرەتادا بۆم دەركەت كە ئەو خاوەنی تێڕوانينی تايبەت بەخـۆيەتی ئەو وای پێ باشە كە مۆركی ئيسلامەتی بە پارتەكەوە نەبێت، تەنها مۆركی نەتەوايەتـی گەلی —بۆشناڤ-بەس بێت. من ڕێزم لە بۆچونەكانی گرت.

لە كۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەردا بە -بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ- دەسـتم پـێ كـرد كەمن لێرەدا دو مەبەستم هەبو.

يەكەميان/ بەمانای وشە خوازياری پشت وپەنای و پەنای خوا بوم لەم كارەدا

دوەميـان/ وەک ئامـاژەيەک بـۆ ئـازادی ئـاينی و هێمـايەک بـۆ يـاخی بـون لە سيسـتەمی دەسـەڵات تـا ئەو كـاتەكەس خـۆی لە قەرەی ئەوە نەدەدا لە كـۆڕ كۆبونەوەی گشـتی دەسـتەواژەی ئـاينی بەكاربهێنێـت. بەباسـی چيرۆكـی ئـازادی درێژەم بەقسەكانم داو گوتم:

سـاڵی رابـردو لەدوای ڕوخـانی دیـواری بەرلـین و دارمـانی شـیوعیەت خـۆری ئـازادی بـۆ ملوێنەهـا کەس لەکەل دەرکەوت. وەکەوتـمە بەراوردکـاری لەگەڵ زۆر رووداوی گرنگـی تـری جیهـانی وەک -روخـانی بێزەنـت و دۆزیـنەوەی ئەمەریکـاو شۆرشی فەڕەنسی. پاشان وتم (من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە مافی ئەوەم هەبێت بە ناوی گەلی بۆسنەوە قسـەبکەم. چـونکە کەس نەیکـردوم بە نـوێنەری خـۆی. بەڵام تەواو دڵنیام قسەکانی من گوزارشت لە هەست و شعوری قـوڵی ئەوان دەکـات کە دەڵێین ئەوان ناهێڵن بۆسنە لەتو پەت بکرێت، پاشان لەبـارەی ڕوخـانی شـوعیەتەوە وتم هەوڵدان بۆ دروست کردنی بەهەشت لەسـەر زەوی بەبـێ خـواو پاشـان مـرۆڤ هەوڵدانێکی شکست خواردوبو دژ بە خواو مرۆڤ ئیتر ئەوە بو بە تێکشکان کۆتـایی هات ئیتر خەڵکی بە چەپڵە قسەکانیان پێ بڕیم و هەندێکیشیان دەگریان دیارە ئیتر لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی دەستی پێ کرد. لە ڕیزی پێشـەوەی ئامادەبوانـدا - بۆشتین- سەرۆکی پارتی دیمۆس-ی سلۆڤینیاو دالیبۆر برۆزۆڤچ نوێنەری کـۆمەڵەی دیموکراتی و دراجن بودیشا سەرۆکی پارتی لیبراڵی.

کـۆمەڵایەتی کرواتـی لە زگـرب و د.فـۆاد مـوهتش بەرچـاوترین دەسـتبژێری شـیوعیەکانی بۆسـنەو راسـم کـادتیچ سـەرۆکی یەکێتـی لاوانـی سۆسیالیسـتی... ......هتد دانیشتبون. هەمویان قسەی باشیان کردو پشتیوانی خۆیان بۆ کـۆنگرەکە دەربڕی. بەم جۆرە کار بە باشی ڕۆیشت تا سەرە گەیشتە سەر بـرۆزۆڤیچ کە وتـی: (تا ڕوباری درینا بەرگری لە کرواتیا دەکرێت)، چەپڵەیەکی کەمی بۆ لێدرا. پاشـان دوای ئەو —سیر یـۆف- جەختـی لەسـەر قسـەکانی ئەو کـردەوە بە نەیـاری بـونی خۆی بۆ زمانی بۆسنەیی نەیاری بونی خـۆی دەسـتپێکرد. قسـەکانی زۆر نـالۆژیکی بون، خەڵکیش بە حیکمەتی خۆیان چەپڵەیان بـۆ لێـنەدا. لە تەلەفزیـۆنی سـەرەکی سەرایڤۆوە ڕاپۆرتێکی کورتیان لەسەر کۆنگرەکە نیشاندا، وە بە ناونـاتۆرەی کۆمەڵێـک زینـدانی سیاسـی...،مامۆسـتای زانکـۆی فاشـیل،..... سیاسـەتوانانی نـاڕەحەت ......،ناوزەدیان کرد. ئەمە هەمو تواناو هێزی دەسـتەڵاتدارانی شیوعی بـو.. ئیتـر

دەستەی دامەزرێنەر ڕەزامەندی خۆی لەسەر بەرنامەی حیزب نیشانداو دەستکرا بە هەڵبژاردنی سەرکردەکانی پارتەکەو پاشان منیش بە سەرۆک هەڵبژێردرام.. حیزب بەناو خەڵکدا کەوتە بڵاوبونەوەو قەبارەی گەورەبو کە لەلای کەس جێی چاوەڕوانی نەبو، چۆن تۆپەڵە بەفرێک لە بەرزاییەکەوە دێتە خوارەوە خێرا خێرا قەبارەی زیاد دەکات، ڕێکخراو و لق و هەرێم و ناوچەکان ڕویان لە زیادبون کرد. لە کۆتایی مانگی —ئاب-دا هەڵمەتی هەڵبژاردن گەیشتە لوتکە، هەر لەم ڕوانگەیەوەو لەسەر داوای لقی پارتی کاری دیموکراتی لە ئەمریکا لەگەڵ جمال الدین لاتیش سەفەری ئەمریکام گرتەبەر. لەوێ بە هاوڕێی قوتابخانەو هاوپۆلم —حسن کراتشتش- گەشتم کە ئەمریکییەکان پێیان دەگوت —حسن کراتش- قوتابییەکی چاک و پاشان پیاوێکی باش و دکتۆرێکی چالاک بو. لەبەرئەوەی نەیاری سیستمی شیوعیەت بو ئەوا ڕێگای هەندەرانی گرتەبەرو لە کەنەدا گیرسایەوە، لەوێ کارگەیەکی —ڕۆن-ی دانا. لە نزیک تاڤگەی —نیاگارا- خانویەکی جوانی دروستکرد. لەگەڵ ئافرەتێکی تورکدا هاوسەرگیریی کردو خودا دو کچ و کوڕێکی پێبەخشین. گۆچان بەدەست بو گران قسەی بۆ دەکرا و زۆریش دەگریا. هێندەی منداڵی بە دیتنم دڵخۆش بو، موسڵمانە ئەمریکیەکان زۆر ڕێزیان لێدەگرت و زۆریشیان خۆشدەویست.

پاشان سەردانی واشنتن و شیکاگۆ و دایتۆن-مان کرد، دیارە دواتر زۆرتر باسی —دایتۆن- لەبەر گرنگی پەیماننامەکەی کۆتایی شەڕ دەکەین. لەمیانەی گەشت و گەڕان و چاوپێکەوتنەکەمان لە ئەمریکا هەمان کێشەی ناوخۆی وڵاتان لە ئەمریکایش بەرچاو کەوت. ئەوان لەوێ بە مانای نیشتمانی و نەتەوایەتی هەستی موسڵمان بونیان لەلا گەڵاڵە بوبو. هەڵدەستان بە ئەنجامدانی ئاهەنگە ئایینی و نەتەوەییەکان، ئەمەش بە خۆدورگرتن لە —تشتنیک و ئۆتاشا- دەمارگیرەکان، زۆربەیان خۆیان بە کارو ئیشی بچوک و سادەوە خەریک کردبو. بایەخیان بە خوێندنەوە نەدەدا کەچی گەورەترین ئاهەنگی مۆسیقایان ساز دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان جێدەستی خۆیان لە کۆمەڵگای ئەمریکادا بەرچاوە.

سەرکونسوڵی یوگسلافیا لە ئەمریکا —جواد مۆزینۆفیتش- بـو کە خـۆی موسـڵمانێکی بۆسـنی بـو، لە بارەگـای کونسـوڵخانە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنـامەوانی بـۆ سـاز کـردم. کۆنگرەکە ئاسایی کاری خۆی بەڕێوەبرد تا ئەو کـاتەی ڕۆژنـامەوانێکی —بەلگـرادی لەبارەی —کۆسۆڤۆ-وە پرسیاری لێکردم، وە پرسـیارەکەی وا لێکـردم کە دەبێـت یـان پشتگیر و هاوهەڵوێسـتی —یـاخیبوان- بـم (کە ئەودەم وا ناویـان دەبـردن،) وە یـان ئەوەتا نەیاریان بم. لێرەدا باڵیۆزی یوگسلافی خـۆی ڕاشـکاوانە هـاتە نـاو باسـەکەو وتی: لەبارەی بۆسنەوە پرسیار بکە، ئەگەر تۆ بەڕاسـتی بەدوای وەڵامـدا دەگەڕێیـت ئەوا کەس پێی خۆش نییە کە هێز بۆ سـەرکوتکردنی هـیچ گەلێـک بەکاربهێنرێـت. هەر لەوێ —جواد مویزنیۆفیتش- هەندێک ڕاستی لەبارەی ڕادەی بەشداری —نزمی- بۆشناق-ەکانی لە سلکی دیپلۆماسـی یوگسـلافیای بـۆ درکانـدم. (واتە لەنـاو ١٧٧٠ کارمەندی وەزارەتـی دەرەوەی یوگسـلافیا تەنیـا ٣٠ کەسـیان بۆشـناقن. واتە ١٠٥%
ئەمە لە کاتێکـدا ئەمـان ٨% دانیشـتوانی یوگسـلافیا پێـک دەهێـنن. ڕۆژی دوایـی لەگەڵ سـیربیە کۆچبەرەکـانی ئەمریگکـا گفتوگۆمـان هەبـو کە لە نێوانیانـدا _میهایلۆمیخالۆف- بو کە کەسێکی یاخی بو لەدەست شیوعییەکان هەڵاتبـو، کـاتی خۆی شیوعییەکان بە تۆمەتی قسەکردن —زۆریـان زینـدانی کردبـو، دیـارە لەبـارەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ-یش قسـەمان کـرد. ئەوەی کە لەلامـان سـەیر بـو کە کەسـیان پشتگیری میلۆسۆڤیچ-یان نەدەکـرد. هەرواش بـو لە نـاڕەحەترین قۆناغـدا دیمـۆکراتە سـیربییەکان نەبـونە پشـتیوانی میلۆسـۆڤیچ. ئەو ئـوتێلەی تیایـدا لەگەڵ کرواتەکـان بەیەکگەیشـتین پـڕ لە خەڵـک و چـڕە دوکەڵ بـو. هەرچەنـدە ئـێمە لەبـارەی تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازی موسـڵمانانی بۆسـنەوە قسـەمان بکـردایە ئەوا لەلایەن کرواتەکانەوە قسەمان پێ دەبـڕدرا و پرسـیاری زۆریـان لێـدەکردین. ئیتـر ئەو قەوانە کۆنەیان لێ دەدایەوە کە بۆسنە بەشێکی دانەبڕاوە لە کرواتیای سـەربەخۆ وە پێیـان دەوتین ئێوە کرواتن بەڵام موسڵمانن، وە لەبارەی سڕبیشەوە قسەیان کـردو دەیـانگوت کە ئەوان دەمارگیرن، ئێمە زۆر لە هەوڵـی ئەوەدا بـوین کە بڵێـین ئـێمەو کـڕوات لە

یەکەوە نزیکین و باش یەکتری دەناسین و لە مێژوماندا هیچ کارەسات و ڕوداوێکی وا بەرچاو نییە، بەڵام نەمانتوانی بەر بەو هەمو هێرشە بگرین کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرایە سەرمان و سەر بۆسنە. لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەدا پیاوێکی باڵابەرزی بەتەمەن هاتە لای مێزەکەم و تەوقەی لەگەڵدا کردم و بە دەنگێکی بەرز وتی: (بەڕێز عزت بیگۆڤیچ ڕێگام بدە کە ڕێزی خۆمت بۆ دەربڕم و پێت بڵێم کە من پشتگیری ڕاکانتم، ئیتر ئەمەیە ڕێگاکە، ئەو کەسەش کۆچی کردو —دبرانکۆپیشیلیە- بو کە یەکێک بو لە واژۆکارانی ئەڵتەرناتیڤی دیمۆکراتی- ئەو دژی فاشیەت و شیوعییەت بو، پێشەوای پارتی جوتیارانی کروات بو لە هەندەران. پاشان کۆچبەرێکی تر خۆی بە —داید جانیاز بالتاک- ناساندو وتی کە کرواتیەکی موسڵمانم ڕویکردە ئامادەبوان و وتی: (بۆ هێرش دەکەنە سەر ئەم کەسانەو ئەمانە ڕۆشنبیری دیندۆستن زیاد لەوەی نەتەوەیی بن، لێیان گەڕێن با بەردەوام بن، دەگەنە وەڵامی خۆیان، بەڕێز عزت بیگۆفیچ دەمەوێت پرسیارێکت ئاراستە بکەم، ئایا ئێوە لە بواری سەربازیەوە هیچ خۆتان ئامادە کردوە ڕوبەڕوی —تشتنیک- ببنەوە؟ دیارە نەتانکردوە. ڕێگەم بدە کە پێت بڵێم ئەوا هەرچەندە تۆ لەبارەی — لێبوردنەوە- بدوێی ئەوا ئەوان لەسەر ڕوباری —درینا- سەرتان دەبڕن، ئەوان میللەتەکەتان سەردەبڕن بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئێمە چی بە ئەوان دەڵێین. کاتێک شەڕ لە کرواتیا هەڵگیرسا ئەوا داید جانیاز پالتاک- بوە جەنەڕاڵێکی سوپای کرواتی و لە بۆسنە لە شەڕ دژی —تشتنیک- بەشدار بو برینداریش بو، -جمال- بۆی گێڕامەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ بۆسنە ئەوا پەیوەندی پێوەکردوە و بە گاڵتەوە باسی ئەو قسەیەی ئەو ڕۆژەی ئوتێلەکەی واشنتنی بیرهێناوەتەوە کە هۆشیاری داینێ.

ڕۆژی دوایی لە نوسینگەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشوازیمان لێکرا. ئەو کاتەی کە خەریکی چونە ژورەوە بوین، جمال پێی وتم (بسم الله)ی لێبکە. ساڵانی دوایی دەریانخست کە قسەو گفتوگۆکانمان لەو ڕۆژەدا لەناو دڵی ئیدارەی ئەمریکادا چەندە پڕ بایەخ و گەورەبون زیاتر لەوەی کە

بیرمـان لێـدەکردەوە. ڕۆژێکـی ترمـان لە دایتـۆن بردەسـەر ئەو —دایتـۆن-ەی بـۆتە بەشێک لە مێژوی بۆسنە، لەوێ بۆ کۆبونەوەی ساڵانەی مسوڵمانانی ئەمریکای بـاکور بانگهێشت کرابوین، کتێبەکەم (ئیسلام لەنێـوان خـۆرهەڵات و خۆرئـاوا) کە ئەودەم وەرگێڕدرابوە سەر ئینگلیزی کە مـن لە زینداندا بـوم لەلایەن ناوەنـدی ئیسـلامییەوە ناسراو بو، کاتێک چوینە ناو هۆڵەکە قەڵەباڵغ بو خەڵکی بە خێزانی هاتبون بـۆ ئەم چاوپێکەوتنە، منداڵەکان بە شێوەیەکی بێزارکەر خەریکی ڕاکردن بون، -جمال- پێـی وتم (ئێستا دەتوانی بڵێی من لەنـاو موسـڵمانانندام؟) ئەمەشـی لەبەر سەرسـامبون بە جموجـوڵ و چـالاکی ئامـادەبوان وت، ئەو بەو نەخشـەو پـلانە وردە پێشـوەختەی ئەوان سەرسام بو هەرچەندە سەراپای دیمەنەکانیش دڵخۆشکەر نەبون، هەمـو دیـدار و چاوپێکەوتنەکانم بیرنایەتەوە. پێش ئەوەی بچم بۆ —فۆدشا- چوم بۆ —زگـرب- و بیهـــاتش- زۆفۆرنیـــک- گوڕاشـــدە- ئـــۆزلا- تیتۆفـــۆ- روداوە ســـەرەکیەکەی ئەم چاوپێکەوتنە لە —ڤۆدشا- لە ١٩٩٠/٨/٢٥دا بو ئەویش لەمیانەی ئامـادەبون بـو بـۆ ناشـتنەوەی تەرمـی ئەو موسـڵمانانەی لەمیـانەی جەنگـی جیهـانی دوەمـدا گیانیـان لەدەست دابو. لەگەڵ ئەوەی بە هەمو پێـوەرو ڕێـژەیەک ژمـارەی گیـان لەدەسـتدانی موسڵمان زۆر لە ڕێژەی خۆیان زیاتر لەگەڵ نەتەوەکانی تـر بـو، ئەو گـۆڕانەی تیایـا نێژدرابون دیاری نەکرابو، سیستمی دەسەڵاتی — مولحید- ی نەیهێشت هیچ جـۆرە یادگاری ئاییـنیـان بـۆ سـاز بکرێـت تـا یـادی ئەو گیـان بەختکـراوانە بە زینـدویی بمێنێـتەوە، ئەو بەیەک گەیشـتن و چـاوپێکەوتنەی —فۆدشـا- بەناونیشـانی(نابێت جارێکیتر لە فۆدشادا کۆمەڵکـوژییەکیتر دوبـارە بێـتەوە). لەوێ داوام لەو سـەدهەزار کەسـە ئامـــادەبوەی ئەوێ کـــرد کە —لێببـــورن- وە وتـــم موســـڵمانان لەو ڕۆژەوە بە تـــاقیکردنەوەیەکی مێژویـــی گەورەدا تێـــدەپەڕن. لەوێ نەیـــاری ئەوە بـــوم کە بەرپرسیارییەتی ئەم تاوانە بە گشتی بەسەر هەمو سڕبیەکاندا بدەم، لام وابو تاوانێک دەستەی —تشتنیک- کردویانە ناکرێت بەسەر میللەتێکدا بدرێت. جا بۆ بەرگـرتن و ڕێگرتن لە هەر جۆرە زیادەڕەوییەکی نەتەوەیی ئەوا گوتم:

(سەبارەت بە ئێمە لامان وایە ئێمە لە گۆشە نیگایەکی ترەوە سەیری کارەساتی مەرگبـاری —فۆدشـا- دەکەیـن ئەویـش لێـرەدا دو گەل و نەتەوە هەن (پیـاوکوژ و قوربانیانی بێتاوان). ئیتر کوڕو کچان دەستیان کرد بە هەڵدانی چەپکە گوڵ لەسـەر پردەکەوە لەو شوێنەی پێش ٥٠ ساڵ موسـڵمانانی تیایـدا ڕەشـەکوژ کرابـو. وە ئەوەم بۆ پێشنیار کردن کە چەپکە گوڵیش لەسەر گۆڕی قوربانیانی سرپی بێتاوان دابنـێن. خەڵکیش بە گوێیان کردم، بەڵام لە بەدبەختی ئەمانە هەموی شتی میسـالی بـون و هیچ سودێکیان نەبو، چونکە هەر لە ساڵی ١٩٩٢ ئەو کارەساتە مەرگبـارە بەخراپتـر لە پێشو دوبارە کـرایەوە، خەڵکـی ئەوەی کـوژرا کـوژارو ئەوی دی ناچـار بە ڕەوی بەکومەڵ کراو مزگەوتەکانیان خاپور کرد، لەنێو ئەو مزگەوتانەدا مزگەوتی —ئالادبا-ی بەناوبانـگ کە دروسـتکردنەکەی دەگەڕایەوە بـۆ سـەدەی ١٦ی زاینـی. ئێسـتا دەپرسم ئایا هـیچ پێویسـتمان بەوە هەیە لەبـارەی لێبـوردنەوە بـدوێین، دەڵـێم بەڵـێ ئەمڕۆش پێویستمان پێی هەیە، هەوڵدانی لەم جۆرە بابەتە ناکرێـت هەروا بـێ مانـاو بێ سەرەنجام حسـاب بکرێـت. وە لە —فیلیکـا کلادۆشـا- نـزیکەی ٢ هەزار کەس کۆبوبونەوە لێرە زیاتر لەوەی —فۆدشا- پـێم لـێ هەڵبـڕی و وتـم: پێویسـتە بۆسـنەو هەرسک کۆمارێکی شارستانیانەی هەبێت، ئە مەش تاکە بـژاردەی گەلـی موسـڵمانە، نـاڵێم گەلـی ئیسـلامی یـان سۆسیالیسـتی، بەڵکـو گەلـی مەدەنـی و شارسـتانی، بـۆ ئەمەش پێویستمان بەوەیە کە سیرب و کرواتەکان داواکاریەکەمان لـێ قبـوڵ بـکەن. ئەگەر سلۆڤینیاو کرواتیا هەڕەشەکانیان ببەنە سـەر بەوەی لە یوگسـلافیا جیـاببنەوە، ئەوا بۆسنەش لە یوگسلافیا جیادەبێتەوە، بۆسنە بەوە ڕازی نابێت ببێت بە بەشـێک لە سرپیای گەورە. ئەگەر پێویستی کرد ئەوا موسڵمانان بۆ بەرگری لە بۆسـنە چەک هەڵدەگرن. ئەمە یەکەمجار بو کە باس لە جیابونەوە لە یوگسلافیا و چەک هەڵگرتن بکەم. ئەمە لە ١٩٩٠/٩/١٥ دابو، بۆیە گەلی موسڵمانی بۆسنە ئەگەر بە شـێوەیەکی گشتیش نەبێت ئەوا جۆرێک لە ئامادەباشی تیایا بو بـۆ ڕوبەڕوبـونەوەی ڕوداوەکـان. هەرچەندە کەموکورتی هەبو لە پڕچەک کردنیان بەڵام ڕێکخراوبون.

ماوەیەکی کەم پێش هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ سەرۆکی دەزگای دژە سیخوڕی یوگسلافیا —جەنەرال فاسیلیف- کۆبومەوە ئەو وای دەرخست کەوا ئێمە چەک و پێداویستی شەڕمان وەگیرکەوتوە منیش باسەکەم لێ قبوڵ نەکرد، بەڵام ئەو وتی بەڵگەم لایە بەڵام نیشانت نادەم. دیاربو کە کەسێک لەگەڵ پارتی کاری دیموکراتی کاری دەکرد لەولاتریشەوە کاری بۆ ئەوان کردوە. دوای ئەوەی چوینە ناو سەربازگەی —مارشاڵ تیتۆ-وە هەندێک بەڵگەنامەمان بینی —وە جەنەرال فاسیلیف- پێی ڕاگەیاندم (بەڕێز عزت بیگۆڤیچ ئێمە هیچ ڕۆژێک لە چەک نەترساوین، ئەوەی کە ئێمە نیگەران دەکات ئەوەیە کە ٢٠ کەس کە ڕاوبۆچونیان یەک بێت هەستن بە خۆڕێکخستن، بەڵام جبەخانەکان پڕن لە چەک و ترسمان نیە و نیگەرانی نین). ئێمەش نەک ٢٠ کەس هەزاران کەسمان ڕێکخست بۆ بەرگری لە بۆسنە. دیارە ئەمەش هێزو توانایەکی باشی بە بەرگری لە وڵات بەخشی. لەمیانەی وتاردانەکەمدا خۆم وتارەکانم دەنوسی جگە لە جارێک نەبێت داوام لە هاوڕێیەکم کرد کە لە یاریگای شاری مۆستار وتارێکم هەیە با بۆم بنوسێت، وتارێکی جوان بو بەڵام قسەی من نەبون. بۆیە قەناعەتپێکەر نەبون، چەپڵەلێدان ساردو سڕ بو، لە نیوەی وتارەکەمدا کاغەزەکەم پێچایەوەو لامناو خۆم بەبێ خوێندنەوە کەوتمە وتاردان، ئیتر کاریگەری قسەکان لە پێشو باشتر بو، بە ڕوانین لە و دیدارو چاوپێکەوتنە چڕانەی کە هەمبو کەمتر بواری ئەوەم هەبو بیر لەوە بکەمەوە کە چی باس بکەم، وام لێهاتبو تا ئەو کاتەی سەرەی قسەکردنم دەهات نەمدەزانی باسی چی بکەم. ئیتر خێرا هەوڵی سازکردنی هەندێ ڕستەی هاوسەنگم دەدا. کاتێک کە دەچومە سەر شوێنی تایبەت بە وتاردان هەنگاوی هێواشم دەناو بگرە ڕێگای دورم دەگرتەبەر تا دەرفەتی بیرکردنەوەم هەبێت و چەند چرکەیەک بۆ بیرکردنەوە بگێڕمەوە. نەخشەی ئاڵای پارتی کاری دیموکراتیمان لە ئەلبومێکی وێنەی کۆندا وەگیرکەوت کە دەوترا ئەم وێنەیە ئاڵای موسڵمانانی ئیسپانیا بوە. بۆیە لەوە گەورەترمان لەلا نەبو کە ئێمە موسڵمانی بۆسنەی ئەوروپا چاو لە ئاڵای ئەوان

بکەین، خەڵکیش پێشوازیان لەم بڕاردەیە کرد. جەنازەی مردوەکان و تابوتی سەر قەبرانیان بەم ئاڵایە دەپێچایەوە. کاتێک سەربەخۆییمان وەرگرت ئاڵایەکی تازەترمان دانا، کە گوڵە (زنبق) مانگ لەسەررووبەرێکی سپی بو. ئیتر نازانم شتێکی پاکترو جوانتر لە گوڵ و مانگ چی بێت کە بیکەینە ناسنامەمان. (ژولفقارباتیش) بەهۆی ئاڵاکەو هەندێک سرودی ئاینی کە ئامادەبوان دەیانگوتەوە توڕە بو. دەیانگوت ئەوە ئاڵای سعودیەیە بەهۆی ئەوەی شمشێر و نوسینی لەسەر بو. ئەمەش لەو کۆبونەوەیەی –کلادۆشا- بە زەقی دەرکەوت. دان بەوەدا دەنێم کە کۆبونەوەکە ئەوەندەی کەشوهەوای ئاینی بەسەریدا زاڵ بو هێندە لە کۆبونەوەیەکی سیاسیانە نەدەچو. بەڵام وام هەست نەدەکرد کە ئەمە تاکە هۆکاری ئەو توڕە بونەبێت بەڵکو وەک لە دوایدا دەرکەوت وردە وردە ڕاو باڵی جیاواز لەناو حیزبدا سەری هەڵدا، گیروگرفت لە باڵی –ژولفقارباتیش-ەوە سەری هەڵدا، دەرکەوت کە ئێمە هەموان کۆمەڵێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی یەکگرتو نەبوین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی _ژولفقارباتیش- کە خۆی بە سەرکردەی موسڵمانان دەزانی. هەڵبژاردەکانی مانگی ١١ ئەوەیان دەرخست کە ئەوخۆی هەڵدەخەڵەتاند، بە تێپەڕبونی کات هەواداران و لایەنگرانی من ڕوی لە زیادبون کرد بەرامبەر بە کەمبونەوەی لایەنگرانی ئەو. دوایی دەرکەوت بە نیازی لەتکردنی حیزب بوە، زۆرم هەوڵدا لەگەڵی کە لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە لەبەرئەوەی خەڵکی تازە خەریکبون هەست بە جۆرێک لە ئازادی بکەن.

لە ٩/١٨ واتە ٣ ڕۆژ دوای کۆبونەوە گەورەکەی –کلادۆشا- لە بارەگای سەرەکی حیزب دانیشتبوم خەریکی خۆئامادەکردن بوم بۆ دیدارێک، کۆمەڵێک بێ پرسکردن خۆیان بەزوردا کردو پێیان ڕاگەیاندم کە – ژولفقارباتیش و فیلببۆفتیش- کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان بەستوەو ڕایان گەیاندوە کە ئەوان سەرۆکایەتی حیزب بەڕێوە دەبەن. بە بیانوی ئەوەی گوایە حیزب ملی لە ڕاستڕەوی ناوەو من حیزبەکە بەرەو ئوسوڵگەرایی دەبەم، بەڵام ئەوان دەیانەوێت بەرەو ئەوروپا ڕێبگرنە بەر...

ئیتر بەمجۆرە قسانە ئەمەش کودەتایەکی سیاسی کلاسیکی بوکە بڕیاری ئەوە بدەیت سەرۆکایەتی حیزب بگریتە دەست بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەزگاو دامەزراوەی ڕەسمی حیزب. خەڵکی بە بیستنی هەواڵەکە نیگەرانی و بێزاری ڕوی تێکردن. لە ڕۆژنامەکاندا مەقالەی بەناونیشان —ئەو ڕۆژەی بۆسنە تیایا گریا- بوبە مانشێت، بەڵام هەرزو دەرکەوت کە هەوڵەکە شکستخواردوە ڕێگری کرا لە فیلبۆفیتش کە بچێتە هۆڵێکی وەرزشیەوە تا دیدارێک ساز بکات. وە من کرامە باوەش و سەرشانی ئامادەبوان. خەڵکمان لەگەڵدا بوئەمەش دوایی لە میانەی چاوپێکەوتنی هەوادارانی هەردولا بۆم دەرکەوت. وە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ١١دا زیاتر دەرکەوت بەوەی من لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا نزیکەی ١٠ بەرامبەری ئەوم دەنگ هێنا. وردەوردە ناوی کەسێک لە قەیرانی یوگسلافیادا زۆر بەرگوێ دەکەوت ئەویش دکتۆر فرانیۆ تۆدجمان بو سەرۆکی کۆمەڵەی دیمۆکراتی کرواتی بو، کە پاشان بو بە سەرۆکی کرواتیا. ئەو دەمەی لە زیندان بوم ناویم بەرگوێ کەوتبو. بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە کە حیزبەکەی دامەزراند —کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی- ناوبانگی پەیدا کرد. لە بۆسنەدا ڕای جیاواز لەسەر فرانیۆ تودجمان هەبو، بۆیە بڕیارمدا باشتر بیناسم. پارێزەری دادگایی کردنم لە ساڵی ١٩٨٣و هاوڕێی باشم —نیکۆلا-ی موسڵمانی —زگرب-ی پەیوەندی دیدارێکی لەگەڵ —بستبی مییتش-کە یەکێک بولە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی- بۆ سازدام کە لەوێوە بمگەیەنێتە لای فرانیۆ تودجمان. لە مانگی شوبات/١٩٩٠ بە شەمەندەفەر گەیشتمە زگرب. ئەو پارێزەرە موسڵمانە کە لەو بنکە چاوەڕێم بو گەیاندمیە ئاپارتمانێکی ناوەڕاستی شار. لەو ئاپارتمانەدا کۆمپانیایەکی نەخشەسازی هەبو. ستیپی میتش بەڕێوەی دەبرد. لەو کاتەوە تا ئێستا دۆستایەتیمان بەردەوامە پاشان بە سواری شەمەندەفەر ڕێگای چاوپێکەوتنی فرانیۆ تودجانمان گرتەبەر، ئیتر ڕومان کردە خانویەکی بچوکی لە تەختە دروستکراو کە لەگەڵ ئەوەدا چالاکی و هاتوچۆیەکی گەرمی تیایا بو لەوێ فرانیۆدتۆوجانمان ناسی لەو کاتەوە ناکۆکی و

کێشمەکێش لە نێوانماندا تا چەند ساڵ درێژەی هەبو. فرانیۆ تودجمان بۆ نیوەڕۆ خوانێک بانگێشتی کردم خۆشی سەیارەکەی لێدەخوڕی، لە ڕێگا هەوڵی دا ڕونتر لەگەڵم بدوێت وتی: بەڕێز عزت بیگۆفیچ هەوڵی دامەزراندنی حیزبی موسڵمانان مەدە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. لەبەرئەوەی کروات و موسڵمانانی بۆسنە و هەرسک هەریەک گەلن، موسڵمانەکان کرواتن خۆیان هەست بەمە دەکەن. وتم: (تۆ خۆت بەهەڵەدا دەبەیت موسڵمانان خۆیان بە موسڵمان دەزانن، ئەوان ڕێز لە کروات دەگرن و خۆشیشیان دەوێن، بەڵام کروات نین، ئیتر ئەو لە ڕوی مێژوییەوە درێژەی بە باسەکە دا تا پێگەی قسەی خۆی پێ قایم بکات، من لام وابو لەبەرئەوەی ئەو دکتۆرای لە مێژودا هەبو ئەوا لە من شارەزاتربو، بەڵام من واقیعی بۆسنەم لەو باشتر دەزانی، ئەو وتی پارتەکەی ئەو –کۆمەڵەی دیمۆکراتی کرواتی- دەنگی موسڵمانەکان و کرواتەکانی بۆسنە بۆ خۆی دەبات، لای وابو ٧٠% دەنگەکان دەهێنێت. وە من قسەکەیم ڕەتکردەوەو وتم: ئێوە قەت ٧٠% ناهێنن بەڵکو ١٧% دەهێنن، هەر ئاواش دەرچو لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ١٩٩٠/١١ لە ١٧%ی دەنگەکانی هێنا. ئەمەش فاڵگرتنەوە نەبو لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکان تەنها سەرژمێرێکی دانیشتوان بو. لە ١٨ی مانگی ١٩٩٠/١١ هەڵبژاردن ئەنجامدراو پارتی کارتی دیموکرات لە کۆی ٢٤٠ کورسی ٨٦ کورسی مسۆگەر کرد. ٣ ئەندامی حیزب لە کۆی ٧ ئەندامەکەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامبون زۆرترین دەنگی بەربەژێر پارت بریتی بو لە (فیکرت عبدتیش) کە زیاتر لە ١ ملیۆن دەنگی هێنا، ئەو وەک قوربانییەکی دادگایی کردنی ئابڕوچونەکەی کۆمپانیای –ئەگرۆمیرس- لە ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ ناوی دەرکردو لایەنگری زۆر پشتیوانی بون، وە بە هاتنە ناو ڕیزی حیزبەوە ئەوەندەی تر جەماوەری زۆر بو، ئەو دەمەی کەئەو هات لە ٢ مانگ پێش هەڵبژاردن حیزب لە لوتکەی جەماوەریدا بو، بەهۆی ئاکار و ڕەوشتیەوە خاوەنی ناو و ناوبانگی باشبو، وایکرد دەنگی سیرب و کرواتیش بۆ خۆی ڕاکێشێت. دوایی هەر ئەمیش لە ڕۆژئاوای بۆسنەو لە ساڵی ١٩٩٣ سەرۆکایەتی یاخیبونی گرتەدەست، کە

بـوە زیـانێکی قـورس و گرانـی بۆسـنە و گەلـی موسـڵمان. هەوادارانـی —رادۆفـان کـارادیچ- توانیـان بە ئامـانجێکی سـتراتیژی گەورەی خۆیـان بـگەن، ئەمەشـیان لە ڕێگای (فیکرت عبدتیش)ەوە ئەنجامدا، تا تـۆوی دوبەرەکـی و پەرتەوازەیـی بـخەنە ناو گەلـی —بۆشـناق- لەوێـنەیە هێشـتا زو بێـت قسـە لەسـەر هەمـو ئەو هۆکـارانە بکرێت کە لە پشتیەوە بـون و دوایـی بەو دەرئەنجـامە تـاڵە کۆتـایی پێهـات، بەڵام هەر لەو ڕاستیەوە دەست پێ بکەین کە ئەو کەسێکی بە وەفـابو بۆسـیرپەکان. مـن خۆم بەڵگەم لا نیە بەڵام دیارە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕەوە گومـانی زۆر دەوری تەنی بو. لە کاتی تۆپباران کردندا لە میانەی ئەو تەلەفۆنەی کە پێی بـو دەیتـوانی زۆر بە ئاسانی پەیوەندی بە جەنەراڵ —میلادتیش-ەوە بکات، ئەوەشـی لـێ ئاشـکرا بو کە ئەو لەمیانەی شەڕدا لەگەڵ سوپای یوگسلافیا خەریکی بازرگانی کـردن بـوە. لە دانیشتنی دامەزراندنی دەستەی سـەرۆکایەتی بۆسـنەو هەرسـک مـن بە سـەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرام، ئەمەش بەڕێکەوتـن بـو لەگەڵ ئەو پارتـانەی کە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوبون.

پاشان سەرەی دروستکردنی کابینەی حکومەت هـات ئەمەش کـارێکی قـورس و گران بو، کە ئەگەری هەواڵی پارچە پارچە بـون و نـاکۆکی دواڕۆژی پـێ بـو. ئیتـر ئەوەم بۆ ڕون بۆوە کە ئێمە دەبێت حکومەتێکی هاوپەیمـانی پێکبهێنـین، دیـاربو کە پارتە سرپییەکان دەنگی سـرپییەکانیان بـۆ خۆیـان مسـۆگەر کردبـو، پـارتی کـۆمەڵەی دیمـوکراتی کرواتـی دەنگـی کرواتەکـانی بـۆ خـۆی مسـۆگەر کردبـو. پـارتی کـاری دیمـوکراتیش دەنگـی بۆشـناق-ەکـان. ئیتـر ئەوەم بە باشـزانی کە حکـومەتی هاوپەیمـانێتی دەبێـتە چوارچێـوەیەکی پـێکەوە ژیـان و سـازانی نیشـتمانی، کەچـی ڕۆژگار دەریخست کە من هەڵەبوم. بەڵام ئێستاش پێموایە دەبوایە لە هەوڵدا بوینـایە چـونکە ئەگەر ڕێگـایەکی ترمـان بگرتـایەتە بەر ئەوا شـەڕ لە ١٩٩١ بەرۆکـی نەدەگرتین، ئەو کاتە وا شـرۆڤە دەکـرا کە پارتەکـانن دەکەونە پاکتـاوکردنی لایەنـی سێهەم، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە من هەوڵمدا جۆرێک لە تەوافـوقی نیشـتمانی لە

بۆسنەو هەرسکدا بمێنێت. کاروباری حکومەت لە دوای ٢ مانگ لە دەستبەکاربونیان زۆر لاواز بو، دیار بو هەمو حیزبەکان هەریەکەی ڕایەکی هەبو بگرە هەندێک جار پێچەوانەو دژی یەکیش بون، دوایی دەرکەوت کە هەردو حیزبی کروات و سڕبیەکان تەنها درێژ کراوەیەکی حیزبی دایکیانن لە سڕبیا و کرواتیا. ئیتر لێرەوە بە ئاشکرا دەستخرایە ناو کاروباری ناوخۆی بۆسنەو هەرسکەوە، بێگومان ئۆباڵی ئەم تاوانە گەورەش دەکەوێتە ئەستۆی پارتی سڕبی. لەناو ئاڵۆزی و بارودۆخی تەم و مژاویدا پارتی کاری دیموکرات ئاگاداری نامەیەکی بڵاوکردەوە، ئەم ئاگادارینامەیە بۆ هەمو ئەندامانی خۆی و گەلی موسڵمان و هاولاتیان بۆسنەو هەرسک بو. دوای چەند ڕۆژ لەو ئاگادارینامەیە ڕۆژنامەی —بۆریا- داوای لێکردم ڕونکردنەوەی زیاتر بدەم لەسەر ئەو بارە. لەمیانەی دیدارەکەمدا لەگەڵ ڕۆژنامەکە وتم مەبەستی سەرەکی لەو ئاگادارینامەیە، ئەوە بو کە داوا لە موسڵمانان دەکەین کە نەخزێنە داوی پارچەپارچەبون و بەڵکو هەوڵی پاراستنی دراوسێکانیان لە سیرب و کروات بدەن لە ئەگەری ڕوداوی مەترسیدارو کتوپڕ. ئێمە ڕێز لە گەلی سڕبی دەگرین، بەڵام چارەنوسی بۆسنە بە دیاریکراوی پەیوەندی سڕب و موسڵمان گەورەترە لە پەیوەندی سڕب لەگەڵ کروات. ئەمەش لەبەر هۆکارێکی سادە کە ئەویش ئەوەیە کە ژمارەی سڕبەکان لێرە لە ژمارەی کرواتەکان زیاترە. واقیعی ڕوداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن ئەگەر ڕوداوێکی ناکاو و کتوپڕ ڕویدا ئەوا بەدەست ئێمە نیە، بەڵکو لەدەست ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی بۆسنە ڕوداوەکانی ناوخۆی بۆسنە ئاڕاستە دەکەن. (لە ڕۆژنامەی —بۆریا- لە بەلگراد ١٠\٩/ ١٢/١٩٩١) لە مانگی کانونی دوەمی ١٩٩١وە بەشداری دانیشتنەکانی سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی یوگسلافیام دەکرد لە بەلگراد. ئەو دانیشتنانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی وڵات بو کە لەیەکهەڵوەشانی یوگسلاڤیا ئاماژەی مەترسیدابون، ناتوانم بڵێم یەکەمین دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتی سەرنج و تێڕوانینی ئەرێنی لەلا جێهێشتم، لەمیانەی قسەو بابەتی گرنگ و جێبایەخ بابەتی ڕۆتینیات خستنە ناو باسەکانەوە

دوچار بە بێزاری بون هاتم، تا ئەو ڕادەیەی خەریکبو لە بەشێک لەو باسانە هەر بێ ئاگاش بم. منداڵەکانیشم بە شەوقەوە چاوەڕێی گەڕانەوەو هەواڵپرسینی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیان لێدەکردم. ئەو ئەنجومەنەی پێش ٢ ساڵ داوای ئازادکردنمی کردبو. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە ٨ کەس پێکهاتبو دوای ئەوەی سەرۆک کۆمارەکان ژمارەی ئەندامەکانیان زیاد کردبو زۆربەی جار سەرۆک وەزیرانی —ئەنتامارکۆفیتش- و وەزیری بەرگری جەنەراڵ —فیلکۆکادینفتش- ئامادەدەبون. ئەوە یەکەمجار نەبو کە بە دیداری زۆرێک لەو ئەندامانە بگەم. پێشتر ئەنتامارکۆفیتش-ی سەرەک وەزیرانم دەناسی. پیاوێکی ماقوڵ و زیرەک بو دەیویست جارێکی تر پەیکەری یوگسلافیا دارێژێتەوە ئەمەش پێچەوانەی ڕای زۆری هاوڵاتیانی کرواتیا بو. پێشتر بە هەر یەکە لە —سلوبودان میلۆسۆڤیچ و فرانیوتودجمان و کیرۆگلیکیرۆڤ- گەیشتبوم، بەڵام یەکەمجارم بو بە جەنەرال _کادیفتش- بگەم. ئەفسەرێکی خاوەن ئەزمونی بەرز بو، وە بەڕاستی یوگسلافیش بو. ئەمەش بە پێچەوانەی جێگرەکەی —ئادجتش- کە سرپیەکی ڕەگەزپەرستی بوغزاوی بو. کادیفتش لە هەوڵی پاراستنی یەکپارچەیی یوگسلافیادا بو لەمیانەی یەکەمین دیدارماندا وا ڕێکەوتین کە لە بارەگای سەرۆکایەتی گشتی سوپا سەردانی بکەم. دوای سەردانیکردنی هیچ هەستێکی وا خراپم لەلا گەڵاڵە نەبو، بەرگری لە دۆزی یوگسلاڤیا دەکرد کە هەردولا هاوڕابوین بەڵام من جەختم لەسەر دوبارە داڕشتنەوەی پەیکەری یوگسلاڤیا دەکردەوە ئەمەش خاڵی ناکۆکی هەردولا بو. دیار بو ئەو زۆرلە لەدەستدانی پەیکەری یوگسلاڤیا دەترسا. کە لە ڕاستیدا بۆ خۆی لێکترازاو لەرزۆک بوبو. باڵادەستبونی سرپەکان بە سەرۆک کۆماری یوگسلاڤیادا هەر لە سەرەتاوە نەخشەی بۆ داڕژاوە. ئەگەر گەل و میللەتانی یوگسلاڤیا هاوتاو هاوشان نەبن لە ئەرک و مافدا ئەوا ئەو کۆمارە تەمەن درێژ نابێت، بەڵام کێشەکە لەوەدا بو هەر کە باسی یەکسانی دەکرا خێرا سرپەکان وا هەستیان دەکرد کە سوکایەتیان پێدەکرێت، ئەوان خۆیان بە خاوەنی کۆمارەکە دەزانی و وە بڕوایان وابو کە ئەوان

خۆیـان دایانمەزرانـدوە، بۆیە هەر بـۆ خۆیـانەو بەس، خـاڵێکی تـر کەبوەمـایەی لە یەکهەڵوەشاندنی یوگسلافیا بریتی بو لەو سیسـتمە ئـابوریە فاشـیلە شکسـتخواردوەی کە گرتبویەبەر کە ناوی موڵکیەتی سۆسیالیستی بـو لە ڕاسـتیدا مـوڵکیەتی بێخـاوەن موڵکی بو، وڵات دوچار بە هەڵاوسـانی ئـابوری هـاتبو لەژێربـاری قەرزدا دەینالانـد، ئیتـر کە هەڵاوسـان لە دەسـتدەرچو و ئاشـوب و ئـاڵۆزی ڕوی لە وڵات کـرد. لەو چەند مانگەدا سـەردانی چەنـدین وڵاتـم کـردو زۆر کەسـایەتی گـرنگم بینـی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاروبار ڕوی لە چـاکەو باشـی نەبـو. لە ١٩٩١/٢/٢٥ بانـگ کـرامە کـۆنگرەی کەمایەتیەکـان لە —ڤیەننـا- کە لەسـەر کەشـتی —مـوزارات- لە کەنـار ڕوباری —دانوب-ەوە بەڕێوەچو. ئەمە یەکەمـین سـەردانی ڕەسـمی مـن بـۆ دەرەوەی وڵات بو کە سەرۆک کۆماری ئەو کات —کورت ڤالدهایم- لە پێشوازیمدا بو.

ئەو تازە لە قەیرانـی تـۆمەتی پێشـینەی نـازی بـون ڕزگـاری بوبـو. دیـدارەکەم لەگەڵ ئەودا سەرکێشـیەکی سیاسـی بـو، بەڵام پرۆتۆکـۆڵەکە ئەوەی لـێ دەخواسـتم کەچی ئەمە بۆ دیپلۆماسیەتی تازە لەدایکبوی بۆسنە گرنگ بـو. ئەنـدازەیەکی بـاش لە لێکتێگەیشتن و دۆستایەتیمان بـۆ سـاڵنی دوایـی لەگەڵ نەمسـا بنیادنـا. وەزیـری دەرەوەی ئەو کـاتە —مـوک- بـو کە یەکێـک بـو لە هەرە پشـتیوانانی دۆزی بۆسـنە لەمیانەی شەڕدا لە جیهانـدا. منـیش دوایـی وسـامی (مـاری بۆسـنە)م پێبەخشـی. پاشان سەردانی هەریەکە لە (ئێـران و تورکیـا)م کـرد کە هەردوکیـان لە پەیوەنـدی لەگەڵ ئەمریکا ئەوا پێچەوانەی یەکتر بون. لە ئێران پێشوازییەکی گەرمم لێکـرا. لە کاتی گەیشتنم بە فرۆکەخانەی تاران لە ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئایـاری ١٩٩١- سێ یەکەی جیاواز لە سـەربازان لە پێشـوازیماندا بـون ئەمە سـەرەڕای نزیکـی ٥٠ کەس لە دیپلۆمات و بەرپرسانی فەرمی بەو گەرمای نیوەڕۆیە لە چاوەڕوانیمدا بـون، لەوێوە بردیانمە ئۆتێلێکی گەورە لە بەشی باکوری تاران. ژوری دانیشتنەکە نـزیکەی ٢٠ مەتر دەبو. دیواری ڕۆژئاوای شوشە بو تیشکی خۆر لە چەقـی ژورەکەی دەدا و گەرمیەکی بێ ئەندازەی بە ژورەکەدە بەخشی. هەمـو ئەو ئـامێرە فێنـک کەرەوانەی

کەناڵەیان دەهات نەیاندەتوانی لە گەرمی ژورەکەکەم بکەنەوە. پلەی گەرمی ناو ژورەکە ۲۸ پلە بو، لەلایەکی پەنجەرەکەوە دەتوانی بە ئاسانی زینداني بەناوبانگی —ئەوین- ببینی کە بە دیواری بەرز دەورە درابو. ئێمە لە نهۆمی ۱۷وە بە ئاسانی حەوشە گەورەکەی بەندیخانەکەمان دەبینی. کە هەندێک جار هاتوچۆی پیایا دەکرا، ئیتر وام بیر دەکردەوە کە لەوێنەیە ئەمڕۆ کەسێک لە سێدارە درابێت. یاساکانی ئێران سەبارەت بە تاوان و مادەی هۆشبەر زۆر قورسە. ویستم لەو گەرمایەو بەو بیرکردنەوەیەوە بخەوم، بەڵام تا تۆزێک پێش بەری بەیان نەبێت، کە دنیا تۆزێک ساردی کرد خەوم لێنەکەوت. لە بەیانیدا د.علی ولایەتی —وەزیری دەرەوە- هات بۆ لام تا لەگەڵ خۆی بمبات بۆ ئەو سەردانانەی کە دیاری کرابو. وەک عادەت پرسیاری ئەوەی لێکردم باش خەوتوم منیش ڕاشکاوانە چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە کە نەخەوتوم، بەڵام کەئێوارە گەڕاینەوە بۆ هەمان ئوتێل پاسەوانەکان پێیان ڕاگەیاندم کە ئەو دێتەوە تابمبات بۆ ئوتێلێکی تر. ئیتر گواستمیانەوە بۆ ئوتێل —هیلتۆن- کە لەوەی پێشو بچوکتر بو. بگرە هەمو شتەکانیشی هەر بچوک بون. لە تورکیا چاوم بە دۆستی گەورەی بۆسنە —تورکۆت ئۆزال- کەوت. کە سەرۆکێکی خاوەن جەماوەری گەورە بو بەوە ناسرا بو کە چاکسازی ئابوری کردوە. کاتێک نهێنی ئەمەم لێپرسی ئاوا وەڵامی دامەوە.. بەڕێز سەرۆک عزت بیگۆڤیچ- وشەیەک هەیە با لەبیرت بێت ئەویش وشەی —بانک-ە، پێویستە وا کارەکانت ڕێکخەیت —بانک- بکەوێتە یەکەمین کارتەوە. ئەودەم تورکیا سەرۆکایەتی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی گرتبوە دەست ئەمەش بۆ ئێمە بۆ پەیوەندی گرتن بەو ڕێکخراوەوە گرنگ بو. هەندێک لایان وابو کە ڕیشە و بنەچەی باوک و باپیرانی -تورکۆت ئۆزال- بۆسنیە و خەڵکی —یایتس-ە، من پرسیاری ئەوەم لێنەکرد بەڵام کە وتم من بە ڕەگەز تورکم سەری سوڕما. لە کۆتایی مانگی تەموزدا سەردانی ئەمریکام کردو لەوێ چاوم بە ٤ لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران کەوت گفتوگۆ و کۆبونەوەمان پێکەوە گرێ دا، لەوێ تێگەیشتم کە بەڕێوەبەرانی ئەمریکا هیچ جۆرە تێگەیشتنێکی

وایان بۆ قەیرانی یوگسلاڤیا نیە. لە دوایدا ئەوەم خوێندەوە کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا سور بوە لەسەر ئەوەی یوگسلاڤیای جاران لە ژیاندا نەمێنێت. لە ٢٨/ئاب لە دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوروپی لە ڕۆما ئامادەبوم، ئەنجومەنەکە بەیانێکی لەسەر یوگسلافیا دەرکرد. لەوێوە سەردانی پاپام کرد. پێش ئەم دیدارە سەردانی سەرۆکی کەنیسەی سربی ئەرسەزۆکسیم کرد کە ناوی بەرترپاک —بافله- بو لە بەلگراد —پاپا لەو گەورەتر بو، پیاوێکی لاواز و بەتەمەن —دەتگوت لەو تابلۆیانە هاتۆتەدەر کە نەخشەی دیواری کەنیسەی ڕازاندۆتەوەو لەسەدەکانی ناوەڕاست نەخشە کێشراوە. لەمیانەی چاوپێکەوتنم بە پەترپارک پێمگوت: (مسوڵمانەکان دەستدرێژی ناکەنە سەر سربەکان) وەڵامی مەتران ئێرنیسی لە —باسکا- ئەوە بۆ (منیش هەوڵمداوە کە لە لایەن رادۆڤان کارادایتچ-ەوە پەیمانێکی وای لێ وەربگرم هاوشێوەی ئەوەی تۆ کە سربەکان هێرش نەکەنە سەر موسوڵمانەکان، بەڵام هەر بەر دەستم نەهات)، هەر لەگەڵ گەڕانەوەم لە ڕۆماوە ڕۆژنامەنوسان پرسیاری ئەوەیان لێکردم کە تۆ لەم ماوەیەدا هەردو پاپاو پەرترپارک —بافڵە-ت بینیوە. راو سەرنجت لەبارەی پەیوەندی نێوان کرۆات و سربەوە چییە؟ منیش وا وەڵامم دانەوە کە ئەو سەرکردە ئاینیانە خوازیاری ئاشتین، بەڵام دەزانم لە بێبەختی ئەوان هیچ کاریگەرییەکی گەورەیان نییە لەسەر ئەو ڕوداوانەی کە لەم ناوچەیەدا ڕودەدەن. دوای ئەوەی کە دەرکەوت دەستەی سەرۆکایەتی ناتوانێت چارەسەرێک بۆ قەیرانەکان دابنێت. پێشنیاری ئەوە کرا کە هەر ٦ سەرۆک کۆمارەکە بەو کارە هەڵسن، لە مانگی بەهاری ١٩٩١ بێپسانەوە هەمو ڕۆژێک کۆبونەوە لە —لۆبیلیانا و زگرب- سەرایڤۆ-.. هتد کراوە، هەرکات میلۆسۆڤیچ و فرانیۆ تودجمان لەوێ بونایە هیچ بە هیچ نەدەکرا. هیچ گومانی تیادا نیە کە هۆکاری کەسایەتی تاک زۆر کاریگەری هەبو ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی ڕوداوەکاندا. کەسایەتی زۆرینەی سەرۆکەکان سەرکردەکان واتای ئەوە بو هەر لەسەرەتاوە هەمو ڕێکەوتننامەیەک سەرەنجامەکەی شکست و نەگەیشتنە ئەنجامە.

هەڵسوکەوتی هێزە گەورەکان سەبارەت بە بۆسنەو یوگسلافیای پێشو ئەو ئاماژەیان دەدا کە شتێکی حەتمی و کۆنکرێتی بونی نییە.. زۆربەی کارەکان دەگەڕایەوە بۆ جۆری ئەوکەسایەتیەی کەکە نەخشەسازو جێبەجێکاری بڕیارەکەن. ئەمریکایەک لەژێر دەسەڵاتی بۆشدا هەمان ئەو ئەمریکایە نەبو کە لەژێر دەستەڵاتی کلنتۆن دابو. بەریتانیای تۆنی بلێر جیاواز بو لە بەریتانیای جۆن مێجۆر، هەر هەمان جۆر بۆشیراک و میتران لە فەرەنسا. ئێمە کاتی خۆی ئەو بیردۆزە هەڵەمان خوێندبو کە دەڵێت —ئەو سیاسەتەی بەرژەوەندی دەکاتە چەقی کاری ئەوا عەقلآنەیە. واتە ئەگەر بە جۆرێکی تر بیخوێنێتەوە دەڵێن سیاسەت زۆر بە جۆری کەسەکانەوە پەیوەست نیە، بەڵام ڕۆژگار دەریخست کە ئەم قسەیە ڕاست نیە، چارەنوسی یوگسلاڤیا شتێکی حەتمی وانەبو نەکرێ خۆی لێ لابدرێت و نەهێڵدرێت بەو ئاقارە بگات. ئەو لەیەکهەڵوەشانەوەی یوگسلافیا دوچاری بو دەکرا بچوایە خالێکی ترەوە. ئەوەی کە ڕویدا کاریگەری کەسایەتی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و فرانیۆتودجمان بو نەک زەرورەتێکی مێژویی کە هەر دەبوایە ڕوی بدایە. لە بێبەختی ئێمەی بۆشناق سەیرمان دەکرد لەو بارودۆخە ناسکەدا پێکهاتەی حوکمەتەکان کە لە جومگە هەستیارەکاندا بون وەک بۆش —میجۆر- میتران- میلۆسۆڤیچ- تودجمان. بگرس غالی- یاسۆشی ئاکاشی- جانفێ. لەلای ئێمەوە بەشێک بون لەو هۆکارە حەتمیەی کە ناچاربوین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. لە ١٧/حوزەیران-١٩٩١ جەنگ لە سلۆڤینیا هەڵگیرسا هەر لێرەشەوە سلۆڤینیا ماڵاوایی لە یوگسلافیا کرد. ماوەیەکی کەمتر بە دوای ئەمدا جەنگ لەنێوان سڕب و کروات بەرپا بو کە لوتکەی شەڕەکە گەیشتە گەمارۆدانی —فۆکۆفار- تۆپباران کردنی —دۆبرۆفنیک- ئێمەش ڕامانگەیاند بەبآ کروات و سلۆڤینیا لە یوگسلافیادا نامێنینەوە چونکە یوگسلافیا بونی نامێنێت و تەنها دەبێتە سڕبیای گەورە. لە کۆتایی مانگی ١٩٩١/١٠ کارادیچ وتارە هەڕەشە ئامێزەکەی دا —(ئێوە باوەڕتان وانەبێت کە جگە لەوەی بۆسنەو هەرسک بەرەو دۆزەخ و موسڵمانان بەرەو لەناوچون زیاتر شتێکی تر بکەن)، ئەم هەڕەشەیەی

لەمیانەی دانیشتنی پەرلەمان و لەبەرچاوی کامێراکان بو. منیش هەر لەوێ بەم قسانە بەرپەرچی هەڕەشەکانیم دایەوە. (ئەم قسانەی —کارادتیچ- کردی و وە ئەو پەیامەی کە لەمیانەی قسەکانیدا گەیاندی باشترین ڕونکردنەوەیە بۆ ئەوەی بزانن بۆ لەناو یوگسلافیادا نامێنینەوە، ئەو یوگسلافیایەی —کارادیچ- دەیەوێت جگە لە گەلی سڕب هیچ کەسێکی تر پێی ڕازی نیە)، کاول کردن و وێران کردنی بۆسنەو هەرسک بەبآ هیچ ئاستەنگێک هەنگاوی دەنا.

لە بەهاری ١٩٩١ پارتی دیموکراتی سڕبی هەستا بە سازدانی ناوچەیەکی خودموختاری —ئۆتۆنۆمی سڕبی. ئەمەش واتای کاول کردنی ڕاستەوخۆی بۆسنە و هەرسک بو، وە سوپای یوگسلافیاش هەستا بە چەکدار کردنیان ئەمەش لەمیانەی ڕاپۆرتێکی سەربازی کەرتی/٢ لە ١٩٩١/٣/٢٠دا ئاماژە بەوە دەکات کە سوپا هەستاوە بە دابەشکردنی ٥١٩٠٠ پارچەچەکی سوک بەسەر سڕبەکانی بۆسنەدا. ئەمە سەرەڕای ١٧٣٠٠ پارچە چەکی تر کە پارتی سڕبی لە ڕێگەی تایبەتەوە دابەشی کردوە. ئێمە ڕوبەڕوی نەیاری بونی واقیعی لەو جۆرە بوینەوە، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی خۆمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی هیچمان پێ لەگەڵیان ناکرێت، ئیتر کێشەو ململانێکە مانگ بە مانگ بۆ دوای خۆی کەڵەکە دەبو. لە ڕوی تیۆریەوە دەبوایە هەر لەگەڵ شەڕی سڕب و کروات لە هاوینی ١٩٩١دا لای ئێمەش شەڕ بەرپا ببوایە، بەڵام ئێمە زۆر هەوڵماندا لاشەڕ بین و خۆمانی لێ بەدور بگرین. لەناو سەریڤۆدا ٨ سەربازگەی گەورە و بچوکی سوپای یوگسلاڤی هەبو، قەڵایەکی سەربازی یوگسلاڤیا بو، بۆیە مەحاڵ بو کاری وا بکرێت، بەڵام لە هاوینی ١٩٩١ دو کاری بوێرانەمان ئەنجامدا. یەکەمیان پارتی کارتی دیموکرات هەستا بە دروستکردنی (ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانی) کە دوایی کۆمەڵەی نیشتمانی لێدەرچو. کە دواتر گەشەی کردو بو بە سوپای بۆسنەو هەرسک. سوپای یوگسلاڤیا ئاگاداری کۆبونەوەکە بو، بەڵام گوێی نەدایە وەک ئەوەی توانای ئەنجامدانی هیچی نەبێت. دوەمیان لە گەرمەی شەڕی سڕب و کروات ڕێگەنەدان بو بە لاوانی بۆسنە

و هەرسک کە ببنە سەرباز بۆ سرپیا. ئەمەش دوای ئەوەی کە بیستم جەنەراڵ —نیکۆلا ئۆزبلاتش-ی سەرکردەی سەربازی —بانیالۆکا- هەڵدەستێت بە سەربازگیری لاوەکانمان و دەیانێرێت بۆ بەرەکانی شەڕ، بۆیە داوام لە سەرۆکایەتی بۆسنە کرد کە بڕیارێک دەربکەن کە نابێت گوێ لە بانگەشەی سەربازگیری یوگسلافیا بگیرێت. دیارە بە دەنگدان بڕیارەکە درا هەرچەندە ئەندامە سرپەکان دژی بڕیارەکە بون، ئیتر هەواڵی جەنگی خوێناوی کروات پەیتا پەیتا دەهات. لە دوای بینینی دیمەنی ناشرینی شەڕی —فۆکۆیار- بەبێ هیچ دو دڵیەک داوام لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی سەرایفۆ کرد ڕاستەوخۆ کاتێکم پێبدەن، لە ڕێگای ڕۆشتنم بۆ تەلەفزیۆن لە زیهنی خۆمدا خەریکی دارشتنی قسەکانم بوم. ئەمەش لە ١٩٩١/١٠/١٠ دابو بەم جۆرە قسەم بۆ هاوڵاتیانی بۆسنە و هەرسک کرد. (سەرەتا دەبێ بڵێم دەبێ هەموان ئەوە بزانن باش نیەبۆسنەو هەرسک خۆی بخاتە ناو ئەو کارە خراپەوە، ئێوەش وەک هاوڵاتی بۆسنەو هەرسک مافی خۆتانە کە بەدەم ئەو بانگەوازە سەربازگیریەی شەڕی شارەکانەوە نەچن، کەس ناتوانێت زۆرتان لێبکات، ئەوە بزانن کەس ناتوانێت ناچارتان بکات کە دەستدرێژی بکەنە سەر یەکتر یان یەکتر ئاگرباران بکەن، دەزانم ئەمە پێویستی بە ئازایەتیەکی زۆرە، هەروەک دەزانم خودی خۆم چەندە مەترسی ڕوبەڕوم دەبێتەوە کە دەڵێم ئاشتیخواز بن ئەمڕۆ ئەو کاتەیە —کە لە بەدبەختی- پێویستمان بە ئازایەتی پاراستنی ئاشتی زیاترە لە ئازایەتی خۆخستنە کورەی شەڕەوە. ئەوە بزانن ئەم شەڕە شەڕی ئێوە نییە، شەڕ بۆ شەڕخوازان جێبهێڵن، ئێمە ئەو شەڕەمان ناوێت هاوکاریم بکەن تا ئاشتی لە بۆسنەدا بەقەرار بێت.) ڕاگەیاندنەکانی کرواتیا دەستخۆشیان لە قسەکانم کردو بە کارێکی ئازایانەیان دایە قەڵەم، من لەبیری بەرژەوەندی لاوانی خۆماندا بوم کە نەکرێنە سوتەمەنی شەڕ و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ نەکرێن و لەپێناو ئامانجێکی گوماناویدا نەبنە قوربانی. دیارە من بەم کارەم سودم گەیاندە کرواتیا، چونکە ئەگەر ئەمەم نەکردایە ئەوا سوپای یوگسلافیا ٢٠ هەزارچەکداری تری لەبەرەکانی

شەڕدادەبو، ، بەڵام دەستەڵاتی کرواتیا بەپێی بەرژەوەندی خۆی قسەکانمیان دەگۆڕیَ دەیانگوت —خەباتی ئێمە شەڕە بۆ ئازادی پەیوەندی بە عیـزت بیگـۆڤیچ-ەوە نـیە. هەستاین بە دەرکردنی —مەرسوم-ێک کە داواکاریبو لە لاوەکانمان کە هەرگیـز بەدەم بانگەشەی سەربازگیریەوە نەچـن. هەرواش بـو لاوەکانمـان بەدەم بانگەوازەکەیـانەوە نەچونە سەربازی. ئەوەی پێمانکراو لە تواناماندا بو کردمان. هەمو ئەمانە لەپێنـاوی بەرقەرار بونی ئاشتی بو لە بۆسنە و هەرسکدا. لەوێنەیە هەندێک لایان وابێت ئەمە هەوڵێکـی بێسـەرەنجام بـو. پـێش سـەردانی ئەمریکـا، ویسـتم چـاوم بە هەریەک لە __وذالفقـار باتیشـتیش و فیلبـۆفیتش- بکەوێـت کە لە دوای جیابونەوەکەیـان ئەمە یەکەمین دیدارمانە، بانگم کردنە نوسینگەکەی خـۆم. ئەوان لای خۆیـانەوە نەخشـە ڕێگایەکی وایـان کێشـابو کە نەهێڵێـت بۆسـنە بکەوێـتە نـاو داوی ئەو شـەڕەی کە لەگەڵ کرواتیـا هەڵگیرسـاوە. پشـتگیریم کـردن ئەمەش لە سـۆنگەی ئەوەی هەر هەوڵێـک بـۆ ئاشـتی دەبێـت پێشـوازی لێبکرێـت. ئەوان هەردوکیـان لە ناوەڕاسـتی مانگی تەموزلەگەڵ کارادیتش و کولینتش و کراشـیتنیک لە لە سـەرایڤۆ کۆبوبـونەوە. پاشان سەردانی بەلگرادیان کـرد تـا لەگەڵ میلۆسـۆفیچ بکەویـنە قسەوباسـێکی دورو درێژەوە، هەروەک پاشان ڕەشنوسـی ڕێکەوتنـامەکە —کە پاڵەوانەکـانی لەمەڕ خۆمـان بە —مێژویـی- ناویـان دەبـرد ئامـادەیە- دیـاربو کە دەرەنجـامەکەی دروسـتکردنی یوگسلاڤیایەکی شـێواو شکسـت بـو. هەردوک ذوالفقـار و محمـد فیلیبـۆفیتش پێملـی هەرەشـەکانی کـارادیتچ ومیلۆسـۆڤیچ بوبـون ئەمەش بۆپاراسـتنی ئاشـتی لەبۆسـنەدا، بەڵام پاراستنی یەکپارچەیی خاکی بۆسنە و ئاشتی قسەیەک بو جێگای گومـان بـو، چونکە کرواتیـاو کرواتیەکـان بۆچونیـان جیـاوازبو، هەرچەنـدە ذوالفقـار باتیشـیش و میلۆسۆفیچ جەختیان لەوە کردەوە کە دەرگـای ڕێکەوتـن بەڕوی کرواتیاشـدا ئـاوەڵایە هەرکـات ویسـتیان دەتـوانن بەشـدار بـن، بەڵام کرواتەکـان بـاش لە ڕێکەوتنـامەکە گەیشتبون بـۆیە تـوڕە بـون. سـبتیان کلیـوتش- کە سـەرۆکی کـۆمەڵەی دیموکراسـی کرواتیا بو ئەوەی خستەڕو کە ئەمە ڕێکەوتنی ژێربەژێـری دو گەلە لەسـەر حسـابی

گەلـی سـێهەم، بەم جـۆرەش ئاشـتی بەرقەرار نابێـت. هەر ئەو ڕۆژە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم بەست و تیایدا جەختم لەوە کردەوە کە ئەگەر هەرسێ گەلـی موسـڵمان و سرب و کروات نەگەنە ڕێکەوتن ئەوا نە ئاشتی بونی دەبێت و نە بۆسنەش ئارام دەبێـت. لەم دوایەدا زۆر بیـرم لەوە دەکـردەوە کە ئەگەر ڕاپرسـیەمان نەکـردایەو بە پاڵنەری ترسان لە هەڕەشەکانی کارادیتش یەکسەر سەربەخۆییمان ڕابگەیانـدایە ئەوا دو ئەگەرمان دەهاتە پێش کە یەک لە یەکتری خراپتربون. بۆسنە یان ئەوەتا لەگەڵ سـڕبیا و مەکدۆنیابەشـێک دەبـون لەیوگسـلاڤیای شـێواوبێ کەڵـک. وە یـان ئەوەتـا لەنێوان کرواتیا و سڕبیایا بەش دەکرا. ئەگەری دوەم زۆر کارەسـاتبار تـر دەبـو بەڵام زیاتر واقیعی بو، چونکە —تودجمان- ڕازی نەدەبوبێ ئەو کێکی بۆسـنە بەشـبکرێت و بخورێـت. هەروەهـا کرواتەکـانیش ڕازی نەدەبـون لە ژێـر سـایەی سـڕبیەکاندا بمێننەوە. دیارە دابەشکردنەکە بە ئاشـتیانە بەڕێـوە نەدەچـو. ئەودەم شـەڕ لەنێـوان سـڕب و کـروات هەڵدەگیرسـاو بۆسـنەش دەبـوە گۆڕەپـانی شـەڕەکەیان و ئەوسـا ڕەشـەکوژی و کۆمەڵکـوژی خەڵکـی مەدەنـی لـێ دەکەوتەوەو پاکتـاوکردنی نەژادی یەخەی دەگرت و شەپۆلی ئاوارە بون ڕوی لە خەڵکەکەی دەکرد. وە—بۆشناق-ەکـان دەبونە زەخیرەی شەڕی هەردو دراوسـێی شـەڕکەر. ئەودەم شـتێکی وا نەدەمـا پێـی بلێی بۆسنەو گەلی بۆشناق لەناودەچو. دیارە ئیتر کۆتا ساڵی ئاشتی لە بۆسـنە ملـی لە کۆتایی نابو. پایزێکی پـڕ بەرهەم و دابـارینی بەفرێکـی پێشـوەختە لە—ئیلـدک-و جوانترین وەزری بۆسنەن. دنیای شیعری فۆلکلۆری بۆسنی پڕە لە باسـی لەم جـۆرە خەڵکی لەسەر زاریانەو دەیـانلێنەوە، بەڵام ئەم پـایزە جەنـگەڵەو دارسـتانەکان بـونە سەرچاوەی ترس و تۆقین، یەکە نیمچە چەکـدارە سـڕبیەکانی بۆسـنە کە لە شـەڕی کروات بون دەردەکەوتن. ئەمانە نـاوی خۆیـان لە ئەفسـانەیەکی پێشـینی خۆیـانەوە وەرگرتبو کە پێیان دەگوت —تیشـتینک، جـۆرە سـرودێکیان لەسـەر زار بـو کە ڕق و بێـزاری بەرامـبەر موسـڵمان و کـروات دەردەبـڕی. زۆربەی جـار بە مەسـت و سەرخۆشـی و بە لەسـەرکردنی کـڵاوی —چەتەکـانی دەریـا-و ڕیـش هێشـتنەوە

دەردەکەوتـن. ئەمـانە هەمـو لەگەڵ تـۆپ بـارانکردنی —دۆبرۆفنیـک- و کاولکـاری فۆکۆفار بەدەرکەوتن.. لەو کۆتایەدا جیهان لە هەوڵی گێڕانەوەی ئاشـتی و بەرگـرتن لە شەڕ بو، بەڵام هەوڵەکانی تەمەڵآنە و ناکارابون. پێشتر داوام لە یەکێتـی ئەوروپـا کردبـوکە وەفـدێکی نـیەت باشـی بنێـرێتە بۆسـنەو هێزێکـی ئاشـتیپارێزی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بێنە ناوچەکە. سایرۆس ڤانس، پێشـنیارەکەی پێبـاش بـو، هەنـدێک داوایان دەکرد کە پارتی کاری دیموکراتی سەبارەت بە سوپای یوگسلافی هەڵوێسـتی توندتر بێـت هەروەک هەمـان تێڕوانینیـان سـەبارەت بە پـارتی سـڕبی و کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی هەبـو، بەڵام مـن ڕام وابـو کە لێخـوڕین و ئـاژوتن لەوە ڕێگـا خـوارو پێچاوپێچەی بۆسـنە لەم خێـراییەی ئێسـتا زیـاتر قبـوڵ ناکـات. هەوڵمـدا کەسـانی توندڕەو بخەمە ژێر چاودێریەوە نەوەک لەگەڵ سوپای یوگسـلافیا پێکـدادان دروسـت بکەن. من زۆرجار ئەوەم دەگوت کە نەک دەبێت ئاشـتی بـونی هەبێـت بەڵکـو زۆر پێویستمان بە ئاشتی هەیە، چونکە لەم تێڕوانینەوە نەبوایە شتی تـرم دەبینـی. ئەمە ئەو بارودۆخە بو کە لە سایەیدا کۆنگرەی یەکەمی حیزبمان تیایـا بەسـت. کـۆنگرە لە ماوەی سـێ ڕۆژدا بە ئامـادەبونی ٦٠٠ ئەنـدام و هێنـدەی ئەم ژمـارەیەش میـوان کـاری خـۆی بە کۆتـا گەیانـد. لەمیـانەی قسـەکاندا دەرکەوت کە بۆسـنە دەرگـای جەهەندەمی شەڕی بەسـەردا کـراوەتەوە. ئەو وتـارەی لە کـۆنگرەدا پێشکەشـم کـرد دەنگدانەوەیەکی باشی لە ناوەوەو دەرەوە هەبو. لەمیانەی شەڕدا بەشێک لە قسـەکانم لێـدەدرایەوە وەک ئەوەی کە وتـم (کە شــەڕ هەڵگیرسـا ئەوا هەمـو شـتێک دەبێـتە هەورێکی دوکەڵ و بێشەرمی). یەکێک لە دیپلۆماتەکـان دەسـتەواژەکانی منـی واڕاڤە کردبو کە تیایا ئایندەم بینیوە. ڕاستە وابـو، بەڵام مـن هەرگیـز بەم قسـانە دڵخـۆش نەبوم دوای کۆنگرە وام چـاوەڕوان دەکـرد لەلایەن ڕۆژنامەنوسـانەوە زیـاتر پرسـیاری ئاشتیم لێـبکەن، بەڵام پرسـیارەکان زۆرینەیـان باسـی کەس و کەسـایەتیەکان بـو، وە لەبارەی بەیەکدادانی هەردو باڵی —مەدەنی- ئـاینی حیـزب بـو وە لە وەڵامـدا وتـم (لەناو دەستەی بەڕێوەبردنی حیزبدا کە سەد کەسە تەنها چـوار کەسـیان شـارەزای

ئاینین)، دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە ئەو ڕۆژنامەنوسانە دەرچوی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی شیوعیەت بون، ئیتر لەناو شیوعیەکاندا هەڵیان دەبژیرن بۆ ئەوەی بە قازانجی فیکری شیوعیەکان کاری ڕۆژنامەوانی بکەن دژایەتی ئاینیان زۆر خستبوە بەرچاوی خۆیان. پاشان لەجیاتی پرسیار لەسەر چۆنیەتی بەرقەرار کردنی ئاشتی باسیان لە خاڵی جیاوازی -فیکرت عبدتیش- دەکرد کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆسنە بو. پێشتر بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای -ئەگرۆکومیرس- بو کە بە ئابڕوچونێکی داراییەوە ناچار بە داڕوخان هات. ئیتر -فیکرت عبدتیش- وەک کەسایەتیەکی قوربانی و تۆمەت بۆ هەڵبەستراوی دادگایی کردنە دەرکەوت. ئەو ئەزمونی سیاسی لەمن زۆرتر بو، ئەو زۆربەی هەرەزۆری سەرۆک و بەڕێوەبەری کۆمپانیا بازرگانیە حوکمی و سیاسیە ناودارەکانی دەناسین. زۆرینەی زۆر لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کار گلەییان لێی هەبو.. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا وتم (لەم شوێنەدا پێویستە گەلی موسڵمان لەیاد نەکەین کە چەندە ئارامگرن. ئەم گەلە بوە هۆی ئەوەی خۆمان و جیهان بناسین.. داواتان لێدەکەم چەپڵەیەکی بۆ لێدەن). ئیتر هەمویان هەستانە سەرپێ و چەپڵەیان لێدا جگە لە _فیکرت عبدتیش- کە هەر دانیشتبو ئەوانیتر وەک ڕێزلێنان لەم گەلە موسڵمانە هەستانە سەرپێ. زۆربەی قسەوباسی ڕۆژنامەکان کە لەژێر وێنەکەدا نوسرابون دەیانگوت. (بابە هەستە) بەڵێ (بابە) هەستا بەڵام دوای دو ساڵ کە بوە هۆی یاخیبون لەتکردنی حکومەتی شەرعی لە بۆسنە، وە یەکلایەنە لای خۆیەوە جاڕی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی -کراینا- لە باکوری ڕۆژئاوای بۆسنە ڕاگەیاند. وە نەخشەکەی لە ڕوی سیاسی و سەربازیەوە شکستی هێنا هەرچەندە کارادیتچ - ملیۆسۆڤیچ- فرانیو تودجمان- لای خۆیانەوە پشتگیریان دەکرد. شەڕ لە کرواتیا بەردەوام بو وە بەرەو هەڵکشان دەچو. دوانزە ڕێکەوتننامەی شەڕ ڕاگرتن واژۆکران کە هیچیان جێبەجێ نەکران، بەڵام ڕێکەوتنی سیانزەهەم کەسایرۆس ڤانس واژۆی کرد بەختی هێنای سەرکەوتو بو. ئیتر هێزێکی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتە کرواتیا و

ناوچەیەکی —دابڕاو- لە شەڕیان بۆ خۆیان واتە نەتەوە یەکگرتوەکـان دیـاری کـرد. ئەمەش خۆی شتێکی سەیرو مامەڵە جیاواز بو چونکە ئیتر هەمو پاشـماوەی شـەڕ و پاشماوە ماڵوێرانیەکەیان گواستەوە بۆ سەر بۆسنە. ئەوەی جێگای گاڵتە پێکـردنە لەم ڕێکەوتننـامەیەدا ئەوەیە کە لە خـاکی بۆسـنەو لەسـەرایڤۆ ١٩٩٢/١/٢ واژۆ کـرا. وە لەهەمـان تەلاری سـەرۆکایەتی بۆسـنەو بەم هەواڵە پێـدەنێنە نـاو سـاڵی ١٩٩٢ کە ساڵێکی زۆر قەیراناوی و ناڕەحەتی مێژوی درێژی بۆسنەیە.

# فەصڵی چوارەم

## ڕۆژانی جەنگ

مێژو بو بەشداری خێراکردنی ڕوداوەکانی ئەم بەشەی جیهان (ئەمە کاتانێک بو کە کاتژمێرەکان وەک خولەک وابون)، ساڵن و مانگەکانی وەک ڕۆژیان لێهات. لە مێژودا شتی وا ڕوی نەداوە کە هێندە قەیران و کارەسات و ناڕەحەتی لەم دنیایەی ئێمەدا کۆببنەوە هەروەک ئەوەی لە بۆسنەدا ڕویدا).

ئەم قسانە قسەی (قاسم بیغشش)ە پارتی دیموکراتی سڕبی کەوتە پچڕ پچڕ کردنی هەناوی بۆسنە بەوەی کە هەستا بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ سڕبەکان، کە بە هیچ جۆرێک دانی نەدەنا بە دەسەڵاتی حکومەتی بۆسنەدا. یەکەمین ناوچەی ئۆتۆنۆمیەکە ناوچەی —کرانیا-بو کە مەڵبەندەکەی —بانیالۆکا- بو لە ١٩٩١/٩/١٦ پاشان ناوچەی (هەرسک) و (رومانی)ە کە مەڵبەندەکەی سەرایڤۆ

بو لە ١٩٩٢/١/٩ ئەو کۆمەڵەی خۆیان ناونابوپەرلەمانی نیشتمانی سرپی، هەستان بە دامەزراندنی کۆماری سرپی بۆسنەو هەرسک. لە ١٩٩١/١٠/٢٦ پارتی دیموکراتی سرپی بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێت دانیشتوانی سرپی بۆسنەو هەرسک چەکدار بکرێن.. سرپە نیشتمانیەکانی هەرسک لە مانگی ١١ی هەمان ساڵ هەستان بە ڕێگەگرتن لە کاروانێک کە ٤٠٠ پارچە تفەنگی هەڵگرتبو بۆ سرپییەکانی سەرایڤۆ، کە بە کاروانی —مۆز- ناسرا، چونکە نوسراوی دەستی خاوەن بارەکان لێی نوسرا بو کە بارەکەی بریتیە لە مۆز.! پاشان حیزبی دیموکراتی کرواتی لە ١٩٩١/١١/١٢ دا هەستان بە دروستکردنی کۆمەڵەی کرواتی لە سافینیای بۆسنە ئەمیش لەهەشت شارەوانیدا وە بە دوای ئەمەدا هەستان بە دروستکردنی کۆمەڵەی کرواتی لە هەرسک و بۆسنە کە لە سی شارەوانی پێکهاتبو کە لەلای خۆیانەوە بە (کۆمەڵەیەکی سیاسی ئابوری و ڕۆشنبیری کرواتی بۆسنە و هەرسک) دەناسێنرا. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کرواتی لە هەرسک و بۆسنە لە مانگی ١٩٩٣/٨، ئەوا کرواتیە توندڕەوەکان هاوشێوەی پەرلەمانی سرپی ڕاگەیاندراوی یەکلایەنە ئەوا بە هەمان ڕێچکەی ئەواندا شوێن پێیان هەڵگرت. هەردو پرۆژەکە واتە هەردو کۆماری سرپی و کۆماری کرواتی لەناو بۆسنە یەک حەزو یەک تەماع بون بۆ لە یەک هەڵوەشاندنەوەی بۆسنەو هەرسک. خۆم لە مانگی ١٩٩٢/١ ئامادەی ڕێکەوتنامەی شەڕ ڕاگرتنی نێوان کرۆات و سوپای یوگسلافیا بوم، کە سایروس ڤانس سەرکەوتو بو لەوەی گەیاندنیە ئەنجامی خوازراوی خۆی. دوایی چەند لێدوانێکی داو وتی: ئەو قەناعەتی وا نیە ئیتر شەڕ بگوێزرێتەوە بۆ بۆسنەو هەرسک، واتە ئەوان هەر چاودێر دەنێرن و بەس. وە هێزی نەتەوە یەککگرتوەکان نایەتە خاکی بۆسنەوە. ئەو نەخشەیەی کە ناوچەیەکی دابڕاوی لە کرواتیا خستە ژێر چاودێری نەتەوە یەککگرتوەکان واتای ئەوە بو دەرفەتی باش ببەخشێتە سوپای سرپیا کە هەمو هێزەکانی ئاراستەی بۆسنە و هەرسک بکات. هەر لەمیانەی ئامادەباشی بۆ سەربەخۆیی حکومەتی بۆسنەو هەرسک لە ١٩٩٢/١/٨ ڕایگەیاند کە ئەو پابەندی

جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان و بەیانامەی هێڵسنکی و پەیماننامەی پاریس و ... باقی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەبێت. کە ئازادی و مافی مرۆڤی تیایا پارێزراوە. کۆمەڵەی دوانزە دەوڵەتی یەکێتی دانی نا بە سەربەخۆیی کرواتیا و سلۆڤینادا، بەڵام دانەنان بە بۆسنەو هەرسک و مەکدۆنیای هەڵپەسارد تائەو کاتەی ڕاپرسی گشتی دەکرێت. وە لیژنەی دادی —بادتر- کە لە دادوەرانی مەحکەمەی دەستوری — فەرەنسا و ئسپانیا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و بەلجیکا پێک دێت بە کورتی ئاماژەیان بەوەدا کە یوگسلاڤیا لە حاڵەتی لەیەک هەڵوەشاندایە. ئەنجومەنی پەرلەمانی بۆسنەو هەرسک لە دانیشتنی ١٩٩٢/١/١٤ بڕیارێکی دەرکرد کە تیایا بۆسنەو هەرسک کۆمارێکی خاوەن سیادەی سەربەخۆیە. سڕبیەکانی بۆسنە ئەم بڕیارەیان بە ناشەرعی دانا لە ١٩٩١/١/٢٥ ئەنجومەنی ناوبراو لەسەر داوای سەرۆکایەتی بۆسنە بڕیاری ڕاپرسی گشتی سەبارەت بە سەربەخۆیی بۆسنەو هەرسک دەرکرد، نوێنەرانی پارتە سڕبیەکان پێش دەنگدان بە بڕیارەکە دانیشتنەکەیان بەجێهێشت، پرسیاری ڕاپرسیەکە ئەمەبو: {تۆ لەگەڵ بۆسنەو هەرسکێکی سەربەخۆو خاوەن سیادەیت وەک دەوڵەتێک بۆ هاوڵاتیان و گەلانی بۆسنەو هەرسک. جا موسڵمان بن، سڕب بن، یان کروات، یان گەلانی تر کە لە وڵاتدا دەژین بە مافی یەکسانەوە}.

دوای ئەوەی دەنگ لەسەر بڕیاری ڕاپرسیەکە درا ئەم لێدوانەم بۆ ڕۆژنامەکان دا: {پارتی دیموکراتی سڕبی بەربەستی خستە بەردەم بنیادنانی دەستورێکی نوێ کە لیژنەی داڕشتنی دەستور پێشنیاریان کردبو. هەروەک ئەم پارتە نەیاری چەمکی دەستوری مەدەنی بو کە ڕۆشنبیران و بیرمەندان و سەربەخۆ خوازان و لیبڕاڵەکان خستیانەڕو. ئەم حیزبە بەردەوام ئەوە دەڵێتەوە کە ئێمە خەریکی دروستکردنی (کۆمارێکی موسڵمان) ین. کە لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان وا ناچارمان دەکەن کە ئەو بۆچونە هەڵبژێرین، ئەویش لەبەرامبەر ئەو پێشنیارەی کە کردبویان کە بۆسنەو هەرسک بەسەر سێ بەشدا دابەش بکرێن. بۆسنەی سڕبیا، بۆسنەی کرواتیا، یەکێکی تری موسڵمان، دیارە هەڵوێستی ئێمەش ڕونە کە بەم پێشنیارە ڕازی نابین.

لەگەڵ نزیکبـونەوەی کـاتی ئەنجامـدانی ڕاپرسـیەکە، هەواڵ هـات کە کرواتەکـان بەتایبەت پارتی کرواتی دەستەڵاتدار کە کـۆمەڵەی دیمـوکراتی کرواتـی بـو لە دوای دانیشتنیان لە —لیفنوا- ئەوا بەیاننامەیەکیان دەرکـردوە کە تیایـدا ئەوەیـان بە مەرج دانـاوە کە دەبێـت وشـەی —هـاوڵاتی- لە ڕاپرسـییەکەدا لاببرێـت ئەوسـا ئەنجـام بـدرێت. داوایـان کـرد کە گۆڕانکاریەکـان وا بێـت کە بـوارو دەرفەت بـدات بەو گەلانەی کە زۆریـنەی جـوگرافی پێکـدەهێنن ئەوا خۆیـان ببـنە خـاوەن سـیادەو باڵادەسـت. ئەمە باسـی لە کـات و نەکردنـی ڕاپرسـیەکە نەدەکـرد، بەڵام لەولاوە ڕاپرسـیەکەی بـێ مانـا دەکـردو نـاوەڕۆکی تیایـا نەدەهێشـت. بـۆیە داوامکـرد کەوا خۆگربن و بەهـیچ جۆرێـک گۆڕانکـاری بەسـەر پرسـیاری ڕاپرسـیەکەدا نەکەن. ئەو بارودۆخە ناجێگیرەی کە لە داواکاری کرواتەکانەوە دروست بـو بیسـت ڕۆژی پـێش ئەنجامدانی ڕاپرسیەکەی ناجێگیرو ئـاڵۆز کـرد. مـانگی شـوبات بەرەو کۆتـایی چـو پارتی کرواتی لە داواکاریەکەی خۆی نەهاتە خوار، ڕۆژی ١٩٩٢/٢/٢٩ هەواڵمان بۆ هات کە مەڵبەندەکانی دەنگدانی ڕاپرسی لەناوچە زۆرینە کرواتدا نیمچە چۆڵ بـون. لە بەختـی ئـێمە ڕاپرسـیەکە دو ڕۆژ بـو، ڕۆژی دوایـی ١٩٩٢/٣/١ کرواتەکـان بە کۆمەڵ ڕژانە مەڵبەندەکانی ڕاپرسی. دوایی زانیمان کە —تودجمـان- خـۆی لەپشـت فەرمانپێدانی کرواتەکان بوە تا بچن دەنگ بدەن. هەروەک ئەوخۆی پێشـتر هۆکـاری کەللەڕەقی کرواتەکان بو. ئەو دوایـی زانـی کە کەللەڕەقـی لەبەرامـبەر ڕاپرسـیەکەدا واتا دروستکردنی —سرپبیای گەورە- بە درێژایی سەدان کیلـۆمەتر بە سـنوری باشـور و ڕۆژهەڵاتی کرواتیادا. بۆیە لە ساتەکانی کۆتاییدا ملی دایە ڕاپرسـیەکە. دوایـی لە دەرەنجـامی ڕاپرسـیەکەدەرکەوت لە سـێ ملیـۆن کەس لە ٩٩%ی بە بەڵـێ وەڵامـی دابۆوە. ئیتر بەم جۆرە چارەنوسی بۆسنە و هەرسک دیاری کرا دیارە ئەمە بە شـێوە ڕەسمی و شەرعیەکەی بو. دەنـا چارەنوسـی حەقیقـی بۆسـنە جەنـگ دیـاری کـرد، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی سەربازی لەتوانایدا نەبو ئەوەی کە بە ڕاپرسـی دیـاریکراوە دەسـتکاری بکرێـت، ئیتـر هەریەکە لە یەکێتـی ئەوروپـاو ئەمریکـا دانیـان نـا بە

سەربەخۆیی بۆسنەو هەرسک داو (لۆردکارینگتۆن). بە سیفەتی سەرۆکی کۆنگرەی یوگسلاڤی لە یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند کەوائە و بە وەفدێکی دانوسان بۆ ئاریشەی بۆسنە بەشدار دەبێت. ئیتر لە ١٣-١٤ی شوبات بە ئامادەبونی پارتە سیاسیەکان لە پەرلەمان کۆبونەوە دەستیپێکرد. وەفدی ئێمە جگە لە من ئەوا هەریەک لە دەرویمیر محمود تشیهاتش و د.نعیم کادتش بەشداربوین لە کۆتایی دانیشتنی یەکەم دەرکەوت کە سێ ڕای جیاواز لە یەک هەیە دانوسان لای سرپەکان بۆ ئەوە بو کە جۆرێک لە شەرعیەت بدەن بەوەی کە سرپەکانیش هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەک و دابەشکردنی بۆسنە، بەڵام کرواتیەکان هەروەک پێشتر ئاماژەمان دا لەسەر بڕیارەکانی —لینیفوا- پێداگر بون. ئێمەش لای خۆمان لە هەوڵی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی سیاسی پێش سەربەخۆیی بۆسنەدا بوین و بەوەی کە پارێزگارییەکی شەرعی نێودەوڵەتیشمان لێبکرێت. سەرۆکی پارتی دیموکراتی سرپیا ڕایگەیاند کە سرپ و کروات ڕازی نابن دەوڵەتی بۆسنەو هەرسکی گەورە دروست ببێت. لای ئەو بۆسنەو هەرسکی گەورە ئەو بۆسنەیەی ئەم چوارچێوەیەی ئێستایە. واتە بە کورتی داوای پچڕکردن و دابڕینی بۆسنەی دەکرد. ئیتر ئێمەش ئەوەمان گوت کە ئێمە نازانین -بۆسنەو هەرسکی گەورە- کامەیە کە ئێوە لەبارەیەوە دەدوێن، بۆسنەو هەرسکی ئێستا لە ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە خاوەنی ئەم جوگرافیا تایبەتەی خۆیەتی، ئیتر ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆسنەی گەورەو بچوکمان نەزانیوە. بەڵکو هەر ئەوەبوە کە ئێستا هەیە. بۆیە ئێمە نامانەوێت بۆسنە دابەش بکرێت و بەیانی لە خەو هەڵسین و بەسەر بۆسنەیەکی پارچە پارچەکراودا ڕۆژ بکەینەوەو خۆمان ببینینەوە، کە ئەمەش واتە بۆسنەی شەڕ و کێشەو ململانێ و د.حارس سپلاجدتیش- لە کۆبونەوەکانی لیشبۆنە. کە ٢١\٢٢/٢/١٩٩٢ بەڕێوەچو بەشداری کرد. خاڵی باشەی کۆبونەوەکانی لیشبۆنە ئەوەبو کە جەختی لەسەر مانەوەی بۆسنەو هەرسک کرد بەو سنورەی ئێستایەوە. خاڵی لاوازیشی ئەوەبو کە دەکرێت قەوارەی جیاجیا لەخۆبگرێت. کارادیچ لای خۆیەوە ڕایگەیاند کەوا سێ کۆمار

بونیان دەبێت کۆماری سربی بۆسنە، کرواتی بۆسنە، موسڵمانی بۆسنە. دانیشتنەکانی لیشبۆنە لەژێر سایەی سێبەری ڕەشی شەڕو تارمایی جەنگدا بەڕێوەدەچون. کە دوای دو مانگ لەوەدوا یەخەی گرتین. ئیتر دانیشتنی تریش بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی دو جاریتر بەڕێوەچو. زۆرم هەوڵدا کە بۆسنە لە چنگی شەڕ ڕزگار بکەم. بەڵام ئایا دەکرێت شەڕ دورخەیتەوە لە خۆت؟ دیارە ڕۆژی یەکلایی کردنەوە ڕۆژ بە ڕۆژو سات بە سات نزیکتر دەبۆوە، جا پێمان خۆش بوایە یان نا. بەمجۆرە لە شەڕ نزیک دەبوینەوە پەرلەمانی ساختەی سربیەکان ڕێکەوتننامەی برۆکسلی ١١/ئازاریشی ڕەدکردەوە، وە ئەوان بەلایانەوە تەنها دو چارەسەر هەبو. مانەوە لەگەڵ یوگسلافیا، یان دارشتنەوەی پەیکەرە نەخشەی بۆسنەو هەرسک کە ببێتە سێ کۆنفدراڵی، سێ کۆماری نەتەوە جیاوازەکان. ئەوروپاش ئەوەی لێی چاوەڕوان نەدەکرا هیچ جۆرە بەرهەڵستی و ناڕەزایەکی دەرنەبڕی. ئیتر ئەوروپا گوێی خۆی لە هەڕەشەکانی سرب خەواند. ئەمەش ئەو سەرەتایەیە کە دەکرێت ناوی بهێنین بە (بێدەنگی بێشەرمانەی ئەوروپا) ،بەم هەڵوێستەیان جڵەویان بۆ سربە توندڕەوەکان شلکرد.

چەند ڕۆژێکی ما شەڕ بەری دەرگامان پێبگرێت. بگرە چەند سەعاتێکیش. لە ٤/١ یەکە نیمچە سەربازیەکانی سربیا بە هێرشکردنە سەر بلینسیا شەپوری شەڕیان کوتا. هەرچەند هەندێک لایان وایە کە لە پێشتر بەبێ ئاگادارکردنەوە هێزە یەدەگ و خۆبەخشەکانی سربیا و مۆنتینیگرۆ هێرشیان کردە سەر بۆسنە. ئەم هێزانە بەشێک بون لە یەکە سەربازیەکانی یوگسلاڤیا، بەڵام تاڵانچی و ڕەشەکوژ بون. هەروەک دەکرێت ئاماژە بە پێشتریش بدەین کە تیایا سربەکان لە بۆسەی چەخماخەلێدانی ئاگری شەڕدا بون، چونکە پێشتر لە دارستانەکانی ڕێگای (کرافیتسیا- براتوناش) پێش نۆ مانگ لە ڕاگەیاندنی جەنگ بوە ڕەسمی ئەوان خەڵکی بێ دیفاعیان کوشت. کوشتنی ئەو خەڵکە بێدیفاعە بەرجەستەکردنی ئامادەبونی شەڕانگێزی بو. دەستکرا بە گواستنەوەی یەکەکانی سوپا لە —زگرب–ەوە

بۆ بۆسنەو هەرسک. هێزی ئاسمانی لە سلۆڤینیا و کرواتیاوە لەناویاندا یەکەی پێنجی هێزی ئاسمانی و چەکی دژی فڕۆکە، لەگەڵ بەرفراوان بونی شەڕی کرواتیا و گەمارۆی ئابوری لە هەمو لایەکەوە ئەوا کۆماری بۆسنە روبەروی کاولکارییەکی تەواو بۆوە —کۆتلیر- هەوڵیدا ماوەی مانەوەکەی درێژ بکاتەوە تا بگاتە چارەسەرێک ئەمەش دیارە مەحاڵ بو. هەوڵدرا دانیشتنێک لە ١٠/نیساندا لە سەرایڤۆ رێکبخرێت هەروەک لە لیشبۆنەش لە دوای ٢٠ رۆژ لەم بەروارەوە. بەڵام شەڕ گەرم بو سەرایڤۆ پەیوەندی بە دەرەوەی خۆیەوە نەماو تۆپباران کردنێکی خەستیان لە چارەی نوسی. هەر لەو ماوەیەدا لە ٥-٦/نیسان هەواڵەکان باسیان لە کۆبونەوەیەک کرد لەنێوان _کارادیتش و بۆبان- تا بەیەکەوە هەوڵدەن شەڕ ڕاگرن و بۆسنە دابەش بکەن. ڕۆژنامەی واشنتن پۆست وای نوسیبو کە ئەم دوانە لەجیاتی —میلۆسۆڤیچ و تودجمان- بەم کارە هەڵدەستن، ئەمەش وەک هاوپەیمانیەتەکەی نێوان هیتلەرو ستالین- وایە کە ساڵی ١٩٣٩ پێش شەڕی پۆڵەندا ئەنجامیاندا، هەریەکە لە کرواتیاو یوگسلاڤیا وڵاتی چەتەگەری بون .ئەمە ئەو کەش و هەوایە بو کەوا من دەمویست تیایا. لە ٢٩/نیسان سەفەری لیشبۆنە بکەم تا ئامادەی گفتوگۆ بێ ئەنجامەکان بم .بە میانگیری —کوتیلیرۆ- لە فڕۆکەخانەی سەرایڤۆوە بەرەو _لیشبۆنە- بەڕێکەوتم. ڕێگای فڕۆکەخانە هەموی لەژێر چاودێری هێزە سربییەکاندا بو. لیژنەی چاودێری یەکێتی ئەوروپا فڕۆکەیەکیان خستە بەردەستمان کە سەفەرەکەمانی پێبکەین. گەیشتمە فڕۆکەخانە کەدە کیلۆمەتر لە شارەوە دورەو لە ژێر چاودێری هێزە ئاشتیپارێزەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکاندابو. و لە لیشبۆنە- ڕۆژێکی خۆرەتاوی هاوینی بو، بەڵام من لە هەستێکی تازیەداریدا بوم. گفتوگۆکانیش هیچ دەرەنجامێکیان نەبو. ئیتر لە ٥/٢ گەڕاینەوە بەسەر ئیتاڵیا و دەریای ئەدریاتیکی دا ڕۆیشتین بێ ئاگا لەوەی کەچی لە سەرایڤۆدا ڕودەدات، لەو ڕۆژەدا شەقامەکانی بە مانای وشە لەلایەن سوپای یوگسلاڤیاوە ڕوبەڕوی شەڕدەبۆوە ، وردەوردە سوپا کەوتە دەست سەرکردایەتی سربیە نەتەوەیە توندڕەوەکان بە

سەرکردایەتی کارادیچ. لە فرۆکەخانەی ڕۆما بە مەبەستی وەرگرتنی بەنزین بۆ فرۆکەکە دابەزین، هەر لەوێ تەلەفۆنمان کرد بۆ فرۆکەخانەی سەرایڤۆ کە ڕێگامان پێبدات فرۆکەکەمان بنیشێتەوە. ئەو کاتەی بەسەر دەریای ئەدریاتیکیدا تێدەپەڕین، ئەو ئافرەتەی لە دەستەی پێشوازی میوانانی فرۆکەکە دابو لە ژوری سەرەکی فرۆکەوانەکەوە هات بۆ لامان و پێی ڕاگەیاندین کە ناتوانین لە سەرایڤۆدا بنیشینەوە، ئیتر لەنێوان —بەلگراد و زگرب- یەکێکیان هەڵبژێرن. دیارە بێ هیچ دودڵیەک —زگرب-م هەڵبژارد. بەوەی فرۆکەکە ئاڕاستەی باکوری گرتەوەبەرنیگەران ونارەحەت بوین، پاشان گوێمان لە دەنگە دەنگی ژوری فرۆکەوانەکە بو کە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، ئەو ئافرەتەی پێشو هاتەوە و وتی دەتوانن لە فرۆکەخانەی سەرایڤۆ دابەزن. دیارە ئەمەش بەوەی وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی خۆمان بێت. ئیتر هیچ دودڵ نەبوم لەوەی کە بڕیاری ئەوە بدەم باشە با لە سەرایڤۆ بنیشێتەوە. ئاسمانی بۆسنە هەور بو بەڵام بەرچاو ڕون بو، کاتێک کە لە سەرایڤۆ دابەزین هیچ شوێنەوارێکی هێزی پاراستنی نێودەوڵەتیم نەبینی. بەڵکو چەند کەسێک کە بەرگی سوپای یوگسلاڤیایان پۆشی بو دەرکەوتن. ئیتر دەرکەوت کە فرۆکەخانەکە تەواو لەژێر دەستەڵاتی هەواداران و شوێنکەوتوانی —کارادیچ-دایە، وە پێیان ڕاگەیاندین کە دەبێت بچینە ژوری بەڕێوەبەری فرۆکەخانە، هەڵوێستی سەربازەکان دیار بو کەوا ئێمە دەست بەسەرین لەو گەشتەدا نورالدین ئیماموۆفیتش هاوەڵ و پارێزەری شەخسی خۆم لەگەڵ بو. ئەوەی نیگەرانی کردبوم —سابینا-ی کچم بو کە وەک وەرگێڕ لەگەڵمدا بو، هەواڵیان دامێ کەوا بە مەبەستی گفتوگۆکردن بەرەو —لۆکاڤیتسا- دەڕۆین. منیش ملم بە داواکاریەکەیان نەدا ئیتر ئەوانیش پەنایان بردە بەر هەڕەشەکردن بەوەی هێز بەکاردەهێنن، وا دیار بو نەیاندەزانی چۆن هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکەن. زۆر هاتوچۆیان کرد بۆ لام بۆ ڕاوێژ پێکردن. تەلەفۆنی سەر مێزەکە کەوتە زەنگ لێدان. هەربەتەنیا سەربازێکیش لە ژورەکەدا بو خێرا —سابینا- چوە بە بەردەم زەنگی تەلەفۆنەکەوە بێ هیچ دودڵیەک کەوتە

قسەکردن، ئیتر توانی کەسی بەرامبەری (کە ئافرەتێک بو بۆ ئەوە تەلەفۆنی کرد بۆ ئاخۆ گەشتەکان ئاسایین یان نا) قەناعەت پێبکات کە سەرۆک عزت بگۆڤیچ و هاوەڵەکانی ئێستا لە فڕۆکەخانە لە ژوری بەڕێوەبەری فڕۆکەخانە گیراون و دەستبەسەرن. سەربازەکە هیچی نەکرد و هیچی نەوت. جا یان ئەوەتا حەزی لێ نەبوە شتێک بڵێت یان ئەوەتا نەیزانیوە چی بکات، بەمجۆرە بەرامبەرمان ئاگادار کردەوە کە چیمان لێ بەسەرهاتوە. ئیتر خێرا زەنگی تەلەفۆن لێیداو ئەمجارە خۆم بەرەو پیری چوم. دەنگەکەم ناسی دەنگی سینادجمی فیزۆفیتش- بو لە تەلەفزیۆنی سەرایڤۆوە. پرسیاری کرد کەوا چی ڕویداوە. پێمڕاگەیاند کەوا دەست بەسەر کراوین و بەرەو —لۆکافیستا-مان دەبەن. دوایی دەرکەوت ئەم تەلەفۆن کردنەو چەند بارودۆخێکی تر کە هاتە پێش بونە مایەی ئەوەی ئازاد بکرێین و ژیانمان پارێزرا. ئیتر هەر خێرا هەواڵ بڵاوبۆوە کە سەرۆکی وڵاتێکی سەربەخۆ لەلایەن یەکەیەکی سەربازیەوە دەست بەسەر کراوە، ئەمەش لە شارێکدا کە لەژێر چاودێری هێزەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتوەکاندایە. ئیتر بەرەو __لوکاڤیستا- بەڕێکەوتین کە چەند کیلۆمەترێک لە فڕۆکەخانەوە دور بو بە سێ سەیارە بردیانین، دو تانک بونە هاوڕێمان کە ئەو ناوەیان پڕ کرد لە دوکەڵ و ناڕەحەتی. هەموان وەک زیندانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین، شەومان لە سەربازگەکە گوزەراند. لە ژوری سەرۆکی سەربازگەکە شوێن خەویان بۆ سازکردم، ئەوانیتریان برد بۆ ژورێکی تر. پاشان ئافرەتێک هاتە ژور کە بەرگی سەربازی لەبەربو خۆی بە دکتۆر ناساند داوای کرد کە —سابینا-ی کچم بەرێت بۆ لای خۆی. کەمن ئەو شەوانەی کە تیایا نەخەوتبم، یەکێک لەو شەوانە ئەو شەوەی —لوکاڤیستا- یە. خەوزڕان و ناڕەحەتیەکەم دەگەڕایەوە بۆ —سابینا-ی کچم.ناڵەو گرمەی تۆپ و ڕوناکی موشەکی ئاڕاستەکراو بەسەر سەرایڤۆدا، هاوڕێی شەوم بون. کاتژمێرێکی سەربازی بەرامبەرم هەڵواسرا بو هەرچی سەیرم دەکرد زۆر بە هێواشی کات تێپەڕ دەبو ئیتر کاتژمێر ١ بۆ ٢ بۆ ٣ تا بەری بەیان شەبەقی دا من خەو نەچوبوە چاوم، دوای ئەوەی تەلەفزیۆنی

سەرایڤۆ باس و خواسی ئێمەی بڵاوکردەوە هەوڵی ئازادکردنمان لەملاولاوە کەوتەگەڕ. بەیانیەکەی هەر تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری و سەردانکردنمان بو. بەمجۆرە خۆر لە ئاسۆوە ئاوا بو بەڵام هیچ دەرەنجامێکمان دەستنەکەوت. ڕوداوی سەرەکی کە کاریگەری خۆی لەسەر ئەم باسە بەجێهێشت ئەوە بو لە: ئەو ڕۆژەی ئێمە لە لیشبۆنەوە-وە گەڕابوینەوە بۆ سەرایڤۆ شەڕێکی قورس لەنێوان موسڵمانانی بۆسنە و سوپای یوگسلاڤی کە لە نزیک نەخۆشخانەی سەربازی نیشتەجێ بون ڕویدا بو، ئەو هێزە سەربازیە هێرشێکی بەرنامەڕێژکراوی کردبو تا دەست بەسەر بینای سەرۆکایەتیدا بگرێت، بەڵام ڕوبەڕوی بەرگریەکی ئازایانەی وا ببۆوە کە چاوەڕوانیان نەکرد بو، لە هەمو لاوە لێیان ڕاپەڕیبون، ناچار بەرەو سەربازگەکەیان پاشەکشەیان کردبو، کۆمەڵێک لە پیاوەکانی ئێمە سەرکردایەتی سوپای ٢یان لە —بیسترک- گەمارۆدا بو وە سەرکردەی سوپای دو جەنەراڵ —کۆکانیاتس- و هەمو تاقمەکەی دەوروبەریشی. چەند سەد ئەفسەر و کەسانی تر بە پێداویستی خۆیانەوە کەوتبونە ناو گەمارۆی هێزەکانی ئێمەوە. باکری- کوڕم کە هەواڵی گرتنەکەمی بیستبو یەکسەر کەوتبوە خۆی بۆ ئازادکردنم، کەوتبوە سەردانی کردنی زۆرینەی لێپرساوان بەڵام هیچ بە هیچ نەکرا. لە کۆتاییدا پێشنیاری ئەوەی بۆ یەکێک لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کردبو کە لەگەڵ جەنەراڵ —کۆکانیاتس-ی دەستبەسەر لە سەربازگەی بسترک- قسە بکەن. ئەوە بو ئاڵوگۆڕ کراین. ڕۆژی دوایی سەعات پێنجی بەیانی من و سابیناو ئەوانی دی، -لۆکافیستا-مان جێهێشت. سوار زرێ پۆشێکی سەربازانی نەتەوە یەکگرتوەکان کراین لە پەنجەرە بچوکەکانی زرێپۆشەکەوە تانک و زرێپۆشی تێکشکاوی شەڕەکەی دوێنێم دەبینی، بردیانین تا لە دەرەوەی سەربازگەی —بیستریک- وەستاین. لەوێدا لە دەرگای سەربازگەکەدا تانکێکی گەورە سەر ڕێگاکەی گرتبو کە دەتگوت قەڵایەکە بۆ خۆی. لە زرێپۆشەکە دابەزیم دنیا کپ و بێدەنگ بو دوایی زانیم تیرهاوێژەکانمان چونەتە سەر سەربانی ساختمانە بەرزەکانی دراوسێ تاوەکو سەربازگەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی چەکەکانی

خۆیانەوە. لەوێدا کۆمەڵێک ئەفسەری پیاومان بینی کە ئامادەی ئازادکردن بون، ئازاد کران بەڵام دوای دە خولەک هێرشکرایە سەر کاروانی سوپای یوگسلافیا. پێنج ئەفسەر کوژراوچوار بریندار بو، وە ١٦٠یان لێ بەدیل گرتن. ڕۆژی دوایی بە میانگیری هێزەکانی چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان هەمویان ئازاد کران. ئیتر زۆرینەیان گەڕانەوە بۆ سەربازگەکەی خۆیان و هەندێکی تریشیان بۆ ماڵەوە. من و هاوەڵەکانم لەسەر پردی —سکندەریا- کە هێڵی جیاکردنەوەی سەرایڤۆیە لە زۆرێپۆشەکە دابەزین و بەرەو بینای سەرۆکایەتی ڕۆیشتین، لەوێ پێشوازییەکی وایان لێکردم وەک ئەوەی لە مەرگ گەڕابێتمەوە. خوێنەرێکی گۆڤاری —ئاڤاز- پرسیارێکی لێکردم سەبارەت بەم ڕوداوە، ئاوای نوسی بو: {ئەو دەمەی شەڕ و ڕوبەڕبونەوە لەگەڵ سوپای یوگسلاڤیا دەستی پێکرد لە سەرایڤۆ ئەوا ئێوە لە —لۆکاڤیتسا- دەست بەسەرکران و گیران هەندێک دەڵێن ئێوە لە یەک ڕۆژدا گیانی خۆتان ڕزگار کردوە بۆسنەشتان ڕزگار کرد، ئایا تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟} لە وەڵامدا نوسیم (دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بو کە بەسەر ترس لە (تشتنیک- میلشیا سرپبیەکان) دا سەرکەوتین، ئیتر لەوەو دوا ترسمان لێیان نەما. وەئەو ترسەمان نەما کە چەندین دەیە بو بە دەستیەوە دەماننالآند، بەڕاستی ترسێکی قورس بو، وە لەوە دوا سەرمان بەرزکردەوەو بەرگریمان کرد، زانیمان دەبێت چی بکەین و چیمان لەسەر شانە خۆڕاگربوین هەر ئەوەشمان چاک کرد. ئەمەش کارێکی ئەخلاقی و کاریگەرییەکی دەرون بەرزکردنەوەی باش بو. وە زۆر بۆ ئایندەمان پێویست بو. لە ٥/٢ سەرایڤۆ و لە١٥/٥/١٩٩٢ تۆزلا دەرکەوت کە دەکرێت کۆت و بەندەکان بشکێنرێت، ئەمەش بەلای منەوە باشترین هۆکاربو لە بارەی ئەو پرسیارەی کە ئاڕاستەت کردم.) بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ —برانکۆکوستیش- و سەرۆک ئەرکانی سوپای یوگسلافی بە وەکالەت لە ڕێی ئاسمانەوە بەرەو سکۆبیای پایتەختی مەکدۆنیا بەڕێکەوتم دیدارەکە سێ ڕۆژ پێش کۆبونەوەکەی ٢٦/ئایار/١٩٩٢ی لیشبۆنە بو. جارێکیتر بە چاودێری هێزە نێودەوڵەتیەکان بەرەو فڕۆکەخانەی سەرایڤۆ بەڕێکەوتم

زیاد لە کاتژمێرێکمان پێچو. تا گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەڵام لە سەرایڤۆی ئاڵێنراو بە شەڕەوە تا پایتەختی مەکدۆنیای ئاشتی و ئارامی تەنها بیست خولەکمان پێچو. ڕۆژێکی خۆرەتاوی مانگی نیسان بو لە سکۆبیا لە ناو باخچەیەکدا دانیشتنەکەمان کرد، بەڵام کەش و هەوای دانیشتنەکە دڵتەنگ و ئاڵۆز بو. منیش پێشتر بەهۆی کۆبونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی هەردوکیانم دەناسی. ئیتر ئاڵوگۆڕکردنی دژایەتیمان لەگەڵ یەکدی نەدەشاردەوە. سەرۆکی مەکدۆنیا —کیرۆگلیگیرۆف- ویستی کەرەمی خانەخوێی خۆی نیشان بدات و بکەوێتە میانگیری نێوانمان، بەڵام هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ یەک زۆر دور بو ئەمە سەرەڕای پەیوەندی خراپی شەخسی خۆمان لەگەڵ یەکتردا. دیارە دەرەنجامی کۆبونەوەکە هەر بێ ئەنجامیە کە نزیکەی سێ کاتژمێری خایاند. پاشان ئەم لێدوانەم بۆ ڕۆژنامەنوسەنەکان دا: پرۆسەکە دەستی پێکردوە کۆتایەکەی ئەوەتا سوپای یوگسلاڤیا بۆسنە جێبهێڵێت وە یان ئەوەتا پەیکەری خۆی لەڕیشەوە بگۆڕێت و ببێتە سوپای بۆسنە، ئێمە پێویستمان بە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ سوپادا نیە. داوای شەڕ ڕاگرتنمان کردوە، قبوڵ کراوە بەڵام بەداخەوە قەبوڵکردنەکە هەر زیاتر ڕاگەیاندن بوە ئەم نیەت باشیەی سەرکردەکان لە کۆبونەوەکەدا باسیان کرد پێویستی بە وردکردنەوەو جێبەجێکردنی کرداریانە هەیە وەک لابردی هەمو بەربەستەکانی سەر ڕێگاو کردنەوەی فڕۆکەخانەی سەرایڤۆ، سەبارەت بە سوپای بۆسنە ئەوا لاموایە لە ژمارەیەکی کەم پێک دێت و ڕەچاوی هاوسەنگی نەتەوایەتی تیایا دەکرێت، چەک و پێداویستیشی هەر هەمان چەکی سوپای یوگسلاڤی دەبێت}. ئیتر لەم لێدوانەمدا باسی ئەو قسە گرنگە ڕاشکاوەی — ئادیتش-م نەکرد کە لە کۆبونەوەکەدا گوتی. کاتێک من پێشنیاری ئەوەمکرد با چەند جەنەڕاڵێکی موسڵمان لە سەرکردایەتی سوپای بۆسنەو هەرسک دابمەزرێن، ئەوا یەکەمجار کەوتە بیرکردنەوەو خۆکەڕکردن لە وەڵامەکەی. پێم گوت- ئەگەر دەتەوێت وڵات ڕزگار بکەین ئەم کارە جێبەجێ بکە.ئەو ئاوە وەڵامی دامەوە: بەڕێز عزت بیگۆڤیچ- تۆ دەزانیت زۆرینەی زۆری ئەندامانی سوپا لە سڕبەکان پێکهاتوە،

کەواتە کارێکی واقیعیانە نیە سەرکردەکانیان موسڵمان بێت. بەڕاستی وەڵامەکەی —ئادیتش- ڕاستگۆیانە بو، بە پێچەوانەی —کوستس- کە زیاتر دەیویست سیاسیانە ڕۆڵا بگێڕێت. دەیویست ئەو هاوپەیمانیەتە بشارێتەوە کە لەنێوان سوپای یوگسلاڤیا و یەکە نیمچە سەربازیە سربیەکاندا کرابو. هەروەها دەیویست ئەو کارە ئابڕوچونەی سوپا بشارێتەوە کە لە کرواتیاو بۆسنە ئەنجامیان دابو. پێویستە دان بەوەدا بنێم من کە پێم نایە ناو فڕۆکەکە دەمگوت بڵێی بتوانم بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێمەوە بۆ سەرایڤۆ، چونکە ئیتر بەرەکانی شەڕ هەموی کراوەبو، ئەمە ئەو دەرەنجامە بو کە لە کۆبونەوەکەی سکۆبیا پێی گەیشتم. حەفتا ڕۆژی پێچو تا تێگەیشتین کەوا ئێمە لە شەڕێکی تەواو قورس و نابەرامبەردایین، بواری پاشەکشەو گەڕانەوە نییەو شەڕەو درێژە دەکێشێت. لە ١٩٩٢/٦/٢٠ سەرۆکایەتی بۆسنەو هەرسک حاڵەتی شەڕی لە وڵاتدا ڕاگەیاند، ئێمە تا ئەو کاتە خۆمان دابوە دەست هیوایەکی شێتانە بەوەی موعجیزەیەک ڕوبدات و ببێتە بەرگریکار لە ڕشتنی خوێنی ئەو خەڵکە لە هیچ و خۆڕایی. دوای شەش ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی شەڕ سەرۆکایەتی بۆسنە نەخشە ڕێگایە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند. کە بریتی بو لە داواکاری لە هەمو دانیشتوانی بۆسنەو هەرسک کە بە خێرایی بەڕیزەکانی بەرەی نیشتمانییەوە پەیوەست ببن تا بەر بە دەستدرێژی دەستدرێژکاران بگرن. ئیتر نەخشەکە خرایە بەرنامەی سەرۆکایەتی بۆسنەوە تا لەسەر ئەو بنەمایە بجەنگێت. وە جەختیشی لە دیموکراسیەتی پەرلەمانی و مەدەنی بون دەکردەوە. نەخشەکە لای وابو کە ڕێگای گەیشتن بە کۆتایی شەڕ لە ڕێگای دانوستانەوە دەبێت ئەمەش لەسەر بنەمای ئاشتیەکی عادیلانە، بەڵام ئەو نمونە بەرزو جوانەی ئێمە لە نەخشە ڕێگادا ئاماژەمان پێدا لەسەر زەوی کەوتە بەر هێرشی چەکی قورس و شەڕی گەرمی شارو لادێکان. دنیاش لەوپەڕی بێئاگایی و خەمساردانە پشتی تێکردین. نیازو نیەتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان ڕاستگۆیانە بو. کاتێک بەڵاو وەیشومەی شەڕ ڕو لە وڵاتێک دەکات ئەوا ئەم پرسیارە خۆی دەهێنێتە پێش (ئایا دەکرا خۆمان لە

شەڕ لابدایە؟) بۆ حاڵەتی بۆسنەو هەرسک دەڵێم بەڵێ دەکرا، بەڵام پێش ئەوەی سلۆڤینیاو کرواتیا لە یوگسلاڤیا پاشەکشەیان بکردایە، بەڵام دوای پاشەکشەکردنی ئەوان ئەوا خۆبواردن لە شەڕ مەحاڵەو بێمانایی بوە بەشی دوەمی وەڵامەکە، زۆر ورد نییە دەکرا دوای پاشەکشەکردنی هەردو کۆماری سلۆڤینیاو کرواتیا لە دەوڵەتی (یەکێتی یوگسلاڤیا) ئاشتی جێگیر بوایە، بەڵام ئەودەم ئەو جۆرە لە ئاشتی پێویستی بە پەیماننامەیەکی —خۆتەسلیم کردن- هەبو. واتە ئەوکات بۆسنە دەبوە بەشێک لە سڕبیای گەورەو ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەلاتی —سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و کارادیچ دەبون و ئەمانە خاوەن دەسەلاتی ڕەها دەبون. ئەمەش جۆرێکە لە کۆیلایەتی وە کۆیلایەتیش لە شەڕ خراپترە. بە گوێرەی زانیاری بەردەست سوپای بۆسنە سێ هەزار چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە، کە هەندێکیان هێرشەو ئەوانیتر بەرگری کردنە. ئەمەش لە ماوەی چل و سێ مانگی شەڕی بەردەوامدا کە بە درێژایی ١٢٠٠ کم بو. هەندێک لەم شەڕانە سەرکەوتنی گەورەو بەرچاو بون دیارە هەندێکی تریشیان شکان و تێکشکانی کارەساتبار بون. ناکرێت کۆتا وێنەی شەڕ نیشان بدرێت یان دیاری بکرێت، بەڵام دەکرێت بڵێین شەڕ کۆتایی هات بەبێ سەرکەوتن و دۆڕاندن. ئەگەر سەیرێکی بارودۆخەکە بکەین ئەوا دروستکردنی سوپای بۆسنە خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکی بچوک بو. بەپێی لۆجیکی سەربازی باو دەبوایە هەر زو سوپای بۆسنە لەناو بچواندرایەو نەهێڵدرایە دروست ببێت و بۆسنەش داگیر بکرایە. سەرەتای دروستبونی سوپا لە چەند کۆمەڵەی بچوک بچوکەوە دەستی پێکردو پەیوەندی نێوانیان کزو لاواز بو. ٩٦ لیوا لە (شەش فەیلەق)دا سەرژمێریەکانیش ورد نەبون، بەڵام بەپێی تۆماری مەڵبەندی تۆمارکردنی سەربازی ئەوا ١٨٦ هەزار کەس ناوی خۆیان بۆ بەرگری لە بۆسنەو هەرسک تۆمارکرد. نیوەی ئەم ژمارەیە سوپای بۆسنە بون و نیوەکەی تریان پۆلیس و هێزی یەدەگ و خۆبەخش بون کە بۆ بەرگری لە شەقام و گوندەکانیان خۆیان تۆمار کردبو. جا چەکدار بوین یان نا.؟ ئەوکات لە پێنج سەرباز یەکێکیان چەکی پێبو،

بەڵام دوایی سوپا بوە خاوەنی چل هەزار پارچە چەکی جیاواز. لە مانگی حەوتی ١٩٩٣ ژمارەی سەربازەکانمان گەیشتنە ٢٠٧ هەزار کەس، بەڵام ئەمانە هەمویان ڕێکخراو نەبون و هەموشیان بەشداری شەڕیان نەکرد. لە کۆتایی ١٩٩٤دا ژمارەی سەربازەکانمان گەیشتە ٢٢٧ هەزار کەس و هەشتا هەزار تفەنگی جۆراوجۆر و چل و دو تۆپ هاوێژ و شەست تۆپ هاوێژی هاوتزر و ١٢٥ موشک هاوێژی جۆراوجۆر و ١١٥ چەکی دژە زرێپۆش. دەبێ بڵێم ئێمە لە سێ ڕێگاوە چەکمان وەگیر دەکەوت. یەکەم/ ئەو چەکانەی لە شەڕدا دەبونە دەستکەوت و لە دوژمنمان دەگرت، دوەم/ لە کارخانەو وەرشە بچوکەکانی خۆماندا دروستمان دەکرد، سێهەمیان ئەوەتا وەک دەڵێن (لەودیو حەوت کێو و کۆوە) بەدەستمان دەگەیشت. چیرۆکی چەکداربونی سوپای بۆسنە چیرۆکێکی کاریگەرە کە ئازایەتی و نەخشەکێشان و عەزم و ئیرادەی مرۆڤ دەردەخات. لە ساڵی ١٩٩٢دا ئێمە خاوەنی نزیکەی شەست و پێنج کارخانەی سەربازی بوین کە لەپێناو سوپای بۆسنەدا کاریان دەکرد. هەمو وەرشە بچوکەکانی کارو پیشەی ورد کرانە کارخانەی سەربازی. ساڵی ١٩٩٣ کە چومە ناوچەی —بریزا- کە چواردەوری گیرا بو ئەوا تفەنگەکانیان نیشاندام کە پیشەوەران و هونەرمەندانی دەسترەنگین خۆیان خۆماڵیانە دروستیان کردبو. کارخانەی پۆڵاسازی کرایە کارخانەی سەربازی.

بەمجۆرە لە باقی شارەکانی تری وەک زینیتا و گوراژدەو ترافنیک و...هتد کار بەم جۆرە دەڕۆیی. کارخانەکانی جلوبەرگ دورین لە کاتی ئاشتیدا بونە بەرهەمهێنی جلوبەرگ و پێڵاوی سەربازی و هەمو مادە سەرەکییەکانی هەڵگیراو خرانە خزمەت سەربازەکان. دەکرێت لە بارەی دەستکەوتنی چەک (لەودیو حەوت کێو و حەوت دەریاوە) کتێبێک بنوسرێت. کە چەندە مەترسیدار و ئاستەنگدار دەستمان پێی گەیشتوە. هەرچەندە چەک و پێداویستی سەربازیمان بەدەست دەگەیشت، بەڵام بایی ئەوە نەبو شەڕی گەورەی پێ بکەین بۆیە تا ماوەی پێش کۆتایی شەڕ نەمانتوانی بەرەی شەڕی گەورە بکەینەوە. تەنانەت لەگەڵ

باشبونی چەک و پێداویستی شەڕیشدا هێشتا تۆپهاوێژمان بە گوێرەی پێویست نەبو بە هەمان شێوەش نە تانک و نە زرێپۆش.

لە ڕاستیدا تێکەڵەیەک لە هۆکاری —ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی- بونە مایەی ئەوەی بۆ بەرگریکردن لە بۆسنە پاڵپشتێکی باش بێت. ڕۆژئاوا بۆسنەی کردە ناوچەی دژە فڕین، لە ڕێگای نەتەوەیەکگرتوەکانەوە خۆراک و پاراستنیان بۆ دابین کردین. وڵاتانی ئیسلامیش چەکیان پێدابین، کۆبونەوەی ئەم دو ڕاستیە وایکرد کە ببنە پاڵپشتێکی باشی بەرگری کردن لە بۆسنە. دیارە لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە ویستی بەرگری کردن و بەرگری کردن لە خۆو ئازایەتی و کارزانانە لە جوڵەو کاردا بونە هۆکاری بەرگری کردنی سەختگیرانە لە بۆسنە. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی چەک و چۆڵی سەربازی بۆ کۆمارەکانی یوگسلاڤیای پێشو دەرکرد، سوپای بۆسنە یەکەمین زەرەرمەندی ئەم بڕیارە بو کە نەیدەتوانی خۆی پڕچەک بکات، سربەکان هێندە چەکیان هەبو نەیاندەزانی چی لێبکەن، نزیکەی چل ساڵ بو هەرچەکیان لە جبەخانەکاندا هەڵدەگرت، سوپای یوگسلاڤیا لە ڕوی چەک و جبەخانەوە چوارهەمین سوپای ئەوروپا بو، ئەمەش دەرەنجامی ئەو کۆمەکە بیانیانە بو کە بۆ ئەوەی ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەت کەم بکەنەوە. (لورد ئەوین) لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: (یارمەتی و قەرزپێدانی ڕۆژئاوا بوە پاڵپشت و هۆکاری مانەوەی سوپای یوگسلاڤیای گەورە تەنانەت لەدوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەتیش. لە ١٢/مانگی ئایاری ١٩٩٤ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بڕیاری لابردنی قەدەغەکردنی چەکی سەر بۆسنەی لابرد هەر بەدوای ئەمیشدا لە چواری حوزەیراندا ئەنجومەنی نوێنەران هەمان بڕیاری دا، بەڵام —بیل کلنتۆن- لەژێر فشاری هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی بەتایبەت بەریتانیا بڕیاری —ڤیتۆ-ی بەکارهێنا، ڕوسەکان ڕایانگەیاند ئەگەر بڕیاری لابردنی قەدەغەکردنی چەک بدرێت ئەوا سربەکان هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی بۆسنە و

کرواتیا، هەروەها سرپەکان هێرش دەکەنە ناوچەکانی بودرینە لە —سربرینشا و جیبا و گوراژدەیە هەرچەندە نەتەوە یەکگرتوەکان بە ناوچەی ئارامی داناوە.

سەرەڕای ئەو قەدەغە کردنەی بەسەرماندا سەپابو بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٣ دا توانیمان سی هەزار تفەنگی جۆراوجۆر و بیست ملیۆن فیشەک و سی و حەوت هەزار نارنجۆکی دەستی و چل و شەش هەزار موشەکی دژەتانک و بیست هەزار دەست بەرگ وپۆشاکی سەربازی و سەدو بیست هەزار جوت پۆستاڵی سەربازی بهێننە وڵاتەوە. پێویستیمان بۆ چەک وای لێکردین توشی زۆر سەرکێشی ببین. لە سەردانیکمدا بۆ برۆکسل کە مێژوەکەیم بیر نەماوە، هەندێک کەس ئەوەیان خستە بەردەم کە ئەوان دەتوانن جۆرە چەکێکمان پێبفرۆشن کە بەئاسانی بتوانین هێزەکانی —کارادیش-ی پێ بۆمباران بکەین کە ئەو دەم چواردەوری سەرایڤۆیان تەنی بو. چەکەکەش بریتی بو لە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر، کە هەڵگری جۆرێک موشەکی تایبەتە. ئەم سەودایە بۆ ئێمە سەرنج ڕاکێش بو چونکە ئێمە وا بۆ پێنجسەد ڕۆژە بوینەتە ئامانجی ڕۆژانەی تەقەی بێڕەحمانەی موشەک و قەناسی سرپەکان. بۆیە نەماندەزانی کەی لەدەست ئەم گرفتە ڕزگارمان دەبێت کاتێک کە پێشوازیم لەو کەسە نەناسراوانە کرد ئەوەیان خستەڕو کە ئەوان هەردو هەلیکۆبتەرەکە دەهێنن و لەسەر شاخی —ئیغمان- لە شەوێکدا لە یاریگاکەی __زیسنیتسا- تەسلیممانی دەکەن. سەرو شکڵیان بێوەیی پێوە دیاربو، بەڵام خۆیان نەناساند هەرئەوەندەیان گوت کە ڕەگەزیان باشوری ئەفریقاییەو لە هەمو جیهان کار دەکەن. بۆ جێبەجێکردنی مامەڵەکە دو مەرجیان دانا، یەکەمیان ئەوەیە هەر کە پیاوەکانمان لەوێ ئاگاداریان کردین کەوا هەلیکۆپتەرەکان گەیشتون ئەوا دەست بە دەست و بە نەقدی پارەکەیان بدەینێ. دوەمیان ئەوە بو کەوا ئێمە ڕێگایان پێبدەین یەکێک لە پیاوانی ئێمە بە بارمتە لەلای خۆیان بگرن و گلی بدەنەوە نەوەکو ئێمە فێڵیان لێبکەین. پێشنیاری ئەوەیان کرد کەوا مامەڵە لە یەکێک لە باڵوێزخانەکانمان لە ئەوروپا بکرێت. وە کەسی بارمتە کراویشمان بریتی بێت لە سەر کونسوڵی

باڵیۆزخانەکەمان. لە دوای بگرەو بەردەیەکی زۆری مامەڵەکاری لەگەڵیاندا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە مەرجی یەکەممان پێ باشە بەڵام ملمان نەدایە مەرجی دوەم. ئیتر ئەوانیش داوای ئەوەیان کرد کە پارەکە حازر بکەین لە هەمان ساتەوەختی ئاگادار کردنەوەمان لەلایان برادەرانمانەوە کەوا بە دەستیان گەیشتوە ئەوا ئێمەش پارەکە تەسلیم بکەین. بازرگانانی چەک وەک بازرگانانی مافیای مادەی هۆشبەر بێویژدانترین و مەترسیدارترینن ، گوێیان بە حەرام نییەو لەپێناو پارەدا پەنا بۆ هەمو شتێک دەبەن، بەڵام ئەگەر چەکت پێویست بو ئەوا هەر دەبێت ڕو لەوێن بکەیت. ئیتر نامەیەکمان نارد بۆ سەرچاوەیەکی خۆمان لە ئەستەنبوڵ ئەو بڕە پارەیە دابین بکەن کە داوای دەکەن. وە بەیەکێکدا بۆمان ڕەوانەی باڵوێزێک لە باڵوێزخانەکانی ئەوروپا بکەن.

هەردو بازرگانەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئامادەبون وتیان: کارەکە ئامادەیە، هەردو فڕۆکەکە لە یەکێک لە بنکەکانی ئیتاڵیاوە بەرەو شوێنی نیشتنەوەی خۆیان بەڕێدەکەون وە ئەگەری ئەوە هەیە لە نیوە شەودا بگەنە شوێنی خۆیان. باڵیۆزەکەمان لەگەڵ ئەو کەسەی کە پارەکەی هەڵگرتبولەلایەک لە لاکانی ژورەکە بەرامبەر دو بازرگانەکە بەرامبەر بە یەک دانیشتن. نازانم کێ لە کێ دەترسا. ئێمە لە ئەوان یان ئەوان لە ئێمە. برادەرانی ئێمە دەترسان لەوەی کە ئەمە نەخشەیەکی کلاسیکی چەتەگەرایانە بێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر پارەکەدا بگرن بەوەی ئەمان ناچار بە تەسلیم بون بکەن. بۆیە برادەرانی ئێمە ئامادەکاریان کرد بو دەمانچەکانیان پڕ فیشەک کردبو هەروەک بازرگانەکانیش ئاگادار کرابونەوە کە ڕاڕەو و دەرگای هاتنە ژورەوەی باڵوێزخانەبە کەسانی پاسەوان تەنراون. ئیتر بازرگانەکان بە تەلەفۆنی دەستی لەگەڵ کەسێکیتردا خەریکی قسەکردن بون. یەکێک لە ئەندامانی ئەو برادەرانەی خۆمان پێی ڕاگەیاندم. کە کاتژمێر بو بە یەک بە دو بە سێی بەرەبەیان هەردولامان بە توندی چاودێری یەکترمان دەکرد و چاومان لە یەک نەدەتروکاندو لە جوڵەی یەکتر بەئاگابوین. دواى بەرەبەیان داوایان کرد کە ڕێگایان

بدەین کە بڕۆن بە دوای شتێکی خۆیاندا بگەڕێن وتیان هەڵەیەک هەیە ئیتر ڕۆیشتن و ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆشتن نەگەڕانەوە. تا ئێستاش بۆمان ڕون نەبۆوە ئاخۆ ئەوانە بازرگانی چەک بون و کارەکەیان ڕوبەڕوی ئەگەرێکی وا بۆتەوە کە ئەمان بە بیریاندا نەهاتوە. وە یان ئەوەتا قۆڵبڕبون و ویستویانە سوک و ئاسان پارەیەکی مۆڵیان دەستکەوێت. جەنەرال —دیلتش- ئەو شەوە لە —زینیتسا- لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەر هەر چاویان لە ئاسمان گێڕاوە بەڵکو شەوقی موعجیزەیەک دەرکەوێت، بەڵام هەردەرنەکەوت منیش ئەو شەوە تا بەیانی بەدیار تەلەفۆنەوە خەو لە چاوم نەکەوت. لە سەرەتا شەڕی بۆسنە شەڕێکی کلاسیکی نەبو، واتە شەڕی نێوان دو سوپا نەبو، بەڵکو هێرشێکی شەڕانگێزی بەهێزی دام و دەزگای سەربازی گەورە بو بۆسەر گەلێکی بێ دیفاع ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی سڕبیای گەورە. بیرۆکەی دروستکردنی سڕبیای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەلایەن نوسەرێکەوە بەناوی —ئیلیا گراشانین- خراوەتە ڕو. لە کۆتایی سەدەی بیستدا گەیشتە لوتکە. کەسێک کە ئەم بیرۆکەیەی خستە سەر نەخشەی زەوی و پیادەی کرد سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بو ئەمەش بە هاوکاری سوپای یوگسلافیا کە لە هەمو سەردەمەکانی تر زیاتر سڕبی بون. دوای ئەوەی کرواتیە نەتەوەیەکان گەیشتنە دەسەڵات ئەوا میلۆسۆڤیچ ئەوەی بۆ ڕون بۆوە کە ناتوانێت دەست بەسەر هەمو بۆسنەو هەرسکدا بگرێت، بۆیە ئامادە بو بە ڕێکەوتن لەگەڵ کرواتیا بۆسنەو هەرسک لەنێوان سڕبیاو کرواتیا دابەش بکات. ئیتر لە ساڵی ١٩٩١وە تا کۆتایی شەڕ دانیشتن و کۆبونەوەیان بۆ ئەو مەبەستە هەر بەردەوام بو. پاشان هەردولایان بڕیاری ئەوەیاندا کە بەشێکی کەمی بۆسنە بدەنە موسڵمانان ئەویش ناوچەیەکی دابڕاوی نێوان کرواتیا و یۆگسلاڤیا بو، وە بەشێک لە سەرایڤۆش بەڵام —بۆدرێنە-ی لەگەڵدا نەبو چونکە زۆرینەی زۆری دانیشتوانەکەی بۆشناق بون. دیارە کە هیچ کەلێنێکیشیان لەسەر دەریا بۆ نەهێشتنەوە بگرە لە ڕوبارەکانی ساڤا و درێنا و ئۆناش بەشخوراویان دەکرد.. هێرشی سەر سەرایڤۆ لەو کاتەوە دەستپێکرد کە

ژمارەیەک بەربەستی زۆر لەسەر ڕێگاکان دروستکران، وە لە ١٩٩٢/٤/٥ هێرش و دەستدرێژییەکی چەکدارانە کرایە سەر ئەکادیمیای پۆلیس لە —فرانتسا- ئەمە یەکەمین زیانلێکەوتنی شەڕمان بو، ئەمەش لە دو ڕۆژی جەژندا بو، هێزە یوگسلاڤی و یەکە نیمچە سەربازییە سڕبییەکان بە بیانوی مەشق و ڕاهێنان لە کۆتایی ١٩٩١ و سەرەتای ١٩٩٢ سەرایڤۆیان گەمارۆدا لە ٨/نیساندا میلیشیاکانی سڕبیا و مۆنتینگرۆ و سوپای یوگسلافی پەلاماری —زڤۆرنیک-یاندا، دوای بیست ڕۆژ بەرگریکردن دەستیان بەسەردا گرت. پاشان لە باکوری بۆسنە —برتشکۆ-شیان داگیر کرد. دواتر لە ١٩٩٢٠٤/٢٩ فەیلەقی پێنجی سوپای یوگسلاڤیا پەلاماری هەردو شاری بیربیدۆر و گوزاراتس ی ڕۆژئاوای بۆسنەیان داو داگیریان کرد. لەو ڕۆژەدا نزیکەی هەشتسەد کەس بونە قوربانی و ١٢٠٠ کەسیش دیلکران و ڕەوانەی سەربازگەکانی دەست بەسەرکردنیان کردن. لە ١٥/ئابی ١٩٩٢ نیشتمانپەروەرە بۆسنیەکان توانیان لە برتشکانیسکا بەر بە کاروانێکی سەربازی یوگسلافی بگرن. لێرەوە ڕوداوەکان بە ئاقارێکیتردا چون ئەو چەکانەی لەو کاروانە سەربازیەدا دەستی بەسەردا گیرا کاریگەریەکی باشی بەرزکردنەوەی دەرونی و مەعنەوی هەبو وە زیاتر لەسەر بەرگری کردن سوربون. هەر لێرەوە سوپای یوگسلاڤیا لە مۆستار بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی بەرگری کرواتی و یەکەکانی سوپا لە ناوچەکەدا توانیان پاشەکشە بە سوپای یوگسلاڤی بکەن و لە شاری مۆستارو هەندێک شوێنی دەوربەری وەدەریان بنێن. کەوایکرد هێڵێکی بەرگری قایم دروست بکرێت هەرواش تا کۆتایی شەڕ مایەوە بەبێ هیچ دەستکاریەکی ڕیشەیی.

لەگەڵ ئەمەدا ڕەشبگیری و سەربازگەی زیندانی بەکۆمەڵ دەرکەوتن و هەمو وڵاتی گرتەوە، زۆرینەی زۆری قوربانیانی ئەو سەربازگانە موسڵمانانی هەردو ڕەگەز بون، هێزەکانی چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان تەواو ئاگاداریش بون کەچی وا خۆیان نیشان دەدا کە هەر ئاگاشیان لێی نییە. سەربازگەکانی ڕەشبگیری لە ــکیراتیزم و ئۆمارسکا- کە هەمو جیهان وێنەکانی بینین جێدەستی نەگریس و

بیرەوەری تاڵی سەربازگە نازییەکانی پێش نیو سەدە لەوەوپێشی بیردەخستینەوە، هەرچەندە ئەودەم جیهان سوێندی ئەوەی خوارد کە شتی وا نابێت دوبارە بێتەوە، بەڵام ئەوەتا زۆر بە ڕونی و بە بەرچاوی دنیاوە دوبارە کرانەوە.. ئەمجارە لەناو ماڵی ئەورپاشدا دەرکەوت و دوبارە بۆوە. ڕۆژنامەنوس و ئەدیبەکان هەڵوێست و پەرچەکرداری خۆیان نیشاندا بەڵام ویژدانی سیاسییەکان بێوەڵام بو. ئەمەش ئەوە دوپات دەکاتەوە کە سیاسیەکان ویژدانی گەل و نەتەوە نین. بەڵام —مارگرێت تاتشەری سەرەک وەزیرانی بەریتانیا- وەک نەیاری بونێکی بۆ تێوەگلانی کرواتیا لە شەڕی بۆسنەدا سەردانێکی —زگرب- هەڵدەوەشاندەوە و نەچو. لیژنەی حکومەت بۆ ئاڵوگۆڕی دیلەکانی لیستێکی ناوی چل و دو سەربازگەی ڕەشبگیری لە بۆسنە دایە دەست جەنەڕاڵ —لویس مکنزی- کە سەرۆکی هێزەکانی چاودێری کردن بو، بەڵام ئەو ئینکاری بونی ئەو سەربازگانەی کرد و ئیتر نامەکەی ڕەوانەی نەتەوەیەکگرتوەکان نەکرد. ڕۆژنامەی —ئوسلۆبۆدۆ جینیە- ناوی نەوەدوچوار سەربازگەی ڕەشبگیری بۆسنە و هەرسکی بڵاوکردەوە، هەر ئەو کاتەش وێنە فۆتۆگرافیە بەناوبانگەکەی سەربازگەی —ئۆمارسکا-ی بڵاوکردەوە کە بە کامێرای تۆڕی .C.N.N گیرابو. ئەوسا جیهان ئاوڕێکی دایەوەو لەم ڕاستیە ترسناکە تێگەیشت. ئەو کاتەی کە دەوڵەتی بۆسنە و هەرسک وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دانی پیادانرا ئەوا سنوری وڵاتەکەشی بو بە سنوری نێودەوڵەتی. وە یەکەمین بنەما لەبنەما سەرەکیەکانی کۆبونەوەی -هێلسنکی- ئەوەیە کە ڕێگا نادرێت سنوری هیچ وڵاتێک بە زۆری زۆرداری دەستکاری بکرێت. ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمە بو. لە ٩/تەموزی/١٩٩٢ لە کۆبونەوەی لوتکەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی لە هێلسنکی بەشداربوم. کە سەرۆکی وڵاتان و سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئەوروپی تیایا بەشداربون هەروەک سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی کەنەداش تیایدا بەشداربون. دەرفەتێکی باش بو بۆ من تا جیهان لە مەرگەساتی بۆسنەو هەرسک ئاگادار بکەمەوە لە پەراوێزی کۆبونەوەکاندا سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش پێشوازی

لێکردین، لە مەرگەسات و مەترسییەکان ئاگادارمان کردەوە، بەڵام ئەوەم لەلا گەڵاڵە نەبو کە بیەوێت شتێکی باشمان بۆ بکات و بەرگری لە دەستدرێژی بکات. ئەمریکا ئەو کاتە و دوایش هەر لای وابوکە کێشەی بۆسنەو هەرسک کێشەیەکی ناوماڵی ئەوروپیە. بۆیە پێویستە لە دەرگای حکومەتەکانی ئەوروپا بدەین. شەڕ بوە مایەی لەیەکترازانی ژیانی خێزانی باوک لەلایەک و کوڕ لە لاکەی تر دەجەنگان. مێرد لەگەڵ هێرشبەرەکان و هاوسەرەکەی لەگەڵ بەرگریکاران و بە پێچەوانەشەوە ژیانی سەردەمی گەمارۆدان. زۆر پڕ لە ناڕەحەتی بو. سێ جار هەوڵی ئەوە درا گەمارۆی سەر سەرایڤۆ لاببرێت کەوای کردبو بە تەواوەتی چواردەوری بگیرێت و لە ناوچەکانیتر دابڕا بو، بەڵام لە هیچیاندا سەرکەوتو نەبوین. یەکەمین هەوڵدان لە بەرەی —فیوسوکۆ-ە بو بەڵام بەهۆی کەمی چەک و پێداویستی سەرچاوەی هەواڵگیری و لەسەر هێزەکانی دوژمن شکستی هێنا. دوەمجار کە ناوی (یوغ-٩٢)مان لێهێنا و نزیکەی شەش هەزار سەرباز تیایدا بەشدار بون بەڵام هیچ بەرهەمێکی بەدەستەوە نەدا. دواهەمین جار کە ناوی —کوفیرات-مان لێنا بەڵام دەرەنجامی سەرنەکەوتنی ئەمیش تێیگەیاندین کە ڕوبەرێکی فراوان کەوتۆتە نێوان ئەوەی کە دەمانەوێت جێبەجێی بکەین لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانین ئەنجامی بدەین. هەوڵەکانی دوایی ئەوەی پێگوتین کە لابردنی گەمارۆ زۆر قورسە. لەو هەوڵانە ئەوە بو لە مانگی شەشی ١٩٩٥ بە هەوڵێکی هاوبەشی هەمو هێزەکانی بۆسنە کەوتینە خۆمان، بەڵام هەر نەکرا لاببرێت تا ئەوە بولە پایزی ١٩٩٥ بەهۆی پەلاماری ئاسمانی هێزەکانی ناتۆوە توانرا گەمارۆکە بشکێنرێت.  لە کاتی لێدانی فڕۆکەکانی ناتۆ ئەوا دۆزەخێک ڕوی لە سەرایڤۆ کرد کە نە ئاو- کارەبا- گاز- خواردن.. هیچی دەستنەدەکەوت، بەڵام خەڵکەکە ئاستێکی بەرزیان لە کۆمەک و هاوکاری کردن نیشاندا کە ئەمانە بەس لە کاتی تەنگانەدا دەرکەوێت. نزیکەی دە هەزار کەس لەمیانەی ٤٣ مانگ گەمارۆی سەرایڤۆ لەلایەن سیربەکانەوە بە موشەک و قەناسە گیانیان بەختکرد لەنێو ئەم گیانبەختانەدا ١٣٠٠ منداڵ هەبون بێجگە لە

حەفتا هەزار بریندار. بینای سەرۆکایەتی ئامانجێکی گرنگی موشەک بارانکردن بۆ میلیشیا سرپەکان هەرچی جۆرە موشەکێکی هەیانبو تیایانا تاقیکردەوە. لە موشەکی موترەوە تا دەگاتە موشەکی ئاڕاستەکراو. هەر لە ماوەی گەمارۆدانی سەرایڤۆدالە چواردەورو ناو بینایەی سەرۆکایەتیدا پەنجاوحەوت کەس گیانیان بەختکرد. دو کچ بە ناوەکانی (ئەمیرە مینۆڤچ ) و (سڤایتالانا غافرتچ). لە کاتی کارکردن لە نوسینگەکەیاندا بونە ئامانجی قەناس بەدەستەکان و بونە قوربانی. یەکێکیان کە فیشەکەکە بەر سەری کەوتبو هەستابوە سەر پێ و بە هاورێکانی وتبو (ئەوە چی بو؟!) پاشان کەوتە زەوی و گیانی سپارد. پێش کۆتایی هاتنی شەڕ هەوڵیاندا بینای سەرۆکایەتی بکەنە ئامانجی موشەکە ئاڕاستەکراوەکانیان، بەڵام دایان لە بینای هێڵی شەمەندەفەری دراوسێ و نەخۆشخانەیەکی داو دەرمانسازی شارەکە. شەوی ٢٨\٢٩/ ئایاری ١٩٩٢/ توندترین هێرش کرایە سەر بینای سەرۆکایەتی کە بە سەرۆکایەتی خودی (راتکۆمیلادیچ) خۆی بو. موشەک بارانکردنەکە بینای سەرۆکایەتی و پەرلەمان و دانیشتوانی دراوسێی گرتەوە. ملادیتچ زۆر بە ڕقاویەوە فەرمانی دەدا و دەیگوت. میلۆسیچ تۆپ باران بکەن چونکە سرپی زۆری تیا نیە. ئیتر ئێمەو هێزەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان تێگەیشتین چ داخ لەدڵێکە تەنانەت لە تورەیی خۆی ناوی گەڕەکەکەی بە ڕاستی بەسەر زاردا نەدەهات. بەڵام دەیزانی سرپی زۆری تیایا نیە. بگرە بە پێچەوانەوە ئامادە بو کە ژمارەیەک لە سرپ بکوژێت بەرامبەر بەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە موسڵمانان بکوژێت. ئەو شەوە شوێنەکەم گواستەوە بۆ بینای تەنیشتی کە بینای ئەنجومەنی شارەوانی بو وە تا __باکر-ی کوڕم کە شەو لەوێ ئێشکگر بو ببینم. هەر پێم نایە ناو بیناکەوە یەکسەر موشەکێکی هاوتزر بەر بیناکە کەوت، بیناکە بە شێوەیەکی بەهێز لەرزایەوە، زۆرێک لە ئامادەبوان کەوتنە سەر زەوی. خێرا چوینە دەرەوە بەرەو مەڵبەندی سەرکردایەتی بەرگری لە شار ڕۆیشتین. چەند سەعاتێک دوای ئەوەش کەوتینە ژێر بۆردومانێکی خەست. لەناو گرمەو ناڵەی تۆپدا هەست بە دەنگی تەقاندنی موشەک و تۆپەکان

دەکرد کە ئاڕاستەمان دەکرا. یەکێک لەو موشەکانە بە دوری کەمتر لە دە مەتر لە نزیکمان تەقییەوە. ئیتر بۆنی چڕە دوکەڵ و سوتاوی و تەپ و تۆز توشی هەناسە سواری کردین. پێش بەرەبەیان تۆزێک هێور بوەوەو ئێمەش خێرا دەرچوین، ئاگر لە هەمولا بەرز دەبۆوە، شەقامەکان بە پارچە کۆنکرێتی گەورە گیرابون شوشەی لەزگە لێدراو لەوناوە پرش و بڵاوببوە. پەنجەرەی بە تەواوەتی لە بینا دەرپەڕیو وکەوتۆتە سەرشەقام و شۆستەکان. لەبەردەم بینای سەرۆکایەتیدا داری گەورەو لقی گەورە کەوتبونە سەر شەقام. بەیانی زانیم ئەو خانوەی کە تا کاتی شەڕ تیایا نیشتەجێ بوم ئەوەچەندین جارە موشەک باران دەکرێت و سوتابو، دو شوقەی تەنیشتی کە کچەکانمی تیایا بون ئەوانیش بەر موشەک بارانەکە کەوتبون، بەڵام بەختیان هێنای و سەلامەت بون.

پەیامنێری C.N.N کە خۆی لە سەرایڤۆ شایەتحاڵی ڕوداوەکان بو بە بینەرەکانی وت: (خەڵک لای وایە کە بارودۆخەکە بە بەریەوە نەماوە لەوە خراپتر بێت چونکە سەرایڤۆ لەوپەڕی خراپیدایە. بەڵام هەر بەرەو خراپتر چو، ئەم شارە لەناو گرمەو ناڵەو لەرزەیەکدایە وەک ئەوەی بەسەر شاخێکدا سەرکەوێت وایە) نوسەری ئیسپانی —غوان غوینتسلۆ- هەمان وێنەی لە دوای ساڵێک لە ڕاپۆرتەکەی C.N.N بینی ئەویش دەڵێت: (لەکاتی ئۆپەراسۆنی شەو و ڕۆژدا نە لە نەخۆشخانەو نە لە ساردخانە —یپزیشکی دادی سەرایڤۆ شوێنی خاڵی نەماوە، زۆربەی جار برینداەکان لەسەر کاشیەکان دادەنرێن، شوێنی ناشتنی مردوەکانیش ڕوبەرێکی بچوک و کەمە، دەبوایە پرۆسەی ناشتنی مردوەکان زۆر سادە بوایە ئەمەش لە ترسی قەناس بەدەستەکان یان دەبوایە لە تاریکایی شەوداو بەخێرایی مردوەکان تەسلیم بە خاک بکەن) جا لە دوایدا دەڵێت: (کەس ناتوانێت بێتە ئەم دۆزەخەی کە ناوی سەرایڤۆوە و نەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. هەرچەندە هێزە دەستدرێژکارەکان لە سەرەتای شەڕداو بە هاوکاری یەکە نیمچە سەربازیەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی سڕبی توانیان —گوراژدە- داگیر بکەن، بەڵام ئێمە بە نەخشەیەکی ورد و

ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان لە شەڕێک کە ١٥-٢٨/ ئاب/١٩٩٢ دا توانیمان ڕزگاری بکەینەوەو لە ١٩٩٢/٨/٢٦ داو لەو کاتەی لە گوراژدە شەڕ لە گەرمەیدا بو لە لەندەن کۆنگرەیەک بۆ قەیرانی یوگسلاڤیا بەڕێوەچو کە نزیکەی چوارسەد بەشدار بو بەشداریان کرد لەوێنە —بترس غالی- ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان و جۆن مێجۆر-ی سەرۆک وەزیری بەریتانیا لەوێ وتارێکم پێشکەشکرد. کۆنگرە تەواو بو پشتگیری لە ڕاگەیاندنی بۆسنەو هەرسک کردەوە بۆ شەڕ ڕاگرتن و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی بۆسنەو هەرسک. ڕێگادان بە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر مالأ و حالّی خۆیان. ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وە بلاوکردنەوەی کۆمەڵە چاودێرێکی نێودەوڵەتی لەسەر سنوری نێوان بۆسنەو هەرسک و سرِبیا، بەڵام هەمو ئەمانە مەرەکەبی سەر کاغەزبون و دەستدرێژی هەر بەردەوامبو. لە مانگی ١٩٩٢/١٠دا بە سەردانێک چو بومە —زگرب- هەر لەوێ هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە بۆسانسکی برود- لە ئەگەری کەوتندایە. قسە هەبو کە سوپای کرواتیا بەبێ بەرگریکردن خەریکی پاشەکشەیە. هەروەک لەگەڵ ئەمەشدا دەنگۆی ئەوە هەبو کە ڕێکەوتنێکی ژێربەژێر لەنێوان میلۆسۆڤیچ و تودجماندا هەیە. کە ناوچەی —بۆساڤینا تەسلیم بکرێت. حەزم نەکرد ئەو دەنگۆیە بە ڕاست وەربگرم بۆیە خۆم کەوتمە پەیجوری و لە نزیکەوە ڕاستی باسەکە بزانم. لە ٥/مانگی ١٠دا لە زگرب-ەوە ڕێگای —برود-م گرتەبەر بەڵام بەهۆی شەڕو پێکانەوە ڕێگا بەسترابو. شەوەکەی گەیشتمە __سلافونسکی برود. سەرکردەکان لەوێ لە چاوەڕوانیدابون هەمو شتێک تەمی خەمی لێ نیشتبو. کەش و هەوا، خەڵکی، بارودۆخی گشتی، بە درێژایی شەو بەڕێگاوە بوم بەیانی زو گەیشتمە —زگرب- لەبیرمە تودجمان لە جلوبەرگەکانم ورد بۆوە کە بەرگی ڕەسمی نەبون و بەهۆی زۆری سەفەرکردنەوە چرچ ولۆچ ببون پێی وتم: بۆسانسکی برود ناکەوێت و تەسلیم نابێت. هەر خێرا فەرمانی دا هەزار سەرباز ڕەوانەی ئەوێ بکرێت، بە ورەیەکی بەرزترەوە ئەوێم جێهێشت و بەرەو —سبلیت- ڕۆشتم تا لەوێ لەگەڵ سەرکردەی کرواتەکانی بۆسنە کۆببمەوە کەناوی(ماتیە بوبان)

بـو. بەڵام هەر کە ئێـوارە گەیشـتمە ئەوێ هەواڵـی ئەوەی پێـدام کە بەیـانی — بۆسانسکی برود- کەوتۆتە دەست دوژمن. لەپای ئەم هەواڵە ناخۆشە پێی گوتم خەم مەخـۆ ئەوانە جێگـای خەم نـین. هەر ڕۆژێـک بێـت ئەوا بۆسانسـکی بـرود- وەدەگیرێتەوە ئەو قسـەیەی کە وتـی (ئەوانە جێـی خەم نـین) واتە ئەو کرواتـانەی لەوێ بون و سەر بە حیزبەکەی ئەم نەبون بەپێچەوانەی (بوبـان)ەوە بـون بۆسـنەو هەرسکیان بە نیشتمانی خۆیان دەزانی.

دوای هەشـت سـاڵ لەم ڕوداوە سـەرکردەی کـروات جەنەراڵ پیتـار لە سـاڵی دوهەزاردا ئەم لێـدوانەی بـۆ ڕۆژنامەنوسـان دا. (بەلای ئێمەشـەوە سـەیرو جێگـای سەرسوڕمان بو کەوا لە ١٩٩٢/١٠/٦ بۆسانسکی بـرود- بکەوێـت و داگیـر بکرێـت. کەوتنی شارەکە لەبەرئەوە نەبو کە ئێمە ڕوبەڕوی دوژمنێکی پـڕ چەک و گەورە بـین بەرگەی هێرشـیان نەگـرین —کە ئەمە خـۆی شـتێکی قبـوڵ کـراوە، بەڵکـو ئـێمە نەمانزانی هۆکارەکەی چییە. بەبێ ئاگاداری من فەرمان ئاڕاستەی سـوپا کرابـو کە لە شارەکە بچنە دەرەوە. ئیتر سوپای سڕبی بەبێ شەڕ چونە ناو شارەکەوە. مـن تـا ئێسـتاش نـازانم کـێ لە پشـت ئەم کـارەوە بـو، بەڵام دڵنیـام لە پشـتەوەو ژێربەژێـر لەنێوان —بۆبان-و —کـارادیچ-دا ڕێکەوتـن کـراوە ئەمەش لە هـاوینی ١٩٩٢ دا بـوە کاتێک لە —گراز- بەیەک گەیشتون. دوای ئەوەی سڕبەکان جێ پێـی خۆیـان لە — بۆسانسـکی بـرود- قـایمکرد ئەوا پەلامـاری —گـرادا تشـایش-یـان دا، بەڵام بەر بە هێرشەکەیان گیرا. ئەم شەڕە یەکێک بو لەو شانۆیانەی کە سوپای ئێمە تـوانی هێـز و باڵادەستی خۆی تیایا بسەلمێنێت توانیان بۆسەیەک بـۆ شـەمەندەفەرێکی سـەر بە سوپای یوگسلافی دابنێن کە بارەکە هەمـوی چەک و پێداویسـتی شـەڕ بـو. تێکیـان شـکاند و بڕێکـی زۆری چەک و پێداویسـتی سـەربازیان دەسـتکەوت. ڕوداوەکـانی کەوتنی —بۆسانسکی برود- ئەوەی بـۆ دەرخسـتین و نیشـاندانی کە چەنـدە کەلـێن لەنێوان سوپای ئێمەو کرواتدا گەورەیە. تێڕوانینی ئەوان و ئێمە بـۆ دواڕۆژی بۆسـنە لەیەک جیاواز بو.. ئەوان دەیانویست پـارچەیەک لە بۆسـنە بـۆ خۆیـان دابـڕن و

پاشان لەگەڵ کرواتیا لەیەکی بدەن. ئیتر ڕاجیایی هەروا سەری کێشا تا کار گەیشتە بەیەکدادانی سەربازی. یەکەمین پێکدادانی سەربازی لەگەڵ کرواتیا لە مانگی ١٩٩٢/٦ لە دۆڵی —لاشفانسکا-دا بو. وە لە مانگی دەی هەمان ساڵدا لە — بروزور-دا هێزەکانی ئەنجومەنی بەرگری کرواتی لەنێوان ٨-٢٥/مانگی دە هێرشی کردە سەر شارەکەو خەڵکی بێدیفاعیان سەربڕی. لەبەرامبەردا ئەم نامەیەم بۆ فرانیۆ تودجمان نوسی:

(ڕوداوەکانی ئەم دوایەی بۆسنەو هەرسک ناچاری کردم ئەم نامەیەت ئاڕاستە بکەم، هێزەکانی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی بە ئەنقەست و بێ هیچ هۆکارێک لە سۆفی ترافیک و فیتیز و بروزور، هەستاون بە تەقەکردن لەمیانەی ئەم تەقە کردنەدا کوژارو و بریندار هەیە. هەمو ڕێگاکانی ڕۆژئاوای بۆسنەیان داخستوە، تەنانەت لەبەردەم کاروانی خۆراک و پێداویستی مرۆڤدۆستانەشدا ناکرێنەوە. هاوکاتی ئەمە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کرواتیا جاڕی جەنگێکی دەرونی دژ بە بۆسنەو هەرسک و حکومەتە شەرعیەکەی داوە. هەواڵێکیان هەڵبەستوە چەندجار دوبارەی دەکەنەوە، گوایە لە بۆسنەو هەرسک کودەتای سەربازی هەیە، هەروەک درۆی ئەوە دەکرێت کە گۆڕانکاری لە حکومەتدا دەکرێت، بەڵام لەولاوە لەو شەڕە نابەرامبەری هێزەکانی بۆسنەو هەرسک کە دژ بە میلیشا سرپبییەکان لە جەنگ و بەرگریدان خۆیان کەڕ دەکەن و باسی ناکەن. دیارە ئەو دەمەی گەلی ئێمە دژی میلشیا سرپبییەکان لە جەنگدایە ئەوا لەولاشەوە جەنگی دەرونی دژ بەرپا دەکرێت تا بێ هیوا بکرێت. وا دیارە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کرواتیا ئەو ئەرکەیان خستۆتە سەر شانی خۆیان کە خەریکی ڕوخاندن و تێکشکاندنی ورەی خەڵکی ئێمە بن. ڕاستی ئەوەیە کە هیچ کودەتایەک لە سەرایڤۆدا نیە، وە ئەوەی کە هەمو دنیا دەیزانێت جگە لە تەلەفزیۆنی کرواتیا ئەوەیە کە هێزەکانمان زۆر جوامێرانە لە هەمو بەرەکانی جەنگدا لە بەرگریەکی بێوێنەدان، باشە بۆ دەبێت ئەم بەرەفراوانە پشتگوێ بخرێت و کەچی لەولاوە کار لەسەر بێ هیواکردنی خەڵکی بکرێت؟ دەبێت ئەو ڕاستییە

بزانرێت ئەو تانکانەی کە چونە —بروزور-ەوە تانکی سوپای بۆسنەو هەرسک نەبون، ئەو گیانی بەرخۆدان و فیداکارییەی کە بۆ بەرگری دژ بە میلشیا سرپبیەکان لە بۆسنە و هەرسدا لە —زگرب- ڕێی لێدەگیرێت. دەرەنجامی ئەمەش بەم زوانە دەردەکەوێت. —لە جنێڤ- وتوێژێکی تر لەبارەی پەیکەری ئایندەی بۆسنەو هەرسک دەکرێت کە بۆ دروستکردنی واقیعێکی سیاسی تازەیە، ئەویش لەمیانەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی. کە وادەکات گفتوگۆکانی لەندەن و جنێڤ ئەو بەهایەیان نەبێت. پارتی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی بەرامبەر بەرگری شەرعی دژ بە میلشیا سرپبیەکان هەموسنورە مەعقولەکانی بەزاندوە. هەستاوە بە تێکشکاندنێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی دەسەڵاتی مەدەنی و شەرعی بەوەی بۆ خۆی قەوارەی هاوشێوەو هاوتەریبی دەوڵەتی دروستکردوە. ناکرێت نەڵێین کە تێڕوانینێک هەیە دەوێت هەلپەرستانە دەرفەت وەربگرێت لەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆسنەو هەرسکی تیادایە. ئەمەش خراپترین دۆخی مێژوییەتی. ئەو تێڕوانین و دۆستیە کە دەیەوێت خۆی بسەپێنێت ئەوا تەواو پێچەوانەی ویستی زۆرینەی زۆری خەڵکی بۆسنەو هەرسک-ە. ئەوە چ عاقڵێکە بڕوا بەوە بکات کەوا ئێمە لەو کاتەی لە گەرمەی شەڕی دژ بە سرپەکانین ئەوا بەرەیەکی نوێی جەنگ دژ بە کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی دەکەینەوە، ئایا ئەم لۆژیکە هەمان لۆژیکی میلشیا سرپبیەکان نیە کە دوای موشەک بارانکردنی سەرایڤۆ وا بڵاودەکەنەوە کە ئێمە خۆمان موشەکباران دەکەین و دوایی میلشیا سرپبیەکانی پێ تاوانبار دەکەین؟ بۆسنەو هەرسک هەرگیز ئامادە نیە لەسەر بناغەی ڕەگەز دابەش بکرێت، وە بە هیچ چارەسەرێکیش ڕازی کە بە زۆری چەک بەسەریدا بسەپێنرێت. وڵات بەشی خۆی ڕۆڵەو لە دەریشەوە ئەوەندە دۆستی هەیە بەرگری لێ بکەن. کرۆات و حکومەتی کرواتیا لە دۆستە هەرە نزیکەکانی گەلی بۆسنەو هەرسک بون و ئێمە هەر بەردەوامیش لەسەر ئەم دۆستایەتیە دەمێنینەوە، و لەسەر بناغەی ئەمەش هەڵسوکەوت دەکەین.

بۆيە جەنابى سەرۆک داوات لێدەکەم لە توانا و دەسەڵاتى خۆت بەکاربهێنە تا هەرچى بەربەستێک لە ڕێگەماندایە لایبەرین لەسەر ئەم بناغەیەش و پەیوەندى نێوانمان بە پێدانى دەرفەتێکى تر توندوتۆڵ بکەین، پەیوەندى دۆستایەتى و هاوکارى..)

هیچ وەڵامێک نەبو، بە کورتى بڵێم تا چەند مانگ لەدواى نامەکە وەڵامم وەرنەگرتەوە. لە کۆتایى مانگى یەکى/١٩٩٣ لەگەڵ فرانیۆ چەند نامەیەکى توندمان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کرد. لە ١٩٩٣/١/٢٧ تودجمان نامەیەکى کراوەى ئاڕاستە کردم. (ڕوداوە خەم ئامێزەکانى ئەم دوایە ناچارى کردم کە ئەم نامەیەت ئاڕاستە بکەم، لەبەرئەوەى ئیسلامیە توندڕەوەکان لەناوەڕاستى بۆسنە هەڵدەستن بە هێرشى وەحشیانە بۆ سەر ناوچەى کروات نشینەکان و ئاگرى چەکەکانیان وەک یەک ئاڕاستەى چەکدارو بێ چەک دەکەن. هەروەک دەزانن دوێنێ سى و پێنج سەربازى هێزەکانى پارتى کۆمەڵەى دیموکراتى کرواتى لەمیانەى بەرگرى کردنیان لە گوندەکانیان لەناوچەى —بۆسۆڤوفاتشا- کە ڕوبەڕوى هێرشى هێزە موسڵمانەکان بوبونەوە، وە ئەو هێزانە هەستاون بە سوتاندنى گوندە کروات نشینەکان، ئەم هێرشە واى لە کرواتەکان کرد کە پەنابەرنە بەر کرواتیا و داواى یارمەتى لە جیهان بکەن. بۆیە من لەگەڵ نیگەرانى زۆرم داوات لێدەکەم سنورێک بۆ ئەم شاڵاوە ڕەشەکوژییە دانێیت، کە لەوێنەیە کاریگەرى خراپ لەسەر پەیوەندیەکانى نێوان موسڵمانان و کرواتەکان جێبهێڵێت لە بۆسنە و هەرسکدا. کە لەدو مانگى ڕابوردو دژ بە دوژمنى هاوبەش دەست لە ناودەستى هێزى ئێوە بون. ئەگەر ئەم دەستدرێژیانە نەوەستێنرێت ئەوا کاریگەرى خراپى دەبێتە سەر پەیوەندیەکانى نێوان هەردو وڵات و ئەمەش دەبێتە ئاستەنگى بەردەم تەواوى ئەو یارمەتیە مرۆڤدۆستانەى کە وڵاتى بۆسنەو هەرسک پشتى پێدەبەستێت، هاوڵاتیانى کرواتى ئەم پرسیارە دەکەن، ئەم دەستدرێژییە وەڵامى پاداشتى ئەم چاکانەیە کە ئێمە بەرامبەر بە ئێوەمان کردوە:

* پاراستن و چاودێری نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارە.

* ڕێکخستن و پشتیوانی کردنی بڕێکی زۆر لە یارمەتی مرۆڤدۆستانە.

* پشتگیری کردنتان لە بەرگری کردنتان دژ بە هێرشی سڕبیەکان.

* بەشداربو لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانەی پەیکەری بۆسنەو هەرسک وە هەوڵدانە بۆ جێبەجێ کردن و قایمکردنی پایەکانی ئاشتی لەژێر ڕۆشنایی گفتوگۆکانی جنێڤ.

من ئەمە بە دەرفەت دەزانم کە لێرەدا داوا لە هەردو ڕۆڵەکانی موسڵمان و کروات بکەم کە هەوڵدەن هەردولایان شەڕی بەرامبەر ڕابگرن، وە هەردولا لە هەوڵی هاریکاری یەکتردا بن لەپێناو بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان دژ بە داگیرکاران. وە لە هەوڵی بەرقەرار کردنی ئاشتی و ئارامیدا بن کە وەک دو گەلی ڕەسەنی ناوچەکە لەسەر بناغەی یەکسانی لە بۆسنەدا بژین. من داواکارم لە جەنابت دەرکردنی فەرمانی خێرای جەنابتان ببێتە مایەی ڕاگرتنی شەڕیان دژ بە کرواتەکانی بۆسنەو هەرسک، وە بەڵکو هەردوکیان ببنە یەک هێز دژ بە داگیرکارانی سڕبی و شیوعی یوگسلاڤی. ئەم داواکاریەش کەمترین داواکاری ئێمەیە کە جێبەجێ بکرێت تا بتوانین چاودێری پەنابەران بکەین و بە گشتی پاڵپشتی بۆسنەو هەرسک بین.)

* * *

لە ڕۆژی دواییدا ئاوا وەڵامی نامەکەم دایەوە:

(ئەم وەڵامەی من پەیوەستە بەو نامەیەی دوێنێ ٢٧ی مانگ بەدەستم گەیشت لەبارەی پێکدادانەکانی ئەم دواییەی نێوان سوپای بۆسنەو هەرسک و هێزەکانی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی لەناوەڕاستی بۆسنەدا، بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆم زۆر هەوڵمدا ڕاستی ئەو بەیەکدادانە بزانم کە لەم دواییەدا ڕویداو جێی نیگەرانییە، دەپرسم تۆ بۆ ئەم هەواڵە تەنها پشت بە یەک سەرچاوەی هەواڵ ببەستیت. من لە ڕێگای سێ سەرچاوەوە خەریکی پەیوەندی و گەڕان بەدوای ڕاستی ڕوداوەکە بوم،

ئەوانیش: ئەفسەرو بەرپرسان لە سوپای بۆسنەدا، کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی وە هێزەکانی چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان کە هاوکات چاودێری یەکێتی ئەوروپاشیان لەگەڵدایە، ڕاپۆرتەکانی سوپای بۆسنەو کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی دژ بە یەک بون، بەڵام ڕاپۆرتەکانی نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپی ئەو هەواڵەی سوپای بۆسنەیان پشتڕاست کردەوەو جەختیان لەوە کردەوە کە هێزەکانی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی لە پشت هێرشکردن و هەڵگیرساندنی شەڕبون لە ڤاکۆڤ و بوسافاشا ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی وەزیری بەرگری (بۆچۆرابیچ)ە کە دەیەوێت یەکەکانی سوپای بۆسنەو هەرسک بخاتە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی خۆیەوە. یەکەکانی سوپای بۆسنە ملیان بەم داواکاریە نەداوە ئیتر ئەوەی کە ڕویدا لە بەیەکدادان ڕوی داوە و زیانی لێکەوتۆتەوە.

بێجگە لەو قسانەی کە تەلەفزیۆنی کرواتی کردویەتی هیچ کام لە ڕاپۆرتەکان و سەرچاوە هەواڵیەکان باسیان لەوە نەکردوە کە سوپای بۆسنە دژ بە دانیشتوانی کرواتی پەنای بردبێتە بەر هێز و توندوتیژی بەکارهێنابێت. ئەوەی تەلەفزیۆنی کرواتیاش هاوکاتە لەگەڵ چەند ڕۆژنامەیەکی —زگرب- کە دەیانەوێت ڕای گشتی بەو ئاقارانەدا بەرن کە قەناعەت بکات بەوەی بەڵێ ئەو شتانە ڕویانداوە. سەبارەت بە ڕوداوەکانی ناوەڕاستی بۆسنەو هەرسک ئەوا حەزو هەوڵی هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی لەپشتە کە خولیای دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆن لەناو بۆسنەو هەرسکدا. ئەمەیە سەرچاوەی ئاڵۆزی و بێمتمانەیی بە یەکترو زیادبونی ئاڵۆزیەکانی هەردو گەل. کە دەبێت دان بەم ڕاستیەدا بنێین بەڕێز —بوبان- خۆی ڕێکەوتننامەی —جنێڤ-ی واژۆکردوە کە لە هەشت ماددە پێک دێت. سەرەڕای هەمو عەیب و کەموکورتیەکانی دیارە یەکێک لە هەرە خاڵە بەرچاوەکانی ئەوەیە کە دەڵێت دەوڵەتی بۆسنەو هەرسک دەوڵەتێکی خاوەن سیادەو سەربەخۆیە. وە لەناو ئەو دەوڵەتەدا ناوچەی جیاواز بونیان هەیە، بەڵام ئەو ناوچانە دەوڵەت نین و ناکرێت تەنها لەسەر یەک ڕەگەز حساب بکرێت.

پێرێ بەڕێز —بوبان-م بینی و دەقی ڕێکەوتننامە هاوبەشەکەم نیشاندا کە داواکاری دانانی سنورێکە بۆ گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوەڕاستی بۆسنە. ڕێکەوتننامەکە خوازیاری ئەوەبو کە دەبێت گەلانی بۆسنە هەمویان لەناوچەکانی _ترافیک- مۆستار- بە یەکسانی بژین هەروەک ئەوەی ڕێکەوتننامەی —جنێڤ- ئاماژەی پێداوە.

دەکرا ئەم ڕێکەوتننامەیە سنوردانانێک بوایە بۆ گرژی و ئاڵۆزییەکان و هاوکارێکی باش بوایە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. بەڵام —بوبان- ئامادەنەبو واژۆی بکات و واژۆکردنەکەی بەستەوە بەوەی کە هەر دەبێت باسی ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادانەکان بکات و بەس. دیارە واژۆنەکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەونەی کە دەیەوێت ناوچەیەکی تایبەت بە کروات لە ناوەڕاستی بۆسنەدا دابڕێت، ئەو ناوچەیەش هەروەک خۆتان دەزانن ژمارەی دانیشتوانی کروات و موسڵمان نزیکەی یەکسانن بە یەکتر، بۆیە ناکرێت ئەم ناوچەیە تەنها لەسەر کروات و بۆ کروات قۆرخ بکرێت، هاوپێچ ئەو بەیاننامەتان بۆ دەنێرم کە —بۆبان- واژۆی لەسەر نەکردو ئیتر خۆت دادوەر بە. سەبارەت بەوەی چەند خاڵێکت وروژاند و باست لێکردن ئەوا بە دەرفەتی دەزانم سەرنجی جەنابتان بۆ ئەمانە ڕاکێشم نازانم ئاخۆ لێی ئاگادارن یان نا:

* هەمو ئەو ئاماژانەی کە هێمای بۆسنەو هەرسک بون لە ناوچە کرواتنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی لابراون.
* دەستکاری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیان کردوە تا تەلەفزیۆنی بۆسنەو هەرسک وەرنەگرێت.
* کارکردنی دەسەڵاتی شەرعی زۆرێک لە شارەوانیەکان لە هەرسک و ناوەڕاستی بۆسنە لەلایەن کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی ڕاگیراوەو کاریان پێناکارێت.

* ئەو یارمەتیە مرۆیانەی کە دەگەنە بۆسنەو هەرسک، زۆربەی جار دەستی بەسەردا دەگیرێت و عادیلانە دابەش ناکرێت، پارتی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی هەستاوە بە فرۆشتنی ٤٠٥٠٠ تەن خۆراک کە هەموی دیاری کەشتیەکی تورکی بو، هەروەها پارتی کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی هەستاوە بە دەستبەسەراگرتنی هەزار تەن سوتەمەنی زیاتر لە بەشی خۆی کە ئەمیش کەشتیەکی تورکی هێنابوی دیاری گەلی تورکی بو. لەبەرئەمە فەیلەقی سوپای بۆسنی لە مۆستار لەم وزەیەش بێبەش ما. وە دە کەس لە کارمەندانی ڕێکخراوی فریاکەوتن لە مۆستار زیاد لە مانگێکە فڕێنراون کە ئەوانیش —غالیب سۆفی- و —ئەبو حسن علی-ە لە بۆسافینا، هەروەک ئەو تالانچیانە هەستاون بە دەست بەسەراگرتنی پارەو پێداویستی تر کە بە نزیکەی نیو ملیۆن مارک دەقەبلێنرێت. لە ژمارەی ئەمجارەی گۆڤاری —سلۆبۆدنادالماسیا- دا نامەی —ماریا ڤیرنلەر- مانش ی بلاوکردۆتەوە کە ڕازگری نهێنی یەکێتی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانە لە زیورخ- کە تیایدا باس لەوە دەکات کە چۆن لەو ڕێگاو بانانەی هەرسک دەست بەسەر یارمەتیەکاندا دەگیرێت. داوات لێدەکەم بەشێک لە کاتی بۆ تەرخان بکەیت و بخوێنیتەوە تا شتەکەت زیاتر لەلا ڕون بێت.

* پێویستە دەست بەسەراگرتن و قۆرخکردنی کەلوپەل و پێداویستیە گرنگ و هەستیارەکان ڕابگیرێت کە ئەمانە هەموبۆ بەرەنگاربونەوەی میلشیا سرپییەکان بەکاردێت. خۆت دەزانی کە ئێمە لە ١٩٩٢ نیوەی ئەو کەلوپەلە گرنگانەمان دا بە سوپای کرواتیا کە بایی نزیکەی دە ملیۆن دۆلار دەبو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نیوەکەی تری هەر نەخرایە ڕێ و نەگەیشتە دەستمان لە بۆسنە. ئەگەر ئەم کارە نەبوایە ئەوا بەشێکی زۆری ناوچەکان و هەمو سەرایڤۆ ڕزگار دەکرا. ئەو کاتە ئاوارەکانمان دەگەڕانەوە سەر لانەو ماڵی خۆیان.

* لە مانگی ١٩٩٢/١٠ هێزەکانی سەر بە کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی پەلاماری شارۆچکەی —بروزر-یان داو دو ڕۆژ لەسەریەک بۆردومانیان کرد و بیست و دوکەس لە خەڵکی بێدیفاع و سەرباز گیانیان بەختکردو ئەو سوپا بۆسنیەیەی

لەوناوەش بو هەمويان چەككران، دواى چەككردنى چەكدارەكانى ئێمە حەفتاو دو ماڵى موسڵمانانيان سوتاندو رماند. لە ليستى هاوپێچى نامەكەدا ناوى ئەو خاوەن ماڵانەت بۆ ڕەوانە كراوە، پێشنيارى ئەوەش دەكەم كە هەردوكمان هەستين بە سەردانى كردنێكى ئەو ناوچەيە تا لە نزيكەوە ئاگادارى بارودۆخەكە بين و بزانين چى ڕويداوە.

ناكۆكى و ئاڵۆزى ئەودەم گەيشتە لوتكەكەفەرمان دەركرا دەبێت سوپاى بۆسنە و هەرسك بچێتە ژێر فەرمانى سەركردەى پارتى كۆمەڵەى ديموكراتى كرواتى، ئەمەش لە ناوچەيەك كە يەكلانەكرابۆوە كە ئايا ئەم ناوچەيە زۆرينەى زۆرى دانيشتوانى كرواتن يان نا. ئيتر لە دەرەنجامى ئەم بڕيارەدا كۆمەڵێك پێكدادان ڕويدا، مەترسيدارترينيان ئەوەى (گۆڕنيە ڤاكۆڤ)بو كە چەند ڕۆژ بە تۆپى قورس تۆپباران كرا، پاشان ڕێگرى كرا لە ڕەتبونى هەر كاروانێكى يارمەتى مرۆيى بۆ ژێردەستى دانيشتوانى بۆسنەو هەرسك وە دەست بەسەر سەدان سەيارەى موسڵماناندا گيرا، كاتێك لە كاتى پێكدادانەكاندا لەوێوە بە نيازى تێپەڕين بون. دەبێت ئەوەش بڵێم كە دەزگاكانى ڕاگەياندنى كرواتيا جارى هەڵمەتێكى ناجوامێرانەى داوە دژ بە بۆسنەو هەرسك. پێويست بەم هەڵمەتە ناكات، ئەوەى بەدواى ڕاستيدا بگەڕێت خۆى دەزانێت كێ ڕاست دەكات. بۆسنەو هەرسك خۆى هاوپەيمانيەكى لەگەڵ كرواتيا بەست. ئەم كارەشمان بەلاوە تەكتيكى نەبوە بەڵكو لەوپەڕى بيروباوەڕ و قەناعەتمانەوە بوە. هەر بۆ زانياريت ئێمە ڕازى نەبوين گەنجەكانمان بچنە سەربازى بۆ يوگسلاڤيا كە ئەودەم خەريكى شەڕ بو لەگەڵ كرواتيا بگرە هەندێكيان خۆبەخشانە لەپێناو ئازادى و باڵادەستى دا خۆبەخشانە چونە ناو سوپاى كرواتياوە. هەندێكيشيان گيانيان بەختكرد. ئيتر چاوەڕوانى ئەگەرى تۆڵەسەندنەوەو پەلاماردانمان لە دەرەنجامى ئەم بڕيارەمان لە سربينەكان دەكرد كە هەرواش ڕويدا، بەڵام هەرگيز وامان دانەناوە كە پەنابەرە بۆسنيەكان لە كرواتيا بێزارو ڕولێوەرگێڕدراو بن، وە يان ئەوەتا بە سوپاى بۆسنە بوترێت دەستدرێژكار. كورتەى

قسە ئەوەیە کە من بانگەشـەی جەنابتـان بـۆ بەرقەراربـونی ئاشـتی لەنێـوان هەردو گەلی کروات و بۆسنە دەنرخێنم. پێویستە سنورێک بـۆ هەر جـۆرە دەسـتدرێژکاریەک دابنرێت. وە پێویسـتە هەردولا هاوپەیمـان و دەسـت لەنـاو دەسـتی یەک بـن دژ بە دوژمنی هاوبەشی هەردولا و لە خەباتی هەردولا بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ خۆشی ژیان و دنیایەتی باشترو پێکەوە ژیانی یەکسانانە لە بۆسنەو هەرسکدا.)

لەگەڵ نـامەکەدا لیسـتێکم بەنـاوی ئەو خـاوەن مـاڵانە هـاوپێچ کـرد کە لەلایەن کۆمەڵەی دیموکراتی کرواتی کە بە زۆر ڕوخێنرابـون و سـوتێنرا بـون. لەگەڵ ئەوەی لایەنی دەستدرێژکاران سرِب و کروات و جـولەکە و سـلۆڤینی و.. هتـدیان کوشـت، بەڵام زۆرترین ژمارەی قوربانیان ئەوا موسڵمان بون.

شـتەکە زۆر ڕون و بەرچـاو بـو کە ئەمە جەنگێکـی سەرتاسـەری لەنـاوبردنی ڕەگەزی موسـڵمانانی بۆسـنەیە، کە ئەمەش لەلایەن وڵاتـانی ئیسـلامیەوە جێگـای سەرسوڕمان بـو ڕای گشـتی وروژانـد. دیـارە دروشـمی بـاق و بریقـی ئەو کـات کە دەیانگوت —سیستمی تازەی جیهان- تەنها دوڕویی زیاتر شتێکی تـر نەبـو، چـونکە سیاسەتی سیستمی نوێی جیهان. هەر لە سـەرەتاوە بە سیاسـەتی بانێـک و دو هەوا مـامەڵەی لەگەڵ کێشـەکاندا دەکـرد. لەگەڵ ئەوەی موسـڵمانانی بۆسـنە گەلێکـی ئەوروپـی ڕەسـەنن، بەڵام ئەو پێـوەرانەی ڕۆژئـاوا بـۆ هاوڵاتیـانی خـۆی بەکـاری دەهێنێت بەسەر ئەماندا جێبەجێی نەکردو داوای نەکـرد. لەدوای ڕوخـانی یەکێتـی سۆڤیەت هەندێک لە کۆمارەکـانی وەک دەوڵەتـی سـەربەخۆ خۆیـان ڕاگەیانـد، بەڵام هـیچ کـام لەمـانە وەک بۆسـنە دوچـار بە کارەسـات و ڕوداوی دڵـتەزێن نەبـونەوە. هاوپەیمـانێتی سـەربازی ڕۆژئـاوا ڕێگـای نەدەدا هاوڵاتیـان مەسـیحی دوچـار بە قەلاچۆکردن و ڕەشەکوژی ببـنەوە. دڵنیـام هەمـو موسـڵمانێک ئەمەی بەبیـردا دێـت دەبوایە چـی بکـرایە؟ وەڵامەکەی بریتـی بـو لە کۆبـونەوەی کـۆنگرەی ئیسـلامی لە شـاری جـدە لە سـەرەتای مـانگی ١٠/١٩٩٢ بە فڕۆکەیەکـی بەرنامەکـانی یـارمەتی نەتەوەیەکگرتوەکان فڕۆکەخانەی سەرایڤۆمان جێهێشـت و لە —زگـرب- فڕۆکەیەکـی

تر چاوەڕێی دەکردین کە شێخ —قاسم-ی میری شارقە خستبویە خزمەت ئێمەوە، شێخ قاسم پیاوێکی زۆرباشەو خوێندن و ڕۆشنبیری لە ئاستێکی باڵادایەو دۆستێکی دڵسۆزی بۆسنەیە. لە ڕێگای ڕۆیشتنمان بۆ جدە لامان دایە —تیرانا-ی پایتەختی ئەلبانیاو سەرۆکی ئەو کاتەی ئەلبانیا —صالح بیراشا- بو ئەویش بوە هاوڕێمان، کە بەسەر ئەلبانیادا ڕەت دەبوین بە جوانی وڵات و هەژاری خەڵکەکەی سەرسام بوم. دەشت و لاپاڵی ڕازاوەو ڕەنگین تێکەڵ بونی دەریا و شاخ و گردی جوانی و ڕێگای باریک و پێچاوپێچی شاخەکانی. فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەیەکی زۆر کۆن و پەڕپوت و بێکەڵک نیشتەوە کە هەر چواردەوری ژوری کۆنکرێتی بو. ئەمانە دەستکردی کاتی —ئەنوەر خۆجا-ی شیوعی بون کاتێک پرسیاری بارودۆخی ئابوریم لێ پرسی، وتی: ئابوری ئێمە وەک ڕێگایەکی تەسک وایە کە خەڵک هێندە پیایا هاتوچۆیان کردبێت کە ئیتر تازە هیچی تیایا شین نەبێت. صالح بیراشا کە خۆی دکتۆر بو لە ئەمریکا خوێندنی تەواو کردبو چاک دەیزانی کە شیوعیەکان ئابوری وڵاتیان بۆکاول کردوە و گەیاندویانەتە کوێ. بە گەیشتنمان بۆ —جدە- میر سەلمانی لە پێشوازیماندا بو، پیاوێکی باڵاوبەرز و بەرگ و پۆشاکی خۆماڵی خۆیان لەبەر دەکات، لوتی وەک گەلانی سامی چەماوەیە دەنگ گڕە. خۆ بەکەمزانانە هەڵسوکەوتی دەنواند لەماوەی پشودان لە بەشی کەسایەتیە گەورەکان قسەی لەگەڵدا دەکردم و گوتی: جەنابی سەرۆک داوامان کردوە کە ئەم کۆنگرە نائاساییە بە مەبەستی یارمەتیدانی گەلی ئێوە ببەسترێت. ئێمە هەر ئاوا بە دەستبەستراوی نامێنینەوە. شا فەهد- شای سعودیە خۆی سەرەتای دانیشتنەکانی دەستپێکرد و کردیەوە. بە بوێرانە قسەی دەکرد و قسەی لەسەر ئەرکی موسڵمان بەرامبەر بە موسڵمانانی تر کرد وە باسی لە ئەرکی ئەندامانی کۆنگرە کرد پاشان نارەحەتی و ئاریشەی بۆسنەی خستە بەرباس. وەک عادەتی کۆنی دیبلۆماسی ئەوا کۆنگرە دو ڕێڕەوی گرت، ڕێڕەوی فەرمی و ڕێڕەوی ژێربەژێر و پشت پەردە. کەسایەتیە کاریگەرەکانی کۆنگرە بریتیبون لە —عمرو موسی-ی وەزیری دەرەوەی میسرو

ــمحمد ستار- وەزیـری دەرەوەی پاکسـتان و —علـی ئەکـبەری ویلایەتـی- وەزیـری دەرەوەی ئێران. دوایی زانـیم کە —تورکـۆت ئـۆزال-ی سـەرۆکی تورکیـا لە ڕێگـای پەخشـــی ڕاســـتەوخۆ لە ئەنـــقەرەوە چـــاودێری کـــۆنگرەکە بـــوە. لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا ڕەشنوسێکی بێتام و بـێ نـاوەڕۆک کە هەر قسـەی گشـتی بـو بـێ هـیچ دیـاریکردنێکی ئەرک و بەرپرسـیاریەتیەک و دیـاری کردنێکـی کۆتـا بەروارنوسـرا، هەریەک لە —حارس سیلادیچ و شاکر بیگـۆڤیچ- لە ژورەکەدا بە تـوڕەیی دەهـاتن و دەچون. لە هەڵوێستی زیاد لە ملیارێک موسڵمان دوچاری بێ هیوایی هـاتبون. لەپـڕ زەنگی تەلەفۆن لێیدا و علی ویلایەتی ئێران بو. ڕۆژی دوەم گۆڕانکـاریەکی ڕیشـەیی لە ڕەشنوسەکەدا کرا. ئێمەش بەرامبەر بە گۆڕانکاریەکە ڕەزامەندی خۆمان نیشـانداو خوازیاری ئەوەمان لێ کردن هەر ئەم ڕەشنوسە بکرێتە بەیانی کۆتـایی. زانیمـان کە لۆردئۆین- میانگیری نێودەوڵەتی بۆ گفتوگۆکانی بۆسـنە لەبەرامـبەر گـۆڕینی بەیـانی کۆتـایی کـۆنگرەکە ئەوا بە تـوڕەیەوە کـۆنگرەکەی جێهێشـتوە. لە بەیـانی کۆتـایی کـۆنگرەکەدا وڵاتـانی ئیسـلامی داوایـان لە نەتەوە یەکگرتوەکـان کـرد کەوا بڕیـاری قەدەغەکردنی ناردنی چەک لەسەر بۆسنە هەڵبگرێت، وە لە دەقی بەیانەکەدا هـاتبو ئەگەر تا ١ی مانگی٢ ساڵی داهاتو قەدەغەکردنەکە لانەبرێت ئەوا وڵاتانی ئیسـلامی پابەندی ئەو بڕیارە نابن. ئەو ڕۆژنامەنوسـەی لەگەڵمـدا بـو ئاگـادارم کـردەوە کە لە ڕێگای نوسـین و ڕاپۆرتەکـانی بـۆ ڕادیـۆو تەلەفزیـۆنی سـەرایڤۆ هێنـدە کـار لەسـەر بەخشینی هیوای زۆربە خەڵکی نەکات. من بـارودۆخی بۆسـنەو دەرەوەی بۆسنەشـم دەزانی چیە.

خانەخوێ سعودیەکان پێش گەڕانەوەمان گەشـتی —عەمـرە-یـان بـۆ ڕێکخسـتین بەرەو مەککەی پیرۆز بەڕێکەوتین و بەرگی —إحرام-مـان پۆشـی. هەمـو تێـڕوانین و بۆچون و بگرە وێنەش لەبارەی —کەعـبەی پیـرۆز- کە پێشـتربینیبێتت ئەوا هەمـو ئەوانە بەبینینی ڕاستەوخۆی کعبەی پیرۆز دەبن بە هەڵم بە ئاسماندا دەچن بینینـی روبەڕوشتێکی ترە. لە شەقامەکانەوە لەناو قەدی جەنگەڵی ئاپارتمانە بەرزەکانەوە بـۆ

کەعبەم دەڕوانی پاشان چوینە سەر بیری زەمزەم. لێرەدا هەندێک لە عەمرەکاران ناسیانم هاواریان دەکرد (بۆسنەو هەرسک) پاشان دورکات نوێژم کردو دواتر ڕوم کردە دیواری —کەعبەی پیرۆز- و لەخوا پاڕامەوە گوتم: (خوا پشت و پەنای گەلەکەم بوە لەناڕەحەتی و ئازارو نەهامەتی .گەلەکەم لە شوێنێک دەژین کە لە سەرچاوەی ئاینەکەیانەوە دورن). ئیتر ئێمە کەوتینە دوای ئەو ڕێنومایی کردنەی کە بۆمان دەکراو خەڵکیان لەبەردەمم لادەدا تا ئێمە بە کۆمەڵ ئەرکەکان جێبەجێ بکەین، ئەو عەمرەکارانەی لە هەمو وڵاتانی جیهانەوە هاتبون بە گریانەوە سەیریان دەکردین و دەیانگوت (بۆسنە.. بۆسنە.. خوایە پشت و پەنای براکانمان بە لە بۆسنە) ڕۆژی دواتر بەرەو وڵاتی خۆمان گەڕاینەوە، ئەو دەمەی میر سەلمان بۆ ماڵآوایکردنمان هاتبوە فڕۆکەخانە لێم نزیک بۆوە و بە گوێیدا چرپاندم (بەڕێز جەنابی سەرۆک دەمەوێت پێت بڵێم کە پێش هاتنم بۆ فڕۆکەخانە —ئالگۆر- لە ئەمریکاوە پەیوەندی پێوەکردم و پێی وتم کەوا ئەوان چاو بە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی چەک بۆ بۆسنەو هەرسک دەگێڕنەوە، بیل کلنتۆن حاکمی ویلایەتی ئارکسۆ-بو تازە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت بو خەریکی ئەوە بو کەوا سەرکردایەتی بەهێزترین وڵات لەئەستۆ بگرێت. ئیتر بەو دەرەنجامە گەیشتم کە ئەمریکیەکان بە چڕی چاودێری دانیشتنەکانی کۆنگرەکەیان کردوە). ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر ڕوداوەکانی بۆسنەو هەرسک جێدەهێڵێت کە تا ڕادەیەکیش هەروا بو. لە مانگی شەشدا سڕبیەکان توانیان —گوڕادشدە- تەواو دابڕن. مەترسی گەورەتر ئەوەبو کە شارەکە داگیر بکەن. نەتەوەیەکگرتوەکان هیچ گوێی بەم باسە نەدا. ئیتر هێزەکانمان لە فەیلەقی یەک لە چەند لایەکەوە پەلاماری سڕبیەکانیان دا تاوەکو قورسایی شەڕ لەسەر ئەو بەرەیەی ئەولا کەم بکەنەوە. لەگەڵ گەرمی شەڕمان لەگەڵ سڕب و پاشان کرواتەکان ئەوا ساڵی ١٩٩٣ ساڵێکی قورس و ناڕەحەتی موسڵمان و بۆشناقەکان بو بەوەی بەرەی سێیەمی شەڕلەرۆژئاوای بۆسنەوە لەلایەن فیکرت عبدتیچ-ی یاخی بوەوە کرایەوە کە ناویان لێنابو ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

هێرش و پەلاماری کرواتەکان بەردەوام بو بەتایبەت لەسەر فەیلەقی چواری سوپای بۆسنە لە مۆستار ۱۹۹۳/٥/۹ هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر سوپای بۆسنە لەگەڵ بەرگریەکی ئازایانە ڕوبەڕوبونەوە، بەڵام لە عەسردا توانیان بنکەی بارەگای سوپا داگیر بکەن. دوانزە کەس لەو دیلانەمان کە کەوتنە دەست سوپای کرواتیا تا ئێستاش چارەنوسیان نادیارە، ڕاستە ئەمە خۆی شکست بو بەڵام بویە وزەی بەرگریەکی بەهێز لە شاری مۆستار بە سەرکردایەتی کەسایەتی بەرچاوی شارەکە. سەفوەت ئیزۆڤیچ سەبارەت بەم هێرشە دڕندانەیە نامەیەکم ئاڕاستەی دانیشتوانی بۆسنەو هەرسک کرد:

(من وەک هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتەی کە سەردەمانێکی زۆرە لە ناڕەحەتیدایە ئەوا داوا لە یەکە بە یەکەی ئێوەی جەماوەر دەکەم کە باوەڕتان بە دادپەروەری هەیە، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوان سوپای بۆسنەو هەرسک و چەکدارانی ئەنجومەنی دیموکراتی کرواتی کراوە تا شەڕ و دەستدرێژی لە ناوەڕاستی بۆسنەدا کۆتایی پێبێت، بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەبوایە شەڕ بوەستایە، هەردو سوپا بگەڕانایەوە بنکەو سەربازگەکانی خۆیان و وە بەندکراوە مەدەنیەکان بگەڕانایەوە ماڵی خۆیان، هەمو ئەمانە زۆر بە ناڕەحەتی و هێواشی بەڕێوەدەچن، بۆیە ئەمڕۆ لەگەڵتان دەدوێم. ئێمەش لەم کاتەدا دودڵ و بەهیوای ئەوەین بزانین سبەینێمان چی ڕودەدات، ئایا بڵێی ئاڵۆزیەکان بەرەو ئارام بونەوە بچن یان ئەوەتا جەولەیەکیتری شەڕمان لەپێشە. بۆیە دەبێت چەند پرسیارێک ئاڕاستە بکەین کە ناکرێت خۆمانی لێ بەدور بگرین:

* نەخشەکێشی ئەو عەقڵە کێیە کە لەپشت ژەهراوی کردنی پەیوەندییەکانی دو گەلی هاوڕێی یەکەوەن؟.

* پـاڵنەری ئەم هەمـو ترسـە چـیە، دیـارە کە ڕونە هـیچ ڕۆژێـک لە ڕۆژان موسڵمانان نەبونەتە سەرچاوەی شەڕو ئاژاوە کە ڕوبەڕوی کرواتەکـان بـوبێتەوە چ لە ئێستاو چ لە ڕابوردودا و لەم ماوە دورو درێژەی پەیوەندی نێوانماندا.

* موسـڵمانان هـیچ پێشـینەیەکی وایـان نیـیە کە زەوی کرواتەکانیـان بۆخۆیـان پچڕی بێت وە هەرگیز ئەوەی کروات بە پیرۆزیـان زانـی بێـت موسـڵمانان پیسـیان نەکردوە، وە هیچ هەست و ڕق و کینەیەکیان بەرامبەر کـروات دەرنەبڕیـوە، هەروەک پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ئەی ئەم شەڕە سەرچاوەکەی لەکوێوەیە؟ بە ئەمانەت و ویژدانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. هەڵسوکەوتی هاوسەنگ و لانەدان بەمـلاولادا دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرگرتن لەم ڕوداوە دڵتەزێنـانە. داوا لە سـەرکردەکانتان بـکەن، با لەم کێشەو ئاریشانە بکۆڵنەوە کە بۆ حسابی لایەنێکی سێهەم ئەنجـام دەدرێـت. وەک هەر گەلێکیتر بە ئاشتیانە لەگەڵیان بەرخورد بـکەن و بـکەونە گفتوگـۆوە. داوا لە سەرکردەکانتان بکەن ڕێز لە واژۆکانی خۆیان بگرن. ڕاسـتی بڵـێن و نەفـرەت لە شەڕ بکەن مێژو لە کەس خۆشنابێت، وە مێژو لێبوردن بـۆ هـیچ کەسـێک دەرناکـات کە دەسـتی لە تـاوان و خوێنڕشـتندا بوبێـت. خەڵکـی سـزای دەدەن، مێـژوش ئەو لاپەڕانە بە شەرم و شورەیی بـاس دەکـات، بەتـایبەت ئەوانەی لە پشـت ویسـت و نەخشەکێش و فەرمانی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە بوبن.)

هێزەکـانی ئەنجـومەنی بەرگـری کرواتـی لە ٢٤-٣٠/٦/١٩٩٣ دەسـتەڵاتدارانی مەدەنـی —جیبتشـە-یـان ناچـار کـرد کە نـاوچەکە جێبهـێڵن و بـڕۆن. هەروەک ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێدیفاع و هەندێک لە ئەندامانی هێزی بەرگـری ناوچەکـانی بۆسنەیان بەدیل گرت. لە گەرمەی ئەم ڕوداوانەی —جیبتشە-دا نـامەیەکم لەفراینـۆ تۆدجمان-ەوە بەدەست گەیشت کە تیایدا سوپای بۆسـنەی بە کوشـتن و وەدەرنـانی کرواتەکانی بۆسنە تاوانبار کردوە. داوام لێ کرد ئەم پرسە بدەینە دەست لێکـۆڵەرەوە سەربەخۆکان تاڕاستی باسەکەمان بۆ دەرکەوێت. بـۆیە داوا لە چـاودێرانی ئەوروپـی و هێزە چاودێرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین کە جـارێکیتر بـێن و لەم

دۆزە بکـۆڵنەوە. سـەرۆکایەتی بۆسـنەو هەرسـک لە ٦/٢٥ دا نـامەیەکی بەدەسـت گەشت و کەوتە گەڕان و لێکۆڵینەوەی.

ئێمەش هاوخەمی ئێـوەین بـۆ ئەو بـارودۆخە کارەسـاتبارەی ناوەڕاسـتی بۆسـنە. ئـێمەش ئیـدانەی هەمـو تاوانکـارییەک دەکەیـن کە دەرهەق بە هاوڵاتیـانی مەدەنـی بکرێت، جـا تاوانکـارەکە هەر ناسـنامەیەکی هەبێـت هەر تاوانکـارە، بەڵام پێویسـتە سـەرنجتان بـۆ ئەوە ڕاکێشـن کە ئەم ڕوداوە دڵتەزێنـانە دەرەنجـامی سیاسـەتی کاولکرردنی بۆسنەو هەرسـکە. کە دیـارە ئـێمە مەترسـی جۆراوجـۆری لێـدەکەوێتەوە پێش دو مانگ ویستمان سەرەنجی بـۆ ڕاکێشـین. بەرگـرتن بە کـاروانی خـۆراک بـۆ خەڵکی برسی و بێلانە و ماڵ. دروستکردن و ناردنی دام و دەزگـای هاوشـێوەی دام و دەزگای شەرعی لەو ناوچـانەی کە کـروات دەسـتی بەسـەردا گرتـون وایکـرد کە خـوێنی کـروات و موسـڵمان پـێکەوە بڕژێـت، وە تەمەنـی شـەڕ درێـژ بکـاتەوە. پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە —بروزور- ئەنجامدانی ڕەشەکوژی لە هێرش کردنە سەر — مۆستار- کە ترس و تۆقینی بڵاوکردەوەو ڕوخاندنی دواهەمین سێ مزگەوتی شـارەکە، ئەمانە هەمو کارێکی نەخشە بۆکێشراو بون و ئەنجومەنی بەرگری کرواتی جێبەجێ دەکات. بەرامبەر بەم کـارەی پاکتـاوکردنی ڕەگەزیـیەی دەرهەق بە موسـڵمانان کـرا ئەوا سـوپای بۆسـنە خـۆی لەم کـارە بـوارد وەڵامـی هاوشـێوەی نەدانەوە. ئەوا ئەنجـومەنی بەرگـری کـروات کەوتە ڕاگواسـتنی کرواتەکـانی ناوەڕاسـتی بۆسـنە. ئەمەشیان بۆ ئەوە کرد تا بیسەلمێنن کە پێکەوەژیان مەحـاڵە. دابەشـکردنی بۆسـنەو هەرسک شتێکە هەر دەبێت ببێـت. ئـێمە نـاڵێین هەنـدێک لە یەکە سـەربازییەکانی بۆسنە کاری نایاسایی و توندوتیژیان بەکارنەهێناوە.

بەڵام ئـێمە ئیـدانەی ئەم کـارە دەکەیـن و دەسـت بە لێکـۆڵینەوەش دەکەیـن. سیاسەتی ئێمە ئـاوایە کە نابێـت نە کـروات و نە هـیچ گەلێکیتـری خـانە و مـاڵی خۆیـان جێبهـێڵن. ئـێمە ئێسـتاش بڕوامـان بە چەمکـی پێکەوەژیـانی گەلانـی ناوچەکەیە. سەبارەت بە ڕاجیایی و زانیاری دژ بە یەک سـەبارەت بە سیاسـەت و

تاوانکاران کە لە نامەکەتدا ئاماژەت پێداوە، ئێمە داوامان لە چاودێرانی یەکێتی ئەوروپی و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە لەبارەی ڕاستی و ناڕاستی ڕوداوەکانەوە ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بکەن، پێشنیار دەکەین ئێوەش لای خۆتانەوە داوای لەو جۆرە لە ڕاپۆرتیان لێ بکەن. ئێمەش هاوڕای ئێوەین کە کەسانی خاوەن ڕا لەناو وڵات و دەرەوەی وڵات پێویستە لە دەرەنجامی ئەو ڕاپۆرتە بێلایەنە ئاگادار بکرێنەوە. هەروەک ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە نوێنەرانی هەردو حکومەتمان کۆبونەوەیەکی خێرا بکەن تا ڕێگەیەک بۆ چارەسەری ئاڵۆزیەکان هۆکاری ئاڵۆزییەکان بدۆزنەوە. هەمو کێشەکان چارەسەر بکەن. سەرۆکایەتی حکومەتی بۆسنەو هەرسک ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی هاوکاری لەنێوان هەردو کۆماری بۆسنەو هەرسک و کۆماری کرواتیا. لەسەر بناغەی یەکسانی و لەچوارچێوەی ئەو ڕێکەوتننامانەی لەلایەن هەردولاوە ئەنجام دراوە.)

بەڵام فراینۆ تۆدجمان وەڵامی نامەکەی نەدایەوە.

لە ١٧-٢٨- تەمموزی/١٩٩٣ سوپای بۆسنەو هەرسک بەرگرییەکی جوامێرانەی کرد بەرامبەر بە ئەنجومەنی دیموکراتی کرواتیا کە بەنیازبون —بۆگنۆ- داگیر بکەن. ئەم بەرگریکردنەیان ئەو خەونەی لە چاڵنان کە دەوڵەتێکی کرواتی لە ناوەڕاستی بۆسنەدا دروست بکەن. لە کۆتایی مانگی تەمموزی ١٩٩٣شدا سرپەکان هێرشێکی توندو بەرفراوانیان دەستپێکرد کەبە مەبەستی قایمکردنی گەمارۆدانی سەرایڤۆبو، ئەمەش بەشێک بو لە نەخشەیەکی گەورەتر. لەگەڵ هەمو ئەم دەستدرێژییانە بۆ سەرمان ئێمە خەریکی لێدانی تونێلێک بوین کە ببێتە دەرچەیەک بۆ شارەکە، تونێلەکە بریتیبو لە ڕێڕەوێکی پێچاوپێچ بە درێژایی ٧٠٠م لەژێر زەوییەوە. لەژێر فرۆکەخانەکەوە دەستی پێدەکرد نزیکەی پێنج مانگی پێچو، لە مێژوی وڵاتدا هیچ شتێک هێندەی ئەم تونێلە جێگای بەزەیی و تێڕامان نیە کە بە ڕاستی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبو بۆ سەر ژیانی خەڵکی. نزیکەی سەد هەزار تەن لە چەک و پێداویستی شەڕ و خواردن و دەرمان لێرەوە برانە سەرایڤۆوە. هەر لێرەوە

۱۰-۱۵ مێگاوات کارەبا بۆ ناو سەرایڤۆ گەیەنرا کە لە وێستگەیەکی وزەی سەر ڕوباری —نێرتیڤا- وەبەرهەم دەهات. ئەمەش بەشی شارەکەی دەکرد.

لای ئەوسەری تونێلەکە لە بەشی باشوری ڕۆژئاواوە لە ناوچەیەکی تەنگەبەردا لەژێر چاودێری —لیوای چواردا بو بە سەرکردایەتی —فیکرت بریفلیاک- کە توانی لە ماوەی درێژەی شەڕدا پارێزگاری لەو ناوچەیە بکات. دوایی ناوچەکە بەڕوی شاخی —ئیغمان- و پاشان ناوچەکانیتر فراوانتر کرا. ئەو هێزانەی بەرگری —ئیغمان-یان پێ سپێردرابو بریتی بو لە پێکهاتەیەکی ناجۆرو ناکۆک لەگەڵ یەکترو هەندێکیان ملیان بە دەسەڵاتی ئەوانیتر نەدەدا و بوە هۆی ئەوەی سێ لە سەرکردە سەربازیەکان لە شوێنەکانی خۆیان لابدرێن. ئیتر دوژمن خاڵی لاوازی هەست پێکرد و لە هێرشێکدا —ترۆنۆڤۆ-ی داگیر کرد و بەرەو ئیغمان ملی لێناو هێزەکانی ئێمە ناچار بە پاشەکشە بون و خەڵکی ئاوارە جارێکی تر ئاوارەبونەوە. جارێکیتر سەرایڤۆ کەوتەوە مەترسی ئەوەی کە بە تەواوی لە بۆسنە دابڕێنرێت. لە گەرمەی ئەم شەڕو بەرگریکردنەدا پێویست بو لەسەرم کە بچمە —جنێڤ- تا بەشداری ئەو وتوێژە بم کە —لۆرد ئۆین- بە بریکاری ئەوروپا سەرۆکایەتی دەکرد —کەمال موفتیچ- لە ئاژانسی هەواڵی بۆسنە وتی بەڕای جەنابت چ ئەگەرێک لەپێش ئەم سەفەرەتان دایە کە ئێوە بۆ چارەسەرێکی عادیلانە ڕو لە دەرەوەی وڵات دەکەن؟ لە وەڵامدا وتم: من وا هەست دەکەم کەسێکی زۆر تینو لە بیابانێکی وشک و ڕەقدا بەدوای ئاودا بگەڕێت. —رادکۆمیلادیج- بە شانازیەکەوە باسی لەوە کردبو کە بەم دوایانە —ڕێگەی خوا- دەخەنە ژێر دەسەڵاتی سەربازی خۆیانەوە. مەبەستی لە هێرشی سەر —ئیغمان- بو، پڕوپاگەندەی سربیەکان دژ بە ئێمە ئەوە بو کەوا ئێمە بە یارمەتی تورکیا خەریکی دروستکردنی (خەلافەتی بەڵکان)ین و میلشیاکەی خۆیان بەوە دەناساند کە ئەوان پاسەوانی ئەوروپان دژ بە مەترسی ئیسلام. دیارە ئەمە بەس هەراوهۆریا بو. ئەمە بێجگە لەوەی کە (ڕێگەی خودا) هەر لەژێر دەستی خۆماندا مایەوەو بۆیان داگیر نەکرا. لەگەڵ ئەوەی سەنگەری میلشیا

سڕبییەکان لە هەندێ شوێن نزیکەی ۲۰۰-۳۰۰م لێمانەوە دور بو بەڵام توانیمان تا کۆتایی شەڕ پارێزگاری لەو ڕێگا پێچاوپێچەی شاخی —ئیغمان- بکەین، چونکە پەیوەندی ئێمە بە سەرایڤۆوە تەنها لە ڕێگەی ئەم ڕێگایەوە بو ئەوا بۆ ئێمە زۆر جێگەی بایەخ بو. بارودۆخێکیتر لەوەو دواهاتە پێش کە دەرفەتی ئەوەی داینێ زیاتر پارێزگاری لەم ڕێگا ستراتیژیە بکەین، بە فێڵێکی سەربازی و دیبلۆماسی قایم توانیمان (کارادیچ) بخەڵەتێنین. بیرۆکەکەش سادەو ساکار بو لەلای لۆرد ئەوین وامان نیشاندا کە ئێمە ئامادەی دەستپێکردنەوەی وتوێژین تا دەگەینە دەرەنجامی ئەو نەخشەیەی ئەو بۆ ئاشتی لە ناوچەکە. وتمان ئێمە ناتوانین لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشین و لەولاوەش لەژێر مەترسی هێرشکردندابین بۆ ئیغمان. ئەم قسەیەشمان ڕاست بو ویستمان وا قسەی لەگەڵدا بکەین وەک ئەوەی ئەو چۆن حەزی لێیە با واتێبگات، بەڵام ئێمە مەبەستێکی ترمان هەبو لە ڕاستیدا ئەو نەخشە ڕێگای ئاشتیەی کە ئەو لەگەڵ —شتۆنتلبرگ- دایان نابو هەرگیز بە ئێمە قبوڵ نەدەکرا. لۆرد ئەوین خۆی دیپلۆماتێکی بەریتانی کارامەو کەللە ڕەق بو لە حکومەتی پارتی کرێکارانی ۱۹۷٦-۱۹۷۹ وەزیری دەرەوە بو، پێی ڕاگەیاندین لە حاڵەتی گەیشتن بە ڕێکەوتن هێرشەکان ڕادەگیرێن. دیارە ئێمەش تەنها ئەمەمان نەدەویست، بەڵکو داوای وەستانی هێرش و کشانەوەی هێزەکانمان کرد بۆ شوێنی پێشوتر. ئیتر هەمو ڕۆژێک سەردانی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکانمان دەکرد کە ئەو گفتوگۆ بێ دەرەنجامانەی تیایا ئەنجام دەدرا کە زۆر بە خاوی و تەمبەڵی بەڕێوەدەچو، ڕامانگەیاند کە هێرشەکان هەر ڕانەگیراون، ئێمەش لە بارودۆخێکی ئاوادا دانوسان و گفتوگۆ ناکەین. بۆیە ئێمە دەگەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان.

ڕۆژی دوەم بە هەمان جۆر ئەمە دوبارە دەبۆوە. کار بەم جۆرە چەند ڕۆژی خایاند. لۆرد ئەوین لە بێ هیوایی خۆی وایزانی کلیلی ئاشتی لە گیرفانی ئەودایەو خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتوە. کەوتە قەناعەت پێکردنی —کارادیچ- تا هێرشەکانی ڕابگرێت. وا گومان دەبەم کە بە کارادیچی گوتبێت: (تۆ پێویستت بەو

هێرشـە نیـیە)! تـۆ ئاشـتیت دەسـتدەکەوێت وەک ئەوەی کە خـۆت پێـت خۆشـە جارێکی تر نەخشەیەکی نوێ بۆ بۆسنە دادەڕێـژیتەوە. موسـڵمانەکان هەر ئەوەنـدەی هێزەکانت بکێشـیتەوە جێگـای پێشـویان ئەواڵامـادەی واژۆکردنـی ڕێکەوتننـامەکەن. نەخشەکەی لۆرد ئەویـن لەگەڵ ئەوەی بە ئـێمەی نەدەخـوارد، بەڵام لەگەڵ حەزی کارادیچ دەگونجا. نەخشەکەی ئەوین و شـتۆنلتبرگ بریتـی بـو لە یەکێتـی بۆسـنەو هەرسک دروست بکرێت کە سێ کۆماری سەربەخۆ بـۆ سـرب و کـروات و بۆشـناق لەخۆبگرێـت و هەر یەکەشـیان مـافی ئەوەی هەبێـت کە لەوێنـی تـر جیـاببێتەوە. نەخشەکەی ئەوین بەوەی قەناعەتی بە کارادیچ کرد کە بڕیاری لێدان ئاسـمانی بـۆ هێزەکـانی لە —ئیغمـان- بەڕێـوەیە سـەرکەوتبو. لەولاشـەوە کـارادیچ سـەرکەوتو بـو بەوەی قەناعەتی بە جەنەڕاڵ میلادیچ کرد کە هێرشەکانی ڕابگرێت، بەڵام مـیلادیچ هەروا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا. ڕەزامەندی نواند کە پاشەکشە بکـات بەڵام بەو مەرجەی هێزەکـانی ئـێمە جێگایـان نەگـرنەوە بەڵکـو بکـرێتە نـاوچەی لەچەک داماڵڕاو لە چەک و هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی تیایا بێت. ئیتـر هەر بەم جـۆرە مایەوە تا شـەڕ تەواو بـو. بەڵام مـیلادیچ فەرمـانی دەرکـرد هەرچـی دام و دەزگـای گەشتیاری و ئوتێل و گۆڕەپانی یاری ئۆڵـۆمپی هەیە لەمیـانەی پاشەکشـە کردنیانـدا خـاپوری بـکەن. لـۆرد ئەویـن وای دانـابو کە گفتوگۆکـان بە دەرئەنجـامی خۆیـان دەگەن. ئیتـر هەر لەگەڵ پاشەکشـەی هێـزەکەی مـیلادیچ ئەوا دەسـت دەکرێـت بە جێبەجێ کردنـی نەخشـەکەی، بەڵام هەر کە گوتمـان پێویسـتە ئـێمە بچینـەوە بـۆ سەرایڤۆ تا لەوێ گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەین توشی شۆک و تـرس بـۆوە. وتمـان پێویستە پەرلەمانی بۆسنی لەم نەخشەی ئاشتیە ئاگـادار بکەیـنەوە. دەورەی دوەمـی کۆمەڵەی گشتی بۆشناق پێش دانیشتنی پەرلەمان دەستی پێکرد کە تیایدا نـوێنەرانی بۆشناق لە هەمو ناوچەکـانی جیهـانەوە هـاتبون. هەردوکـۆمەڵەی گشـتی بۆشـناق و پەرلەمان دەنگیان بە نەخشەکەی لـۆرد ئەویـن —شـتلۆلتبرگ-دا تیایـدا هـاتبو ئـێمە ڕازیـن بە نەخشـەکە، بەڵام.... دیـارە ئەم —بەڵامە- واتە نـاڕازیبون چـونکە ئـێمە

پێشتر وتبومان دەبێت نەخشەکە هەمو ئەو شارەوانیانەش بگرێتەوە کە زۆرینەی خەڵکەکەی موسڵمانن. ئەمەش بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٩١ دیارە بارودۆخی سەربازی و مەعنەوی کە لەم مەرجە مەعقولەدایە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە سڕبەکان ڕەفزی بکەنەوە، هەرواش بو وەک چۆن ئێمە پێشتر سەد لە سەد لەمە دڵنیابوین. دوایی زانیمان کە ڕوبەڕوبونەوە لەنێوان کارادیچ و میلادیچ لەسەر ئەم هەڵوێستی پاشەکشە لە ئیغمان دروست بوە. وە میلادیچ هیچ لێبوردنێکی لەم هەڵوێستەی کارادیچ نەنواند، بەڵکو بە گوناهبار تاوانباری کردو ئەو نەیهێشتوە سەرکەوتنی مسۆگەر بەدەست بهێنێت بەوەی سەرایڤۆ بخنکێنن و موسڵمانەکان تێکبشکێنن. میلادیچ قسەکەی تەواو بو بەڵام لە بەختی باشی ئێمە کارادیچ هەڵەبو. سڕبەکان لە مانگی ٧-٨-١٩٩٣ بەردەوام لە هێرش و پەلاماری ئێمەدا بون کە زۆرجار دەبونە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی کاروانی خۆراک و پێداویستی. لە ٨/٩ دا نامەیەکم ئاڕاستەی بیل کلنتۆن کرد. داوام لێکرد کە هەستێت بە لێدانی گورزی ئاسمانی هێزە سڕبیەکانی کارادیچ، ئەمەش بە پشت بەستن بە مادەی ٥١ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان کە پەیوەستە بە مافی بەرگری کردن لە خۆو وە مادەی -١-ی پەیماننامەی بەرگری و سزادانی تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ڕەشەکوژی ساڵی ١٩٤٨ کە وڵاتە یەکگرتوەکان یەکێکە لە واژۆکارانی. لە ١٩٩٣/٨/١٣ وەڵامێکی ئاڵۆزی نامەکەم بەدەست گەیشتەوە، بەڵام ئەو ڕاستیە دەبێ بڵێم کە نیازی خۆی نەشاردەوە کە دەبێت سنورێک بۆ گەمارۆدانی سەرایڤۆ دابنێت (ئەوەبو دوای دو ساڵ گەیشتە ئەنجام).

ئاماژەشی بەوە دابو پشتگیری بڕیاری پەیماننامەی ناتۆ دەکات بەوەی کە هەستێت بە لێدانی گورزی ئاسمانی هەر لایەنێک پایەند نەبێت بە گفتوگۆکانی ئاشتی. نامەکەی بەم جۆرە کۆتایی پێهێنابو.

(ئەمینداری گشتی و ئەندامانی ناتۆو ئەمریکا، بە چڕی چاودێری بارودۆخەکە دەکەن ئەمەش لەپێناو دیاریکردنی سەرەتایەک بۆ لێدانی ئاسمانی ئەگەر لێدانی

ئاسمانی بێتە باس، ئـێمەش لەگەڵ ئێـوە هـاودەنگین کە هەڕەشـەی لێـدانی گـورزی ئاسمانی وە یان هەر بەڕاستی پەنابردنەبەر لێدانی گورزی ئاسمانی ئەگەر پێویست بکـات، ئەوا کـاریگەری خـۆی لەسـەر گفتوگۆکـانی جنێـڤ جێـدەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشـدا دانوسـتان بـۆ گەیشـتن بـۆ چارەسـەری کێشـەکان مەبەسـتی سـەرەکیەو لەبەرئەوەی ئێمە قەناعەتمان وایە کە ڕێکەوتن تاکە چارەسـەری قەیرانـی بۆسـنەیە، وڵاتە یەککگرتوەکـانی ئەمریکـا تـا گەشـتن بەو ئامـانجە لەگەڵتانـدا دەبێـت. لەلایەکیترەوە هێرشەکانی ئەنجومەنی بەرگـری کرواتـی هەر بەردەوام بـو بەڵکـو زۆر وەحشیانەتر بو. هەوڵ و تەقەلای زۆریشماندا کە بەندکراوە مەدەنیەکان ئـازاد بـکەن کە ماوەیەکە لە سەربازگەکاندا دەستبەسەرن، بەڵام بێ دەرەنجام بو بـۆیە نـامەیەکم ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایش کردو وردو درشتی حاڵەتەکانم خستە پـێش چاویـان، بەڵام ئەوان لە ئیدانەکردنێکی سەرزارەکیانەزیاتر هیچیتریـان نەکـرد، چەکـدارەکانی ئەنجومەنی بەرگری کرواتی لە بەرەبەیانێکی زوی ١٩٩٣/٤/١٦ هێرشیان کردە سەر گوندی —ئەجیم تشی- و قەسابخانەیەکیان تیایا ئەنجامدا کە دنیای هێنـایە لەرزە. کە تیایـدا زیـاد لە سـەد کەسـی هـاوڵاتی بێـدیفاع سـەر بـڕدران و کـوژران. کە ژمارەیەکی زۆریان ژن و منداڵ بون. کە ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو تـاوانە لە دادگـای لاهای نێودەوڵەتی دادگایی دەکرێت.. شتێک نییە ناوی (شـەڕی پـیس) و (شـەڕی خاوێن) و یان (سوپای بێتاوان) بێت تا ڕادەیەک شەڕ شەڕە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە هەرگیز کەم تەرخەمیمان نەکـردوە لەوەی سـەربازەکانمان ئاگادار بکەینەوە کە پێویستە پارێزگاری لە یاسـاو ڕێ و شـوێنەکانی شـەڕ بـکەن و ئاگاداری ئاکارو ڕەفتاری خۆیان بن بەڵام هەندێک جـار شـتی وامـان پێدەگەیشـتەوە کە نەدەبـوایە پێمـان بگـاتەوە. لە سـەرەتای مـانگی هەشـتدا نـامەیەکم لە هەردو بەشـداربوانی کـۆنگرەی جنێـڤ بەدەسـت گەیشـت کە ئەوانـیش لـۆرد ئەویـن و شتۆلێنبێرگ بون، نامەکەش سەبارەت بەو کارەساتەیە کە سـوپای بۆسـنە لە گونـدی —دولیانی- پێی هەڵساوە. ئەم تۆمەتانە لەلایەن کرواتەکانەوە ئاڕاسـتەی سـوپاکەمان

کرابو. بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە جەنەڕاڵ دیلیتچ کرد و داوای زانیاریم لێکرد وەک ئەوەی کە ڕویداوە وە لە ٨ی ئاب-یشدا نامەیەکم ئاڕاستە کرد. کە ئەمە دەقەکەیەتی: (بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکردیت و داوای لێکۆڵینەوەی ئەو قسەیەی ئەنجومەنی بەرگری کرواتم لێکردی کە یەکەیەکی سەربازی ئێمە هەستاوە بە سەربڕینی خەڵکی بێدیفاعی گوندی –دولیانی- جا تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکم بەدەست نەگەیشتوە، بۆیە داوات لێدەکەم دەرەنجامەکانی هەرچیەکە ئاشکرای بکە. هەروەک داواشت لێدەکەم لە هەر دەرفەتێکدا بۆت کرا سەربازەکانمان بە ئەرکی سەربازی خۆیان ئاشنا بکە کەوا ڕێز لە یاسای شەڕ بگرن. وە هیچ دودڵ و نیگەران مەبە لەوەی سەرپێچیکاران بە سزای توند بگەیەنیت. وە ڕای گشتیشی لێ ئاگادار بکەرەوە، ئەگەر تۆ بەو کارە هەستیت ئەوا ئێمە هیچ شتێک نادۆڕێنین، دوای چەند ڕۆژێک –دیلیچ- ئاگاداری کردم کەوا هیچ ئاماژەیەکی وا لە گۆڕێ نییە کە هێمای ئەوە بن سەربازە موسڵمانەکانی بۆسنە لە دولیانی لە کارێکی واوە گلابن. ئیتر نوسخەیەکم بۆ هەریەکە لە لۆرد ئەوین و شتۆلیزرگ نارد کە پێشنیاری ئەوەم کرد لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ بکرێت. (بەڕێزان داوام لە سەرکردەی ئەرکانی سوپای بۆسنە کرد کە ئەو تۆمەتانە لێکۆڵینەوە بکات و بە خێرایی دەرەنجامەکانیم بگەیەنێتەوە دەست. ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی بەرگری کرواتی هەستاوە بە تۆمەتبارکردنی ئێمە گوایە یەکەکانی سوپامان هەستاون بە ئەنجامدانی کارەساتێکی ڕەشەکوژی لە گوندی –دولیانی- نوسخەیەک لە داواکاریەکەی خۆم و بۆراسم دیلتیچ- و نوسخەیەک لە وەڵامەکەی ئەو بە هەردو زمانی –بۆسنی و ئینگلیزی ڕەوانە دەکەم. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەوێدا هاتوە کە پێچەوانە تۆمەتبارکردنی کرواتیەکانە بۆ ئێمە، بۆیە داواتان لێدەکەم یارمەتیمان بدەن لە سەلماندنی ناسینی لایەنی تاوانباری ئەم کارەساتە. من متمانەی تەواویشم بە دەرەنجامەکانی خاچی سوری نێودەوڵەتی و هێزی هاوڕێی هەیە. من دڵنیام کە ئێمە گرنگی زیاتر لە بواری هاوکاری کردن لەم بوارەدا دەدەین). ئیتر من لە دوای

ئەوە هیچیشم لە لورد ئەوین و شتۆلینبرگ-ەوە نەبیستەوە. لەگەڵ ئەوەشد ئەگەر تۆمەتبارکردنمان بە تاوانی گوندی —دولیانی- لەلایەن سوپای کرواتیاوە ناڕاست و درۆی هەڵبەستراو بێت ئەوا ئەوەی لە —گرابۆڤیتسا- ڕویدا ڕاست بو کە دژ بە هاولاتیانی کروات ئەنجام درابو، دەستەیەک لە سەربازەکانی ئێمە بیست و حەوت هاولاتی کرواتیان سەربڕی بو ئەمەشیان لەمیانەی هەڵمەتێکی سەربازی بە ناوی _نێرتیڤیا-٩٣ لە گوندی —گرابۆڤیتسا- جەنەڕاڵ دیلیچ- هەر کە هەواڵەکەی پێگەیشتبو داوای ڕاپۆرتێکی لە —سەفەرخەلیلۆڤیچ- کردبو کە سەرکردەی (نێرتیڤیا-٩٣) بو. دیارە ڕاپۆرتەکە هەر نەگەیشتە دەست جەنەڕاڵ —دیلیچ- سەرەڕای ئەمە دوای دو مانگ باس و خواسی ئەو کارە تاوانکاریە ئاشکرا بو کە پرۆسەیەکی سەربازی و پۆلیس و سەرباز بەیەکەوە بەشداریان تیاکرد لەژێر ناوی (ترینتش-١). لەمیانەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە نوسینگەی داواکاری گشتی و سەربازی لەسەر ئەو تاوان و یاخیبونانەی لە سەرایڤۆدا ئەنجام دراون کۆمەڵێک زانیاری وەدەست کەوت کە باسیان لەو تاوانەی —گرابۆڤیتسا- دەکرد، بەڵام ئەسڵی دادگایی و تۆمەتبارکردنەکە لەسەر سەرایڤۆ بو، لە پایزی ١٩٩٧دا بەشی هەواڵگری سەربازی نوسراوێکی سەبارەت بەو تاوانکاریە پێشکەش بە داواکاری گشتی سەرایڤۆ کرد. داواکار دۆسیەکەی وەرگرت و بە دوایدا چو داوای لە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهای کرد کە دەست بەکاربێت بۆ دادگایی کردنی تۆمەتباران. ئەوانیش لە لاهای دادگایی کردنەکەیان لە ئەستۆ گرت. هەرچی لەو بارەیەوە کۆکرابۆوە بۆ خۆیان برد. جاڕدانی ئەوەی کە(فکرت عبدتیچ) بەشی باشوری بۆسنە ی بۆ خۆی سەربەخۆ وە ڕاگەیاندئەمیش بارگرانیەکی تر بو کە یەخەی سوپای بۆسنەی گرت. بەتایبەت فەیلەقی پێنج. کردنەوەی بەرەی سێهەمی شەڕ و دەست تێکەڵ کردنی —فیکرت عبدیتچ- لەگەڵ دەستدرێژکارانی سرب و کروات هۆکارێکی تر بو کە بارودۆخی سیاسی و سەربازی بۆسنە لە جاران بارگرانتربێت.ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی پارتی کاری دیمۆکراتی بەیانێکی دەرکرد کە

لەسەر بارودۆخی دیسپلینی سەربازی دوابو. ئەمەشیان لەمیانی دانیشتنەکەدا خستبوە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەمەش دەقی بەیانەکەیە:

(بەپێی ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی پارتی کاری دیموکرات و لەپێناو بەهێزکردنی توانای بەرگری گەلی بۆسنەو هەرسک وە لەژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە سەربازی و ئەمنیەی کە لە سەرایڤۆدا هەیە. ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی پارتی کاری دیموکراتوا وا دەبینێت کە سەرکردایەتی و سیستمی ئاڕاستەکردنی فەرمان لە هەندێک یەکەی فەیلەقی یەکی سوپای بۆسنەو هەرسک دوچار بە پێشێلکاری مەترسیدار بۆتەوە، کە ماوەیەکی کەم نیە دوچار بوە. ئەمەش خۆی گومانی ناکارامەیی لەدەستدانی هێزو توانای ئەرکە سەربازیەکانی لێدەکرێت. وە هەولآ و کۆششی سوپا و گەل بۆ بەرگری و خەبات دژ بە دەستدرێژکاران پەک دەخات. تاوان و ڕەفتاری تاکە کەس زۆر بوە، ئەمەش سیمای درەوشاوەی بەرگری کردن لە شار دەشێوێنێت. لەبەرئەوە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن داوا لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی بۆسنەو هەرسک و سەرۆکایەتی ناوەندی سوپای بۆسنەو هەرسک دەکات چاوێک بە بارودۆخەکەدا بخشێننەوە، لەو پێودانگەوە هەنگاوی دیاریکراو بنێن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا. بەمە متمانەی خەڵکی نیگەران جارێکیتر بۆ سوپاو دەوڵەتەکەیان دەگەڕێتەوە. شەڕی سەرکەوتو ئەو شەڕەیە کە ڕێکخراو و ڕایەڵەی یەکتر بێت. شەڕ و جەنگ هەرگیز نابێت ببێتە بیانوی لەیاسا دەرچون و نواندنی هەڵوێستی تاکە کەسی و بڵاوکردنەوەی یاسا بەزاندن). بۆ ئەم کارەش دانیشتنێک سازکراو تیایا بڕیاری پرۆسەیەکی تایبەت دەرکرا ئەم کارەش لەبەر پاراستنی لایەنی ئەمنی پێش نیوە شەوی ١٩٩٣/١٠/٢٥ ئەنجامدرا. وە تیایا سەعاتەکانی سەرەتای ٢٦ی مانگ بۆ دەست بەکاربون دیاریکرا. وە تیایدا هەردو فەرماندەی لیوای-٩ و ١٠- لەسەر کار لابران و دەستبەسەر کران. چونکە لە دەقی مەرسومەکەدا وا هاتبو کە (ئەگەر زەرورەتێک هاتە پێش دەکرێت هێندەی کە ڕێگای پێدراوە هێز بەکاربهێنرێت). لە بەرەبەیانی ٢٦-١٠ بەشێک لە لیوای نۆ تەسلیم بو، بەڵام

بەشـەکەی تریـان تـا دوای بـانگی عەسـر بەرەنگاریـان کـرد. پاشـان د.حـارپ سیلاجیدیچ و بکر علیبـاجیتچ. چـونە نـاو بـنکەی گەمـارۆدراو و ڕامـزدیلالیتچ-یـان ڕازی کرد کە بەرەنگاربونەوە هیچ سودی نیـیەو خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن باشـترە، بەڵام موشانا لە بنکەی شـەوانەدا لە لیتـزک خـۆی قـایمکردو چەنـد هاوڵاتیەکیشـی وەک بـارمتە لای خـۆی گلـدابۆوە. لەمیـانەی ئەم پرۆسـەیەدا نـۆ پۆلیسـی کوشـت. پۆلیسـەکان زۆر گرنگیـان بە پرۆسـەکە نەدەدا. بـۆیە بـونە ئامـانجی ئەم، ئیتـر نەماندەزانی چی لێبکەین. ئەگەر بـدەین بەسـەریاندا ئەوا بارمتەکـان دەکـوژرێن کە نزیکەی ٤٠-٥٠ کەسێک دەبو زۆریان ژن و منداڵ بـون. کە لە ماڵەکـانی دراوسـێوە بە خێرایی برابونە ئەوێ. ڕاوێژکاری سەرۆکایەتیم (یوسف یۆشتینا)م نـاردە لای تـا بتوانێت قەناعەتی پێبکات کە خۆی بەدەستەوە بـدات، بەڵام ئەم گەڕایەوەو هیچـی بۆ بەهیچ نەکرا. ئیتر ناچـار تەلەفـۆنم بـۆ کـرد پـێم ڕاگەیانـد (یوسـف یوشـینا) و پارێزگارە تایبەتەکەی خۆم لوکاف و عیمان محمد ئالاگتش کە بـاش دەیناسـین ئەوا سەعات ١١:٣٠ دێنە لای. ئیتر خۆی چەنـد پیـاوێکی بـێ بەرگـری کـردن خۆیـان بەدەستەوەدا، دوایی بران بۆ بارەگای فەیلەقی یەکەم لە شەقامی (علی پاشا). لێـرە پـۆلیس و هـاوەڵانی ئەو پۆلیسـانەی کە بەدەسـتی کوژرابـون پەلاماریـان دا، زۆر مەترسی ئەوە لەپێش بو کەوا بێ هیچ دادگایی کردنێـک بکوژرێـت. ناچـار بـۆ خـۆ بواردن لە ڕوداوی تر یەکسەرو بە خێرایـی بـرایە بەنـدیخانەی نـاوچەکە. لە ڕێگـا توانیبوی خۆی ڕزگار بکات و دەرگای سەیارەکەی کردبۆوە و خۆی هەڵدابوە خـوارو ڕای کردبو، پاسەوانەکانیش تەقەیـان لێکردبـو، ئەمە گێـڕانەوەی ڕاسـتی و دروسـتی ڕوداوەکە بـو. وە بێـژەری تەلەفزیـۆنی بۆسـنەو هەرسـک لە هەواڵەکـانی بەیانیـدا ڕایگەیاند کەوا گیراوەو بەڵام لە حاڵەتی ڕاکردنیـدا تەقەی لێکـراوەو کـوژراوە. پـێش ڕودانـی ئەم ڕوداوانە ئەوا وەزیـری دەرەوە حـارس سـیلاجیتدیچ- تـازە لە سـەردانی کردنی وڵاتانی دەرەوە گەڕابۆوە و هەوڵ و کۆشیشـی لەبـارەی دانپیانـانی وڵاتـان بە بۆسـنەو هەرسـک و جەخـت کـردنەوە لەسـەر ئەوەی بۆسـنەو هەرسـک دەوڵەتێکـی

خاوەن سیادەی سەربەخۆیە بەرهەمدار بو. ئیتر گەشتێکم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان کرد دوانزە ڕۆژم پێچو. حەڤدە شارۆچکە گەڕام و لەگەڵ سەرکردایەتی جەنگی سی و دو شارەوانیدا قسەم کرد. لە ١١/٩ بانگهێشت کرام تا لە سیمینارێکی بەشی مەعنەوی سەرۆکایەتی ئەرکان بۆ دەرچوانی تازە قسە بکەم و بەشدار بم، ئەمەم بە دەرفەت زانی و لەبارەی هەڵسوکەوتی تاکەوە قسەم بۆ کردن.

(کاتێک ئێرەتان بەجێهێشت ئەوا پێویستە چەند شتێک بە سەربازەکان بڵێن، پێیان بڵێن نابێت زوڵم لە کەسی مەزڵوم و لاواز بکرێت، دەبێت هەرچۆنێک کە پێتان کراوە لە هەوڵی ئەوەدابن کە خەڵک لەم سوپایە نەترسێت، نازانم ئێستا کار بەکوێ گەیشتوە، هەڵچون و ڕەفتاری ناجۆر کە پێی هەستاون بەوەی چاک و خراپیان لەیەک جیا نەکردۆتەوە کارێکی زۆر خراپە، لەم دوایەدا دو قەشە لە —ڤۆینیتسا- کوژراون، تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بەردەوامە. جا وای دانێین کە بکوژەکە یەکێکە لە ئێمە هاولاتی بێت یان سەرباز ئەوا لەوێنەیە ئاوا بیری کردبێتەوە ئەوان —پردە کۆنەکەیان- ڕوخاندو تێکیان شکاند، کەواتە ئێمەش تۆڵەی خۆمانیان لێ دەکەینەوە، بەڵام ئایا —ئەوان کێن؟! ڕاهیبێکی فرانسیسکانی لەگەڵ میلیشیایەکی —ئەستاشا- زۆر جیاوازن وەک یەک نین. بیری ئاوا شەڕانگێزی بە ئاقاری باشمان ناگەیەنێت. دوبارەی دەکەمەوە دەبێت سوپای ئێمە ئەو سوپایە بێت کە خەڵکی بەهی خۆیانی بزانن، ئیتر ئەو کاتە ناڕوخێین ئەگەر هەرچی هێزی شەیتانی دنیا هەیە لەبەرامبەرمان بێت. ئەگەر خەڵکمان لەگەڵ بێت ئەوا لە بەرامبەرماندا دەستەپاچە دەبن. ئەمە پەیمانی منە بە زمانێکی سادە بە خەڵکی بگەیەنن بە جۆرێک خەڵکی سەرجادەو شەقامەکان لێمان تێبگات. وەک دەبینن خوا بە چەند —تحدی-یەکی ناڕەحەت دوچار بە تاقیکردنەوەی کردوین. سەرمان دەبڕن، ژن و منداڵیان کوشتین، مزگەوتەکانیان ڕوخاندین، بەڵام ئێمە ژن و منداڵ ناکوژین، کەنیسە ناڕوخێنین، ئەمە کاری ئێمە نیە هەرچەند چەند حاڵەتێکی جیاجیا ڕویانداوە. لێرە بە سەربازان دەڵێم ئێمە سەردەکەوین چونکە ڕێز لە

ئاینەکانی تر دەگرین ڕێز لە گەلەکانی تر دەگرین، ڕێز لە بیروباوەڕی سیاسییان دەگرین. با ئەم پەیامەم بگاتە هەمو کەسێک لە هەمو شوێنێک و لە هەر بارودۆخێکدا بێت ڕوخاندنی پەرستگای خەڵکانی تر لە ئاینی ئێمەدا حەرامە. لەبەر ئەم حەرام بونە —دێرەکانی- دیتشانی- گراتشانیتسا- سۆبۆتشانی-ی سرپەکان تا ئێستا وەکو خۆی ماوە. هەر لە سەردەمی تورکەکانەوە کە ٤٠٠ ساڵ لێرە حوکمیان کرد وە تا ئێستا هیچیان نەڕوخاندوە. هەرچەندە کە تورکەکان هێندەش گەلێکی نەرم و نیان نەبون، بەڵام هەروەک خۆی ماوە چونکە قورئانی پیرۆز کە ڕێزی لێدەگرین و باوەڕمان پێیەتی ڕێگرە لەبەردەم ئەم کارەدا. کە بە دەق هێناویەتی ناهێڵێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئیتر خەڵکیش پێوەی پابەند بون، ئەو کاتەی کە ئێمە دەڵێین ڕێز لە کەنیسەو ئاینەکانی تر دەگرین ئەوا ئێمە بە مانای وشە و ڕاستەوخۆ ڕێزمان لە ڕێنومایییەکانی قورئان ناوە. ئەمە سەرەڕای کۆنترین عورفی دیموکراتی ئەوروپی کە خەڵکی چەندان سەدەیە بە شوێن پێیدا دەڕۆن.

ئەمەش دەقی ئەو گفتوگۆیەیە کە لەگەڵ گۆڤاری —شتێرن-ی ئەڵمانی هەر لەو بارەیەوە دواوین لە ١٩٩٤/١١/٥

[شتێرن: جەنابی سەرۆک، جەنابت بەوە ناسراوی کە موسڵمانێکی میانڕەویت و سەر بە تەقلیدو ڕەفتاری لێبوردەیی ئەوروپیت. بەسەر هەمو جیهاندا کراوەیت، بەڵام ئێستا ئەو ڕاپۆرتانەی دەست ڕۆژئاوا کەوتون دەڵێن ئێستا بە ئیسلامی کردنی بۆسنەو هەرسک لەئارادایە. واتە (بۆسنە دەکرێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی) ئایا ئەم هەواڵانە تەنها شایعەن یان ڕاستن؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: زۆر لەگەڵت ڕاشکاو دەبم، ئەم قسانە شایعە نین ئەمڕۆ دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئاین دیاردەیەکی جیهانیە، لەم وڵاتانە پەنجا بۆ حەفتا ساڵ شیوعیەت حوکمی کردوەو کەوتۆتە چەوساندنەوەی ئاین و ئایندارا‌ن. بەڵێ گەڕانەوە بۆ ئیسلام هەیە لە بۆسنە و هەرسکدا، بەڵام بە هەمان واتا بە مەسیحی کردنیش

هەیە. بە هەمان گرنگی لەنێوان بۆسنیە کاسۆلیک و ئەرسەزۆکیەکاندا گەڕانەوە بۆ مەسیحیەت هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەوروپا هەست بەگەڕانەوە بۆ مەسیحیەت ناکات، بەڵام من وانیم. پێویستە خاڵێکت بۆ ڕاست بکەمەوە، لێبوردەیی من لە ڕیشەیەکی موسڵمان بونمەوە سەری هەڵداوە، نەک ئەوەی لە ئەوروپاوە بۆم مابێتەوە، لێبوردەیەکەم سەرەتاو کۆتایی هی موسڵمان بونەکەمە. ئەوەی کە ئەوروپیشم ئەوا ئەوروپا گیرۆدەی هەندێک وەهمە کە سەرەڕای دەرکەوتنی ڕاستیەکان وەک تیشکی خۆر کەچی نەیتوانیوە خۆی لێ ڕزگار بکات. لەم وڵاتەدا سەدان مزگەوت و کەنیسە خاپور کران. هەموشی لەلایەن ئەوروپیەکانەوە بوە نەک بۆشناق. دەسەڵاتی تورکی ئەو میانڕەوەش نەبوە کەچی لە پێنجسەد ساڵ حوکمڕانی تورکیادا گەلە مەسیحیەکان چەمک و بنەما ئاینیەکانی خۆیان هەروەک جارانەو نەگۆڕاوە. ئەمەش دێرەکانی گردی {فرۆشکا گورا} لە بەلگراد نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لەژێر دەستی تورکەکاندا بە سەلامەتی مایەوە، بەڵام سێ ساڵ لەبەردەم دەسەڵاتی ئەوروپیەکاندا نەمایەوە و لەمیانەی جەنگی جیهانی دوەمدا سوتێنرا. فاشییەت و شیوعییەت بەرهەمی ئەوروپایە نەک ئاسیا. تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوروپا لەو پەتای فاشیەتەی ئێستای بەڵکانی گرتۆتەوە چاک نەبۆتەوە. من ڕێز لە ئەوروپا دەگرم بەڵام قەناعەتم وایە ئەو متمانەکردنەی بەخۆی زیادەڕەوی تیادایە.]

بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی ١٩٩٤ لەیەکێک لە سەربازەکانمانەوە کارتێکی پیرۆزبایم پێگەیشت وە لەگەڵ ئەوەشدا نامەیەکی بۆ نوسیوم کە تیایا بێزاری و ناڕەحەتی خۆی بەرامبەر یەکێک لە ئەفسەرەکانی خۆیان دەربڕیوە، کە —کفری- بەدەمدا هاتوە. ئەویش نوسیبوی کە ئەم کارەم زۆر بەلاوە ناڕەحەت بو چونکە ئەو ڕۆژانەی بیردەهێنایەوە کە لە سوپای یوگسلاڤیادا —کفر-کردن بە شتێکی ئاسایی دادەنرا. ئیتر منیش لەمیانەی دانیشتنی پارتی کاردا لە ١/١٢دا ئەم باسەم کردەوە. وە ئەو پەیامەم ئاڕاستەی سەربازەکان کرد —(با ئەخلاقتان وەک ئەخلاقی گەلەکەتان بێت. گەلی ئازاو بەوەفا شەرم لە ئەخلاق و ڕەفتاری گەلی خۆتان

مەکەن هەرچەندە لە هەندێک ڕووەوە کەم و کورتیشی هەبێت. گەلی ئێمە گەلێکی باوەڕدارە هەرچەندە وەک دەزانین کەمتر هاتوچۆی مزگەوت دەکات، بەڵام هەرگیز ڕێگا نادات کەسێک بێڕێزی بە پیرۆزیەکانی بکات. هەندێک هەن کفریان کردوە ئێمە هەرگیز ڕێگا بەم کارە نادەین چونکە ئێمە بە هیچ جۆرێک بەزۆر نوێژ و ڕۆژومان بەکەس ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەوەی کە داوامان لێکردون ئەوەیە کە بە شەرەفەوە بجەنگن خۆشیان باوەڕیان بە چی هەیە بۆ خۆیانە وە پەیوەستە، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەین —کفر- بکرێت. ئەمە پەیامی منە بۆ ئێوە کە دەبێت ئەمە پەیامی ئێوەش بێت. بەداخەوەم کە حاڵەتی وا ڕویداوە.. وە سەربازەکان بێزاری و نارەحەتی خۆیان بۆ دەربڕیوم-. لەوێنەیە من لەم پەیامەمدا ئەفسەرەکانم نارەحەت کردبێت بەڵام ڕێزگرتن لە ئاین یەکێکە لە ڕێنومایەکانی سوپای بۆسنەو هەرسک..) میلشیا سرپبیەکان —تشتنیک- لەمیانەی شەڕدا جۆرێک تایبەتمەندیان وەرگرتبو لەبواری بۆردمان کردنی نەخۆشخانە و قوتابخانەو بازاڕ و سەرەی وەرگرتنی نان و ئاو. ئەمەی دواییان لە هەموی قەیراناوی تر بو، چونکە تەنها موشەکێک بەس بو بۆ ئەوەی ڕیزێک لە خەڵکی لەسەرەی ئاو وەرگرتندا دەیان کەسیان لێ ببێتە قوربانی. بگرە هەندێک جار خانەوادەیەک هەمویان دەبونە قوربانی. لە سەعات دوی دوانیوەڕۆی ١٩٩٣/١/١٥ موشەکێک کە ڕۆژێکی زۆر سەرما بو نزیکەی سێسەد کەس لە سەرەی ئاو وەرگرتندا بون لەناویدا تەقیەوە دو هاوسەر —عزز و عاصم لاتفتش- شەش کەسی تر بونە قوربانی و —دەلیلە-ی کچیان و چل کەسی تر بریندار بون، (دەلیلە ئێستا لە شیکاگۆ دەژی و لەوێ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە). لە ٢/٥ دا موشەکێکی تر لەلایەن سرپبیەکانەوە ئاڕاستەی —میرکۆڤیچ- کراو ٦٨ کەس گیانیان لەدەستداو ١٤٢ کەسی تری بریندار کرد. لە پێنج و حەوتی مانگی دو هەستام بە ناردنی دو نامە بۆ ئەمینداری گشتی —ناتۆ- نامەکەم بەم جۆرە کۆتایی پێهێنابو.

(بەڕێزان ٧٠٠ ڕۆژ بەسەر بەدۆزەخ کردنی سەرایڤۆدا تێپەڕی، کاتی ئەوە هاتوە کە کارخانەی کوشت و بڕی سڕبیەکان لەکاربخرێت و ڕاگیرێت. کە خەڵکی ڕەشەکوژ دەکات و نەخۆشخانەو قوتابخانەو شوێنی پەرستن بەسەر یەکدا دەڕوخێنێت). ئەو دو ڕوداوە دڵتەزێنەی مانگی دو وایکرد کەوا کەمێک ویژدانی ڕۆژئاوا بەئاگا بێت، هەرچەند بۆماوەیەکی کەمیش بێت. لە ٢/٩ دا ناتۆ دواهەمین ئاگادارکردنەوەی خۆی ئاڕاستەی سڕبەکان کرد کەوا چەکە قورسەکانیان بە تیرەی بیست کیلۆمەتری بازنەیی بە دەوری سەرایڤۆدا پاشەکشە پێبکەن. ئەمەش دە ڕۆژی بۆ دیاری کرابو. سڕبیەکانیش قەبوڵیان کرد هەرچەندە لەسەرەتادا لارەمل بون و ئینکاریان دەکرد، بەڵام دوایی کردیان بە شایی و خۆشی گوایە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. کە ئەمەش سەیر بو هەستان بە برژاندنی گاو تەقەکردنی خۆشی لە بنکەکانی-تریفتش-، بەڵام یاسۆشی ئاکاشی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە بۆسنەو هەرسک لە ٢/٢٠ دا ڕایگەیاند کەوا هیچ پێویست ناکات —ناتۆ- لێدانی سەربازی ئاڕاستەی هێزەکانی —کارادیچ- بکات چونکە بەلای ئەوەوە ئەوان فەرمانەکەیان جێبەجێ کردوە و پاشەکشەیان کردوە، بەڵام نەمانزانی ئاخۆ سڕبیەکان ڕاستە چەکە قورسەکانیان کشاندۆتەوە دواوەو لە دەرەوەی سەرایڤۆدا نەماون وەیان ئەوەتا یاسۆشی ئەکاشی ئاوای پێخۆشە وا نیشانی بدات، وە یان ئەوەتا چاوبەستی لێکراوە. وە یان ئەوەتا زۆر بە سنگفراوانی ئەم کارەی کردبێت، بەڵام لە سەرەتای بەهاردا هەواڵمان پێگەیشت کە تۆپخانەی سڕبەکان هەر ئاوا وەک خۆی لە دەوری سەرایڤۆدا ماون، بەڵام کە گەیشتینە مانگی حەوت ئەوا هیچ گومانێکمان نەما کە تۆپخانەکان هەر لەجێگەی خۆیانن. بۆیە نامەیەکم ئاڕاستەی —ناتۆ- و چاودێرانی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد لە —زگرب- کەوا هەستن بە کارێکی وا پارێزگاری لە ناوچە ئارامەکان بکەن، بەڵام ئەمانیش هچیمان بە هیچ نەکرد. بگرە —ناتۆ-ش و نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئاست پێشێلکاری دواهەمین ئاگاداری —ناتۆ- خۆیان کەڕ دەکرد و قڕو قەپ دەمان. لە مانگی هەشتدا جارێکی

تر شار کەوتەوە بەر موشەکباران، سەرەتا تۆپباران پرش و بڵاوبو، بەڵام وردە وردە هەمان دۆزەخیساڵی ڕابوردوی دەستی پێکردەوە. ئیتر ئەم دۆزەخەش ساڵێکی تری پێچو تا سەرەتای لێدانی ناتۆ لە ١٩٩٥/٨/٣٠. لە ١٩٩٥/٥/٧، دکتۆر حارس سیلاجتچ لەگەڵ هەندێک باڵیۆز لە تەلەفزیۆنەوە دەرکەوتن کەوتە باسکردنی تۆپ و موشەکبارانکردنی ئەم دوایەی سەرایڤۆ. هەر لەوێدا ڕایگەیاند کە لەماوەی هەشت مانگدا بە موشەک و قەناسە نزیکەی ٢٤٠ کەس لە سەرایڤۆدا کوژراون، بەرامبەر ئەم هەمو موشەک و قەناس بەدەستانە گومانەکان ئاڕاستەی خۆمان دەکرا!! گوایە خۆمان بەم کارە هەڵدەستین. پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بێ ناسنامە و نەناسراو بون زۆر گوماناویانە لەگەڵ دۆخەکەدا مامەڵەیان دەکرد. ڕاپۆرتەکانیان بێ وردەکاری و جێگومان بون. لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەیانوسی لەوێنەیە ئەم موشەکەی کە تەقیوەتەوە لەلایەن سڕبیەکان یان موسڵمانەکانەوە ئاڕاستە کرابێت. جەنەراڵ ـجولوان- سەرکردەی گشتی ناتۆ دوای چەند ساڵ لە کۆتایی شەڕ بە ڕۆژنامەی —ئاڤاز-ی سەرایڤۆیی ڕاگەیاند کەوا ئەو زۆر لە هەڵسوکەوتی ئەفسەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بێزار و ناڕەحەت بوە بەوەی (شتەکانیان بەناوی خۆیانەوە ناو نەدەنا) من پێم ڕاگەیاندون کە ڕوداوەکە چۆن لەسەر زەوی ڕویداوە ئاوا شرۆڤەی بکەن، بەڵام قەت ئەم کارەیان ئەنجام نەدەدا. ئیتر ئەم وەڵامە لێڵ و ئاڵۆزەی ئەوان وایکرد کە نەیهێشت شتێک بکرێت. هەرچەندە ئیرادەیەکی سیاسیش هەبو بۆ ئەوەی شتێک بکرێت.

جیهان ڕۆژانەی ژیانی خۆی بە ئاسایی و بەبێ هیچ ویژدان جوڵاندنێک و ئاوڕدانەوەیەک تێدەپەڕاند و دەگوزەراند، کەچی لای ئێمەش زنجیرەی کوشتنی خەڵکی مەدەنی درێژەی هەبو. لە کۆنگرەی پارتی کاردا وتم:

(جیهان سەرایڤۆی ڕەمزی ئازارو ناڕەحەتی لەبیر ناکات. هەروەک بەرگریەکەشی هەر لەبیرە، لەیادیان دەبێت کە ئێمە ٧٠٠ هەزار تۆپ و موشەکمان بەسەردا بارێنرا. ئەمەش جۆرێک بو لە تاقیکردنەوە بۆ توانای بەرگری مرۆڤ. ئەمە

ئەوەی نیشاندا کە گرنگ نیە تۆ چەندە توانای وەشاندنی گورزت هەیە، بەڵام گرنگە تۆ چەندە لەبەرامبەر گورزی بەرامبەرانت بەهێز و خۆڕاگر یت.

هێزەکانمان لە پرۆسەیەکی سەربازیدا کە ناویان لێنابو (بەهاری ٩٤) لە ١٩٩٤/٤/١٢دا پەلاماری نزیک تۆزلایاندا و ٤٠٠ سەربازی دوژمنیان تێکشکاند ٥٣ کوژراو و ٥٦ دیلیان پێ بەجێهێشتن و ئێمەش سێ کوژراو و ٢٥ بریندارمان هەبو. هەر لە هەمان بەهاردا سرپییەکان هێرشیان کردە سەر یەکێک لەو ناوچانەی گوراژدەکە نەتەوە یەکگروەکان بە —ناوچەی ئارام-ی دانابو، مەبەست لەم کارەشیان کوشتنی بەرگریکاران لە شارەکەو دەرکردنی خەڵکەکەی بو. لەسەرەتای مانگی چواردا شەڕ گەیشتە لوتکە. ئیتر هێزەکانی —ناتۆ- هەستان بە لێدانی هێزە سرپییەکان لە گوراژدە، ئەم لێدانەش سنوردار بو. خۆپیشاندانی پشتیوانی لە شارەکانی تورکیا لە ئەستەنبوڵ و شوێنانی تر ئەنجامدرا. هەروەک کۆمەڵێک قوتابی لە ٤/١٢ لەبەردەم کۆمەڵەی گشتی فەڕەنسا لە پاریس کۆبونەوە ئەمەش دژ بە هێرشی سرپەکان بو بۆ ناوچە ئارامەکان. هێزە بەرگریکارەکانمان بە ٦٠٠٠ هەزار چەکدارەوە توانی خۆڕاگریەکی باش بکات کە دانیشتوانی شارەکەش زۆر پشتیوانیان بون. هەرچەندە ژمارەی چەکدارانی دوژمن زۆر لە ئەمان زیاتر بو، بەڵام ئەم بەرگریکردنە زیانی زۆری هەردولای لێکەوتەوە. لەژێر زەبری ئەم هەمو شەڕ و کاولکاریە، لە خۆمم دەپرسی دەبێ بۆسنە چی مابێت؟ دوای ئەم هەمو گورزە گورچک بڕانە لە ژیاندا ماوە؟ لە کۆنگرەی پارتی کاری دیموکراتیدا وەڵامی ئەم پرسیارانەم دایەوە (زۆرجار ئاوا لە خۆم دەپرسم دوای ئەم هەمو ناڕەحتیەی کە تێپەڕی شتێک ماوە ناوی بۆسنە بێت، ئەمڕۆ کامەیە بۆسنە؟ بەڵێ ئەوەی من دەیزانم بۆسنە نیە، بۆسنە گۆڕاوە ٢٠٠ هەزار کەس گیانیان بەخت کردوە، ٦٠٠ هەزار کەس ماڵ و لانەی خۆیان بەجێهێشتوە، ٨٠٠ مزگەوت خاپور کراوە، سەدان گوند و شارۆچکە و شارەوانی وێران کراون. ئەمانە هەموی هەستی خەڵکیان گۆڕیوە. ئیتر بۆسنەی لەمەودوا بۆسنەیەکی تر دەبێت، جا یان چاکتر وەیان

خراپتر. دیارە ئێمە هیوادارین باشتر لە جاران بێت. ئێمە بۆیە دەجەنگین تا پارێزگاری لەم سنورەی ئێستای بۆسنە بکەین. ئێمە هەمو مافێکی ئەم کارەمان هەیە، بەڵام ئێمەومانان وەک کەسانی جدی و خاوەن هەڵوێست بە هەمو پێوەرێک و ڕاڤەو شیکاریەک دەڵێن ئەوان بۆسنەیان بۆ نەکوژرا بەڵکو وایان کرد بۆسنە لە جاران بەهێزتر بێت. بۆسنە بۆتە سەنگی مەحەکی ئەخلاقی هەمو مرۆڤایەتی، خۆتان دەزانن زۆرێک لەم تاقیکردنەوە ئەخلاقیە دا کەوتن، بەڵام ئەوەی فێنکی بە دڵ و دەرونمان دەبەخێشێت ئەوەیە کە زۆربەی مانا ئیجابی و مرۆیەکان لەگەڵ ئێمەن. لەم دواییە کە سەردانی ئەمریکام کرد، پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم کە سەردانێکی پێشانگایەکی وێنەکێشانی سەردەمی نوێی ئەمریکا بکەم. کە بەدەم بانگهێشتەکەوە چوم سەیر دەکەم هەمو پێشانگاکە لەسەر سەرایڤۆیە. پێشتر خەریک بو هەڵەیەک بکەم کە چاک نەدەبۆوە ئەویش ئەوەبو کە ویستم نەچم و سەردانی نەکەم، لەوێ پەنجا هونەرمەند ویستیان بە وێنەکانیان بە ئێمە بڵێن کە هەست و نەستی ئەوان چۆن لەگەڵ شارەکەماندایە، ئەوان ئاوا ویستیان بەو شێوەیەی خۆیان یارمەتیمان بدەن لەبەر ئەو مەسەلەی بۆسنە ئەمڕۆ دۆزێکی ئەخلاقیە وە هەمو کات دۆزە ئەخلاقیەکان ڕەنگێکی جیهانی دەپۆشن و دەبنە جێی بایەخی هەمو ژن و پیاوێک).

لە ١٩٩٤/٩/٢٧ بەرەو نیویۆرک بەرێکەوتم تا لە خولی ٤٩ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشدار بم. بارودۆخی بۆسنەش بە تەواوی خراپ بو ویستم بۆ جاری هەزارهەمینیش بێت سەرنجی جیهانی بۆ ڕاکێشمەوە. ئازار و مەترسییەکان بخەمەڕو.

(من لە بۆسنەوە هاتوم، وڵاتێکی دورە دەست، بەڵام جێی بایەخ و قسەو باسی ئەمڕۆ، بەختم وایە دەبێت ئەو قسانە دوبارەکەمەوەو ئەوانەش بخەمەڕو کە دەیزانن و وەیان دەبێت هەر بزانن. پێش سێ ساڵ بەر لە ئێستا کە یوگسلاڤیا ملی لە هەڵوەشاندنەوەنا، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوین کە هەڵوەشاندنەوەکەی بە ئاشتیانە

بێت و توندوتیژی لێنەکەوێتەوە کاتێک سلۆڤینیا و کرواتیا ماڵاواییان لە یوگسلاڤیا کرد، ئیتر لە یەک هەڵوەشان بو بە شتێکی حەتمی هەر دەبوایە ببوایە. ئێمە لای خۆمان گرتنەبەری ڕێی و شوێنێکی دیموکراتیانە هەستاین بە سازدانی ڕاپرسی هاوڵاتیان بە زەی زیاد لە ٣/٢ دەنگیان دا بە سەربەخۆیی. ئیتر بۆسنەو هەرسک وەک کۆمارێکی سەربەخۆ دانی پێدا نرا، بەڵام هەر لەگەڵ دانپیانانیشدا دەستدرێژی کردنە سەرمان دەستی پێکرد، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەستدرێژی و پەلامار بۆ سەرمان نەوەستاوە، وە هیچ ئاسۆیەکی ڕونیش بەرچاو نییە کە کۆتایی ئەم دەستدرێژیەمان لەسەر لاچێت. ئەم شەڕەی کە سی و یەک مانگە بەسەر بۆسنەدا سەپێنراوە شەڕێکی زۆر خوێناویە لە شەڕە خوێناویەکانی مێژو. دەرەنجامی ڕوبەڕوبونەوەکان نابەرامبەرن. لە مانگەکانی سەرەتای شەڕدا ٧٠%ی خاکمان داگیرکرا. ٢٠٠ هەزار خەڵکی بێ دیفاع کوژراون نزیکەی ٢٠٠ هەزار ماڵ لە ماڵ و لانەی خۆیان وەدەرنراون و سەدان گوند و شارەوانی خاپور کراوە و سوتێنراوە، ئەمە شەڕێکی کلاسیکی نێوان دو سوپا نیە، ئەمە شەڕێکە دژ بە خەڵکی مەدەنی و هاوکات پاکتاوکردنی نەژادی و کاولکاریەکی بێوێنەی مەڵبەندی بازرگانی و ڕۆشنبیری وئاینیشە. بەرپەرچدانەوەی جیهان بۆ ئەم دەستدرێژیە شتێکی وا نەبو، جیهان پەشۆکاوەو ویست و ئیرادەی سەردەرکردنی لەم باسە نیە. جا یان لەبەر قورسی و گرانی وەحشیگەری هێرشەکەیە یان بەهۆی کەم ئامادەباشی دەرونی و ئەخلاقی و خەڵکی جیهان لە بینی دیمەنی سەربازگەکانی گرتن لە ئەوروپای تازە دوچاری شۆک بون، بەڵام بەرپرسان بێدەنگانە لەسەر کورسیەکانیان قرقەپیان کردوەو جوڵەیان لێنایەت. دە هەزار کەس کوژراوە و دەیانی تر بێ سەرو شوێنن لەگەڵ توندبونی وەحشیگەری هێرشەکان بۆ سەرمان ئەوا دودڵی و بێ ئیرادەیی لە بریاردان لەلایەن جیهانەوە زیاتر دەبێت. دنیای ئازاد و جیهانی هەڵسان بە بەرگری کردن لە ئازادی گەلی ئێمەو نەیان پاراستین. ناچار گەلی ئێمە خۆی بڕیاری دا خۆی بپارێزێت لە دوژمنان و مەترسی پاکتاوکردن لە خۆی دوربخاتەوە،

بەڵام دوچار بە ناجوامێریەکی تر بوین ئەویش ئەوەیە دەستمان بەستراوە!؟ ئەویش پێش شەڕ نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ئەوەی داوە کە نەهێڵدرێت چەک و جبەخانە ڕەوانەی یوگسلافیا بکرێت، بەڵام کە شەڕ دەستی پێکرد، ئەوسا زانرا کێ دەستدرێژکارەو کێش قوربانی، بەڵام ئەم بڕیاری قەدەغەکردنی چەکە لەسەرمان تا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوە وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕوی نەدابێت، بەڕاستی دادپەروەری بوە بە زوڵم و ناعەدالەتی ڕون و بەرچاو، هێزی دەستدرێژکار ماوەی چل ساڵە هەمو چەک و جبەخانەیەکیان بۆ خۆیان قۆرخ کردوە و لە پشت خۆیانەوە لە گەنجینەیان ناوە، بەڵام ئێمەی قوربانی دەستمان ئەوا لە پشتەوە دەستمان بەستراوە، ئیتر ئەم بڕیارە دەرەنجامی خراپی تەنها بۆ ئێمەیە، بڕیاری نەهێشتنی کڕینی چەک وای کردوە هێزەکان نابەرامبەر بن بۆیە شەڕ درێژەی کێشاوە. تا کاریگەری ئەوەی هەبێت لایەنی چەکدار بەزۆری چەک لایەنی بەرامبەری تەسلیم بە ئاشتیەکی نا عادیلانە بکات.

نامەیەکیان ئاڕاستەی جیهان کرد کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەبو، پێویست ناکات بێن و لەجیاتی ئێمە شەڕ بکەن و بەرگریمان لێبکەن، بەڵام لێمان گەڕێن لانی کەم با خۆمان بەرگری لە خۆمان بکەین، با هەوڵەکانمان یەکخەین، پێویستە دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە لەبەرامبەر دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانمان و کوشتنی منداڵان و کاولکردنی هەمو پیرۆزیە ئاینیەکانمان ئەوا مافی بەرگری کردنمان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغەکردنی چەک ناردن بۆمان هەروا بەردەوامە. لەبەرەی جەنگدا سەربازەکانمان بە تفەنگ بەرەو ڕوی تۆپ و تانکەکانی دوژمن دەبنەوە. زۆرێک لە سەربازانمان لەدەستداوە. بەپێی سەرژمێریەکی باوەڕپێکراو ٩٠% سەربازەکانمان بە تۆپ و تانک گیان لەدەست دەدەن، شارو دێهات کەوتۆتە ژێر چەکمەی سەربازی کە کەسانێکی بێبەزەیی و ڕەشەکوژ. بەس لە سەرایڤۆدا دە هەزار کەس کوژراو سەدو پەنجا هەزاری تر بریندار بون. دەگمەنە خێزانێکت دەستبکەوێت کوژراو و برینداری تیا نەبێت. لەبەرامبەر هەمو ئەمانەدا تاکە نامەیەک کە ئێمە لە جیهانەوە

بگاتە دەستمان ئەوەیە کە ئامۆژگاریمان دەکات —دانوسان بکەن-!!. ماوەیەکی زۆر دانوسانمان ڕەدکردەوە چونکە ئیتر باوەڕمان وابو تاکە ڕێگایە کی مەشروع ئەوەیە کە بەرگری لە خۆمان بکەین، وامان دانابو کە جیهانی حەز بە ئازادی ئەوا بە دەمانەوە دێن و بۆ خەباتی ڕەوامان دەبنە پشتگیرمان.

بەڵام لە دوایدا جگە لە دانوسان هیچی ترمان لە بەردەستا نەبو بەتایبەت کە گەلەکەمان لە دنیای بێ موبالاتیدا چیدی توانای درێژەدان بە قەیران و کوشتوبڕی نەبو. دەرکەوت کە دەستدرێژکاران دانوسانیان بۆ سودوەگرتن لە کات بەکارهێناوە تا بیکەنە چەترێک لە سایەیدا درێژە بە دەستدرێژیکاری بدەن. لە مانگی ئازاری ١٩٩٣ لەسەر نەخشەکەی —ڤانس- ئەوین- واژۆمان کرد ئەمەش دوای ئەوەی وازمان لە زۆر شت هێنا، کەچی لایەنی دەستدرێژکار واژۆیان نەکرد. جەولەیەک شەڕو جەولەیەک دانوستان بەردەوام بو. تا ئەوەبو پێنج وڵاتەکە (ئەمریکا- بەریتانیا- فەرەنسا- ئەڵمانیا- ڕوسیا) نەخشەیەکیان دانا. ئەمجارەش هەر بژاردەی ئاشتیمان قبوڵ کرد، کە بژاردەی لایەنی دەستدرێژکار هەر شەڕ بو. وە بە نەخشەیەکی تر ڕازی بوین کە دەشمانزانی ئاشتیەکی ناعادیلانەیە، ئەمەشمان تەنها لەپێناو کۆتایی هێنان بە شەڕ بو، چونکە لامان وابو نەخشەیەکی ئاشتی ئەگەر زوڵمێکی تیایا بێت لە ماوەی ساڵنی ئاشتیدا ڕاست دەکرێتەوە، ڕێڕەوی عادیلانە دەگرێتەبەر لەبەرئەوەی ئێمە چاک ڕۆحی بۆسنە دەناسین ئێمە باوەڕمان وابوە هەر باوەڕیشمان وایە کە ئاشتی بۆسنە ڕزگار دەکات و شەڕیش هەموی کاول و وێرانی دەکات. کە دەڵێین بۆسنە ئەوا تەنها پارچە زەویەک نیە لە خاکی بەڵکاندا. بۆسنە بەلای زۆرێک لە ئێمەوە بیروبۆچون و فیکرەیە.

ئەمە بیروباوەڕمانە کە گەلانی ئایین جیاواز، نەتەوەو ڕۆشنبیری و کەلەپوری جیاواز لە یەک دەتوانن بەیەکەوە بژین. ئەگەر ئەم فیکرەیە بکوژرێت ئەوا بۆ هەمیشە خەونی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە ناوچەکە باردەکات و دەڕوا. ئۆباڵی هەموئەمانەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی بۆ سی مانگ زیاترە بۆسنەیان خستۆتە

ژێر ئاگری تۆپەکانیان، هەروەک دەکرێت لۆمەی زۆربەی هێزە جیهانیەکانیان بکەین بەوەی کە دەیانتوانی دەستبارو هاوکارمان بن کەچی نەهاتن بە دەممانەوە. دو ڕۆژە سەرایڤۆم جێهێشتوە ئەویش لە ئاسمانەوە، ڕێگیراوە، فڕۆکەخانە داخراوە. بە ڕێگا شاخاویەکاندا کە بە دارستانەکاندا تێدەپەڕێت هاتوم. ڕۆژانە لەو دارستانەدا خەڵکی لێدەکوژرێت. نە ئاو نە کارەبا، لە شارەکەدا نیە. بەمانای وشە شارەکە لە گیانەڵادایە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هیچ نەکراوە. دوێنی لە (سربرینتشا)وە نامەیەکم پێگەیشت کە شارێکە لەسەر ڕوباری –درینا- لە سەرەتای شەڕەوە گەمارۆدراوە، دەبوایە ڕاپۆرتێک بوایە، بەڵام لە هات و هاوارێکی ناو دۆزەخێکی ڕاستەقینە زیاتر هیچیتر نیە. هەرچی دەکەم ناتوانم جارێکی تر بیخوێنمەوە ،سێ مانگە هەڵمەتێکی تری پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە چەند شارو شارۆچکەیەک دەستی پێکردوە. خەڵکی ناچار دەکەن کە خانەو لانەیان جێبهێڵن و ئەمانە لەژێر دەستی میلشیاکانی –کارادیچ-دان. تاکە تاوانیان لەبەرامبەر ئەم کاردانەوەیەئەوەیە کە ئەمان –سرپنین.! ئیتر هیچ نەکراوە شتەکە وای لێهاتوە کە ئاساییە بەرچاوترین یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکرێت.. ئەمەش نەنگیەکی گەورەیە دەبێت جێگای بایەخ پێدانی هەمو مرۆڤێک بێت جا گرنگ نیە لە بۆسنەوە نزیکە یان دور.

من هەر لە سەرەتاوە دژی بیردۆزی پیلانگێڕی –موئامەرە- بوم کە پێی وایە هەرچی لە بۆسنەدا ڕودەدات لەبەرئەوەیە کە زۆرینەی زۆری خەڵکەکەی موسڵمانن. وە هێزی شاراوەو پەنهان هەن سرپەکان هان دەدەن کە موسڵمانان ڕیشەکێش بکەن، ئەوانەی بڕوایان بەم تێڕوانینە هەیە. لە گۆشەنیگایەکەوە سەیر دەکەن. دیارە کە بۆسنە و هەرسک لەمڕۆدا کەوتۆتە دەست هێرش و پەلاماری هاوکات لەگەڵ ڕیشەکێش کردن و پاکتاوکردن و سەربازگەی گرتن و جۆرەها ڕەفتاری فاشیانەی تر. کەواتە جیهان کوێرە بۆیە ئەمانە نابینێت. جا یان ئەوەتا کوێرە یان ئەوەتا کوێر نیە، بەڵام بەئاگایە نەشەوە شەڕ و خراپەی قەبوڵە. جا لەبەرئەوەی جیهان کوێر نیە و دەبینێت. کەواتە تەنها ئەگەری دوەم ڕاستە کەوا ژمارەی باوەڕ

پێهێنەرانی ڕۆژانە لەزیادبوندایە شتێکی باش نیە بە پانتایی زەویدا یەک ملیار مسوڵمان خاوەنی ئەم قەناعەتە بن و ئەم بۆچونەیان لا پەسەند بێت. ڕوداوەکانی ئەم دوایەی تایبەت بە نەخشەی ئاشتی بوبە پشتگیرێکی باشی ئەوانەی بڕوایان بەم تەرزە لە بۆچونە هەبو. وە هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر ئەو نەخشەی —ئاشتی- یەی ئەوان بخەیتەڕو کە هەر پێنج وڵاتە گەورەکە نەخشەکێشی بون کە دیارە ئەم پێنج وڵاتە زۆرینەی زۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێکدەهێنن. ئەوا نەخشەکە دەڵێت هەر لایەک نەخشەی دولاکەی تر تێکبدات ویستی ڕازی نەبێت. ئەوا پارێزگاری لەولایەی تر دەکات کە نەخشەکەی قبوڵ کردوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕودەدات پێچەوانەیە سربەکان ڕەفزیان کردەوە کەچی لە بارتەقای ئەمەدا پاداشت کران بەوەی سزاکانیان لەسەر لابراوە. وە ئێمە بە نەخشەکە ڕازی بوین، بەڵام بەوە سزایان داین کە سەرایڤۆیان لە جیهانی دەرەوە دابڕی. ئەمەش زۆر بە پلان و بەرنامەکاری ئەنجامدراوە. زۆربەی ئەو نامانەی لە پلە باڵاکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە دەستمان دەگات دەڵێت: (ئەگەر داوای لابردنی گەمارۆی چەک بکەن و خواستەکانتان جێبەجێ بو، ئەوا هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بۆسنە و هەرسک پاشەکشە پێدەکەین). دیارە من ئەم گەشتە دورە و پڕ نارەحەتیەم بۆ ئەوە نەکردوە لە بۆسنەوە بێمە ئەمریکا و ئەو ڕاستیانەتان پێ بڵێم کە خۆتان دەیزانن. ئێمە باوەڕمان وایە کە خێر و دادپەروەری شکست ناهێنێت. هەرچەندە بەرامبەرەکانیان بەهێزبن. ئێمە ئەو بڕوایەشمان لەدەست نەداوە کە لامان وابێت دنیا خراپتر دەبێت بەڵکو لامان وایە دنیایەکی باشتر لەپێشە. جا پێویستە لەسەرمان خەبات و تێکۆشانی بۆ بکەین من کە هاتوم قسەتان بۆ بکەم ئەو هیوایەشم هەر لەگەڵدایە بۆ داواکاری و پێشنیارتان دەخەمەڕو. هەرچەندە ئاستەنگ و نارەحەتیەکانیش زۆرن، بەڵام زۆریانمان ناسیوەو بەسەریاندا تێپەڕیوین).

لە لێدوانێکمدا بۆ ڕۆژنامەی —تایمز- هەمان هەستم دەربڕیەوە.

تایمز/ حەز دەکەیت لەڕوی سیاسی و سەربازیەوە چی بکرێت.؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ/ ئامانجم پاراستنی بۆسنەو گرەنتـی شوێنی تـایبەتی بەم گەلە موسڵمانەم دەوێت. ئێوە بەهەڵەداچون کاتێـک وا دەزانـن ئـێمە داوای ئەوەتـان لێدەکەین سوپاکەتانمان بۆ بخەنەڕێ و ئیتر دەوڵەت و ئازادیمان بۆ ئامـادە بـکەن و پێشکەشمانی بکەن. پێویستە گەلەکەمـان خـۆی جێـی خـۆی بکـاتەوە. ئـێمە داوای ئەوە لە هیچ کەس ناکەین کەوا کە ئازادیمـان لەسـەر سینیەکی ئـاڵتونی پێشـکەش بکات. بۆیە ئێمە هیچ هەوڵی ئەوە نادەین کە ڕاستەوخۆ خۆتـان بکـوتنە بۆسـنەوە، بەڵکو داوای ئەوەتـان لێـدەکەین مەبـنە ئاسـتەنگی بەردەم خەباتمـان، بەڵام زۆربەی جـار خۆتـان هەڵـدەقورتێننە کارمـان و ئاسـتەنگی دەخەنە بەردەم وا دەکەن کـارو خەباتی گران و ناڕەحەتمان گرانتر و ناڕەحەتتر بێت. وە ئەو تەنـگ پێهەڵچنینـەی نەتەوە یەکگرتوەکـان نمـونەیەکە هەردەم پێمـان دەڵـێن ئەگەر چەک و ئازادیتـان ویست، ئەوا ئـێمە پاشەکشـە دەکەیـن و خـواردن و دەرمانتـان بـۆ نـانێرین، ئەمەش بەلای منەوە وەک ئەو هەوڵی هەڵفریواندنەی شەیتانە دژ بە عیسی —علیـە السـلام- لە بیاباندا. وامان لێدەکات ئەملاولا بکەین بەڵام هەرگیز ڕۆحی خۆمـان بە شـەیتان نافرۆشین.

وڵاتانی ئیسلامی لە خەباتی بۆسنەو هەرسک دا ڕۆڵـی کاریگەریـان هەبـو دژ بە دەستدرێژکاران. کۆمەکی مادی و سەربازی و سیاسی گرنگیان پێ کردین. لە چەنـد سـەدەی ڕابـردودا وەک ئەمـڕۆ موسـڵمانان لەسـەر بۆسـنە یەک هەڵوێسـت نەبـون. هەروەک (سـامۆئیل هنگنتـۆن) دەڵێـت: دۆزی بۆسـنە لە وڵاتـانی ئیسـلامیدا بـوە بەدۆزێکی گرنگ. سونەو شیعە، عەرەب غەیری عەرەب لەسەری یەکدەنگن. هەر لە مالیزیاوە تا مەغریـب لە هەوڵ و کۆششـدان بـۆی. وڵاتـانی کـۆنگرەی ئیسـلامی بە پێشنیاری ئێران هەستان بە دروستکردنی —کـۆمەڵی وڵاتـانی پاڵەپەسـتۆ- بەوەی کە ئەم وڵاتـانە لەنـاو نەتەوە یەکگرتوەکانـدا پشـتیوانی خەبـاتی گەلـی بۆسـنی بـکەن. پاشان تورکیا وەک ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە هەسـتان بە پێشکەشـکردنی پێشـنیارێک کە داوای بەشـداری کـردن سـەربازی دەکـات دیـارە ئەمەش بە گـوێرەی بەنـدی

حەوتەمــی جارنــامەی نەتەوە یەکگرتوەکــان. ڕێکخــراوی کــۆنگرەی ئیســلامی لە ١٩٩٣/٥دا هەسـتا بە ڕەخنەگـرتن لەو پێشـنیارەی وڵاتـانی ڕۆژئـاواو ڕوسـیا بەوەی دەبێت ناوچەیەکی ئارام دروست بکرێت. وە بەوە تۆمەتباریان کردن کە دەیانەوێـت موسڵمانانی دابڕن. ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لەوەدا سەرکەوتو بـو کە لە دوای مانگێـک لە کـۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکـان سـەبارەت بە مـافی مـرۆڤ بڕیـاری ئیدانەکردنی سڕب و کروات وەربگـرن. کە تیایـا هـاتبو دەبێـت ڕێگـری لە سـوپای بۆسنە نەکرێت کە دەستی بە چەک بگات. هەر لە مانگی تەممـوزی ١٩٩٣، هەژدە هەزار سـەربازیان ڕەوانەی بۆسـنە کـرد لەمیـانەی هێزەکـانی نەتەوە یەکگرتوەکـان دابـون و بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی هـاتبون. ڕۆژئـاوا ڕەزامەنـدی نیشـاندا حەوت هەزار سەربازی تری ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ لە تورکیا و مالیزیـا و ئەندەنوسـیا و بەنگلادیـش وە ناردەپالأ ئەو هێزەی تری نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئیتر لەم کۆنگرەی وڵاتـانی ئیسـلامیە بانگهێشـتنامەیەکم بەدەسـت گەیشـت کە ـــدار البیضاء-ی مغرب دەبەسـترا ئامـادە بـم، لەوێ بە ئامـادەبونی ٥٠ سـەرۆک و سەرۆک وەزیر ئەم وتارەم پێشکەش کرد.

(پێموایە ئێوە دەزانن لەمـاوەی ئەم دو سـاڵ و نیـوەی دوایـدا چـی لە بۆسـنە و هەرسـک گـوزەرا. یەکێـک لە مێژونوسـە هـاوچەرخە تورکەکـان دەڵێـت ڕوداوێـک لە ناشـرینی و خراپەکاریـدا گەر پـێش کارەسـاتی بۆسـنە کەوتبێـت ئەوا کارەسـاتی هەڵکوتانە سەر بەغدای سوپای —مەغۆل-ە کە لە سەدەی ١٣ی زاینـدا بـوە. لێـرەو لەوێی جیهانی ئیسلامی ئەو قسەیە دەبیستن کە ئەگەر ئێـوە خۆتـان لە یوگسـلافیا جیانەکردایەتەوە ئەوا ئەوەی کە ڕویـدا ڕوی نەدەدا. ئەگەر ئـێمە لەگەڵ سـڕبەکاندا بمانایینایەتەوە ئەوا شەڕمان نەدەهاتە ڕێ.

بەڕێــزان ئەمە شــرۆڤە کردنێکــی زۆر ســادەیە گەر نەڵــێم نیــاز خراپــانەیە. ئێمەداوامــان لە ســەرکردەکانی ســڕبیا و کرواتیــا کــرد کە وەرن بــا بەیەکەوە

یوگسلاڤیایەکی کۆنفیدراڵی دامەزرێنین کەوا هەر سێ گەلەکە بە یەکسانی پێکەوە هەڵکەن و بژین. بۆسنەش وەک ئێوەو هاوشانی ئێوە تیایا بژی، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پیادانایین ئەوا ئەوان دەستیان کردە دەستدرێژی کردن بۆ سەرمان. ویستیان بمانخەنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی خۆیانەوە. کە ئەو دەوڵەتەش بریتی بولە —سڕبیای گەورە- ئیتر هیچ بوارێک بۆ بۆسنە و هەرسک نەدەمایەوە چ وەک کۆمارێکی سەربەخۆ وەیان وەک گەلی بۆشناقی موسڵمان. هیچ ڕۆڵێکی سیاسی سەربەخۆی هەبێت. دواتریش موسڵمانانیان دەکردە سوری بەر لەشکر و لە شەڕی سڕبیای گەورەدا دژ بە وڵاتانی بەلکان سنگیانیان پێ دەدانە بەر فیشەک. ئێمە لە ڕاپرسیەکەماندا ئەو بە کەم و بێ نرخ سەیرکردنەمان رەتکردۆتەوە. ئیتر هیچ چارەیەکیترمان نەبو جگە لەوەی بۆ پاراستنی ژیان و ئاین و کەرامەتمان دەست بدەینە چەک. کاتێک بۆ یەکەمجار دژ بە پاکتاوکردن چەکمان هەڵگرت دوژمن هەرچی دژایەتی زەبر و زۆرە بە ئاشکرا و پەنهان بۆمان هاتە دەرەوەو ڕوبەڕومان بۆوە. لەمیانەی ئەو شەڕەی بەسەرماندا سەپا جیهان توشی شۆک بو چونکە دوژمن و بگرە جیهانیش وای دانابوکە خێرا تێکدەشکێین، بەڵام بەرگریکردن ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر بوە ژمارەی بەرگریکاران وەک ئەوەی لە زەویەوە هەڵبقولێن زیادی کرد. توانیمان سەرەڕای باڵادەستی دوژمن لە چەک و جبەخانەی سەربازی ٣٠% وڵاتمان ڕزگار بکەین. هەروەک شەڕەکەشمان تا ڕادەیەک لە شارە سەرەکیەکان دورخستۆتەوە. لە هەر شوێنێک شەڕی پیاو لەگەڵ پیاودا بوبێت ئەوا ئێمە سەرکەوتوین، بەڵام کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە کە دوژمن چەک و جبەخانەی قورسی لەبەردەستدایە. وە جارێکیتریش بەوە جیهان توشی شۆک بو کەوا لەمیانەی سیاسەت و خەباتماندا وایان لێ چاوەڕوان دەکردین کە پەنا بەرینە بەر تۆڵەسەندنەوە. چونکە دژمنەکانمان زۆر کارەساتیان قەوماند و زۆریشیان ڕق لێمان بو، بەڵام ئەم کارەمان ئەنجام نەدا، بەڵکو ئێمە بوینە یەکێک لە بانگەشەکارانی کۆمەڵگای دیمۆکراسی کە لەسەر لێبوردەیی ئاینی و نەتەوەیی بنیاد

دەنرێت. دەرکەوت ئێمە ئەو کەسە دەمارگیرە نین هەروەک ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان و هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا دەیدەنە پاڵ میللەتەکەمان. ئێمە پارێزگاری لە ناسنامەی موسڵمان بونی خۆمان دەکەین وە بەڕوی هەمو بەهایەکدا کراوەین. جا ڕۆژهەڵاتی بێت یان ڕۆژئاوایی. پێمخۆشە بڵێم کە ئێمە ئامانجمان ئەوەیە دەوڵەتێکمان هەبێت کە کەس لەسەر ئایین و نەتەوەو بیروڕای سیاسی تیایا دوچار بە ئازارو نارەحەتی نەبێتەوە ئێمە پابەندی ئەم قسەیەمانین و هەر لە هەوڵیشداین بۆی و پشتگیری لێدەکەین. بە فەزڵی خوا دەتوانین سنورێک بۆ ئەو زنجیرە لە کوشت و بڕەی کە نزیکەی سێ سەدەیە بەرۆکی گەلە موسڵمانەکەمانی گرتوە دانێین. لەم کارەشدا دو ڕاستی پشتیوانمانن هەروەک ئاماژەم پێدا. یەکەمیان لە بواری سەربازیدایەو دوەمیشیان لەبواری سیاسیدایە. دوژمن ئەمجارە ڕوبەڕوی بەرەنگاربونەوەیەکی ڕێکخراو بۆوە نەک لەسەر ئاستی ناوخۆ بەڵکو لەسەر ئاستی گەلەکەی هەموی. چونکە پێشتر بەرگریکردن ڕێکخراو نەبو. ئەوا کارەساتەکان زۆر دوبارەبونەوە، وە بەرگری کردنمان لەم جارەدا چۆتە چوارچێوەی مێژوەوە وە بەوەی کە ئێمە هەر خۆمان بە تەنها نین بەڵکو جیهانی ئیسلامی لە پشتمانەوە و یاریدەمان دەدات. ئێستا ئێمە کارایەکی کاریگەری سیاسەتین ناکرێت لەمەودوا پشتگوێ بخرێین و هەمو گەلان پشتیوانیمان لێ دەکەن. وە لە کۆتایدا دەبێت بڵێم توانیمان بۆسنە بکەینە چەقی گرنگی پێدانی ڕای جیهان. لەم ماوەیەدا دو کۆنگرەی لوتکەی بۆ بەستراوە. دوژمن لەوەدا شکستی هێنا کە ویستی بە نهێنی و خێرایی ئەرکە تاوانکاریەکەی خۆی جێبەجآ بکات .ئێستا هەرچی لە بۆسنەدا ڕودەدات لەبەرچاوی هەمواندا دیارە. ئەمڕۆ بارودۆخەکە بۆ بەرگری لەبارترە، وای کردوە دەستدرێژ کردنە سەر ئێمە قورس و گرانتر بێت. پێویستە قەناعەت بە ڕۆژئاوا بهێنن کە هاواکاری کردنیان لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی لە بەرژەوەندیاندایە. وە پێویستە سیاسەتی خۆیان لەبارەی بۆسنەوە بگۆڕن. وە پێویستە قەناعەت بە جیهانی ئەرسەزۆکسی بهێنن کە دەمارگیری نەتەوەیی و پشتیوانی کردنی هێز

هیچی لێ بەدەست نایەت. باشتر وایە خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ جیهانی ئیسلامی ببوێرن کە لەوێنەیە بۆ ساڵنێکی زۆر درێژەی هەبێت. پێویستە ڕۆژئاواو جیهانی ئەرسەزۆکس ئەوە بزانن ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا بێ سودە. بۆسنەش تاقیکردنەوەی سیاسەتێکی جیاوازە. ئێستا کاتیەتی توانای خۆتانی بۆ بخەنەگەڕ.)

بە میانگیری جێمی کارتەری سەرۆکی پێشوی ئەمریکا شەڕ ڕاگرتنمان بۆ ماوەی چوار مانگ واژۆ کرد. ئەمەش چەند سەعاتێک پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٩٤. لە ١٢/٢٨ لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە نامەیەکم بەدەست گەیشت کە داوای ئەوەی دەکرد کە شەڕ ڕاگرین جا لەو پێناوەدا با ڕێکەوین. ئەمەش بۆ ئێمە شتێکی باش بولەو ماوەیەدا هیچ زیانێکی گیانی نەبو. ئێمە مەبەستمان بو کە هێرشکردنە سەر ناوچەی بیهاچ ڕاگرین، لەولاشەوە پارێزگاری لە بۆسنەی خاوەن سیادەو سەربەخۆ بکەینەوە. ماوەی شەڕ ڕاگرتن دیاری کرا ئەمەش بۆ ئەوە بو کە —کارادیچ- هەروا درێژە بە داگیرکاری وڵاتمان نەدا بەوەی لە شەڕ وەستانەکە بەهرەی خراپ وەرگرێت بۆیە ماوەی وەستانی شەڕمان دیاری کرد ئەگەر نەگەیشتینە خاڵی دیاریکراو ناچار تێهەڵدەچینەوە. دەبوایە لەماوەی شەڕ ڕاگرتنەکەدا هەردولا بکەوتنایە وتوێژی سیاسیانەوە. تا چارەسەرێکی سیاسی بدۆزینەوە. ئێمە لای خۆمانەوە ڕازی بونی لایەنی سربمان بە نەخشەی پێنج وڵاتەکە کردە مەرجی بەشداری دانوستانی سیاسیانە. ئەگەر ئەوان ڕازی نەبن ئەوا شتێک بەناوی وتوێژەوە بونی نابێت. حکومەتی بۆسنە لە بەرنامەی ساڵی تازەی خۆیدا دو بەرنامەی دانابو یەکەمیان بەهێزکردنی توانای بەرگری کردن، دوەم دابینکردنی لانی کەمی پێداویستیەکانی ژیانی هەمو هاوڵاتیانمان. هەردو بەرنامەکە تابڵێی ئاڵۆز بون. زۆر کارو ئەرکی دیارکراوی تیایا بو. سەرۆکایەتی بۆسنە یەکەمی گرتە ئەستۆو حکومەتیش دوەمیان. ئەمەش بەپێی دەستورو دیاریکردنی دەسەڵاتەکان بو هەرچەندە تێکەڵاودەبون و پشتیشیان بەیەک دەبەست، وڵات برسی بێت بەرگری

کـردن بـاش نابێـت. لەولاشـەوە دابینکردنـی بەرهەمهێنـانی هێنـدەی خـۆراک کە برسیەتی لابەرێت پێویستی بە بەرگری کردن بو. بەرگری کردن لە وڵات پێویستی بە ئابوری بو، بۆیە لەسەر هێزەکان وئەوانی تر پێویست بو باش لێی تێبگەن و ڕێـز لەو پەیوەندیەی نێوانیان بگرن. بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە پەیامەکەم ئەم قسانەی لەخۆگرتبو:

{نابێت یەک ڕۆژشەر زیاتر بێت لەوەی کە پێویستە، بەڵام ناشکرێت وناشتوانین هەروا بە خۆڕایی ئاشتی ببەخشین. بۆیە ئێمە ئەوەندەی توانیمان دانوسان دەکەیـن، بەڵام بەو ئەنـدازەیەی لەسـەرمان پێویسـتە ئەوا شـەڕ دەکەیـن و دەجەنگـین. شـەڕ ڕاگـرتن هەروا لەخـۆڕا درێـژەی پێنادرێـت ئەگەر لایەنـی بەرامـبەر لەمـاوەی چـوار مانگدا ئامادەی نیشان نەدا بکەوینە چارەسەرێکی سیاسی ماقول. بـۆیە لە ڕێکەوتـی ٥/١ داوای لابردنی قەدەغەکردنی چەک دەکەین، لێرەشەوە ڕێز و نەوازشمان بۆ ئەو کەسـانە هەیە کە لەپێنـاو بەرگـری کـردن لە ئـازادی گیانیـان بەخشـی ئەوانە قوربانیانی شەڕن. هەروەک ئاوارەکانمان لەبیـرە هیـوادارین بەزوتـرین کـات بگەڕێـنە خانەو لانەی خۆیان. هەروەها دەمەوێت بە سەربازە ئازاکانمـان بڵـێم کە لەم مـانگە ساردەدا ئێوەمان لەبیرە، لەگەڵتانداین. لەبیرتانداین، خـواش ڕەحـم بەوانە بکـات کە گیانیان بەخشی، خواش لەگەڵ ئەو گەلەیە کە لەپێناو ئازادی خۆیدا دەجەنگێـت}.

لەو ماوەیەدا دو بۆنە هاتنەپێش کە دەبوایە تیایا قسەم بۆ غەیری بۆشـناق بکـردایە. یەکەمیان گوتارێکم ئاڕاستەی کـۆمەڵەی گشـتی ئەنجـومەنی مەدەنـی سـڕبی کـرد، دوەمیشیان جەژنی (الفصح)ی هاوڵاتیانی جـولەکە بـو، ئەمەش ئەو وتـارەمە کە بـۆ ئامادەبوانی سڕبی (ئەنجومەنی هاوڵاتیانی بە ڕەگەز سڕبی) ئەو هاوڵاتیە سـڕبیانەن کە شەڕانگێز نین و بە ئاشتی لەگەڵمان دەژین. لە ٤/٩دا:

هەروەک دەمەوێـت ڕێـزو پێزانینـی خۆمتـان پێشـکەش بـکەم لەبەرئەوەی ئێـوە ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەو ویژدانـی زینـدو و هـاوڵاتی پـاکی سـڕبی دەردەخەن. مـن سوپاسـی ئازایەتیتـان دەکەم، کە هـاتونەتە سـەرایڤۆو ڕاسـتیەکان دەڵـێن، چـونکە

شایەتی ڕاست ئـازایەتی خـۆی دەوێـت بەتـایبەت لەم بـارودۆخەدا. ئێـوە نـوێنەرو ڕوخسـاری سـڕبیەکی چەکـدار نـین، ئێـوە ڕەگەزێکـی ئاشـتیخوازو لاشـەڕن. ئەوان چەکیـان پێـیە بەڵام ئێـوە وشـەی جـوان، وە وشـەی ڕاسـتی ئەوەی سـەلماندوە کە بەردەوام چەکێکی کاریگەرە. ئامانجی حکومەتی بۆسنەو هەرسک کە من نـوێنەریم و بە زمانی ئەوەوە بۆتان دەدوێم ئەوەیە ببینە خاوەنی دەوڵەتێکی بۆسنەی دیمـوکرات، کەوا کەس تیایا لەسـەر ئـاین و ڕەگەز و ناسـنامەو ڕای سیاسـی نەچەوسێنرێتەوە. پێشمان وایە ئەمەش بنەماکـانی شارسـتانیەتی لەخـۆدا هەڵگرتـوە. ئـێمە لامـان وایە بەڵـێ دەکرێـت گەلانـی ڕەگەز و ئـاین جیـاواز هەمویـان بە ئاشـتی پـێکەوە بـژین، لەوێنەیە هەندێک بڵێن ئەوە لەم نـاوچەیەدا خەیـاڵ پـلاویە، بەڵام ئـێمە لە وەڵامـدا دەڵێین تاکە ڕێگای دەرچونی مرۆڤەکان لە قەیران و ناڕەحەتی کە کاریگەری خراپ لەسەر گەلانی پاک و بێگەرد جێدەهێڵێت بە جیـاوازی ئـاین و نەتەوەیـانەوە ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی، وە هەر باوەڕیشـمان پێـدەمێنێت. ئەویـش بـریتیە لە یەک جیهانی کامڵ و پاک و بێگەرد ئەگەر خەڵکەکەی دەستبەرداری باوەڕیـان بـون ئەوا بە پاک و بێگەردی نامێننەوە.

وە لە گوتارم بۆ جولەکەکان وتم:

ڕێـم بـدەن پیرۆزبـایی جەژنتـان لێـبکەم، هیـوادارم بە خۆشـی و ئاشـتی لێتـان بگوزەرێت. من لە سێ ڕوانگەوە پێی دڵخۆشم:

یەکەم/ ئێوە دراوسێتی منن و خۆشیتان خۆشی منە.

دوەم/ من موسڵمانم وە لە قورئانی پیرۆزدا لەبـارەی ئاهەنگەکەتـانەوە وشـەی پـڕ واتاو کاریگەر هەیە قورئانی پیـرۆز باسـی دینـی ئیسـرائیل لە میسـرو کۆچکردنیـان بەرەو ڕزگاری دەکات.

سێهەم/ من دڵخۆشم کە ئێوە مرۆڤن، (فصح) کەرنەڤاڵێکی کلاسیکیە بۆ ئازادی، ئەمەش جێی گرنگی هەمو تـاک و کۆمەڵگـایەکە چـونکە ئـازادی بەهـایەکی گەورەو

گرنگی مرۆڤە. من کە ئێستا باسی ئازادی دەکەم بە کەمێک هەڵچونەوە قسە دەکەم لەبەرئەوەی گەلەکەم لە مەترسی لەناوبردندایە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ خەبات بۆ پاراستنی ئەو ئازادیە وپارێزگاری لێکردنی، من سەرەتا وتم هیوای ڕۆژێکی خۆشتان بۆ دەخوازم، بەڵام دەزانم کەوا هۆکار زۆرن وا دەکەن ڕۆژەکانمان خۆش نەبن، بەڵام هەمومان هاودەنگین کە ئێستامان لە پار خۆشترە بگرە لە پێراریش خۆشترە بارودۆخەکە بەرەو باشی دەچێت. ئەمڕۆ ئێمە لە پێگەیەکداین دەتوانین بڵێین هیوادارین جەژنی ساڵی داهاتوتان لەئەم ساڵ خۆشتربێت. خواپشتیوان بێت ئەمەش لەژێر سایەی ئاشتیدا دەبێت،.

لە کۆتاییدا داواتان لێدەکەم کەوا بۆسنە جێمەهێڵن وڵات وڵاتی خۆتانە، ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین و ئامانجمانە وا بکەین ئەم کۆمەڵگایە ببێتە کۆمەڵگایەکی لێبوردە بە هەمو نەتەوەو ئاینەکانیەوە هەروەک ئەوەی کەلە سەدەکانی ڕابردودا بوە. ئەم ئەرکە قورسە، بەڵام مانەوەتان لەناوماندا وا دەکات پێکەوە بەو ئامانجە گەورەو گرنگە بگەین. لە ١٩٩٤/٤/١١ لە پاریسەوە هەواڵمان پێگەیشت کە دانیشتنی لیژنەی پەرلەمانی ئەوروپی بەڕێوەچوەو منیش بەربژێر کراوم لەگەڵ دو کەسی تر تاوەکو خەڵاتی مافی مرۆڤی ئەوروپی وەربگرم. لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی بۆسنەو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی بۆسنە بە نوێنەرایەتی حکومەتی بۆسنەو هەرسک ئامادەبون. خەڵاتەکەم نەبردەوە سەرنەکەوتم بەڵام ئەوان گوتیان گرنگ بەشداری کێبڕکێکەیە نەک بردنەوە.

لەمیانەی گەمارۆدانی سەرایڤۆدا هەمو دانیشتوان لە نارەحەتیدا بون سەدان جار بینای سەرۆکایەتی کەوتۆتە بەر تۆپ و موشەکباران (لە ژماردن نایەت)، چونکە لە بەشی ڕۆژئاواوە ٥٠٠ مەتر لەبەری شەڕ دور بو، ئیتر گواستمەوە بۆ نوسینگەیەکی ناو بیناکە کە هەر بۆ خۆشی و سوعبەت ناوم لێنابو (نوسینگەی ترسنۆکەکان). ئیتر جگە لەمە وەک هەر هاولاتیەکی تری سەرایڤۆیی ئەگەری دوچار بونم بە ڕوداو نزیک بو.بێ کەم وزیاد وەک ئەوان ، بەڵام هەندێ ڕوداوی

جیاواز ڕویاندا. لە مانگی ١٩٩٥/٤ بە سەردانێک چومە باکوری بۆسنەو هێزەکانمانم بەسەر کردەوە. سەردانی بارەگای فەیلەقی (٣) و (٥)م کرد، ئیتر سەردانەکان زیاد لە کاتی خۆیانی لێ وەردەگرتم ،هەمو شتێک (٣-٤) سەعات دوادەکەوت. ئەو شەوە لە یاریگایەکی —زینیتسا- لەجیاتی ئەوەی سەعات پێنجی ئێوارە فڕۆکەکانمان بەڕێکەوێت وەک وتم دواکەوتین بۆ درەنگانێکی شەو. مەترسیدارترین خاڵی سەفەرەکەشمان فڕین بو بە ئاسمانی چیای —فرانیتسا- هەموبە بێدەنگی سوار فڕۆکەکە بوین بەو هیوایەی بەخێرایی بگەینە جێ. لە کاتی فڕینمان بەسەر شاخی —فرانیتسا- یەکێک لە فڕۆکەوانەکان هات و پێی وتم کەوا فڕۆکەکە دوچاری کێشەیەک هاتۆتەوە، ئەوەی بۆ باس کردم کە هەندێک لە ئامێرەکانی چاودێری فڕۆکەکە —کۆنترۆڵ- کار ناکەن. (منیش سەرم لەو تەکنەلۆژیایە دەرنەدەکرد). وتی ئێستا ئێمە لە —ڤۆینتسا-وە دور نین ئەگەر یاریگاکە ڕوناک بێت لەوێ دەنیشینەوە. فڕۆکەکانمان ماوە ماوە پشکنینیان بۆ نەدەکراو خۆشیان بۆ شەو ڕۆشتن بەکار نەدەهاتن ئیتر کەوتمە گومانەوە ئایا دەگەینە ئەوێ یان نا؟ لە بەشی خوارەوەی فڕۆکەکەدا وێنەگرێک و پەیامنێرێکم لەگەڵدا بو، کە قسەم لەگەڵ کردن تێگەیشتم کەوا شتێک هەیە، بەڵام بەختمان هێنای و یاریگاکە ڕوناک بو کارەبای هەبو، فڕۆکەوانەکە داوای لێکردین کەوا توند خۆمان بە کورسیەکانەوە بگرین، چونکە پشتێنی سەلامەتی نەبو، فڕۆکەکە ملی نایە نیشتنەوە هەرچۆنێک بێت نیشتەوە بەڵام بە نارەحەتیەوە. سەیرمان کرد کۆمەڵێک کەس لەوێ سەیریان لێدێت کەوا هەندێک میوان لە شەوێکی تاریک و لە یاریگایەکی نیمچە ڕوناکدا بە شەو لە ئاسمانەوە بۆیان دێتە خوار. فڕۆکەوانەکە دەرگاکەی لێ کردینەوە پرسیارم کرد ئێرە کوێیە و ئێوە کێن؟ دەرکەوت بارەگای لیوای -١٤٥-، خۆمانە کۆلۆنێل —حسن تۆرۆسمۆڤیچم دەناسی لە یەکەی مراویە ڕەشەکان بو، بە پیاوێکی دڵسۆز و جەنگاوەرێکی بە دەستوبرد ناسراو بو، خێرا سێ سەیارەی بۆ ئامادەکردین و خۆشم چوم لە پێشەوەی سەیارەیەکی تویێتا سواربوم وشەوڕۆینمان دەست پێ کرد

لە ڕێگــا ســەیارەیەکمان پەکــی کەوت، نەخێــر ئەویتــریش بە هەمــان شــێوە پەکـیکەوت دیـارە ئەمـانە ئامادەباشـی لێخـوڕینی زسـتانە نەبـون. هەمومـان سـوار ســەیارەکەی —حســن تۆرۆسـمۆڤیچ- بـوین. دوای نیوەشـەو گەیانـدینیە —تارشـین- ئەمەش سەفەرێکی ناخۆش و ناڕەحەت بو، لەهەندێک شوێنی ڕێگـا ناچـاربوین پـاڵ بنێین. کاتێک کە لە —باردینـا- نزیـک دەبـوینەوە دو سـێ سـەربازم بینـی سـەیری ئێمەیان دەکردو ئێمەش لێیـان نزیـک دەبـوینەوە. تفەنگیـان پـڕ لە فیشـەک، هەر کە سەیرم کردن لەبیری ئەوەدا بوم ئاخۆ ئەمانە لەگەڵ ئێمەن یان لەگەڵ ئەوانن؟ ئیتـر بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەمانە کەسی چـاکن یـان خـراپ، بەڵام هەر زۆر بە سـادەیی ئەوەم بەبیـردا هـات کە لەگەڵ کێـدان. یەکێـک لە دەرەنجـامە خراپەکـانی جەنـگ ئەوەیە کە مرۆڤ پێوەرە ئەخلاقیەکانی لێ ون دەبێت.

لە کۆتایی مانگی چواردا شەڕ ڕاگرتن کۆتایی هات کە چوار مانگی خایاند، تـا ڕادەیەکی باش شـەڕ کـپ و پەنهـان کـرا، هەرچەنـدە لە نـاوچەی —بیهـاچ-دا —کارادیچ- هێرشی کـرد ئـێمەش هێرشـمان کـردەوە لەم دو هێرشـە زیـاتر شـەڕ نەبـو ئارامی باڵی بەسەر شەڕگەکاندا کێشا بو. ئایا بڵێی ئاگربەستێکی تر ڕاگەیەنرێت لە کاتێکدا هێزەکانی —کارادیچ- دو لەسەر سێی خاکی ئێمەیان داگیر کردوە.

حەزم لە تەلەفۆن کردنی بەیانیان نیە، چونکە لەوەتەی شـەڕەو زو تەلەفـۆنم بـۆ کرابێت ئەوا قەت هەواڵی خـۆش نەبـوە. لە ١٩٩٥/٥/٢٨ بەیـانی زو تەلەفـۆنم بـۆ کرا، جەنەراڵ —دیلیچ- بو دەنگـی ناسـاز بـو، وتیشـی دەترسـم پێـت بڵـێم چـونکە هەواڵەکە خـۆش نـیەو خەمبـارت دەکـات. ئیتـر بێـدەنگ بـوم. وتـی: ئەمشـەو فڕۆکەیەکمان لە ناوچەی —کنین- بەردراوەتەوە، وەزیـری دەرەوەی خۆمـانی تیـابوە. من لە قسەکردن کەوتم بۆیە دوبـارەی دەکـردەوە (جەنـابی سـەرۆک گوێـت لـێمە؟) بەڵێ گوێم لێبو بەڵام خەمەکە هێندە قورسـە لەزمـانی خسـتم. کـێ هەواڵ بە ژن و منداڵەکانی بدات؟ چۆن هەواڵیان بدەینێ؟ د.عیرفـان لیبویـا- سـەرۆکی لقـی پـارتی کار بو لەو ناوچەیەی خۆیان و پیاوێکی ئازاو باشبو. تێگەیشتم کە هەمو ئەنـدامانی

ئەو وەفـدە گیانیـان بەخـت کـردوە، هەروەک دەسـتەی فڕۆکەوانـی فـڕۆکەکە سـێ فڕۆکەوانـی ڕوسـی بـون ئەوانـیش تیـاچون. لەبەرئەوەی شـوێنەکە مەترسـیداربو کرێیەکـی گرانیشـیان بەرامـبەر بە فـڕۆکە لێخـوڕین بەسـەر نـاوچەیەکی شـەڕدا وەرگرتبو، فڕۆکەکە بەسەر ناوچەیەکی سربەکاندا فڕی بو. بەپێـی ڕاپـۆرتی دەزگـای سەربازیمان، فڕۆکەکە دوای دە خولەک لە هەڵفڕین پێکـراوە، هەر لە هەمـان شـوێنی لەدایکبـونی د.عیرفـان خـۆی کەوتبـوە خـوارەوە، دوای ئـازادکردنی نـاوچەکە پەیکەرێکـی وەفـاداری و ڕێـز بـۆ ئەو وەفـدە لەو شـوێنە دانـرا. د.عیرفـان لەگەڵ پزیشـکیەکەیدا پیـاوێکی ئەدیبـی بە ئەخـلاق بـو، شـیعری زۆری هەبـو زۆر حەزی دەکـرد ئەو نـاوچەیەی خـۆی کە داگیـر کرابـو ببینێـتەوە. نـامەیەکم لە فراینـۆ تودجمان-ی سەرۆکی کرواتیا بەدەست گەیشت. لە نامەکەیـدا داوای (گفتوگـۆیەکی گرنگی) لەگەڵ کردبوم، لە ڕاستیدا بەبێ ئاگـادار کـردنەوە ئەم نـامەیەی خـۆی بـۆ خۆی بو بە موعجیزەیەک بۆ ئێمە. ئیتر منیش بەدەم داواکاریەکەوە چـوم. وەفـدێکی سەربازی باڵا لە پێشوازیماندا بون، لەوێ داوایان لێکردم کەوا هەردولامـان بەیەکەوە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی گەورە لە سلاڤۆنیا و بیهاچ ئەنجام بدەین بەناوی —ستۆرم- د.حارس سیلادیچ و جەنەراڵ —دیلیچ-م لەگەڵدا بون، ئـێمەش خێـرا ڕەزامەنـدیمان لەسەر نواند. بەرەبەیانی ٨/٤ پرۆسـەکە دەسـتی پێکـرد بە سـێ ڕۆژ ئەنجامەکـانی هاتنە دەست. ئێمە لای خۆمانەوە گەمارۆی ٣ ساڵەی سەر نـاوچەی —بیهـاچ-مـان شـکاند لە شـوێنێکەوە دەرگامـان لێکـرایەوە خۆمـان نەمانـدەزانی، مـن ئەمەم بە ئاماژەیەکی خوایی دەزانی کە پەیمانی داوە گەلێـک کە پارێزگـاری لە خـۆی بکـات سـەری بخـات، ئیتـر هەر بەدوای ئەمەدا لە ١٩٩٥/٨/٣٠ لێـدانی ئاسـمانی دژ بە هێزەکانی —کـارادیچ- لە بۆسـنە دەسـتیپێکرد. ئەو لێـدانە ئاسمانیە سـێ سـاڵ بـو دواکەوتبو. ئەو ڕۆژانە کە ڕۆژی تاوان و سزابون دەبێت زیاتر ورد بکرێتەوە.

لە جاک شیراک و سـەرۆکی فەرانسـەوە داوەتنـامەیەکم بەدەسـت گەشـت کە بە سەردانێکی فەرمی بچمە پاریس. سەرایڤۆم بەرەو مۆستار جێهێشت، وا پێویسـت بـو

لە مۆســـتار-وە بەرەو —یابلانیتســـا- بەڕێکەویـــن و لەوێ بە فـــڕۆکە بـــڕۆین. لە خۆئامادەکردنـــدا بـــوین وتیـــان لە —ســـەرایڤۆ-وە تۆیـــان دەوێـــت. ئەو کەســـەی پەیوەنـــدیەکەی گرتبـــو پێـــی ڕاگەیانـــدم کەوا موشـــەکێک داویەتـــی بەســـەر بـــازاڕی __مەرگالە- کوژراو و بریندارى زۆر هەیە، ئەمەش یەکێک بو لە کارەساتە گەورەکان. یەکسەر کەشوهەواش گۆڕا ئیتر لە سەفەرەکەی پاریس پەشیمان بـومەوەو پـێم باشـبو بگەڕێمەوە بۆ سەرایڤۆ. وام پێباشبو بەشداری جەنازە ناشتنی ئەو قوربانیانە بم نەک لە ئەوروپا کاتم بە گفتوگۆی ساردی ئەورویپەکان بەڕێکەم کە هـیچ بایەخێکیـان بەو کارەساتە گەورانەی ئێمە نەدەدا کە لەنـاو قـوڵایی ئەوروپـاش دایە، بەڵام برادەرانـی وەفدەکەی کە لەگەڵم بون ڕایان وابو کە ئێستا کاتێکی باشە تـا ئەوروپـا ڕای خـۆی دیاری بکات ئایا ئەوان ئامادەن سزای تاوانکاران بدەن، ئەوانـیش ڕاسـتیان کـرد کە ئەوە کـاتی گونجـاوی خـۆی بـو. ئیتـر بەرەو —یابلانتیسـا- بەڕێکەوتـین. لەوێ فڕۆکەیەکی ستونی چاوەڕێی دەکردین تا بەرەو —سپلیت-مان بەرێـت تـا لە مۆسـتار دوردەکەوتیـنەوە کەش و هەوا ڕوی لە خراپـی دەکـرد. بـارانێکی بەخـوڕ دەبـاری ئاستی بینینی کەم دەکردەوە. لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامەنوسەی لەگەڵماندا بـو پەیـامێکم ئاڕاستەی هاوڵاتیانی سەرایڤۆ کرد.

(ئەو هەواڵەی ئەمـڕۆ پێمـان گەیشـت بەوەی —تشـتیک- میلشـیای سـڕبی کارەساتێکی قورسیان بەسەر بازاڕی —مەرگالە-ی سەرایڤۆ هێناوە، لە کاتێکـدا ئـێمە لە مۆستارەوە بەنیازی ڕۆیشتنی پاریسین. ئیتر دودڵمام لەوەی سەفەرەکەم بـکەم یـان بگەڕێـمەوە. ئـێمە دوژمنمـان هەیە بەڵام لە جیهانیشـدا زۆرێـک دۆسـتمان هەن. لە بێبەختـی زۆریـنەی خەڵکـی ئـاوڕ لەم کارەسـاتەی ئـێمە نـادەنەوە. ئەمەش هەر لە سـەرەتای دروسـتبونی کارەسـاتی بۆسـنەوە سیاسـەتێکی پیـادەکراو بـوە بـۆ بۆسـنە بەتایبەت و ناوچەکەش بە گشتی. ئەو کارەسـاتەی ئەمـڕۆ بینینـی دیمەنـی پـارچە پارچەبونی مرۆڤ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکـانەوە دەرەنجـامی ئەو سیاسـەتەیە کە پشتی کردۆتە ئێمە، تا ئێمە بە دەسـتی بەسـتراوەوە ڕوبەڕوی چارەنوسـمان ببیـنەوە.

مـن بەرەو ئەوروپـا دەچـم تـا لەوێ بە دەسـتەڵاتداران بڵـێم ئەمە تـا کەی بەردەوام دەبێت، وە لەوێ پێیان دەڵێم ئێمە ئەوەنـدە ئارامـمـان گرتـوە ئیتـر توانـای ئەو ئـارام گرتنمان نەماوە، جا ناچارین هەمو ڕێـگەیەک بـۆ ڕزگـاربون لەو کارەسـاتە مەرگبـارە بگرینەبەر. دوبارەی دەکەمەوە (هەمو ڕێگەیەک) سەبارەت بەو تـاوانەی ئەمـڕۆ ئەوا بەو ڕەشەکوژانە دەڵـێم ئەو تاوانەتـان بەبـێ سـزادان بەسـەردا ناچێـت، سـزادانتان بەڕێوەیەو کاتی هاتوە).

کە گەیشتینە پاریس سێ سەعات دواکەوتبوین، پاسەوانی شەرەف و ژمـارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسان ئامادەبون، کارەساتی بـازاڕی سـەرایڤۆم گەیانـدە جیهـان. وتـم ئێمە وا لە ڕۆژئاواچاوەڕوان دەکەین کە هەستن بە سـزادانی دەسـتدرێژکاران بەسـەر بەرزایەکـانی سـەرایڤۆوە ،چـاوەڕێی لێـدانی سـەربازی تونـد دەکەیـن گەر بەم کـارە هەڵنەستن ئەوا گفتوگۆی ئاشتی مانای نابێت و لەحوکمی مردودایە. ئیتـر لەو ڕۆژەو ڕۆژانی دوایی هەرچۆنێک بـۆم هـاتبێتە پـێش ئەوا ئەم ڕسـتەیەم دوبـارە دەکـردەوە. ڕاستە بڕیاردان بـۆ لێـدانی سـەربازی هێنـدەش ئاسـان نەبـو کە لە ٢٦/٢٥ مـانگی ١٩٩٥/٥دا ناتۆ گوزری ئاسمانی لە سرپەکان وەشاند، ئەوا سرپەکان ٣٧٥ کارمەندی نەتەوەیەکگرتوەکانیـان دەسـتگیر کـرد کە هەنـدێکیان چـاودێری سـەربازی بـون، بە پەت بە پایەی پردەکانیان بەستنەوە ئێسـتاش ئەو سـەر پێشـۆڕکردنە لە یادەوەریـدا ماوە. بەیانیەکەی سەعات دە سەرۆک شیراک پێشوازی لێکـردم ، پێـی وتـم: (ئـێمە ئامـادەین بەڵام ئەمریکیەکـان دودڵـن). لە کـاتی ماڵئاوایـدا لە کۆشـکی ئەلیـزیە بـۆ هەزارەهەمین جار دوبارەم کـردەوە ئەگەر سزای تاوانکـاری وەک —کـارادیچ- نەدەن ئەوا ئاشتی بەرقەرار نابێت. (رتیشارد هۆلبرۆک)ی دیبلۆماتی ئەمریکی وەک سـێبەر بەدوامەوە بو، کاتێک کە وتیان لە پاریسە زۆر گرنگ نەبو، لەو ڕۆژەدا کە لە پـاریس بوم دوجـار هەوڵـی دا چـاوی پێمبکەوێـت، بەڵام مـن ئامـادەیم دەرنەبـڕی و ڕەفـزم کـردەوە. ئیتـر پەیـامەکەم بـۆ ئەو ڕون بـو کردەیەکـی سـەربازی نـاتۆ دەتوانێـت هەوڵەکانی ئاشتی ڕزگار بکات. بۆ کەمکردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسـەرمان بـو،

بەپیر بانگهێشتی کۆمەڵێک لە بیرمەندانی فەڕەنسیەوە چوم کە داوای وتویژ و نان خواردنی ئێوارەیان لێکردم ئەمەش لە پەیمانگای فەڕەنسی بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

خانەخوێمان بیرمەندی فەڕەنسی جان بارڕۆ بو کە دیارە بەرچاوە ماوەی دو سەعات قسەمان کرد وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە کە ئەو بەو پرسیارانەی ناودەبردن کە بیروباوەڕی باو تێکدەشکێنێت. پرسیارەکان سەبارەت بە ئاشتی و هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز بەتایبەت فەڕەنسا و باسی شیراک و میتران هەڵویستی من لەبارەی سرپەوەو وە ئەوەی ئەوان ناویان لێنابو ئوسوڵی گەرایی ئیسلامی و پاشەڕۆژی بۆسنە.. کە هاتینەدەر پاریس لە تاریکایی شەودا بو بارانیش دەباری، پێشنیارم بۆ هاوڕێکانم کرد کە جلوبەرگی ئاسایی لەبەر بکەین و کڵاو بکەینە سەرمان و بە شانزلیزیەدا بەپێ بڕۆین. لە نیوەی ڕێگادا بوین کۆمەڵێک پیاو بەرەو ڕومان هاتن وە وا خۆیان ناساند کە ئەوان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکان. وە وتیان کە باڵیۆزی ئەمریکا —هاریمان- داوای لێکردوین کە نانی ئێوارە لەلای ئەو بخۆین. ئیتر زانیم چی قەوماوە، ویستم خۆم بدزمەوەو بەدەم بانگهێشتنەکەوە نەچم ئەویش بە بیانوی ئەوەی من بەرگ و پۆشاکی فەرمیم لەبەر نیە، وە پێویستە بەیانی زو بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان. پاشان یەکێک لە ئەمریکیەکان بە شێوەیەکی قەناعەت پێکارانە لەگەڵم دوا (خانمی باڵیۆز نامەیەکی گرنگی بۆ جەنابت پێیە!). ئیتر ئەوەم لەبیرچۆوە کە جلەکانم پیسەو چاکەتێکی تەنکم لەبەردایەو پانتۆڵیەکەشم بە باران تەڕ بوە. بەرەو باڵیۆزخانەی ئەمریکا بەڕێکەوتین. بینای باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەسەر شەقامی شانزلیزیەیە. کاتێک کە چوینە باخچەی باڵیۆزخانەوە خانمێکی بەتەمەن لە دەرگای ڕاڕەوەکەدا وەستا بو بە پێکەنینەوە چاوەڕێی دەکردین. ئەو خانمە —نانیلا هاریمان- بو کە باڵیۆزی ئەمریکا بو، بە گەرمی پێشوازی لێکردین بەرەو ژوری چاوەڕوانی بەڕێی کردین. هەر کە سەیرم کرد کێ ببینم؟ (ریتشارد هۆلبرۆک) لە گۆشەیەکی ژورەکەدا بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. بەسەر ئاماژەی سڵاوم

بۆ کرد ئەویش ئاماژەی ئەوەی کرد کە تەلەفۆنەکە هەڵبگرم، دیار بو شتەکە باش نەخشەی بۆ کێشرابو، کە هەڵمگرت جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بو. بە جۆرێکی ئاوا قسەی لەگەڵ دەکردم (تکایە هاوکاری هۆڵبرۆک بکە تا ئاشتی لە بۆسنە بەرقەرار بێت، من ئاگاداری نارەحەتیەکانتانم و لێی تێدەگەم. دڵنیات دەکەمەوە ئەو تاوانەی دوێنێ لە سەرایڤۆ ڕویداوە بەبێ سزادان بەسەریاندا تێناپەڕێت. وە ئێمە لێدانی ئاسمانی ئاڕاستەی پێگەکانی —کارادیچ- دەکەین. ئیتر زۆر بە جدی قسەی لەگەڵ دەکردم داوای لێکردم کە ئیتر قسەکانمان کۆتایی پێ بهێنین منیش پێم گوت: بەڕێز تالبوت هەواڵەکەت خۆشە، بەڵام کاتەکەی کەیە پێت نەگوتم؟ لە وەڵامدا گوتی: ناتوانم وەڵامت بدەمەوە چونکە منیش خۆشم نازانم کەیە! هەمو ئەوەی کە من دەیزانم ئەوەیە کەوا بەم زوانەیە و زۆریش نزیکە. تەلەفۆنم داخستەوەو کەوتمە بیری ناواخنی ئەم پەیامە.

ڕۆیشتین بۆ نانخواردن و قسەکردن تا نیوەشەو، بەیانی ٨:٣٠ زو بە توندی لە دەرگای ژورەکەم درا کە کردمەوە —عثمان- ی هاوەڵم بو بە خۆشیەوە هەواڵی ئەوەی پێدام کە پێگەو بارەگاکانی میلشیا سڕبیەکان کەوتۆتە بەر هێرش و ئاسمانی شار سور هەڵگەڕاوە. بەم قۆناغە تازەیە پێمان نایە دۆخێکی تری شەڕی بۆسنە. کە لە ١١/٢١ دا بە ڕێکەوتننامەی دایتۆن کۆتایی پێدێت.

ئەم لێدانە سیستمی بەرگری سڕبی تێکشاند و وایکرد کە کردەوەی سەربازی بۆ سەربازەکانی ئاسانتر بێت، ئیتر پەلاماردانی سڕبیا لەلایەن سوپای ئێمەوە دەستی پێکرد. ڕێگای سەرایڤۆمان کردەوە کە پێنج مانگ بو داخرابو، ئیتر وردە وردە ئەو مەچەکە ئاسنینەی ٤٣ مانگ بەسەر سەرایڤۆدا درابو شکێنرا.

دەبێت دان بەوەدا بنیم کە ئێمە بڕوامان وابو کە نەتەوە یەکگرتوەکان (جیباو سریرینتشا) دەپارێزێت چونکە ئیتر بە بڕیاری ژمارە ٨١٩ و ٨٢٤ لە مانگی نیسان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان بە ناوچەی ئارام دانراوە. وەک منیش ئاگادار بوبێتم

خەڵکی شارەکەش خۆیان هەر ئەو قەناعەتەیان هەبو بێت. ئێمە بەگوێرەی توانای خۆمان ئەگەری ئەوەمان خستە پێش چاو دوچار بە کارەسات و شەڕ بێتەوە بۆیە هەوڵماندا ئەوەندەی بتوانین چەک و پێداویستی سەرەکی شەڕی بۆ دابین بکەین، ئیتر هەر کە باسی چەک کڕینمان دەهێنایە ئاراوە نەتەوە یەکگرتوەکان هەڕەشەی کشانەوەو بە گورگ خواردنیان لێ دەکردین. هەر بۆیە لە دانیشتنی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ١٩٩٤ داوای لابردنی قەدەغەکردنی چەکم لێ نەکردن. هێزی نەتەوە یەکگرتوەکان لەو ناوچەیە جێگای هیوای دانشتوانەکەی بون، بەڵام بەداخەوە لە ١٩٩٥ دا ئەو هیوایە بوە سەرەخۆرەیان.

لای خۆمەوە نەخشەی شکاندنی گەمارۆی سەر —سربرینتشا-م داڕشتبو، بەڵام چونکە ناوچەیەکی داماڵراو لە چەکی نەتەوە یەکگرتوەکان دەهاتە بژاردن ئەوا دوبارە لەگەڵ بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان بەرکەوتنی بۆ دروست دەبو جارێکی تر دەکەوتینەوە بەر هەڕەشەی نەتەوە یەکگرتوەکان کەوا هێزەکانیان پاشەکشە پێدەکەن ئیتر ئێمە دەستمان بەسترا. بڕیاری پەلاماردانی سربرنیتشا و ڕزگارکردنی مەترسی زۆری تیایا بو. ئەگەر هێرشەکەمان توشی شکست بوایە ئەوا میلشیا سڕبیەکان بەردەبونە گیانی خەڵکی و تۆڵەیان لێ دەکردنەوە، ئەو کاتە ئێمە دەبوینە تاوانباری ڕاستەوخۆی ڕودانی کارەساتەکە. بێدەنگ لێکردنی و هاوکاریکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان تا چارەسەری تەواوی کێشەکانی بۆسنەمان پێش چاو گرت، بەڵام هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ڕوکەشی یەک سەرۆکایەتیان هەبو، کەچی ئەوان لە سیانزە وڵاتەوە هاتبون وە سەرکردایەتی سەربازی هەر یەکێک لەو سیانزە وڵاتە دەبونە ئاماژەو ئاڕاستەکاری سوپاکەیان لە بۆسنەدا. بۆ نمونە سوپای فەڕەنسی کە چاودێری سەرایڤۆ و خۆرهەڵاتی بۆسنەیان لە ئەستۆ بو لەژێر چاودێری جەنەڕاڵ —جانفیَ-دا بون، بەڵام فەرمانی ڕاستەوخۆیان لە پاریسەوە وەردەگرت، ئەمەشم لەمیانەی گفتوگۆ لەگەڵ جاک شیراک باسکرد. ئەویش هەوڵی ئەوەی نەدا ئەم ڕاستیە بشارێتەوە .بارودۆخی شارەکە ئاڵۆز بو، خواردنی تیایا نەمابو، نەخۆشی

سنگ وسیل بلآوبوبۆە،ئێمە لە سەرایڤۆ لە گەمارۆدا و ئەوانیش لە —سربرینتشا- لە گەمارۆدا دۆزینەوەی چارەسەر گران. ئەو زانیاریانەی دوایی بەردەستمان کەوتن ئەوەیان پێگوتین کە ئەوان دەمێک بو بە نیازی پەلاماردان و پاکتاوکردنی شارەکە بون. هێرشی ڕۆژانەی سڕبیەکان بۆ سەر ناوچەکە وایکرد هێزە نێودەوڵەتیەکان لە پێنج خاڵی پشکنین پاشەکشە بکەنە دواوە. لە شەشی تەموزدا لە ڕوبەرێکی دیاریکراودا هێرشیان کرد. کەس نەیدەزانی کە لە ٨-٩ تەموزدا هێرشێکی بەرفراوان دەکەنە سەر شارەکە، داوامان لە —ناتۆ- کرد لێدانی ئاسمانیان ئاڕاستە بکات. ئێمە باوەڕمان وابو کۆمەڵگا نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگا نەدا بەوەی شارەکە بەرپەلاماردان بکەوێت. هەروەک چاوەڕوانی زیاترمان لە هێزی بەرگریکاری شارەکە زیاتر بو، بەڵام وا دیارە نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە پێویست بوبە کارەکەیان هەڵسن. لە حەوتی تەموزدا سڕبیەکان پەلاماری بنکەیەکی چاودێری هۆڵندیان دا و پێنج سەربازیان کردە بارمتە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بۆ ڕزگارکردنیان ئامادە نەبو پەنابەرێتە بەر لێدانی ئاسمانی، واتە پێی باش بو سربرینیتشا بکاتە قوربانی. هەر ئەو ڕۆژە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکی تورکیاسلیمان دیمریل و سەرۆکی ئێرانی ڕەفسنجانی و ئەمریکی بیل کلنتۆن قسەم کرد. بە بیل کلنتۆنم گوت: قەیرانی سەربرنتیشا گەماردراو دەمێکە درێژەی هەیە. بە بڕیاری ٨٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایش شارەکە بە ناوچەیەکی ئارام دانراوەو لە چەک داماڵراوە ئەمەش بە گوێرەی ڕێکەوتن لەگەڵ هێزی چاودێری ئەنجامدراوە. ئێستا شارەکە ڕوبەڕوی تۆپباران بۆتەوە. هەر دوێنێش سڕبیە دەستدرێژکارەکان هێرشێکی دڕندانەیان بە تانک و زرێپۆش بۆ سەر شارەکە دەست پێکردوە. من هیچ هێزێکی وام لە هێزی چاودێری لەبەردەستدا نییە کە هەستن بە پارێزگاری کردنی شارەکە. ئێستا ژیانی شەست هەزار کەس لە ژن و منداڵ و پیر لە مەترسیدایە. تکایە دەسەڵاتی خۆتان بەکاربهێنن با نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرامبەر پەیمانی پاراستنی شارەکە بە کارەکانیان هەستن و ڕێگری بکەن لە تیرۆر و پاکتاوکردنی خەڵکەکە. من داواتان

لێدەکەم بۆ ڕزگار کردنی سربریتشا بە دەم داواکاریەکەمانەوە بێن. جەنەراڵ — روبرت سمس- سەرۆکی هێزی چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەندی پێوە کردم بە دەنگێکی ئاڵۆزو شێواو پێی ڕاگەیاندم کەوا فەرمانی لێدانی ئاسمانی هێزەکانی ناتۆ بۆ سەر بنکەو بارەگای سڕبیەکان دەرچوە، ئیتر بەبێ هیچ دواکەوتنێک دەستپێدەکات. من دەمزانی ئەم پیاوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ لێدانی ئاسمانی بوە، بەڵام بەرپرسانی بالاتر لە خۆی ڕێگری بەردەم ئەم لێدانە بون، جا ئیتر ئەم بەرپرسانە یان جەنەڕاڵ —جانڤێ- وە یان ئاکاشی وەیان بگرس غالی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوە. ڕۆژنامەی لۆمۆند-ی فەڕەنسی لێدوانێکی جەنەڕاڵی فەڕەنسی —جانکۆ-ی سەرۆکی پێشوی هێزی چاودێری بۆسنەی بلاوکردەوە کەوا دەڵێت: چەندجار داوام لە بگرس غالی سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە کەوا گڵۆپی سەوز بۆ لێدانی ئاسمانی داگیرسێنێت، بەڵام هەمو جارێک بگرس غالی ڕەتی دەکردەوە. وە جەنەراڵ —گولوان-ی سەرۆکی ناتۆی ئەوروپی لە دوای چەند ساڵێک وتی: (ئەو کاتە ئێمە لە ناتۆ نیگەرانی ئەو دودڵی بڕیاری بەکارنەهێنانی هێزبوین لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە. کە ئەوە خۆی پێشێل کردنێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری ناوچەیەکی ئارام بو. بەو هەواڵ پێدانەی جەنەراڵ —سمیس- تۆزێک پشومدا و ئیتر شەوەکەی و ڕۆژی دوایی هەر چاوەڕوانی هەواڵی لێدانی ئاسمانی بوم، بەڵام هیچ هەواڵێک نەبو. لەپای ئەمە ئێوارەی ٧/١١ هەواڵی ئەوە هات کەوا هێزەکانی —میلادیچ- بەبێ هیچ ڕێگریەکی ناتۆ چونەتە ناو شارەکەوە. بەداخەوە جارێکیتر هەستم بە فێلاً و تەڵەکەکردن کرد، ئیتر بەم هەستەم ئەم بەیانەم دەرکرد (سەرنجی هەموان بۆ ئەمە ڕادەکێشین): لەسەر نەتەوە یەکگرتوەکان و ناتۆ پێویستە هێز بەکاربهێنێت تاوەکو ناوچەکانی سربرنیتشا بگێڕێتەوە دۆخی پێشو چونکە ناوچەیەکی ئارامە، واتە بۆ پێش مانگی ئایاری ١٩٩٣، ئەگەر ناشتوانن ئەم کارە بکەن ئەوا با بە ئاشکرا بڵێن پێمان ناکرێت. بەکارهێنانی هەموهۆکارێک بۆ ئەوەی یارمەتی و خۆراکی پێویست و پێداویستی سەرەتایی بگەیەنرێتە خەڵکی ئاوارەو

کۆچ کردو، وە نەخۆش و بریندارەکان لەلای خەڵکانی مەدەنی نەمێنێت و ببرێتە لای پزیشک. ئەگەر بۆیان ناکرێت وە یان نایکەن با بە ئاشکرا بە خەڵکی ڕاگەیەنن چونکە کەمترین مافی ئەم وڵاتەی کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە ئەوەیە وەڵامێکی ڕاست و دروست بدرێتەوە، چونکە لێدوانی لابەلاو جیاواز لە یەک ئەوەندەی تر بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات کە خۆی زۆر ئاڵۆزە. لە کۆتاییدا وەڵامی سلبی و نەرێنی ئەوان سەبارەت بەم دۆزە واتە ئەوان ڕازین هێز بۆ پەیوەندی نێوان گەلان بەکاربهێنرێت. وە دەبێت پاکتاوکردنی ڕەگەزیشیان وەک ئەمری واقع لەلا پەسەند بێت وە تاوانبارانی شەڕیش لەلایان شەریکە بەشە. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی هیچ بەیانامەیەکی ڕاست و ڕەوان دەرناکەن خۆیانی لێ دەبوێرن. ئەو ڕونکردنەوەیەش بۆ ئێمە زۆر گرنگە). تاکە وەڵامی ڕەسمی و پەرچەکرداری ئەمەم لە جاک شیراکی سەرۆکی فەڕەنساوە پێگەیشت، کە داوای ئەوەی کردبو کەوا دەتوانرێت جارێکی تر —سەربرینتسا- بخرێتەوە ژێر دەستەڵاتی سەربازی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام ئەوەی لە هەمو ئەوانی ترەوە بەردەستم کەوت تەنها بێدەنگی بو،وە هیچ چارەیەکیان لەلا نەبو. ئەوەی وای کردبو کە لەگەڵ بارودۆخەکە بە باشی هەڵسوکەوت نەکەین ئەوە بو کە ئێمە زانیاری هەواڵگریمان سەبارەت بە نیەتی دوژمن کەم بو. بەڵێ هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان زانیاریان سەبارەت بە توانای چەک و جبەخانەی هێزەکانی میلادیچ هەبو، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی نیاز و مەبەستیان دیاری بکەن، بۆیە ئەو دەمەی لەپڕدایان بەسەریاندا تێدەگەین کەوا هێندە بە وردی مامەڵەیان لەگەڵ زانیاریەکاندا نەکردوە. لایەکی تریشی ئەوە بو کە ئەوان دودڵ و ڕاڕابون لەوەی فەرمانی وەشاندنی گورزی ئاسمانی دەربکەن. هێزی ئاسمانی ناتۆ لەیەک کاتدا دو فەرمان و داواکاری جیاوازی بەرەو ڕو دەبۆوە. ئیتر میلیشیا سربیەکان تەواو ئەم هەلەیان بۆ خۆیان قۆزتەوە. جەنەڕاڵ —گۆڵوان- لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لەمیانەی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی —ئافاز- دەڵێت: (ئەگەر توندوتۆڵ بوینایە دەکرا کارەساتی —سەربرینتشا- ڕوی نەدایە). شار دوچار بە کارەسات و

کوشت و بڕ هات ئەمەش لەمیانەی گفتوگۆی دو ڕۆژی پێشو چاوەڕوان کراو بو، هەرچیەکمان کرد بیست هەزار کەسێکمان لە ژن و منداڵ لە شارەکە بەرەو ناوچە ئارامەکان ڕاگواست. میلشیا سرپییەکان لە کوشت و بڕی خەڵکی مەدەنی باڵادەست و ئازابون دەنا لە شەڕی ڕوبەڕودا ترسنۆک بون. وڵاتانی زلهێزیش بەهۆی مانگی دەستکردەوە لە کارەساتەکە ئاگاداربون. دو ڕۆژ دوای کارەساتەکە گوێمان لە گفتوگۆی تەلەفۆنی دو میلشیای سرپی گرت کە لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد یەکێکیان دەڵێت: دوێنێ لە یەکمان جیاکردنەوە ئەوی تر لێی دەپرسێت چەند کەس بون سی کەس دەبون ئەوی تریش دەڵێت دو سفری تری بۆ دانێ. ئەم گفتوگۆیە لە ئەرشیفی سەرۆکایەتیدا پارێزراوە. لیژنەی خاچی سوری نێودەوڵەتی ٧٠٧٩ لاشەی سەرباز و مەدەنی ژماردوە کە لەمیانەی شەڕی چوار ڕۆژەدا لە شارەکەدا بونە قوربانی، ئەمەش دواهەمین ژمارە نیە. کێ بەرپرسە؟ هەرکات کارەساتی گەورەی بەم جۆرە ڕوبدات ئەوا کەس بەبێ تاوان ڕزگاری نابێت. پێویستە سەرەتا لۆمە ئاراستەی خۆمان واتە هەموان بکەین کەوا ڕێگای داوە کارەساتی بەم جۆرە لە سەربرینتشا ڕوبدات. دەبێت بڵێم دەکرا هەمومان لەوەی کە کردومانە دەمان توانی زیاتر ئەنجام بدەین. ناتوانم بڵێم لە هەمو هەڵسوکەوتی سەربازەکانمان ڕازی بوم. دەکرێ بڵێم سەربازەکانمان لە ڕوبەڕوبونەوەدا لاساری و کەمتەرخەمیان نواندوە. هەرچەندە سەربازەکانیش لایان وایە ئەوان ئەوەی پێیان کراوە جێبەجێیان کردوە.

بەهەرحاڵ لە بارودۆخێکی ئاوا سەخت و یەکدەنگی و یەکڕایی سەختە، ئەمەش دەرەنجامی بارودۆخی دەرونی سەختی شارێکی برسی و گەمارۆ دراوە (تا دۆش مازۆفسکی)، بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٩٩٥/٧/٢٧ وەک ناڕازی بون لەسەر ئەم کارەساتە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، ئەم پیاوە بەڕێزە لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (لەکاتێکدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئازایەتیەکی وایان نەبێت کە مافی مرۆڤ بپارێزن ئیتر قسەکردن لەسەر مافی

مرۆڤ هیچ ڕاستیەکی تیایا نیە). ساڵی ١٩٩٩ کوفی ئەنانی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕاپۆرتێکی لەسەر سەربرینتشا بڵاوکردەوە ڕاپۆرتەکە پڕ بو لە پەشیمانی و سەرزەنشت و گوزارشت بو لە تەوبەکردن. هەرچەندە هێزە نێودەوڵەتیەکان بەرپرسیاریەتی ئەم کارەساتەیان خستە ئەستۆی خۆیان، بەڵام بەرپرسانێ کە زۆرترین بەرپرسیاریەتیان لە ئەستۆ بوە وەک —جانفێ و ئاکاشی- لەلایەن ئەمانەوە ئاماژەیان پێ نەکرا لە کاتێکدا ئەمانە تاوانبار بون. دڵنیانیم ئاخۆ ڕۆژێک دێت کە هەمو ئەو بارودۆخەمان بۆ ڕون بێتەوە کە بونە زەمینەسازی ئەم کارەساتە. لەوێنەیە سی ساڵیتر هەمو بەڵگەنامەکان بۆ هەموان بخرێتە ڕو. دوای مانگێک لە کارەساتی سربرنتیشا. لەمیانەی قسەکردنم لەگەڵ جاک شیراک-ی فەڕەنسا پێم گوت: من جەنەراڵ جانفێ بە یەکێک لە بەرپرسانی ئەو کارەساتە دەزانم ئیتر ئەم ئەو تێڕوانینەی منی بەلاوە سەیر بو، بۆیە یەکسەر ڕەتی کردەوەو وتی ئەو ئەفسەرێکی ڕاستە. منیش لە وەڵامدا وتم منیش زانیاری دروستم هەیە کە جەنەراڵ جانفێ لەمیانەی قەیرانەکاندا ڕێگربوە لە لێدانی ئاسمانی سڕبیەکان ولەگەڵ —میلادیچ-دا کۆبۆتەوە. ئیتر جاک شیراک ئەوەی دوبارە کردەوە کەوا ئەو باوەڕ ناکات. بەڵام پەیمانی دا کە لێکۆڵینەوە بکات. ئیتر دوای مانگێک جانفێ لە سەر کارەکەی لابرا.

# فەصڵی پێنجەم

## جەنگ و مەقاش

من لەشەڕ و جەنگ بێزارم ئێستاش یادەوەری تاڵی جەنگی جیهانی دوەمی پێش پەنجا ساڵ بەر لە ئێستام لەبیرە کاتێک یوگسلافیا داگیرکرا من تەمەنم١٦ ساڵ بـو. ڕۆژانــی برسـیەتی و موشـەکباران و پەنـاگەو بـێ یاسـایی و.. ئەزمـونی مـن لەگەڵ ئەزمونی هاوڕێ و هاوکارەکانم بەهـۆی کەم تەمەنیـانەوە لەبـارەی شـەڕ و جەنـگەوە کەمتر بو. چـونکە سـەرچاوەی زانیـاری ئەوان لەبـارەی جەنگـی جیهـانی دوەمەوە تەنها بریتی بو لە کتێب. ئەو باوەڕەی کە پێوەی پابەند بوم وەیان دەبـوایە پێـوەی پابەندبم ئەوە بو تا بکرێت دانوسان بکرێت، بەڵام گەر چارمان نەما ئەوسا بکەوینـە جەنـگەوە، بەڵام مـن لە دانوسـتاندا نـوێنەری لایەنێکـی سـەربازی لاواز بـوم، جـا لەبەرئەوەی کە لاواز بـوم دەبـوایە خـۆم بە —مبـدأ-وە هەڵواسـیایە تونـد بمگرتـایە

چونکه ئێمه هێزمان نەبو، جا ئیتر دانوستان لەسەر مێز لەسەر ئەو لایەنەی تەنها دەستی بەسەر —مبدأ-وە گرتوە بۆی قورس و گران دەبێت. هەرچەندە کارتی _مبدأ- کارتێکی بڕاوەیە. کاتێک لە ٣/تەمموزی/١٩٩٢ نوێنەری یەکتێتی ئەوروپا بۆ کاروباری یوگسلافیا لۆرد کاریگتۆن-م بینی ئەوا سێ مانگ بەسەر شەڕی خوێناویدا تێپەڕی بو، ئیتر هەردولامان بە دانیشتنەکەمان لەگەڵ یەک ناڕەحەتتر بوین. ناڕەحەت بونی من لەوە سەرچاوەی گرتبو کە ئەوروپا ئامادە نەبو وڵاتێکی ئەوروپی بچوک لەدەست دەستدرێژکاران بپارێزێت. ئەویش لە داواکاری من ناڕەحەت بو کە داوام کردبو بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ شەڕ ڕابگیرێت و چەکە قورسەکانی سوپای یوگسلافیا بخرێتە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمەش وەک دو مەرج بۆ مەرجەکانی گفتوگۆکردن و دانوستان. دەبێت دان بەوەدا بنێم کە لۆردکاریگتۆن لە خاڵێکدا زۆر لەگەڵم بە ویژدان بو، ئەویش ئەوە بو بە هیچ جۆرێک نە باسی کردوەو نە ئاماژەی بەوەداوە کەوا ئەوروپا بۆ کۆمەکی بۆسنەو پاراستنی دێت بە هاوارمانەوە. بەڵکو پێی گوتم پشت بە ڕۆژئاوا مەبەستە کە ئەوان بێن بەهاناتەوە. چونکە ئەوان هەرگیز نایەن، هەوڵبدە خۆت لەگەڵ سرپەکان دانوسان بکە. ئەمە بۆ ڕزگاربون لەو قەیرانە تاکە ڕێگاتە.

پێش ئەوەی هەستێت بڕوات چەند خولەکێک هەردولا بێدەنگ ماین، ئیتر تا دەرەوەی بیناکە لەگەڵیدا ڕۆیشتمەدەر. کاتێک کە لە پلیکانەکان دەچوینە خوار لەپڕ ڕاوەستاو پێی گوتم: ئەی چی دەکەن؟ وەڵامی منیش ئەوەبو کەوا دەجەنگین! وتی: مەبەستت چیە؟ ئایا دەزانی تۆ لەگەڵ کێدا مامەڵە دەکەیت؟ لە وەڵامدا وتم بەڵێ دەزانم، بەڵام ئەی جگە لەوە هیچیترمان لەبەردەستدا هەیە؟ هیچ قسەی تری نەکرد، بەڵام دڵنیام ئەو منی بە شێت زانیوە. لە بەخت باشی ئەوە بو هەردولامان ئەو کاتە هەر شێت بوین!. لە ٤/تەمموزی/١٩٩٢ لە شاری —گرودە- کرواتەکان یەک لایەنە قەوارەی خۆیان ڕاگەیاند. ئیتر هەر لە ڕۆژی دواتردا پەلاماری بۆسنەیان دا و کاروانێک چەک و تەقەمەنی کە ٣٨ بارهەڵگر بو بە نەهێنی

دەستمان کەوتبو بۆ پاراستنی سەرایڤۆ ئەوا ئەوان دەستیان بەسەردا گرت. بۆ دانوستان کردن لەگەڵ کاریگتۆن کشاندنەوەی هەمو چەکە قورسەکانی دەوری سەرایڤۆمان کرد بە مەرجی دانوستان، وە هەروەک لە بڕیاری ٧٥٢ی ئەنجومەنی ئاسایشدا هاتوە دەبێت دەستیان بەسەردا بگیرێت. دوای ئەوەی کاریلگتۆن دەستی لەکارکێشایەوە ئەو دەم —سایرۆس ڤانس- بو بە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان و لورد ئەوین-یش نوێنەری یەکێتی ئەوروپا، ڤانیس و ئەوین لە مانگی ١٠ دا نەخشەی خۆیان بەناوی —پەیکەری دەستوری ئایندەی بۆسنەو هەرسک پێشکەش کرد کە تیایدا بۆسنە حەوت کەرت تا دە کەرتی جیاواز لە یەک نەخشە کێشرا بو، وەلەسەر بنەمای ڕەگەز بەش بەش کرابو، ئەویش وەک دوا ئاگادارکردنەوە داوای لێکردم کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ —رادۆڤان کارادیچ-ی سەرۆکی پارتی دیموکراتی سڕبی بکەومە وتوێژەوە، و هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر ڕازی نەبم، ئەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەک لە گفتوگۆ بگرە لە هەمو ڕۆڵەکانی خۆی پاشەکشە دەکات و دەستبەرداری بۆسنە دەبێت. منیش نەمدەتوانی نەخێر بکەم چونکە بارودۆخی بۆسنە لە حاڵەتێکی وادا نەبو کە بەبێ کۆمەکی دەرەوە بەشداری کردنیان کاری جێبەجێ بێت 'بەتایبەتی کە پێویستی زۆرمان بە خۆراک و پێداویستی پزیشکی هەبو ڕۆژانە لە شەڕ و بەرپەرچدانەوەی هێرشدا بوین، ناچار ڕەزامەندیم دەربڕی لەگەڵ —کارادیچ- بکەومە گفتوگۆوە. —کارل بیدت- بنەمای هەڵوێستی ئێمەی لە کتێبەکەیدا ئاوا ناساندوە: (زۆر بە ئاسانی موسڵمانان لەبەردەم دو بژاردەدان یان ئەوەتا بەشداری دەسەڵات دەبن بە ڕێژەی ٣٠% بەسەر ١٠٠% هەمو ڕوبەری بۆسنە وەیان ئەوەتا ١٠٠% دەسەڵاتیان دەبێت، بەڵام بەسەر ڕوبەری ٣٠% خاکی بۆسنەدا). ئیتر دیارە ئێمەش بەمە ڕازی نەبوین و هەر ناشبێت ڕازی بین.

ئەم دابەشکردنە ئەم پرسیارەمان ڕوبەڕو دەکاتەوە بۆچی ٣٠% لە کاتێکدا بۆشناقەکان لە ٥٠%ی ڕێژەی دانیشتوان پێکدەهێنن بە لە ٣٠% ڕازی بکرێن. ئیتر ئەمەیە دادوەری ئەوروپا سەبارەت بە موسڵمانان. هەردو لایەنی بۆشناقی و کرواتی

لە ٩/شوبات/١٩٩٥ بە واژۆکردنی ئاگربەستێک کۆتاییان بە ململانێ هێنا. کە بەدوای ئەمدا گفتوگۆی ١٩/شوباتی لە فرانکفۆرت لێکەوتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێکی ئاشتیانە، هەروەک دواتر لە ٢٦/شوبات لە واشنتن گفتوگۆیتر کرا، دەرەنجامی ئەم گفتوگۆیانە گەیشتن بوبە ڕێکەوتننامەی دروستکردنی یەکێتی فیدراڵی بۆشناق و کرواتی. ساڵێک بو کێشەو ململانێ لەسەر ئەوە هەبو کە لایەنی بەرامبەر لەبیری —کرواتیای گەورە-دا بو ئەمەش لەسەر حسابی بۆسنە. ئیتر کە ئێمە بە توندی بەرگری هەوڵی لەو جۆرەمان کرد بە تایبەت لە مۆستار- و ناوەڕاستی بۆسنە ئەوا سەرکێشی کرواتەکان بەرەو نەمان چو، یان وردتر بڵێم سەرکێشیەکەیان لە سەربازیەوە گۆڕی بۆ سیاسی. ئەوەی کە بەردەوام لەلای ئێمە قەناعەت بو ئەوە بو کە ئێمە نەبینە مایەی سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ. لە گەرمەی شەڕ و ململانێ لەگەڵ سڕبیا مەگەر یەکێک شێت بێت ئەوا هەوڵبدات بەرەی سێهەمی شەڕ بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام سەرکردایەتی کرواتەکان بە جۆرێکی تەواو پێچەوانە بیریان دەکردەوە ئەوان لایان وابومادام بۆشناقەکان سەرگەرمی شەڕی سڕبیان ئەوا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوان بەشێکی خاکی بۆسنە بۆ خۆیان بپچڕن، بەڵام لێکدانەوەیان هەڵەبوچونکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ وە جڵەوی کارەکان لە دەست ئێمەدا بو، لەڕوی سەربازییەوە —فیتز- لەسەر لێواری کەوتن بو. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی دانیشتنی ئاشتی واشنتن بوین. هەرچەندە جەنەڕاڵە سەربازیەکان نیگەرانی شەڕ ڕاگرتن بون، بەڵام بیرکردنەوەی ئێمەی بڕیار بەدەست جیاوازتر بو لە بیرکردنەوەی ئەوانی چەک بە دەست، چونکە دەکرا —فیتز- بەدەست بێنینەوە، بەڵام ئەگەر گورزێک بەر یەکپارچەیی خاکی بۆسنە بکەوتایە، خراپ دەقەوما. لە ٥/تەمموزی ١٩٩٥ شاری مۆستار تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی کاتی ئەوروپی کرا بۆ ماوەی دو ساڵ. لە ئاهەنگەکە ئەم قسانەم کرد، کە تیایا سەرۆکی کرواتیا و وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا و یۆنان ئامادەبون وتم: (ڕێکەوتننامەی هەردو کۆمەڵگای بۆشناقی و کرواتی لە مۆستار جەختت لەوە دەکات

كە بەڕێوەبردنی شارەكە دەدرێتە دەست یەكێتی ئەوروپا بۆ ماوەیەكی كاتی كە دو ساڵە ئەمەش هەنگاوێكی بوێرانەی سەرجەم بەشداربوانی پرۆسەكەیە. شاری مۆستار بە دۆزەخێكی ڕاستەقینەی شەڕدا تێپەڕیوە. چەمكی (كوشتنی شار)ێك بەداخەوە لەم شارەدا بە ڕونی ڕەنگی داوەتەوە، وشەی —مۆستار- بە هەردو زمانی بوسنی و كرواتی واتە شارێك كە پردی هەبێت. ئەم شارەی كە پردەكانی جوانی و ناو و ڕۆحی خۆی پێی بەخشیون ئەوا ڕوخاندیان و كاولیان كرد. تەنانەت —پردە كۆنەبەناوبانگەكەشی كە بەشێك بو لە كەلەپوری جیهانی لە دەستیان قوتاری نەبو ڕوخاندیان. لەوێنەیە مێژونوسان ماوەیەكی زۆریان بوێت تا وەڵامی ئەوەیان دەستبكەوێت كە چۆن لەنێوان كروات و بۆشناقەكان ڕوبەڕوبونەوە دروست بو كە ئەوان زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ زیاتر زۆر لە لێبوردەیی زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ یەكدا كردوە. بەڕای ئێمە ئەم ڕێكەوتننامەیە سەرەتایەكی نوێی مۆستارە بگرە بۆ بۆسنە و هەرسك و ئەورپاش ،ئەگەر ئێمە بمانەوێت پردەكانی سەر ڕوباری وڵاتەكەمان چاك بكەینەوە ئەوا پێشتر پێویستمان بەوەیە لە دڵ و دەرونی گەلەكەماندا پرد دروست بكەینەوە.

بەڵێ شەڕ لەنێوان بۆشناق و كرواتەكان تەواو بو، بەڵام لەدوای خۆی بێ متمانەیی و ئاشتییەكی سارد و سڕی جێهێشت. ئەمڕۆ من كە ئەم نوسینە دەنوسم بارودۆخەكە لەو كاتە باشتر نیە. دەستپێشخەریەكی تری ئەمریكا بە سەرۆكایەتی باڵیۆز ڕیتشارد هۆلبرۆك لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٩٥ پێشكەش كرا. سەركەوتنە یەك بەدوای یەكەكانی سوپای بۆسنەو كرواتیاو پاشان كارەساتی مەرگباری سربرینتشا وەك ئاگاداركردنەوەیەك وابون كە پێویستە بە خێرایی شتێك ئەنجام بدرێت. ئێمە لە خۆئامادەكردندا بوین تا پێشوازی لە ئاشتیخوازانی ئەمریكی بكەین، هەواڵی مەرگی سێ كەس لەو تیمە ئەمریكیەمان پێگەیشت. ئەویش بە ڕوداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای —ئیغمان- كاتێك زرێپۆشێكی گەورەی فەڕەنسی بەلایاندا تێپەڕی بو ئەمان لە جادە لایاندا بو كەوتبوە دۆڵێكی قوڵەوە. ئیتر هەر لە

سەرەتاوە ئاشتی بەختی نەیهێنا. لەگەڵ حارس سیلاجیدیچ و شاکر بیگۆڤیچ ڕومان کردە باڵیۆزخانەی ئەمریکا تا سەرەخۆشی ئەم کارەساتەیان لێبکەین، ریتشارد هۆلبرۆک وەک خانەخوێ سەرەڕای تەمی کارەساتەکە بەسەریەوە ویستی دەست بە قسەکردن بکەین، وتی سەرەتا دەبێت بزانین ئەو دەوڵەتەی ئێوە دەتانەوێت چۆنە لێرەوە دەست بە قسەکردن دەکەین؟. ئایا دەوڵەتی یەکپارچە بەڵام لامەرکەزی؟ وەیان دەسەڵاتی ڕەها بەڵام لەسەر ڕوبەرێکی دیاریکراو؟ چ بژاردەیەکتان دەوێت؟ ئەم پرسیارەی لێکردم و ئاماژەشی بە نەخشەی سەر دیوارەکە دەدا. منیش بەبێ دودڵی بژاردەی یەکەمم هەڵبژارد. ئیتر قسەوباسەکەمان ماوەی کەم بو ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتە. بەڵام یەکلاکەرەوە بو هەروەک لە دوایدا دەردەکەوێت. ئیتر ئەو ماوە کەمە بڕیاری زۆری تیا درا. ئەو موشەکەی لە ٢٨/ئاب کەوتە ناو بازاڕێکی سەرایڤۆ خەڵکی لە هەمو دنیاوە وێنەی ئەو خەڵکە بێدیفاعە سەربڕاوەیان بینی ئەمە وایکرد کە ویژدانی زۆرێک لە بەرپرسان بجوڵێنێت. لە بەرەبەیانی ٣٠/ئاب هێزەکانی ناتۆ بنکەو بارەگای سڕبیەکانیان کوتا. ئەمەش هەروەک بینیمان ئاڕاستەی شەڕەکەی گۆڕی. لێدانی بارەگاو بنکەی سڕبیەکان دو شەو و ڕۆژی خایاند، بەڵام هیچ ئامانجێکی سیاسی و سەربازی بەدوادا نەهات. ئیتر نامەیەکم ئاڕاستەی هەریەکە لە بیل کلنتۆن و جاک شیراک کرد کە تیایا نیگەرانی خۆمم لەبارەی ئەو خەمساردی و بێخەمیە دەربڕی (چەند ئاماژەیەک هەن کەوا دەردەخەن ئەو کردە سەربازیەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ناتۆ پێی هەستاون دژ بە ئامرازی شەڕی سڕبیەکان کەخەڵکی مەدەنی سەرایڤۆی پێدەکوژن وەستاوەکەواتە هەمان یاری کۆن دەستپێدەکاتەوە. هەمان ئەو کەسانەی بەربەستی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بون هەر لە جێی خۆیان ماون. ئەمەش شەڕ و ناڕەحەتی سەر بۆسنەی درێژ کردۆتەوە. دیارە ئەمەش ڕاستی نیەتی دام و دەزگای نێودەوڵەتی دوچار بە مەترسی کردەوە. ئەو تۆپ هاوێژانەی دەوری سەرایڤۆ تێکنەشکێنراون، ڕێگای ئیغمان تۆپباران دەکرێت.

ڕێگای سەرایڤۆ لەژێر دەستی ئەواندایە بە میزاجی شەخسی خۆیان ڕۆژێک دەیکەنەوەو دە ڕۆژ دایدەخەن. سەرکردەی سەربازی سرپی میلادیچ بە نامەیەکی لە٩/١ مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت. وا دیارە جەنەڕاڵ جانفیَ-ش ئامادەی قبوڵکردنی ئەو مەرجانەیە. کار بەم جۆرە بڕوات ئەوا شانۆگەری یاریکردن بە چارەنوسی بۆسنەو گەلەکەی بەردەوام دەبێت. جا جەنابی سەرۆک جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کەوا ئەمە ئەو ڕێگایە نیە کە بۆ پاڵپشتی ئاشتی گیرابێتەبەر. بەڵکو ئەمە دەرەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە من داواتان لێدەکەم دەسەڵاتی خۆتان بەکاربهێنن بۆ گرنتی وەفاداری سەبارەت بەو بەڵێنانەی دراون. نامەیەک ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکەن کەوا ئەم کارەساتە مەرگبارەیان قەوماندوە کە مێژو شتی وای بەخۆوە نەدیوە. پێیان بڵێن و بۆیان ڕون بکەنەوە کەوا ئەوان ئەوە نین مەرج بسەپێنن، ئیتر لە ٣/ئەیلول ئاڵگۆڕی جێگری بیل کلنتۆن پەیوەندی پێوەکردم و جەختی لەوە کردەوە کەوا لێدانی سەربازی بەردەوام دەبێت. هەرواش بو دوای چەند ڕۆژ لێدانەکان دەستی پێکردەوە و تا ١٤/ ئەیلولی خایاند کە ئیتر بە یەکجاری وەستا. لە ٩/٤دا بە سەردانێکی فەرمی لە تورکیا بوم، پێیان ڕاگەیاندم کەوا ڕیتشارد هۆلبرۆک لە ئەنقەرەیە و حەز دەکات بمبینێت.

بەلامەوە سەیر نەبو، بەڵام بەهۆی چڕی بەرنامەی کۆبونەوەکانم تا دوای ١١ی شەو نەمتوانی بیبینم و لەگەڵی کۆببمەوە. ئیتر لە شوێنی مانەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە یەکترمان بینی. ئەو لە خۆئامادەکردندا بو تا بەشداری کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی سرپیا و کرواتیا و بۆسنەو هەرسک بێت کە ٩/٨ لە جنێڤ دەبەسترا، ئامانجی کۆبونەوەکەش دیاریکردنی بنەما سەرەکیەکانی ڕێکەوتنامەی ئاشتی بو لە بۆسنە. بناغەی بیرکردنەوەی هۆڵبرۆک بۆ چارەسەری کێشەی بۆسنە بریتی بو لە چارەسەری —مامناوەندی- ئێمە دان بنێین بە کۆماری سرپی بۆسنەو سرپیاش دان بنێت بە دەوڵەتی بۆسنەدا یان هەروەک دەقەکە ئاماژەی پێدابو (بۆسنە و هەرسک بونی شەرعی خۆی لە سنوری ئێستای خۆیدا دەمێنێت)، لە

سەرەتادا بیرۆکەکەم تەواو لەلا ڕەفز بو چونکە (کۆماری سرپبی بۆسنە)ی تیایا بـو، ئیتـر لەلایەن هـۆلبرۆک و لـۆرد ئەویـن هەوڵـی زۆریانـدا قەنـاعەتم پێبهێـنن و زۆر پێشنیار و بەڵـگەی جۆراوجۆریـان هێنـایە پـێش. —کـارل بیلـدت- بە نـوێنەرایەتی ئەوروپا جەختی لێ کردمەوە کەوا تەنازولێک بکەم تا بە ڕێگا چـارەیەکی مامناوەنـد بگەین. یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەی هۆلبرۆک شارەزای بواری یاسـای نێـودەوڵەتی روبرت ئەوین بو وشـەی —کۆمـاری سـرپبی بۆسـنە- وا شـیکردەوە کە مەرج نـیە بە واتای زۆر بێت. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە چۆنیەتی دیـاریکردنی ناسـنامەی ئەو قەوارەیە لە پەیـکەری دەسـتوری دواڕۆژی بۆسـنەو هەرسـکدا. پێـی وتـم (ئـێمە تەکساسـمان هەیە کە بە کۆمـار ناسـراوە، بەڵام یەکـێکە لە ویـلایەتە فیـدراڵەکانی پێکهێـنەری وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا)، ئیتـر ئەوەم بیـرکەوتەوە کە ئـێمە لەسەردەمی کۆماری فیدراڵی سۆشیالیستی یوگسلافیادا ئـێمەش —کۆمـار-بـوین، بەڵام کۆماری سرپبی بۆسنە —کارادیچ- لەسـەر بنـاغەی پاکتـاوکردنی ڕەگەزی دایرشـتوە. لەوێنەیە —ڕیتشارد هۆلبرۆک-ت بەدڵ بێت یان بەدلأ نەبێت، بەڵام ناتوانیت ڕێزی نەگریت، پێشنیارەکانی لە زیرەکیەکـی بێـوێنەوە هەڵـدەقولآو ئـاوێنەی بلیمەتـی بـو. لێهـاتویەکی بێـوێنەی هەبـو، ئاگـاداریەکی باشـی کێشـەو ئاریشـەکان بـو. دەڵـێن دیپلۆماسـیەت و هێـز پـێچەوانەی یەکتـرن هەرچەنـدە هێـزت زۆربێـت ئەوا کەمتـر پێویست بە دیپلۆماسیەت هەیە، کەواتە لە وڵاتە زلهێزەکاندا چەنـد حـاڵەتێکی کەم و بچوک نەبێت ئەوا پێویستت بە دیپلۆماسیەت نـیە، بەڵام ڕیتشـارد هـۆلبرۆک ئەم بیردۆزەی هەڵتەکاندوە و بەساختەی داناوە. هەرچەندە ئەو نوێنەری وڵاتێکی زلهێزە یان بڵێین تاکە هێزە ئەوا بە مانای وشە دیپلۆماسی بـو. لێهـاتویی و شـیاوی خـۆی وەک چەکێک بۆ قەناعەت پێکردنی بەرامبەر بەکاردەهێنـا. ئیتـر خـۆ هێـزو توانـای ئەمریکـا جێگـای قسـە لەسـەرکردن نـیە. مـرۆڤ کە قسـەی لەگەڵـدا دەکـردو لە قسەکانت تەواو دەبویت ئەوا یەکسەر دەیگوت (جەنابی سەرۆک قسـەکانت ڕاسـتن بەڵام...) نازانم لەو کاتەی یەکەمجار لە سەرایڤۆ بینـیم چەنـدجار گـوێم لێـی بـوە

بلێت (جەنابی سەرۆک قسەکانت ڕاستن، بەڵام..) ئیتر کە قسە ڕاست بو ئەوا هیچ قسەیەکی تر نالێیت! تەنانەت ئەو جارەی کە لە ئەنقەرە بینیم و بۆ هەزارەمین جار پێمگوت ئێمە –کۆماری سربی بۆسنە-مان پێ قبوڵ ناکرێت. ئیتر هەرچی بەڵگەو هۆکار هەبون خستمە ڕوی و خۆشی باش باش دەیزانی ئەوا قسە بەناوبانگەکەی کردەوە (تۆ ڕاست دەکەیت لە هەڵوێستت دەگەم بەڵام...) قسەکردن سێ سەعاتی خایاند و دوای نیوە شەو تەواو بوین دواهەمین قسەی ئەوەبو کە (ناتوانم کۆماری سربی بۆسنە لە پرۆژەی ڕێکەوتنامەکە هەڵاوێرم، ببورن لەوە زیاترم پێناکرێت).

بەو جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ –هۆڵبرۆک- کارێکی ئاسان نەبو، بەڵام وەک دەردەکەوێت کارەکە بۆ ئەویش لەبارەی منەوە بە هەمان جۆر بوە. ئاسان نەبو لە کتێبەکەیدا (لەپێناوی کۆتایی پێهێنانی شەڕ) دا دەڵێت (گرانترین و قورسترین دیدارم ئەوە بو کە لەگەڵ عەلی عیزەت بیگۆڤیچ ئەنجامم داوە لەمیانەی سێ دانیشتندا لەو ڕۆژە زۆر لە دڵنەوایی سەرۆکی بۆسنەدا بوین. باسی هەمو ئەو دەستکەوتانەمان بۆ کرد کە بەهۆی ئاشتییەوە بەدەستی دەهێنێت. بەڕێز قازانجی ڕازیبون بە دەستکەوتی زۆر باشی پرۆژەی ئاشتی بۆسنەمان بۆ ژمارد. وەک ڕاگرتنی دەستدرێژی بۆ سەریان، لابردنی گەمارۆی سەر سەرایڤۆ، کردنەوەی بەشێکی ڕێگاکە و گوژومەیەکی پەنجا ملیۆن دۆلاری لە بانکی نێودەوڵەتی تایبەت بە بۆسنە، بەرنامەی پڕچەک کردن و مەشقکردنی سوپای بۆسنە –وارین کریستۆفەر- بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا کە کەم ئەم قسەی بەکارهێناوە –سەرۆک بیل کلنتۆن لەپێناوی ڕزگارکردنی بۆسنەدا زۆری کردوە، بەڵام ئەگەر حکومەتەکەتان دەرکەوت کە ئەو بەربەستی بەرقەرار بونی ئاشتیی لە دایتۆن- دەبێت ئەوا یارمەتیتان نادات. عەلی عیزەت بیگۆڤیچ هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو بێدەنگ ما. وەک ئەوەی ئەم قسەیە هیچ کاریگەریەکی لەسەری نەبوبێت). لە لاپەڕە ٩٧ی کتێبەکەیدا ئاوا باسی من دەکات (لەنێوان ئەم هەمو قسەو باس و بگرەو بەردەی دانوستاندا

کەسایەتی عەلی عیزەت بەرچاو بو، ئەو لە قوڵایی تاریکیدا بۆسنەی زیندوی هەر لە خەیاڵ بو، ئەم پیاوەی حەفتا پایزی تەمەنی بەڕێکردبو سیاسەتی بە خەباتی بەردەوام دەزانی دوای هەشت ساڵ زیندانی تیتۆ و چوار ساڵ خۆڕاگری لەبەردەم سڕبدا، لە چاویدا تێڕوانینێکی سارد و دور بەدیدەکرا. لە چاوەکانیدا ئەوەت دەخوێندەوە کەوا ئەو گوێ بە ئازار و ناڕەحەتی ئەوانی دی نادات، دوای ئەوەی خۆی بەو هەمو ئازارو ناڕەحەتیەدا تێپەڕیوە. لە ساتەوەختێکدا وەک —ماوتسی تۆنگ- سەرکردەی شیوعیەکانی چین دەهاتە پێشچاو کە لە شۆڕشدا ئازاو لە دەسەڵاتدا لاوازبون). بەڕاستی پێکەنینم بەم تێڕوانینەی هۆلبرۆک هات کە لەبارەی من و کەسایەتی منەوە هەیبوە. ئەو پرسیاری ئەوەی لا دروست بوە کە چاوەکانی من گوێ بە ئازار و ناڕەحەتی ئەوانیتر نادەن. تێڕوانینی من بۆ خۆم جیاوازە. لەگەڵ ئەوەی ناکرێت تێڕوانین بۆ خۆمان وەک تێڕوانینێکی بێ لایەنانە پشتی پێببەسترێت، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە تێڕوانینەکانی هۆلبرۆک لەبارەی منەوە ڕاست بن. لە بەرەبەیانی ٨/ئەیلول دا —وارین کریستۆفەر- پەیوەندی پێوەکردم زۆر داوای لێکردم کەوا ڕێکەوتنامەی جنێڤ وەکو خۆی بێ دەستکاری کردن قبوڵ بکەم. وتی ئەمە واتە (دانپیانانێکی بەهێز بە بۆسنەدا). وە ئیتر ئەمریکا بە هەمو هەولأ و توانایەکیەوە لە پشتی دەبێت. لە ١٩٩٥/٩/١٠ پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لەگەڵ —جاک شیراک-ی سەرۆکی فەرەنساو —جۆن مێنزی- باڵیۆزی ئەمریکا لە سەرایڤۆ ئەنجامدا. هەردوکیان پێیان ڕاگەیاندم کەوا هێزەکەی —کارادیچ- چەکە قورسەکانیان لە دەوری سەرایڤۆ ناکێشنەوە دواوە. گوایە سوپای بۆسنە ئەمە بە دەرفەت وەردەگرێت ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی سڕبیەکاندایە داگیری دەکات. بۆیە پارێزەرە سڕبیەکان لە دەرەوەی وڵات لەسەر ئەم بناغەیە داوای ڕاگرتنی لێدانەکانی —ناتۆ-یان کردبو. من گرەنتیم بە هەردو لایەنی ئەمریکی و فەڕەنسی دا کەوا سوپای بۆسنە لە سەرایڤۆ هیچ جۆرە کردەیەکی سەربازی ناکات. وە لە حاڵەتی پاشەکشە پێکردنی تۆپخانەکانی

سڕبییەکان لە دەوری سەرایڤۆ کەڵکی سەربازی لێ وەرناگرێت. ئیتر بۆ ئەوەی ئەم تۆمەتە هەڵبەستراوە پوچەڵ بکەمەوە، منیش مەرجی ئەوەم دانا کە دەبێت یەکسەر دەست بکرێت بە گفتوگۆ کردن وە لە ماوەیەکی فەرمی مەعقولیشدا دانوستان بگاتە دەرەنجام. وە جەختیشم لەوە کردەوە کەوا لە حاڵەتی پەلاماردانی شارەکە لەلایەن سڕبەکانەوە ئەوا ئەم پابەندبونەی ئێمە هیچ مانایەکی تیایا نامێنێت و پابەندی نابین. وە سەرنجی هەمویانم بۆ ئەوە ڕاکێشا کەوا نابێت ئەوەی لە مانگی شوبات/١٩٩٤ دا ڕویدا دوبارە ببێتەوە. ئەوەش ئەوەبو کە هێزەکانی —میلادیچ- وتیان کەوا چەکە قورسەکانیان لە دەوری شاردا کشاندۆتە دواوە. بەڵام لە ڕاستیدا نەیانکێشابۆوە بەڵکو هەر لە شوێنی خۆی شاردبویانەوە و دوبارە شاریان پێ تۆپباران کردەوە.

من خۆم دەمزانی وڵاتانی هاوپەیمان چەندە لەناوخۆیاندا ڕاجیاوازی لەسەر لێدانی ئاسمانی سڕبەکان. هەریەکە لە ئیسپانیا و فەڕەنسا و کەنەداو یۆنان دژی لێدانی ئاسمانی بون. بگرە ڕوسەکان لەوەش زیاتر پێیان لێهەڵبڕی و هەڕەشەی ناردنی ڕاستەوخۆی یارمەتیان دەکرد بۆ سڕبەکان. ئەگەر لێدانی سڕبەکان ڕانەگرن. لە گەرمەی ئەم باسوخواسانەدا بوین هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە ڕیتشارد هۆلبرۆک لە بەلگراد لەگەڵ —کارادیچ و میلادیچ- کۆبۆتەوە. ئەمەش دوای ئەوەی کە هەردوکیانیان بە —تاوانباری جەنگ- دابوە قەڵەم، بەڵام هەروەک دەڵێن لە سیاسەتدا بۆ گەیشتن بە ئامانج هەمو هۆکارێک ڕەوایە. بەڕاستی توشی شۆک بوم، بەڵام یەک شتی باشی بەدوای خۆیدا هێنا ئەویش ئەوەبو —کارادیچ- ڕازی بوبو چەکە قورسەکان پاشەکشە پێبکات و وە گەمارۆی سەر سەرایڤۆش لابەرێت. دیارە بەرامبەر بەمانە لێدانی ئاسمانی دەوەستێت ئەمەش لە ١٤/ئەیلولی/١٩٩٥دا بو. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولدا ڕیتشارد هۆلبرۆک ڕایگەیاند بو کەوا لە نیویۆرک کۆبونەوەیەک سازدەکرێت زیاتر لەوەی لە جنێڤ باسکراوە دێتە باسکردن. کۆبونەوەکە بۆ دیاریکردنی دام و دەزگای مەرکەزی و دابەشکردنی بەرپرساریەتی

لەنێوان دەوڵەت و قەوارەکان و دیاریکردنی دەستەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە. هەروەک ڕێگای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و کۆمەڵەی یاسادانانی بۆسنەو هەرسک بەرباس دەخرێت. تیمەکەی هۆلبرۆک بە هاوکاری نوێنەری ئێمە شاکر بیگۆڤیچ بەردەوام لە پەیوەندیدا بو لەگەڵمان، کارەکە باش بەڕێوە دەچو، زۆریش بە ڕەشنوسی ڕێکەوتنامەکە دڵخۆش بوین، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە —میلۆسۆڤیچ- قەناعەت پێبکەن، ئەوین و هێڵ هەردو بەرەو بەلگراد کەوتنەڕێ. تا لەوێ قسەوباس بکەن، لەوێ —میلۆسۆڤیچ- کردبونی بەگژ کارادیچ و هاوڕێکانی دا کە نەیاندەویست باسی هیچ دام و دەزگایەکی دەوڵەت بکەن. لێرەدا —میلۆسۆڤیچ- هەستا بە خۆڕزگارکردن لە سرپەکانی بۆسنەو وەک پیاوی دروستکەری ئاشتی و پیاوی نیەت باش ڕۆڵی دەبینی. وە ئەو بە بەشێکی زۆر لەوەی کارادیچ ڕەتی کردبۆوە ڕازی بو، ئەم هەنگاوەشی دوای ئەوە هات کە وەفدی دانوسانکار تەواو شەکەت بو بون و بڕستیان لێ بڕابو. وە ئەوەی توانیبویان کردبویان، بەڵام بە هیچ کام لەمانە قایل نەبو بون. ئەگەر سەیری ڕەشنوسەکە بکەیت ئەوا هەست دەکەیت لە کاتی — میلۆسۆڤیچ- کارەکە باشتر لە سەردەمی —کارادیچ- چۆتە پێشتر. ئیتر هەنگاو بە هەنگاو لە بەلگرادەوە لە ڕەوشی دانوسانەکە ئاگاداریان دەکردین، بەڵام ئەمریکیەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد. لەجیاتی ئەوەی یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ سەرایڤۆ بۆ لای ئێمە و ڕەزامەندی ئێمەی لەسەر وەربگرین ڕاستەوخۆ بەرەو ئەمریکا گەڕابونەوە. ئیتر ئێمە ڕامانگەیاند کەوا ئێمە ناچین بۆ نیویۆرک. پێمان وابو کە ئەم هەڵوێستە هاوسەنگ نیە، ئەمریکیەکان نیوەی ڕێگایان بڕی بو بە ئاسماندا و لە ئیرلەندە دابەزی بوبون و پشویەکیان وەرگرتبو. ئیتر بەرەو بۆسنە گەڕانەوە. لێرەوە سەختترین قۆناغی دانوستانمان دەستپێکرد کە شەو و ڕۆژێکی خایاند. جار جار پشویەکی کورتمان دەدا، مادەیەک لە مادەکان وای پێویست دەکرد کە ڕەزامەندی هەردولای لەسەر بێت ئەمیش لە گرنگترین خاڵەکان بو ئەویش ئەوە بو ئێمە زۆر پێمان داگرت لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆک دەبێت ڕاستەوخۆ بێت،

بەڵام هەردو لایەنی بەرامبەرمان پێیان لەسەر هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ دادەگرت. هەردو هەڵوێستەکەمان لە دو سەرچاوەی فەلسەفەی سیاسی جیاوازەوە هەڵقوڵا بو. سڕبیا و کرواتیا سەرۆکێکی لاوازیان بۆ دەوڵەت دەخواست، بەڵام ئێمە خوازیاری سەرۆکێکی بەهێزبووین. لەدوای نیوەی شەوی ٢٥/ئەیلول —ڕیتشارد هۆلبرۆک- پەیوەندی پێوەکردم، بە کورتی تێمگەیاند کە ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆداین. بەرەبەیانی ٢٦/ئەیلول هات کە ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنگرەکە بو، ئێمەش لە بارەی ئەم خاڵەوە نەگەیشتبوینە هیچ دەرەنجامێک. ئیتر وەفدەکان و سەدان ڕۆژنامەنوس ڕویان لە نیۆرک کرد. چارەکێک پێش دەستپێکی کۆنگرەکە وەزیری دەرەوەی ئەمریکای کریستۆفەر پەیوەندی پێوەکردم داوای لێکردم کە بە هەر نرخێک بێت دەبێت کۆنگرەکە ڕزگار بکەم. ئیتر ئەو کات هەواڵمان دایە —شاکر بیگۆڤیچ-ی نوێنەرمان کە ڕازی بێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو کۆمەڵە وڵاتە ڕایبگەیەنن. کە ئەوان تێدەگەن وشەی هەڵبژاردن واتە —هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ- وە لایەنی ئەوروپیش ئەوە لەئەستۆ بگرێت کە پەیمانی یەکپارچەیی خاکی بۆسنەی لەسەر شانەو وە دەبێت بەهەمو دابەش کردنێک نەیار بێت. ئیتر کۆمەڵەی وڵاتان مەرجەکەی ئێمەیان قبولاً کرد. سەبارەت بە ئەمریکاش ئەوا سەرۆک کلنتۆن لە قسەکانیدا وتی (بۆسنە و هەرسک بە دەوڵەتێکی یەکپارچەیی دانپیانراوی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە. ئەمریکاش بە توندی دژ بە دابەشکردنی دەوەستێتەوە.) بەمجۆرە ئەم ئەڵقە لە زنجیرەکە گەیشتە کۆتایی، لەپڕ هێزی ئاسمانی —کارادیچ- کارابۆوە کەوتە لێدانی هێزەکانی ئێمە و کروات. ناتۆش هیچ قسەیەکی لەسەر نەکرد. ئیتر تێگەیشتین کە پەیامەکە ڕونە، نابێت کەس لە شەڕی بۆسنەدا سەرکەوتو بێت وە یان بە واتایەکی تر بڵێن نابێت بە هیچ جۆرێک —سڕبەکان- بە تەواوی تێکبشکێن. لەمیانەی کۆبونەوەیەک لە —مۆستار- هۆلبرۆک پێی ڕاگەیاندم کەوا لێدانی ئاسمانی لەبەرئەوە وەستاوە تا دەرفەتێک بۆ دانوسان بهێڵێتەوە. واتە هەڵوێستی ئەوان وای دەگەیاند کەوا سڕبەکان بە تەواوی لاوازبون ئیتر لەوە زیاتر

پێویست بە هیچ ناکات. سەرژمێری ڕۆژانەی قوربانیانی شەڕی بۆسنە ١٥٠ سـەرباز و مەدەنی بو ئەمەش لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوەیە. ئیتر لەگەڵ تێڕوانینم بۆ هەمـو ڕاستییەکان تێگەیشتم کە هیچ دەرفەتێکی ترمان لەبەردەستدا نیە.

لە ١٠/٥دا واژۆی شەڕ ڕاگرتنم کرد، بەڵام بەو مەرجەی —سەرایڤۆ- سوتەمەنی و کارەبانی بۆ دابین بکرێت، وە ڕێگای —گوراژدە-ش بە کراوەیی بێت تا کـۆمەک و یـارمەتی خـۆراکی لێـوەوە بگـوێزینەوە. هـۆلبرۆکیش بەمە ڕازی بـو، هەر لە ڕۆژی واژۆکردنەکەما شەڕ لە هەمو بەرەکان وەستا جگە لە —کرانیا- نەبێت. هەمـو لا لە شـەڕ مانـدو بـوین، مـرۆڤ دەتوانێـت لەمیـانی سـەیرکردنی ڕودانـی ٢٠٠٠ ڕوداوی بەیەکـــدادانی چەکـــداری ڕۆژانە چـــی کـــراوە! جەنەڕاڵ روبـــرت ســـمیس لە ١٩٩٥/٥/٢٤، ٢٧٠٠ کردەی سەربای گەورەو بچـوک بە درێژایـی بەرەکـانی شـەڕی تۆمارکردوە. وە لە بەرەکانی دواوەی شـەڕ کوشـتنی ٦٢ کەس و بریـنداربونی ١٤٢٠ پیـاوی هێـزی چـاودێری گەرمـی و سـەختی شـەڕی بۆسـنە دەردەخەن. بەپێـی زانیاریەکـانی ڕاپـۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکـان کە پێشـکەش بە ئەنـدامانی نەتەوە یەکگرتوەکان —بگرس غالی- کراوە هێزی چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان تـا کۆتـایی شەڕ ٢٠٤ سـەربازی لەدەسـت داوە. وە یەکێتـی ئەوروپـاش ٢ چـاودێری لەدەسـت داوە، هەروەک ئەمریکـــاش دانوســـانکارانی ئاشـــتی لەدەســـتداوە. ســـەرکردە سەربازیەکانمان —بەتایبەت لە ناوچەی کراسینا- بە شـەڕا ڕاگـرتنەکە ڕازی نەبـون دیاربو ئەوان لە ئەگەری توانای خۆماندا گومـانی زیـادەڕۆیی زۆریـان کردبـو. ئەوان هیچ ڕەهەندێکی سیاسی ئەمریکی و کرواتیـان لەبەرچـاو نەگرتبـو. فرانیـۆ تودجمـان هەڕەشەی ئەوەی کردبو کەوا ناهێڵێـت تـاکە یەک فیشـەک بە خـاکی ئەودا بـڕواتە بۆسنە. لە ١٠/١١دا کۆمەکی گەیاندنی سوتەمەنی و کارەبا گەیشتە سەرایڤۆ ئەمەش واتای ئەوەیە کە مەرجی ڕاگرتنـی شـەڕ جێبەجـێ بـو، سـەرۆکی ڕوسـیا —بـوریس یڵسن- خـۆی بە شەخسـی هـاتە سـەر خەت و گرەنتـی دابـین کردنـی سـوتەمەنی سەرایڤۆی لەئەستۆ گرت بە هۆی باڵیۆزی ڕوسیاوە نامەیەکیشی بۆ نـاردم کە داوای

شەڕ ڕاگرتنی لە بۆسنە کردبو وە پابەندبونی خۆی بە یەکپارچەیی خاکی بۆسنە دوپات کردبۆوە. ڕوسیا لەڕوی سۆز و عاتیفەوە هاوسێی سرب بو بەڵام هەر پابەندبون بەیەکپارچەیی خاکی بۆسنە و هەرسکەوە.، لەگەڵ ئەمەشدا شەڕ لە بەرەی —کراسینا- هەر گەرم بو لە ۱۱/۱۲ وا بالۆیزی نویی ئەمریکا —جۆن مینزیز- سەردانی کردم و وە ئاگادارکردنەوەی ئەمریکای پێگەیاندم کەوا دەبێت ڕێز لە ئاگربەست بگیرێت هەرچەندە —راسم دیلچ- فەرمانی ئاگربەستی دەرکردبو بەڵام وەک وتم شەڕ هەر گەرم بو. جارێکی تر باڵیۆزی ئەمریکا سەردانی کردمەوە ئەم جارەیان بە زمانێکی توندتر پەیامی هەڕەشەی —ناتۆ-ی پێگەیاندم کە ئەگەر شەڕ ڕانەوەستێت ئەوا ناتۆ هەڵدەستێت بە لێدانی ئاسمانی لە هێزەکانمان، وە وتیشی ئەم هەڕەشەیە بە جدی وەربگرن گەر ئاگربەست نەکەن ئەوا جێبەجێ دەکرێت. ئیتر جەنەراڵ —راسم دیلچ-م بانگ کرد و تێم گەیاند کەوا خۆی سەردانی ناوچەکە بکات چونکە پەیوەندی تەلەفۆن و بێسیم ئەو گوێڕایەڵیەی لێناکەوێتەوە وەک ئەوەی کە خۆی لەوێ فەرمان دەربکات. لە ۱۰/۱۳دا شەڕ وەستا، لە ڕۆژی پێش ڕاگرتنی شەڕدا —سانسکی موت-مان ڕزگار کرد کە ئەوە دواهەمین شاری ڕزگارکراوی شەڕ بو.

بەم جۆرە شەڕ ۱۲۸۰ ڕۆژ درێژەی کێشا و کە بە زەرەرو زیانێکی گیانی و مادی زۆرەوە ماڵاوایمان لە شەڕ کرد. بە دوای ئەمدا لە دەرگای گفتوگۆی ئاشتی پڕ لە ناڕەحەتی دەدەین.

# فەصڵی شەشەم

## ڕۆژانەی داتۆن

لە تەمەنی درێژی خۆمدا زۆر کاری قورسم کردوە هەر لە پاچکاری و داربڕینەوە تا سەروکاری بیناسازی و پاشان پارێزەری لە (دادگاکـان) و نوسین لە ڕۆژنامەکـان ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت گرانتـرین کـار لەلام دانوسـانە. کە تـۆ دانوسـان ئەنجـام دەدەیت ئەوا تۆ بڕیار دەدەیت. بڕیاردانیش کارێکی قورسی مرۆڤی بێبەختە. گرفتـی من لەوەدا بو کە نەمتوانی سەرکردایەتیەکی وا بـکەم جێـی ڕازامەنـدی بێـت وە نە ئاشـتیەکی ڕەزامەندانەشـم وەگیـر کەوت کە جێـی ڕازیبـون بێـت. دانوسـانەکان لە بارودۆخێکی تەنگەتاوکردن و ناچارکردندا بـون شمشـێری هەڕەشـە لەسـەر گەردنـی بۆسـنە بـو، گەلەکەم ڕوبەڕوی گەلە کـۆمەکیەکی چەکـداری زۆر بـو بـۆوە. گەلەکەم لەبەردەم ناڕەحەتیەکی گەورەدا بو ئاشتی یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکـانی قەنـاعەتم.

هەروەک بەهەمان جۆرلەگەڵ دادپەروەریشم. بە ناچاری و بارگرانیەکەوەیە بەو جۆرە لە ئاشتی ڕازی بوم، تا ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ وڵات و پەیامی دوبارە شەڕکردنم پێبێت. هێندە ئاستەنگی قورس و گرانم دەخرایە بەرپێم وام هەست دەکرد لە چوار مێخە دراوم. بەرەو ئەمریکا کەوتمە ڕێ، لەوێ لە دەرفەتی یەکەمدا لەبەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان قسەم کردو ڕاوتێڕوانینی خۆمم لەبارەی ئاشتی و دوارۆژی بۆسنەو هەرسکەوە بۆ خستنەڕو. لەدوای ئەم وتارەم لە نەتەوە یەکگرتوەکان –بیل کلنتۆن- لە ئوتێل –والدرۆڤ ئەستۆریا- لە نیوۆرک پێشوازی لێکردم. لەم کۆبونەوەیەدا لەگەڵ ئەوەدا هەواڵێکی باشیان پێدام کەوا ڕوسەکان ڕەزامەندیان نیشانداوە کە هێزەکانیان لە بۆسنەو هەرسک بخەنە ژێر دەستەڵاتی پەیمانی ئەتڵەسیەوە، هەر لەماوەی مانەوەم لە ئەمریکا خۆزگەیەکی ترم هاتەدی. ئەویش ئەوەبوبە محمدعلی کلای بگەم. ئەو پیاوەی ئەفسانەی مشتەکۆڵەیە ئەویش ئەو ڕۆژە گەیشتبوە نیوۆرک –نازانم لە چ شارێکەوە هاتبو- بەڕێوەبەری کارەکانیشی لەگەڵدا بو. یەکەم شت کە پێم گوت وتم ناوم –علی-یە ئەویش بە سەر ئاماژەی دا کە دەتناسم. ئێستاش تەندروستی خراپ نیە بەڵام قسەو جوڵەی باش نەبو. هەستێکی برایانەم بەرامبەری جولا بۆ ساڵێکی زۆر لە یاریەکانیدا هاندەری بوم، بێگومان ئەو یاریەی نێوان ئەو و –فریزر-م لەیادناچێت کە پێش ٣٠ ساڵ لەوەو پێش ئەنجامی دا. ئەو شەوە –سەرایڤۆ- تا بەریبەیان نەخەوت. بە زەردەخەنەیەکی زیرەکانەی ڕوخساری پێشنیاری یاریەکی مشتەکۆڵەی لەگەڵ کردم. دەستی بەرەو ڕوخساری خۆی برد و ماوەیەک وەستا، منیش یاریەکەم لێ قەبوڵم کرد. کاتێک کە گەڕامەوە بۆ بۆسنە ئەوخەڵکەی لەبارەی دیدارەکەم لەگەڵ _محمد علی- پرسیاریان لێدەکردم زۆر زیاتر بو لەوێنەی پرسیاری دیدارەکەی –بیل کلنتۆن-ی لێدەکردم، خەڵکی یوگسلاڤیا پێش نەتەوایەتی بە عەقیدەیان تەڵقین کرابون. ئەو کەسانەی میلۆسۆڤیچ-یان دەناسی لایان سەیربو کەوا ئەو نەتەوەییە، یان ئەوەتا نەتەوایەتی وەک میکانیزمی دەستەڵاتداری بەکاردەهێنێت، جا بۆ ئەوەی

قەناعەت بە سرپییەکان بکات ئەوا خۆی وەک سرپییەکی گەورە نیشان دەدا. هەر لەبەرئەوەیە ئەو قسەیەی کە دەڵێت (خەڵکی ئەو سەرکردانە پێشەوایەتیان دەکەن کە شایەنی خۆیانە) بەلامەوە زۆر ڕاستە. من بە گشتی حەزم بە چارەی نانخواردنی فەرمی و کۆبونەوەی سیاسی نافەرمی نەهاتوە. بەلامەوە شتێکی سروشتی نیە لەگەڵ کەسێکدا نان بخۆم و بکەومە ئاخاوتن کە دۆست و خۆشەویستم نین. دەبێت پێتان بڵێم کە من کاتێکی زۆرم بەخەرجدا تا تێگەیشتم سڵاو و زەردەخەنەی دیبلۆماتی واتە هیچ! چونکە هەر لەو شوێنەدا بەڵگەنامەی مردنت واژۆ دەکەن. لەبەرئەوە بە هیچ پیاوێکی بلیمەت و دانای سیاسەت سەرسام نەبوم. بەلای منەوە ئەوانەی شایەتی ئەوەن ئەواپیاوانی زانست و وێژەن، سیاسەتمەداران هەمویان ئاستی بلیمەتیان مامناوەندە، جا گەورەبن یان بچوک، بەڵام تەماع و ئارەزو ئەو دو تایبەتمەندی گەورەن کە بە گەورەیی پێی دەناسرێنەوە.

دەزانم چەند حاڵەتێکی زۆر کەمی پێچەوانەی ئەم قسەیە هەیە، بەڵام سفرەو خوانی سیاسیەکان لە کۆتایدا زەردەخەنەیەکی دەستکرد و نواندن و زۆرلەخۆکردن و هەموان بە سەرسامی لە دەوری خواردنێک کۆدەکاتەوە کە حەزیشی لێناکەن. ١١/١ نانخواردنی نیوەڕ و ئێوارە بەشێک بو لە پرۆتۆکۆلی ڕێکەوتنامەی دایتۆن. زۆرم هەوڵدا ئەوەندەی بتوانم خۆمی لێ لادەم، لە یەکێک لە ئێوارە خوانەکانی فەرمی لە ئوتێل —هۆب- لە بنکەی رایت —بیترسۆن-ی ئەمریکی دایتۆن —ئۆهایۆ ڕێکەوتنامەی ئاشتی دەستبەکار بو، وارین کرستۆفەرو ریتشارد هۆلیرۆک پێش نانخوانی ئێوارە لەگەڵ هەرسێ وەفدی ئێمە و سرب و کرواتەکان کۆبونەوە. ١١/٢ وەفدی دانوستانکاری ئێمە لەگەڵ فرانیۆ تودجمان و وەفدی کراواتی بە میانگیری هۆلبرۆک کۆبونەوە، باس لە کێشەو گرفتەکان کرا جا هەر لێرە ئاماژە بەوە کرا کە لە هەردولا ٢٠٠ خانەوادە بگەڕێننەوە سەر خانەو ماڵی خۆیان. ١١/٣ لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوی فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ڕوسیا کۆبونەوەم ئەنجام دا، هەمویان پشتگیری گفتوگۆ بون و ئامادەیی خۆشیان بۆ یارمەتیدانی

ڕێگای ئاشتی دەربڕی، هەر لەو ڕۆژەدا پاشکۆی یەکیان لەبارەی مافی مرۆڤ و گەڕانەوەی ئاوارەکان پێدااین، پێش نیوەڕۆ لەگەڵ سەرۆکی سڕبیا —سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ- کۆبونەوەم هەبو، ئەمە یەکەمین کۆبونەوەی منە لەگەڵ میلۆسۆڤیچ لەمیانەی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەنجامی دەدەم دڵنیانیم ئاخۆ باش میلۆسۆڤیچ دەناسم یان نا. بەڵام ئەوەی کە من لەبارەی ئەو پیاوەوە دەیزانم ئەوەیە کە ئەم و سیاسەت دو شتی جیاوازن. ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەی ئەو دەیکات و ئەوەی من لێی تێگەیشتوم چۆن بە یەکەوە کۆبکەمەوە. ئەو ڕقاوی نیە، بەڵام کەسێکی خەیاڵاوی ومەست دیارە، یان بەلای کەمەوە وا دەردەکەوێت، زۆر قسە دەکات وەک ئەوەی بڕوای تەواوی بە قسەکانی بێت. دیارە ئازایە -ناتوانم بڵێم دوڕوە- هەرچۆنێک بێت وا دەردەکەوێت لایەنی خراپەی بەسەر کەسایەتیدا زاڵتر بێت. شتێکی ئاساییە بڵێی میلۆسۆڤیچ سەرچاوی شەڕە. شەوەکەی لە بنکەی سەربازی ڕاست —بترسۆن- بانگهێشت کرابوین کە تیایا گەورەترین پێشانگای ئاسمانی جیهانی تیایا ساز کرابو، کە ئیتر مێژوی فڕینی هەر لە سەرەتای مێژوەوە تا ئەمڕۆ نمایش کردبو هەر لە برایانی ڕایت تا پێشکەوتوترین موشەکی تۆماهۆک، ئەو فڕۆکە m52ی تیا خرابوەرو کە بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هێرۆشیمادا دا. هەر لێرەشدا چێشتخانەیەک هەر لە پارچەی هاوشێوەی ئەم چەکانە دروست کرابو، مێزەکان لە هاوشێوەی ئەم چەکانە بون. گوێمان لە مۆسیقایەکی خۆش گرت، حەزم لە خواردنی ئەوآ نەبو، جا ئیتر نازانم ڕێکەوت بویان نا بەڵام مێزی نیکۆلای کۆلۆڤیچ ی هاوکاری کارادیچ ڕاستەوخۆ لەژێر سایەی موشەکێکی تۆماهۆکی گەورەدا بو. ١١/٤ ئەمڕۆمان بە کۆبونەوە لەگەڵ ڕیتشارد هۆلبرۆک و ڕاوێژکاران دەستی پێکرد، باسی لە بناغەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کرا. داوامان کرد کارادیچ و سەرجەم تاوانبارانی تری جەنگ ڕێگەیان پێنەدرێت لە هەڵبژاردنەکاندا خۆیان بەربژێر بکەن، باس لە حکومەتی ئایندەش کرا کە ئایا حکومەتی ئایندە هەڵبژێرراو دەبێت یان دیاریکراو، ئیتر شەو درەنگێک لەگەڵ نوێنەرانی کرواتیا نانم خوارد. ١١/٥ لە

پێنجەم ڕۆژی دانوستانەکاندا لەگەڵ خاتو ئیلیزابیس ڕین لە مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان و خاتو کرستین وارش لە بانکی نێودەوڵەتی کۆبونەوەمان هەبو، پاشان لەگەڵ میلۆسۆڤیچ و بۆلاتۆڤیچ بۆ سێ سەعاتی تر لە کۆبونەوەدا بوین، نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ ڕیتشارد هۆلبرۆک و سەرکردەی وەفدی دانوستکارانمان خوارد. لێرەدا ئامادەیی ئەمریکا و هاوپەیمانمانانی ڕاگەیاند کەوا هێزی سەربازی ڕەوانەی بۆسنە بکات تاوەکو ڕێکەوتنامەی ئاشتی جێبەجێ ببێت، لە هەمو ڕێکەوتنامەکانی پێشودا بیرم لەلای ئەوە بو ئەوەی کەوا لەسەری ڕێککەوتبوین چۆن جێبەجێی بکەین یان چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ دانوستکارانی نێودەوڵەتی پێشو هیچ هێزێکی سەربازیان لەبەردەستدا نەبو، باشە دەبێت لە ڕێکەوتنامەی ئاشتی چۆن بێت؟ بڵێی کارادیچ هەر ئاوا بە حەزی خۆی ملی بداتێ و جێبەجێی بکات؟ ئەگەر وا بێت کەواتە ئەمە ڕێکەوتنامە نیە بەڵکو تەسلیم بونی ئێمەیە، بەڵام ڕێکەوتنامەی دایتۆن شتێکی تر بو. ئەمجارە پابەندبونی ئاشکرا بە بابەتەکەوە بە ئاشکرا باس کرا بەوەی جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر پێویستی بە بەکارهێنانی هێزیش بێت ئەوا هێز بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ هەمو خراپیەکانی ڕێکەوتننامەی دایتۆن ئەم باشییەی تیابو کە هیچ کام لە ڕێکەوتنامەکانی تر بونی نەبوە، بەڵام لەگەڵ باشی ئەمەشدا جارێکی تر وەک دراو ڕویەکی تریشی هەبو، ئەویش ئەمەیە ئەو شتەی لە یەک کاتدا پێویستت پێیەتی و ڕقیشت لێیەتی ئەوا بونی هێزی بێگانەیە لە بۆسنەدا، بەڵام پیاو کە لەنێوان دوژمن و دەریایەکی قوڵدا سەرپشک کرا کە کامیان هەڵدەبژێرێت ئەوا ناچار پەنا دەباتە سەر ئەوەیان کە زیانی کەمترە. ئایا بونی هێزی بێگانە لە وڵاتدا وەک دەستەڵاتێک کە کەس بەسەریەوە چاودێر نەبێت باشە؟ ئاخر هەمو دەستەڵاتێک گەر چاودێری بەسەرەوە نەبو دەبێتە ویست و حەزی کەسەکە خۆی ئەمە لە بۆسنەدا ڕویدا، کەوتبوینە نێوان دو بەرداشەوە، لەلایەک بێگانە (ئەمریکا و فەڕەنسا، بەریتانیا) لەلایەکی تر توندڕەوە خۆماڵیەکان، جا یان کەللە ڕەقی بێگانە وە یان توندوتیژی بێسنوری توندڕەوە جیاخوازە سربی و

کرواتیەکان، ئەمە دو بژاردەن یەک لە یەک تاڵترن خۆ بژاردەی سێیەمیشمان لەبەردەست نەبو، ناچار بوم بە بێگانەیەک ڕازی بم کە خۆشیان نەدەویستم نەک بە کەسانی خۆماڵی کە ڕقیان لێم بو.

۱۱/۷ ئەمڕۆ لەگەڵ ڕیتشارد هۆلبرۆک کۆبونەوەمان هەبو باسی ئایندەی هاوسەنگی پرچەک بونی بۆسنەمان کرد، لەبارەی سەرایڤۆوە هیچ ڕێکەوتنێکی بەرچاومان نەبو، داوای لێکردم ڕاستەوخۆ لەگەڵ میلۆسۆڤیچ قسە بکەم، دوای حەوت ڕۆژ دانوستان ئەمریکیەکان لە دەرەنجامەکانی دانوستان ڕازی نەبون. دوایی ئەمریکیەکان خۆیان لەگەڵ سرب قسەیان کرد ئەوانیش داوای دابەشکردنی _سەرایڤۆ-یان کردبو ئەمریکیەکان بەم پێشنیارە ڕازی نەبون. ئەوان وتبویان با _سەرایڤۆ- ناوچەیەکی فیدراڵی بێت تا سەلامەتی زیاتر بە ناوچەکە بدات لەلایەن هێزێکی هاوسەنگی فرە ڕەگەزو پۆلیسی تایبەت بە خۆی حوکم بکرێت.

۱۱/۸ ئەمڕۆ زۆر لە دۆزە ئاڵۆزەکان خرانە ڕو، ئەمڕۆ هۆلبروک جەختی لەسەر دابەش نەکردنی سەرایڤۆ کردەوە هەروەک چەندجار ئەوەی دوپات کردەوە کە ئەو لەگەڵ دیواری جیاکردنەوەی سەرایڤۆدا نین وەک ئەوەی لە بەرلینی پێشودا هەبو.

۱۱/۹ لەمڕۆدا شەش کۆبونەوەمان ئەنجامدا لەبارەی دەستورو هەڵبژاردن، ڕۆڵی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی، بۆ نمونە ئەمان ئەرکیان چی دەبێت لە هەڵبژاردندا، ئایا ئەوان ڕێکی دەخەن یان ئەوەتا چاودێری دەکەن؟ کە من لام وابو باش وایە بە هەردو ڕۆڵەکە هەڵبستێت.

۱۱/۹ ئەمڕۆ پێشوازیمان لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکی و هۆلبرۆک کردکە ئەویش داوایکرد بچینە قوڵایی باسەکانی سەبارەت بە فیدراڵیەت و دابەشکردنی پۆستەکان، هەر لەوێ پێشنیاری ئەوەم کرد کە کرواتەکان پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە وەربگرن، وە حارس سیلادیچ هەر سەرۆک وەزیر بێت. وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ئەوەی بە پێویست زانی کە دەبێت خاڵەکان تەواو ڕون

و ورد بـن، چـونکە بیـل کلنتـۆن واژۆی دەکـات و ئەوسـا داوا دەکـات هێزەکـانی ئەمریکا ببنە بەشێک لە هێزی نێودەوڵەتی. ڕای گشتی ئەمریکـی پێـی خـۆش نەبـو ئەمریکا لە ڕوی سەربازیەوە لە بۆسنەوە بئاڵێت، هەروەک پنتاگۆن هەوڵیدا هێزەکـانی تـا ئەوپەڕی توانـا کەم بکـاتەوە، دیـارە ئەوان ئەزمـونی تـاڵی ڤێتنـام و سـۆماڵیان لەیادنەچوبو، حسابی زەرەرو زیانی خۆیان دەکرد، بەڵام تێڕوانینی خەڵکی ئـێمە لەو قۆنـاغەدا وابـوە کە بـونی سـوپای بیـانی پێویسـتە. ئیتـر دوای کۆبـونەوەیەکی دو سەعاتی مەراسـیمی واژۆکردنـی فیـدراڵی هـاتە پـێش، هەریەک لە وەزیـری دەرەوەی ئەمریکی و نوێنەری یەکێتی ئەوروپا هۆلبرۆک وتاری پێشەکیان دا، ئیتر وتـاری هەر سێ سەرۆک هاتە پێشن —سـڕب و کـروات و بۆشـناق- منـیش ڕابردویەکـی خـراپم لەگەڵ ڕێکەوتنامەکانی ئەوان هەبو بەتایبەت —تودجمان-ی سەرۆکی کرواتیـا، ئەمە هەر لە سـەرەتای یەکەمـی ڕسـتەی قسـەکانم دەرکەوت کە وتـم: (مـن ئەمـڕۆ بە ڕۆژێکـی مێژویـی ناونـانێم بەڵکـو ئەم حـوکمە جێـدەهێڵم بـۆ مێژونوسـان تـا لە داهاتویەکی دوردا حوکمی بەسەردا بدەن، ئەو حـوکمەی ئەوان ئەوە نـیە کە ئێسـتا لەبارەیەوە قسە دەکرێت بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە جێبەجآ دەکرێـت، لەگەڵ ئەوەشـدا من ئەمڕۆ بە ڕۆژی ویستنی هیوا ناودەبەم. ئێمە چەندین جاروبـار ئەوەمـان دوپـات کـردۆتەوە کە خوازیـاری یەکێتـی فیـدراڵین کە ١٨ مانـگ پـێش ئێسـتا لە واشـنتن باســمان کــردوە. بەپێــی ئەم ڕێکەوتنــامەیە بڕیــاری گەڕانەوەی ژمــارەیەک لە ئاوارەبوانمان داوە. هەرچەند هەنگاوێکی بچوکە بەڵام گرنگ و بەهادارە، بە هەردولا دەڵێم ئەمە تاقیکردنەوەی نـیەت باشـی و ئامـادەیی دەربـڕی جێبەجێکردنـی هەمـو ئەوانەیە کە لەسەری ڕێکەوتوین. سەلامەتی هاولاتیان مەرجی سـەرەکیە. ئـێمە لای خۆمانەوە سورین لەسەر سەلامەتی هاولاتیان، من بە هاوکاری و کـۆمەکی ئەمریکـا و ئەوروپـا دڵخۆشـم).. مـن فراینـۆ توجمـان-م خـۆش نەویسـتوە، هەردەم هەوڵـی داوە بەشێک لە بۆسنە دابڕێت بۆ خۆی جاکەم بو بێـت یـان زۆر، وا هەسـت دەکەم ئەو بە بیـردۆزەکەی —هنگتـۆن- بە یەکـدادانی شارسـتانیەتەکان سەرسـام بـو چێـژی

لێــوەردەگرت. هەر ئەم بەیەکــدادانی شارســتانیانە لە ڕوی تیــۆریەوە ئەو عــوزرەی داوەتــآ کە حەز لە بۆسـنە بکـات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کەسـێکی بەسـود بـو بـۆ کرواتیا و باقی وڵاتان. سودی بـۆ کرواتیـا زۆر بە قـیمەت بـو، بنـاغەی دەوڵەتێکـی باشـی بـۆ کرواتیـا داڕشـت کە لە داهـاتودا ببێـتە وڵاتێکـی دیمـوکراتی پێشـکەوتوە هەڵەکانی شتی کاتی بون دەکرا چاک بکرێن.

من بەگومان بوم لەوەی کرواتیا توانـای جێبەجێکردنـی ئەو وەعـدانەیان هەبێـت کە لە ئەستۆی خۆیان گرتوە. چونکە ٢ سـاڵی پێشـتر ئەم باسـە هـاتە ئـاراوە بەڵام چیبکەین هیچی ترمان لەبەردەمان نەبو دەبوایە تاقیکردنەوە بە دوای تـاقیکردنەوەدا بکەین. بەڵام ئەمجارە هەنگاوی گەورەترمان نا، ڕازی بوین بەوەی کاروبـاری دەرەوە بدەینە کرواتەکان —شاکر بیگۆڤیچ-ی ئێمە وازی لە پۆسـتەکەی خـۆی هێنـا بـۆ — بــرلتش-ی کرواتــی، ئەمریکیەکــانیش هانیانــداین کە ئەمە مەرجــی ســەرەتای دروســتکردنی دام و دەزگــای هاوبەشــە ئەو دەمەی ســەرایڤۆم جێهێشــت و بەرەو دایتـۆن چـوم لای خـۆم وام دانـابو دانوسـتانەکان دە ڕۆژی پێبچێـت. بەڵام دە ڕۆژ تێپەڕی و هیچ تروسکاییەکی هیوامان بەدینەکرد، ئەو هیوایەی لەگەڵ خـۆم هێنـابوم بۆ دایتۆن لێم ون بـو. کەمـم خـوارد، کەم خەوتـم. نیـوە شـەو لەخەو هەڵدەسـتام و دڵەتەپەم بــو. دیــارە هــۆلبرۆک هەســتی بە حــاڵەکەم کردبــو بــۆیە ئەو ڕۆژە لە کۆبونەوەکان تەواو بوین پێشنیاری ئەوە بۆ کردم کەوا یەکێک لە منداڵەکـانم بـا بێـت بـۆلام، بەڵام مـن پێشـنیارەکەم قبـوڵ نەکـرد. وا هەسـتمکرد هـۆلبرۆک هێنـدەی مـن ڕەشبین نەبو. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناڕەحەتی دڵم نزیکتر دەبومەوە، هەرواش بو دوای سێ مانگ دوچار بە ناڕەحەتی دڵ بوم، کە من دڵنیام سەرچاوەو هۆکارەکەی هیلاک بونەکانی دایتۆن بو.

١١/١١ لێرەوە جەولەی دوەمی دانوستانەکان دەستی پێکرد، لە درەنگانی شـەودا لەلایەن ڕادیۆو تەلەفزیـۆنی بۆسـنەوە پەیوەنـدیم پێـوەکرا، داخـۆ دانوسـتان بە کـوێ گەیشتوە؟، لە وەڵآمـدا وتـم تـا ئێسـتا هـیچ لە باسـە ئەسـڵیەکان ڕێکەوتنـی لەسـەر

نەکراوە، بەڵام لە یەک شت دڵنیام دەبێت شتێک بەش بکەین. زەوی یان دەسەڵات هیوادارێشم دەسەڵات بەش بکەین، بەم جۆرە شەو و ڕۆژ لە دانیشتن و دانوستاند بوین تا ١١/٢١ سەعات ١١:٤٠ خولەک بیل کلنتۆن لە باخچەی کۆشکی سپیەوە لە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسان ڕایگەیاند کەوا سەبارەت بە بۆسنەو هەرسک لایەنەکان گەیشتونەتە دەرەنجام. بەڵێ دوای چوار ساڵ شەڕ کە ٢٥٠ هەزار کەس تیایا بونە قوربانی و دو ملیۆن کەس ئاوارەو دەربەدەر بو. بەکاری تیرۆرستانە جیهانیان تۆقاند ئیتر ئەمە دەرفەتێک بو بۆ گەلی بۆسنە ماڵاوایی لە شەڕ بکات، بچێتە ناو ئاشتیەوە. سابینای کچم پێی ڕاگەیاندم ئەو کاتە ١١:٤٠ خولەک لە بۆسنە ٥:٤٥ دەقیقەی ئێوارە و کە گەڕامەوە ماڵ لە دەرگاکەوە تەلەفزیۆنەکەم بینی کە بیل کلنتۆن قسەی دەکرد و بە ڕۆژنامە نوسانی ڕاگەیاند کەوا گەیشتونەتە ئاشتی لە بۆسنە، بەلامەوە سەیر بو چونکە ئێمە لە کولیە باسی ئەوەمان دەکرد کەوا گەیشتن بە ئاشتی زۆر لەوە قورسترە کەوا بتوانن ڕێک بکەوین. وە هەواڵی ئەوە هات کەوا ڕێکەوتنامەکەی دایتۆن هەرەسی هێناوە و وەفدەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ وڵات و ئیتر بەیانیەکەی هەر لە بیری ئەوەدا بو چەند دانوستانێکی سارد و دورو درێژمان لەپێشدایە؟ چۆن بەیانی منداڵەکانم بەپێ بەرم بۆ قوتابخانەو لەو سەرەوە بە سەلامەتی بگەڕێنەوە؟! تۆ بڵێی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە؟! ئیتر نازانین تا کەی شەو و ڕۆژ لە ترس و دڵەڕاوکێ دا دەبین.. بەڵام ئێستا ئەوا ئاشتی هاتۆتە پێش، کە زانیم چی بە چی کراوە گەیشتونەتە ڕێکەوتن ئەوا خۆم پێنەگیراو دامە پڕمەی گریان.

من دڵنیام لەو شەوەدا زۆرێک لە پیاوان و ئافرەتان وەک سابینای کچم بیریان کردۆتەوە هەستیان بە ڕێکەوتنامەکە کردوە، کاتێک کە سەرەی من هات بۆ قسەکردن ئەوا وتم (ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژویە بۆ جیهان و بۆ بۆسنە، سەبارەت بە بۆسنە شەڕ —وەک ئەوەی هیوای بۆ دەخوازم- دەگۆڕین بۆ ئاشتی، سەبارەت بە جیهانیش کارەساتی بۆسنە و هەمو لێکەوتەکانی بە پلەی یەکەم مەسەلەیەکی

ئەخلاقیە، مەسەلەی ئەخلاقیش هەمو ئافرەت و پیاوێکی جیهان دەگرێتەوە. ئەو بەڵگەنامانەی واژۆمان کردوە ئەوە گرنتی ئەوە دەدات کە بۆسنە بە یەکپارچەیی و خاوەن سیادە دەمێنێتەوە. وە ئامادەییەکی تری کۆمەڵگای کراوەیە کە لەسەر لێبوردەیی و ئازادی بنیاد نراوە. ئێمە وای دادەنێین کە ئەم دەرەنجامە سەرەکیە و گەورەی دانوستان کە ئێستا واژۆمان کردوە دەبێت پێوەی پابەند بین ئەوەی لە ئەستۆی خۆمان ناوە لە بیرمان بێت ئێمە لەبارەی ئەمەوە داوای کۆمەک و هاوکاری لە جیهان دەکەین، ئێمە ئەم پشتگیری و هاوکاریەمان لە ئەمریکا و بەگەل و حکومەتەوە لەبەرچاوە. لەم کارە دودڵ مەبن چونکە دەبێتە کۆتایی هێنان بە ناڕەحەتی و زۆرێک لە خەڵکی وە ئاگری بەرەی شەڕ دەکوژێنێتەوە کە بۆتە مەترسی بۆ سەر ئاشتی هەمو ناوچەکە. سەبارەت بە گەلەکەم ئەوا پێتان دەڵێم، دەزانم ئەمە لەوێنەیە ئاشتیەکی دادپەروەرانە نەبێت، بەڵام عەدالەتی ئەمە لە بارودۆخێکی ئاواداولە جیهان بەو شێوە لە درێژەدان بە شەڕ باشترە، لەمە زیاتر ئاشتی بەردەست نەدەهات. خوا ئاگادارە کە ئێمە ئەوپەڕی توانای خۆمان بەخەرج داوە تا زوڵم و ناڕەحەتی لەسەر گەل و وڵاتی خۆمان کەم بکەینەوە). کە گەڕامەوە بۆ بۆسنە ڕۆژنامەنوسێک لێی پرسیم: مەبەستت چییە لەوەی کە وتت (لە بارودۆخێکی ئاواداو جیهان بەو شێوەیە..؟) لە وەڵامدا وتم: (ئەو جیهانە کە تیایا شەڕی ناعادیلانە هەڵدەگیرسێنێت و وە ئاشتی ناعادیلانەش دەسەپێنرێت، بۆ ئەوەی فەرەنسا —بەڵکو ئەوروپا- بەم ڕێکەوتنامەیە دڵخۆش بێت ئەوا بڕیاردرا ئاهەنگی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە پاریس بێت). (لە دایتۆن واژۆ کراو لە پاریس ئاهەنگ کرا) هەمو ئەوانەی لە دانوسانەکاندا بەشداربون ئامادەبون کە چەند سەد کەسێک بون. کەش و هەواکە ئاهەنگ بو، بەڵام من خۆزگەم دەخواست بە تەنها بومایە.

لەوێ لە سەرە وتاری مندا وتم: (گەل و پەرلەمانی ئێمە ڕێکەوتنامەی قبوڵ کردوە، بەڵام بەبێ حەماسەت و هەڵچونەوە، وەک ئەو کەسەی دەرمانێکی تاڵ

بخواتەوە بەڵام بەسود بێت بۆی، لەگەڵ ئەوەشدا خوازیاری ئەوەین و جەختیشی لەسەر دەکەینەوە کە ئەم ڕێکەوتنامەیەی کە واژۆ کراوە چاودێری بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئامانجی ئێمە ئەوسا و ئێستاش بۆسنەیەکی یەکپارچەی دیموکراتە، دەقی ڕێکەوتنامەکەش ئەمەی تیایە. جا ئەم پیتانە لەسەر کاغەز بە زیندویی بمێننەوە یان تا ئێستا هەر لەسەر کاغەز بە مردویی بمێننەوە، ئەوا بە شێوەیەکی گەورە بە خۆمانەوە پەیوەستە. چیمان دەوێت، چی بکەین، شەڕکردن لەپێناوی ئەم ئامانجانە کۆتایی نەهاتوە، هیچمان لێ دەست نەکەوتوە، ئیتر لێرەوە بە ئامڕازی ئاشتی دەجەنگین نەک بە هێزی چەک. ئەو چەکەی لێیان قەدەغە کردین بەڵام بەهێزی فیکرو باوەڕ ئێمە بڕوامان وابوە و بانگەشەی ئەوەشمان کردوە کە کۆمەڵگای فرە ڕەگەز و کراوە ئەوا باڵادەستەو شکست ناهێنێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ئەمە بۆ خۆمان و خەڵکانی دی بسەلمێنین. ئێمە لێرەدا دەمانەوێت پەیامێک بە سرپەکان بدەین و بڵێین جەنگ کۆتایی هات، کەواتە دەبێت خراپەکاریش کۆتایی پێبێت. ئێمە جارێکیتریش دەڵێین کە لەلای ئێمەوە شتێک نیە بەناوی تۆڵەسەندنەوە. پێویستە دادپەروەری و ماف بێتە ئاراوە و پێویستە لە هەمو شوێنێک دەستبەکار بێت. ئەو کەسانەی لە خانەوماڵیان دەرکراون پێویستە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەوانەی لۆمەکراون پێویستە سزا بدرێن. لەبەرئەوەی سزادان مافی مرۆڤە بەسەر کەسی تاوانبارەوە. پێویستە سرپەکان دەوری سەرایڤۆ بخرێنە بەردەم دو بژاردە یان بڕۆن وە یان بمێننەوە، ئێمە خوازیاری مانەوەیانین بە ژیانێکی سەلامەتیانە تاکە مەرجیشمان بۆیان ئەوەیە کەوا ڕێز لە بۆسنە و هەرسک بگرن ئەو بۆسنەیەی فەرمان بە ئازادی دەکات وە توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە. بانگیان بکەن با یارمەتی داراوسێکانیان بدەن کە بگەڕێنەوە سەر ماڵی خۆیان. پێیان بڵێین با هاوکاری دەسەڵاتی شەرعی بۆسنە و هەرسک بن لە جێبەجێ کردنی یاسادا، ئێمە داوا دەکەین لە گشت جیهان کە لەم ساتە مێژویەدا یارمەتی بۆسنەو هەرسک بدەن. هێزەکانتان بنێرن تا پەیمانامەی ئاشتی بچەسپێت، وە ئەو پەیمانەی لە

ئەستۆی خۆتان گرتوە بەوەی کە کۆمەکی ئابوری و نۆژەنکردنەوەی وڵات بکەن وجێبەجێکارین. بۆسنەش بە باشترین شێوە وەڵامی ئەم چاکەیەتان دەداتەوە بەوەی هاوکارێکی باشی ئاشتی و ئارامی ئەم بەشەی جیهان بێت).

ئیتر ئا بەم جۆرە شەڕ کۆتایی هات. دوای ئەوەی خەڵکی هۆکار و دەستپێکی شەڕیان لەبیرکرد. کەچی باڵۆنی گیروگرفتی (ئایا ئەم شەڕە شەڕی بەرگری بو لە دەستدرێژکاری)وەیان (شەڕی ناوخۆ بو؟)بە ئاسمانا هەڵدەدرا. ئەمەش بو بە تاقیکردنەوەیەک کە دۆست و دوژمنی بۆ جیاکردینەوە. بەلای دۆستەکانمانەوە شەڕێکی کلاسیکی بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی بو، بەڵام لەلای نەیارو دوژمنانمان ئەوا شەڕی ناوخۆ بو؟! بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆنی بۆسنی لەم بارەیەوە کە یەکلابۆتەوە چیە ئەوا بێدەنگمان، ئەمەش بێشەرمیەک بو بەوەی کە تاوانی هەڵگیرسانی شەڕی یەکسانانە بە سەر هەر سێ لادا دابەش دەکرد.

ئیتر دەرفەتێکی باش بو بۆ ئەوان کەوا پارتی کاری دیموکراتی کە سەرکردایەتی بەرگری لە وڵاتی لەئەستۆ گرت- ئەوا لەگەڵ پارتی یەکێتی دیمۆکراتی کرواتی و پارتی دیموکراتی سربی، بخەنە یەک سەبەتەوە. وە ئاسان بو بەلایانەوە کە بڵێن ئەمە کێشەو ململانێی ناوخۆ بوە خۆ ئەگەر ئەمە شەڕ و دەستدرێژی و پاکتاو کردن بوایە ئەوا جیهان ڕێگری دەکرد لەو خەڵکەی کە بەرشاڵاو کەوتون!، چونکە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری سزادانی ڕەشەکوژ و پاکتاوکارانی ڕەگەزی دەرکردوە،! هەرچۆنێک بێت ڕاستیەکان سەرکەوتن لە کۆتایدا سەرۆکی ئەمریکی بیل کلنتۆن بە ئاشکرا شەڕی بۆسنەی بە شەڕی دەستدرێژکاری ناوبرد، کە ئامانجی ئەوە بوە پاکتاوی ڕەگەزی بکات تا سربیای گەورە دروست بکات. کە تیایا حوکمی ئیعدامی بۆ هەمو ئاین و ڕەگەزە جیاوازەکان دەرکرد. وە بیل کلنتۆن وتی (ئەم حاڵەتی پاکتاوکردنە لە کرواتیا و بۆسنە بینرا، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵدا کرد کە وایکرد دەستدرێژکار و قوربانی وەک یەک بناسێت).

## دوای کۆنگرەی دایتۆن

(بە ویستی خوا ئاشتی لە چاوەڕێماندایە، نە لە ئێستادا بەڵکو بەم نزیکانە ئامادەی ئەو ئاشتییە بن. پێغەمبەرمان (ﷺ) کە لە جەنگێکی قورس و گران گەڕایەوە، فەرموی: ئێمە لە جەنگێکی ئاسانەوە بەرەو جەنگێکی قورس و گران هەنگاو دەنێین. واتە جەنگی ئاشتی، لە ڕاستیدا ئەوەی لە هاتنی ئاشتیدا چاوەڕێی دەکەین کارێکی هێندە ئاسان نیە. دەترسم ڕۆژێک بەسەرماندا بێت کە ئەو ڕۆژانەمان بهێنێتەوە بیر کە لە شەڕ زیاتر لەبیری هیچدا نەبوین. مرۆڤ کاتێک کە نەخۆش بێت، ئەوا یەک حەزی لەلایە ئەویش چاکبونەوەیە، جا کە چاکبوە لەولاوە حەزی بۆ شتی تر دەجولێت، ئیتر هێندەی ئەو کاتە بەختەوەر نابێت کە لەسەر جێگە کەوتبو چاوەڕێی یەک حەزی دەکرد ئەویش حەزی چاکبونەوەیە. ئێستا ئێمە وەک ئەو پیاوە واین. کە جەنگ وەستا ڕێگا خۆش دەبێت و هەمو شت دیار دەبێت. ئێوە زۆربەتان لاون و وریاو بەئاگابن هێشتا کۆسپ و تەگەرەی زۆرتان لەپێش ماوە.. پیشەسازی تێکشکاو، بێکاری، برسیەتی.. ئێستا جیهان خۆراکمان دەداتێ، ئێستا دەوڵەمەند کە لە شەڕدا سودمەند بون ئەوا خەڵکانی بێکار دەچەوسێننەوە. کەواتە دەبێت لە کاتی ئاشتیدا ئێوە جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و ئامادەبن، لە خەیاڵدا مەژین و خەیاڵ پڵاو مەبن، ئێمە وڵاتێکین بە دەیان هەزار بریندار و پەککەوتە تازە پێمان لە شەڕ دەرهێناوە کە زۆرینەیان تازە هیچ کارێکیان پێ ناکرێت، چاوەڕێی ئێمەن یارمەتیان بدەین، خێزانێکی زۆر بێ سەرپەرشت ماون دەبێت سەرپەرشتی بکرێن کەسێک پارویەک نانیان بۆ پەیدا بکات، منداڵێکی زۆر هەتیو کەوتون. من ژمارەم بیردەچێتەوە، بەڵام لەبیرمە ئافرەتێک ناوی فاتمە یان سومەیە بو ژمارەی منداڵانی هەتیوی باسکرد کە ئەوان سەرپەرشتیان دەکەن، جێی مەترسیە. بابەت زۆرن و نایەنە ژمار ئەگەر باس لە دادپەروەری و زوڵم بکەین کە ناکرێت خۆیان لێ ببوێرین. بۆیە من دەڵێم و دوبارەی دەکەمەوە.. خوایە لەگەڵمان بە.) ئەم قسانەم لە کۆنگرەی پارتی ئیسلامی

دەسەڵاتدار —پارتی کاری دیموکراتی- پێش ٢٠ ڕۆژ لە ڕێکەوتنامەی دایتۆن باس کرد.

پێشینەی ئەوەم نییە کە وتار و لێدوانەکانم پەرچەکرداری توند بوبێتن. وەک ئەوەی لەسەری ساڵی ١٩٩٦دا لێدوانم دا، لە ڕاستیدا من نەیاری خۆم لەبارەی چۆنیەتی ئاهەنگێڕانی هەندێک کەس لە کۆتایی ١٩٩٦ دەربڕی، ئەمەش لەو نامەیەدا دەبینن کە ئاڕاستەی سەرنوسەرانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنم کرد. لە کە بە لێدوانی بەفرە باپیرە ناسراوە لە ١٩٩٦/١/٢.

بەڕێزان... هەستی نیگەرانی یەخەی گرتم.. دوای ئەوەی دوێنآ شەو سەیری هەواڵەکانم کرد، سەیری ئەو شتەم کرد کە ئێوە ناوتان نابو ئاهەنگی سەری ساڵی تازەی بۆسنە، من دڵنیام زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێمە و بە تایبەت جەنگاوەرەکانمان دوچار بە نیگەرانی و ناڕەحەتی هاتن. دوای ئەوەی ئەو دیمەنەتان بڵاوکردەوە لە ڕاستیدا بەلایانەوە سەیر بو پرسیاریان ئەوە بو ئایا ئەوان لە کوێدا دەژین.؟ لەبەرئەوەی ئەو ئاهەنگەی ئێوە پەخشتان کردەوە وەک بۆنەیەکی نیشتمانی بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە ئەوا تایبەت بو بە کەمینەیەک لە خەڵکی بۆسنە، بە دیاریکراوی ١%ی تێنەدەپەڕاند. باشە ئەی ٩٩% کەی تر چی؟! ئەگەر بڵێن ئەوان بۆ خۆیان ئاهەنگیان گێڕاو دەرفەتی ئەوەیان بۆ هاتە پێش. با ئاهەنگێکی —متواچع- بگێڕن، با وا نەبێت هەست و شعوری ئەوانە نەشکێنن کەواماڵیان لەدەستداوە، کەسی نزیکی خۆیان لەدەستداوە... تەنها بەوەی کۆمەڵێک کەسی خراپ و بێشعوری دڵ مردو ئازایەتیان نواند بە مەستی و سەرخۆشی لەبەردەم کامێرادا خۆیان نیشاندا لە کاتێکدا گۆڕەکانمان خوێنیان لێ دەچۆڕێت. وەک ئەوەی هیچ ڕوی نەدابێت ئێوەی سەرنوسەرانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەشێک لەو بەرپرسیاریەتیە لەئەستۆ بگرن. ئێوە ئەوەتان نیشانداو هیچ قسەیەکتان لەسەر نەکرد. دیارە بەلاتانەوە کارێکی باش بوە، ئێمە وڵاتێکی ئەوروپین. بەڵام واتای ئەوە نیە ئیتر دەرگامان بە ڕوی هەمو بێڕەوشتی وپۆخڵەواتی ئەوروپیدا لەسەر پشت

بێت. وەک مەیخواردنەوەو بێڕەوشتی و ماددەی هۆشبەر و بەرەڵایی و سەرکێشی بە هەمو جۆرەکانیانەوە ئێمە ڕێز لە وردبینی ئەوروپی دەگرین، ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانیان دەگرین، ڕێز لە ڕێزگرتنیان لە ڕێکخستن دەگرین، بەڵام دوای ئەمریکا و ئەوروپا ناکەوین، هەرچی ئەوان کردیان ئێمەش بێکێشانەو پێوانەی خۆمان لاساییان بکەینەوە. داواتان لێدەکەم تەقالید و ڕەوشتی و ڕەمزی ناجۆر بەسەر گەلەکەماندا مەسەپێنن. هەرکەس حەزی پێیەتی لە ماڵی خۆیدا ئازادە، تەلەفزیۆن دەزگایەکی گشتیە، خەڵکی ئێمە ئەوەندە سادەو ساکار نیە ئاوا لوتیان ببڕن، سروشتی حاڵ وایە ناگەینە ڕێگرتن، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە کە خەڵکی ئێمە ئەوە ڕەتدەکەنەوەو لێی بێزارن کەوا بەزۆر بەهاو ئەخلاقی نامۆ لەلایەن هەندێکەوە بەسەر خەڵکەکەماندا بسەپێنرێت. ئەم کارەش بەناوی ئازادی ڕۆشنبیری دەکەن. کە لە ڕاستیدا هەم ڕۆشنبیریەکەیان هەڵەیەو هەم ئازادیەکەیان).

دوای ساڵ و نیوێک، کاتێک مەسەلەی —بەفرە باپیرە-م لەبیرچو بۆوە، لە سەرنوسەری نیویۆرک تایمز —ئوکونور- نامەیەکم بەدەست گەشت کە داوای لێکردبوم لەسەر چەند مەسەلەیەک پێکەوە قسە بکەین. یەکێک لەو مەسەلانە کە بە دیاریکراوی لەلایەن ئەوەوە هێنرایە بەرباس مەسەلەی (قەشە نیکۆلاس) بو ئەویش دیارە ئاماژەی بەو ڕاپۆرتەی من دابو کە لەبارەی (بەفرە باپیرە) نوسیبوم بۆیە لە ١٩٩٦/١٢/٢٨دا بۆم نوسی: (بەڕێز کونور... هەستم بە خراپ تێگەیشتنێکی گەورەو پێکەنیناوی کرد.. ئەویش ئەوەیە کە دو کەسایەتی هەن ئاڵۆزن و لە یەکیش دەچن، بەڵام تەواو لەیەک جیاوازن، جا ئەگەر بمەوێت وردتر بم دەبێ بڵێم ئەو دوانە لە ڕوخساردا هاوشێوەی یەکن بەڵام لە ناخدا لە یەک جیاوازن. (سانتا کلۆز) و (بەفرە باپیرە) یەک جۆر بەرگ دەپۆشن، زۆربەی جار لە یەک کاتدا دەردەکەون. لەبەرئەوە خەڵکی بەزۆری دەکەونە هەڵەوەو لەیەکیان جیاناکەنەوە جا چ لێرەوە یان لە ئەمریکا خەڵکی جیاوازیان لە نێواندا نابینن، بەڵام —بەفرە باپیرە- ئەوا لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوەوە سەرچاوەی گرتوە و لە سەری ساڵدا

دەردەکەوێت. لێرە لەو خاکەی یوگسلاڤیای پێشو هەروەک زۆربەی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشو ئەوا سانتا کلۆز و قەشە نیکۆلاس بە ئاشکرا بونی نەبوە. تەنها —بەفرە باپیرە- بونی هەبوە کە ئەویش لە سەرەتای ساڵدا دەرکەوتوە. هیچ پەیوەندی بە ئاینیشەوە نەبوە. ئەمەش لە وڵاتانی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو دوای شۆڕش داهێنرا وەک هەوڵێک بۆ کۆتایی هێنان بۆ ئەو تەقلیدە ئاینیە. لە نامەیەکی کراوەدا کە لە سەرەتای ١٩٩٦دا نوسیومە وەک پەرچە کردارێک بەرامبەر هەڵسوکەوتی نەشیاو و دور لە ئادابی هەندێک کەس لە ئاهەنگی سەری ساڵدا ئەوەم یادخستنەوە کە ئێمە ئێستاش برینەکانمان خوێنیان لێ دەچۆڕێت. لەوەدا باسمکردوە کە لاسایی کردنەوەی —بەفرە باپیرە- بەشێک نەبوە لە داب و نەریتی ئێمەو ناشبێت. لێرە لە بۆسنە بەشێوەیەکی جوان و شەرەفمەندانە سەری ساڵ بەرێدەکەین، موسڵمانەکان ڕێز لە داب و نەریتی ئەوانی تر دەگرن، بەڵام ئامادەی ئەوەیان تیایا نیە کە وەک شتێکی تایبەت بە خۆیان وەریبگرن. دانیشی پیایا نانێن. هیوادارم ئەم ڕونکردنەوەیەم بگاتە خوێنەرانتان. هەروەک هیوادارم بەبۆنەی ساڵی تازەوە جەژنی سەری ساڵەوە پیرۆزبایان پێ بگەیەنن).

لە ١٧/شوبات/١٩٩٦ بانگهێشتی ڕۆما کرام تا لە دیداری یەکەمی سەرۆکایەتی کرواتیا و سرپیا و بۆسنەو هەرسک ئامادەبم. ئەمەش دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی دایتۆن ڕۆژی ١٦/شوبات کە ڕۆژی سەفەرەکەم بو بۆ ڕۆما هێزەکانی ئاشتیپارێز —ناتۆ- لە (بوگریلتسا) کارێکیان ئەنجامدا. ئەویش دۆزینەوەی بنکەیەکی وەزارەتی ناوخۆمان بو لە سەر گردێکی ١٦ کیلۆمەتر خوار سەرایڤۆ. ئیتر ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان کەوتنە مانشێت نوسین (هێزەکانی ناتۆ لە بۆسنە بنکەیەکی ناشەرعی ئێرانی دەدۆزنەوە، چەک و پێداویستی تیرۆر ئاشکرا دەبێت.. عەلی عیزەت بیگۆڤیچ ڕێکەوتنامەی دایتۆن پێشێل دەکات...) من پێشتر هیچم لەبارەی ئەم بنکەیەوە نەدەزانی، بەڵام ئەگەر ئەو وروژاندن و گەورەکردنەی ڕۆژنامە بخەینەوە لاوەو لێی وردبینەوە دەبینین تا ڕادەیەک ڕاستی تیایە. بەڵێ چەک و پێداویستی گوماناوی

تیایا دۆزرایەوە، وەزیری ناوخۆمان —باکیر علی سباهتچ- ڕایگەیاند ئەمانە بۆ مەشق بون، بەڵام تەنانەت دۆستانی وەک ئێمەش باوەڕمان بە قسەکەی نەکرد. لەبەرئەوە لە پۆستەکەی دورکەوتەوەو ڕۆیشت. وا هەست دەکەم ڕۆژنامەوانانی ناتۆ پێشتر ئەمەیان زانیوە بەڵام ئاشکرایان نەکردوە و هەڵیان گرتوە بۆ ئەو کۆبونەوەیەی ڕۆما تا منی تیایا تەنگەتاو و ناچار بکەن و کارم قورستر بکەن. ئیتر دیارە هەڵوێستی من لە ڕۆما زۆر لە قورسی و ناڕەحەتیدا بوم، گفتوگۆی گەرممان لەسەر شاری مۆستار بو، دەبوایە بەپێی ڕێکەوتن دەسەڵات یەشکرایە من دەستبەرداری چەند مەڵبەندێکی شارەکە بومایە. ڕۆژی شەممەو یەکشەممە تا ئێوارە خەریکی گفتوگۆ و نوسین و گۆڕین و ڕەفزکردن و... هتد بوین تەواو پەکم کەوت. ئەگەر من دەستبەرداری هەندێک دامودەزگا ببم ئەوا گەلەکەم وا دەزانن ڕوخاوم. ئیتر کرواتە توندڕەوەکان دەیکەن بە ڕۆژی خۆیان. ئەگەر ڕازیش نەبم ئەوا یەکێتی ئەوروپا شارەکە جێدەهێڵێت بە کورتی ئەمەش ماڵاوایی کردنە لە یەکرێزی هەردولا بە دڵەڕاوکآ گوێیان لەو قسانە دەگرت کە لە ڕۆما دەکران. بەو ڕۆژنامەنوسەم گوت کە خەریکی نوسینی ڕاپۆرت بو لەسەر کۆنگرەکە بەم وشەیە دەستپێبکات (ئەم شوێنە نەخۆشخانەی شێتەکانە).ناخۆشی بەڵاو ناڕەحەتی لەوەدایە یەک بەدوای یەکدا بێن جاری وایە هەمویان بەسەر یەکدا دێن. پەیمانم دابوە بەشی پەککەوتویی نەخۆشخانەی حکومەت کە لە یەکەم ڕۆژی پشودا سەردانیان بکەم. پێش ئەوە چوم بۆ مزگەوت تا نوێژی جەژن بکەم، لانیکەم لەگەڵ هەزار کەسدا تەوقەم کرد، قسەکردن لەگەڵ پەککەوتەکاندا قسەکردنە لەگەڵ کەسانێک کە هیوایان بە ژیان نەماوە. ماوەی دو سەعات لەلایان مامەوە گوێم لە دانە دانەیان گرت. هەستمکرد توانای قسەکردن و بیرکردنەوەم نەماوە. من چی بە کەسانێک بڵێم کە وا هەست دەکەن کە ئیتر باقی تەمەنیان لە هەمو شتێک بێبەشن؟ لە دوەم ڕۆژی جەژندا کە ڕۆژی ئەو شەهیدانەمانە کە لە جەنگدان شەهید بون لە گۆڕستانی شەهیدان دایکان و هاوسەران و خوشکانی قوربانیانی شەڕ باسیان لە هەڵوێستی خۆیان کرد کە

چەنـد لە بـارگرانی و ناڕەحەتیـدان. لە چاویانـدا داواکـاری دەخـوێنرایەوە. منـیش هیچم پێنەدەکرا بۆیان. تەنانەت نەمدەتوانی لە ئازار و ناڕەحەتیـان تێـبگەم. بـزانە دەبێـت هەسـتت چـۆن بێـت بـۆ کەسێک کە بـاوک و کـوڕ و هاوسـەری لەدەسـت دابێت؟ ئایا کەسێک ئەم تاڵاوەی نەچەشتبێت لێـی تێـدەگات. ئەو ڕۆژە زۆر قـورس و گران ڕۆیی. بۆ ئێوارەکەی چومە هەندێک سەردانی تەقلیـدی جەژن بـۆ لای بـراو هەرسێ خوشـکەکەم. لەم مـاڵ بـۆ ئەو مـاڵ دەچـوم بەڵام تـامی جەژنـم نەدەکـرد. ویستم لە ئاهەنگی پێشوازی دەستەی زانایان بەشدار بم، چی دەبێـت نەچـم؟ چـوم بەڵام پڕ بە دڵ حەزم دەکرد جەژن کۆتایی پێبێت.

لە بەیانی ڕۆژی دوایدا هەستم بە ئـازارێکی تونـدکرد لە سینەمدا گواسـتیانمەوە بۆ نەخۆشخانە، دکتۆر نەخۆشیەکەمیان بە نـۆرەی سـنگ —ذبـحە صـدریە- دیـاری کـرد. مـاوە مـاوە هەواڵـی ئەوە دەهـات کە هەنـدێک کەس پـلەو پۆسـتیان بـۆ ئەوە بەکاردەهێنـا تـا دەسـت بەسـەر شـتێکدا بگـرن کەوا هـی خۆیـان نـیە. بەڕاسـتی (دەسەڵات خەڵکی خراپ دەکـات.) ئەم یاسـایە لە بۆسـنەدا خـراپ کـاری خـۆی کردوە.

لە ٦/تەممـوزی ١٩٩٦ نـامەیەکی کـراوەم ئاڕاسـتەی هەمـو ڕێکخـراو و لقەکـانی پـارتی کـاری دیمـوکراتی کـرد لە بۆسـنەو هەرسـکدا. کە تیایـا وتـم: ئەو هەواڵە ناخۆشـەم پێگەیشـت لە هەنـدێک شـارەوانیدا هەلـی کـارکردن ناعـادیلانە دابەش دەکرێـت، ئەو سـەربازانەی ڕەوانەی مـاڵ کـراونەتەوە بـاس لەوە دەکەن کە ئەوانـی تیایا بێبەش کراوە. زۆربەی هەلی کار بەوانە دراوە کە لە شەڕدا سـودمەند بـون وە یان بۆ کەسانی هاوڕێ و خزمی کەسانی پـلە بـاڵایە. ئەگەر ئەم سـکاڵایە هەنـدێک ڕاسـتی تیایـا بێـت (لە بەدبەختـی وا دیـارە وایە و بەشـێکی زۆری ڕاسـتە)، ئـاوا ئاماژەیە بەوەی کەوا هەستی مرۆڤدۆستی و سیاسیمان شکسـتی هێنـاوە، مرۆڤدۆسـتی لەوەدا کە جەنگاوەرانمان شایەنی چاودێری کردنن و پەیمانی ئەوەشمان داونەتـێ وە لە ڕوی سیاسیشـەوە ئەوا ڕوبەڕوی ناڕەزایەتیـان دەبیـنەوە لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوام

لێمان تورِەن، کە حەقی خۆشیانە. حەزدەکەم جوان گوێ لەم پرسە بگرن، لە هەوڵی ئەوەدابن لە نوسینگەی کاردا خراپ بەکار نەهێنرێت. یاساو رِێسای لاواز و بودەڵە دروست مەکەن، ئەگەر یاسا و رِێسا نادادپەروەر و نارِاست بو بیگۆرِن و یان پێشنیاری گۆرِینی بکەن. بەبێ سستی نواندن ئەوەی لە تواناتاندایە لەپێناوی قەلاچۆکردنی زوڵمدا لە هەوڵدابن. لە ماوەیەکی نزیکدا داوای رِوبەرِوبونەوە _مناظرە-یەک لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە لەبەردەم هەمواندا دەکەم —رِۆژنامەو تەلەفزیۆن- تۆمەتبارانیش بانگهێشت دەکرێن تا بێن بەرگری لە خۆیان بکەن.

سیدران: مـن نوسـەرم حەز دەکەم ژیـانی مـرۆڤ لە سـەرەتاوە دەسـت پێـبکەم. هەمـوان دەزانـن ئەو شـارانەی تـۆ لە ژیاننامەکەتـدا بە گرنـگ و بەهـاداری ژیـانی خۆتت زانیـون —بەلگـراد، شـاماتس، سـەرایڤۆ-یە، ئایـا زانیـاری وردتـر و ڕونترتـان لەبارەی ئەم شارانەوە لەلایە. —بەلگراد- لای تۆ چیە؟ ڕیشەی خێزان و هاتنتان بۆ بۆسنەو بارودۆخی مێژوی ئەو شارە چیە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: خێزان و بنەماڵەی ئێمە تا سـاڵی ١٨٦٨ لە —بەلگـراد- ژیاون. ئەم ساڵە ئەو ساڵەیە کە موسـڵمانەکان ئەم شـارەیان جێهێشـت و کۆڕەویـان کرد. هەنـدێکیان بەرەو —ئۆجیتسـا و بەشـێکی تـر بـۆ تورکیـا وڵاتیـان جێهێشـت. هەندێکی تریان لە —شـاماتس- نیشـتەجێ بـون. ئەو کـاتە ئەم شـارۆچکەیە بـونی نەبوە. پێش چەند ڕۆژێک کتێبێکم لەبـارەی ١٠٠ سـاڵەی دامەزرانـدیەوە خوێنـدەوە. کتێبەکە ساڵی ١٩٦٨ چاپ کرابو، یەکەم جار ئەم شـارۆچکەی —شـاماتس-ە نـاوی —عەزیـزیە- بـو ئەمەش بـۆ موبـارەکی نـاوی —سـوڵتان عەزیـز- کە ئەم زەویەی بەخشیە ئەوانەی لە بەلگرادەوە کۆڕەویـان کردبـو، ئیتـر کۆمەڵێـک خێـزان کە کـارو کاسـبیان جوتیـاری بـو لێـرە نیشـتەجێ بـون. مـن نـازانم چـۆن خـانو و ماڵیـان دروستکردوە.

سیدران: باشە ڕاستە دەڵێن ئەو کاتە —عەزیزیە-ی سـەرو وە عەزیـزیەی خـوارو هەبو کە هەردوکیان لەسەر ڕوباری —ساڤا- بون؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: ئەگەرێکی نـزیکە، بەڵام مـن هیچـی وا لەبـارەی ئەمەوە نازانم. ئەوە دەزانم باپیرم کە ناوی —عەلی- بو من بەنـاوی ئەوەوە نـاونراوم، ڕیـش سـپی و ئەنجـومەنی —شـاماتس- بـو ئەمە پـێش جەنگـی جیهـانی یەکەم، ئەودەم نەمسا حاکمی وڵات بو. مادام باسی باپیرمت کرد حەز دەکەم شـتێکی بـاس بـکەم کەوا پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی منەوە هەیە. دوای کوشتنی —فردینانـد- لە سـاڵی

١٩١٤ لەلایەن سـرپێکەوە، ئەوا نەمسـاویەکان لە بۆسـنەو هەرسـک کەوتـنە بە بارمەتەگرتنی سرپیەکان، بەڵام لە —شاماتس- ئەم کارەیان بۆ نەکرا چـونکە بـاپیرم ڕێگری لێکردن. ئەمەش ساتەوەختێکی گرنگی ژیانی تایبەتی منە. لە ساڵی ١٩٤٤ سرپیەکان دەستگیریان کردم هەڕەشەی مەرگم لەسەر بـو، بەڵام کۆمەڵێـک سرپ کە بەمەیان زانـی چـون بـۆ لای سـەرکردەی سـرپەکان ئەو هەڵوێستـەی باپیرمیـان بـۆ باسکرد کە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا چۆن ٤٠ سرپی ڕزگار کردوە، ئیتر دەبێت ئەوانیش ئەم چاکەیـان لەبەرچـاو بێـت. بەهـۆی ئەم هەڵوێسـتەی ٣٠ سـاڵ لەوەو پـێش سەربەرزانە سەرسەلامەت دەرچوم.

سیدران: باوکت ئیشوکاری چی بو؟

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: بـاوکم خەریکـی بازرگـانی بـو، بەڵام زەرەری کـرد و مایەپوچ بو. خۆی باش لێی نەدەزانی شەریکێکی هەبـو ئەویـش فێڵـی لێکـرد، ئیتـر دوچـار بە زەرەر هـات. مـن تەمەنـم دو سـاڵ بـوە چـوین بـۆ سـەرایڤۆ. بـۆیە مـن ئەوەندەی خۆم بە —سەرایڤۆ-یی دەزانم ئەوەندە خـۆم بە —شـاماتس- نـازانم. مـاوە ماوە لە پشوی هاوینەی خوێندندا دەچومەوە بۆ ماڵی مامەکانم لە شـاماتس کە ئەوان هەر لەوێ دەژیان، بەڵام من لە ١٩٢٧ لە سەرایڤۆ دەژیم.

سیدران: ژیانتان لە سەرایڤۆ چۆن بو؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: گران بو، باوکم کارمەندی کۆمپانیایەکی بچوک بو، ئـێمە ٥ منداڵ بوین، من و براکەم و ٣ خوشکم. ساڵی ١٩٤٣ ئامادەیم تەواو کـرد، ئەودەم دەبوایە بڕۆیشتمایە بـۆ سـەربازی، بەڵام نەچـوم و بڕیـاری ڕاکـردن لە سـەربازیمدا، کاتێک کە چوم بۆ گراداتشاتس لەوێ —تەشتنیک- و ملیشیاکانی حـاجی ئەفەنـدتیچ ی موسڵمان شارەکەیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام جۆرێـک ئاگربەسـتیان لەنێـوان خۆیانـدا ڕاگەیاند بو. ئیتر لەم ناوچەیە هیچ کام لە موسڵمان و سرپەکان لە مـاوەی جەنگـی جیهانی دوەمدا هیچ جۆرە تاوانێکیان بەرامبەر بە یەک ئەنجام نەدا.

سیدران: واتە جەنابتان دواناوەندیتان لە سەرایڤۆ تەواکردوە، چەندە خۆت ون کرد؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: من لە ١٩٤٣ ڕامکرد و خۆم شاردەوە، جار جار بە دزیەوە لە بۆنەی تایبەتدا دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە سەرایڤۆ. ساڵی ١٩٤٤ بە تەواوی هەر خۆم شاردەوە بەلام لە ١٩٤٥/٤/١ کە بەهۆی نەخۆشی گرانەتاوە گەڕابومەوە بۆ ماڵ، ئەوا شەوی ٤/٦\٥ لە دەرگامان درا ئیتر کە چاک بومەوە چومەوە بۆ سەربازی و ماوەی داواکراوم تەواو کرد.

سیدران: دیمەنێکی تر لە ژیانت بە کارێکی ناعادیلانە کۆتا دێت ئەویش کەسێکی بێتاوان ١٤ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت. سیمای ڕوخساری بێدەنگی و تورەیی لێدەخوێنرایەوە، ئەمیش لە وێنەکەدا دیارە، دیارە ڕوخساری سۆکراتیش هەروا بوە یان من بەلامەوە وا بوە، ئەویش دوای ئەوەی دادوەرانی _ئەسینا- فەرمانی ئیعدامیان بەسەردا دەبوایە خۆشی بە پەرداخە زەهرەکەفەرمانی مەرگی بەسەر خۆیدا جێ بەجێ بکردایە. بەڵێ ساڵ ساڵی ١٩٨٣یەو تۆمەتیش دژ بە بیرمەندانی ئیسلامی هەڵبەستراو و ئامادە کراوە. تاوانباریش عەلی عیزەت بیگۆڤیچ-ە کە خۆی پارێزەیە. دوای ئەو بەرگری لە خۆکردنەی کێ دەیتوانی بڵێت کە تاوانبارە؟ کەس، لە شوێنی پەنهانی ئەم دنیایە کە پەڵەیەکی شەرمە بەسەر بۆسنەدا درا. ئەم دادگایی کردنە ئەنجام درا. ڕایان نەگەیاند کە ناهێڵن کەس ئامادەی دادگایی کردنەکە بێت، بەڵام بینەران بە ژمارەی دەست دەژمێردران. حکومەت هۆڵێکی بچوکی بۆ دادگایی کردنەکە دیاری کردبو. ئیتر کاتێک کە داواکاری گشتی و پیاوانی ئاسایش و ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە خۆیان حەزیان دەکرد بێن هاتن شوێنێک نەمایەوە تا کەسێکی تری لێ دانیشێت. دوای ماندوبونێکی زۆر شتێکی وەک مۆڵەت پێدانم دەستخست. ئەویش بەهۆی هاوڕیەکی کچەوە کە سکرتێری دادگایە. ئەو وێنەیەی کە هەر لە خەیاڵمدایەو ناسڕدرێتەوە. ڕوخساری عەلی عیزەت بیگۆڤیچ-ە کاتێک کە دەقی

بڕیاری زیندانی کردنی بەسەردا دەخوێننەوە من دوای ١٠ ساڵی تر هەمان وێنەم بینیەوە ئەویش کاتێک بو لەگەڵ یەکێک لە هەرە جەلاد و خوێنڕێژەکان لە پشت مێزێکەوە دانیشتبون. (ئەو کەسایەتیە خوێنڕێژە پێی وتبو وە ویستبوی پێی بڵێ کە موسڵمانان لەم شەڕەدا هەر دۆڕانیان بەر دەکەوێت. من زۆر گرنگی بە بایەخدانی جەنابتان دەدەم کە لەبارەی ڕۆحانیاتەوە پێوەی خەریکن هەروەک بایەخدانتان بە بواری فەلسەفەو ئەدەب لەو سەردەمەدا چۆن بوە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بڵێم لە بەختەوەریمە یان بێبەختیم کەوا من زۆر دەخوێنمەوە، جاری وا هەیە کتێبی وا لە بواری فەلسەفەدا دەخوێنمەوە کە هیچ بایەخێکی وای نەبوە، لام وایە زۆرتر کاتی خۆم بۆ زمانی ئینگلیزی تەرخات بکردایە تا ئینگلیزیەکەم باشتر بوایە. چونکە ئەم کارەی ئێستام پێویستی بە ئینگلیزی زانینی زیاترە. ئەگەر پێشتر ئەم کارەم بکردایە باشتر دەبو ئەگەر کاتی خۆم بدایە بە ئینگلیزی و فەڕەنسی باشتر بو لەوەی کاتی خۆم دایە فەلسەفەی هیندی. چونکە نازانم ئەم فەلسەفەیە هیچی پێ بەخشیم یان نا.

سیدران: بۆ گەنجێک کە لە سەرەتای تەمەنیدا بو چ سودێکی لێ بینی؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: وەک ئەوە وابو کە ئەو دەقانە قوت بدەیت هەندێکیشی بەری قوڕگت بگرێت.

سیدران: من ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە کتێب و کارانەم بەناڕەحەتی ڕوبەڕوی دەبمەوە.

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: من ئەو کاتە —بهاد غافا جیتا-م خوێندەوە کە بەشێکە لە داستانی —مهاباهاراتا- ئیتر دوچار بە حاڵەتێکی کردم کە چۆن دوچار بە ئازاری ددان دەبیت پاشان ئازارەکەی دەشکێت. منیش وام لێهات. جاری وا هەبو کە وازم لێدەهێنا تا ٣-٤ مانگی تر هیچم بۆ نەدەخوێنرایەوە. هەمو کارەکانی دیستۆڤیسکی و تۆلستۆی-م خوێندۆتەوە دەکرێت بڵێم هەمو نوسینەکانی —کانت-

یشم خوێندۆتەوە. ئەمانەم هەموی لە ١٩ ساڵیدا خوێندۆتەوە. ئەو کتێبەی —کانت- ڕەخنەی عەقڵی ڕەها- تا ئێستاش هەندێ بەشیم لەیاد نەماوە.

سیدران: چونکە ئێمە بەسەر باس و خواسی زینداندا بازمان دا ئەوا دواتر باسی لێ دەکەین. شتێکی باشە ئەگەر ئێستا باسی سروشتی ژیانی زیندانم بۆ بکەیت، چ یەکەمجار وەیان دوەم جار. باسی سیاسی و یاسایی نا، ئایا لە کاری تاقەت پڕوکێنی ڕۆژانە بەخشرایت، جیاوازی نێوان زیندانی کردنی جەنابتان لە یەکەمجار و دوەم جاردا چی و چۆن بو. ئایا کارەکان هێندە گران بون کە نەدەکرا خۆی لەبەردا بگیرێت، باشە لاوێکی ١٩ ساڵە کە لە سەر —سیاسەت- بەند بو چۆن لەگەڵ ئەو زیندانیانەی تر دەژیا کە زۆربەیان لەسەر کاری تاوانکاری گیرابون و خاوەنی ئاکارو پێشینەی باش نەبون؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: وەک دەبینین لە دوای جەنگی جیهانی دوەمەوە شتێک هاتە ئاراوە بەناوی زیندانی سیاسی. لەڕوی سەرژمێریەوە ٩٠%ی زیندانیەکانی زیندانی سیاسی بون. ١٠% تاوانکار بون، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٨٣ خرامەوە زیندان شتەکە تەواو پێچەوانە بو ٩٠% تاوانکاران و ١٠% سیاسی بون. لەبەرئەوە زیندانی کردنی یەکەم جارم بەلاوە ئاسانتر بو وەک لە زیندانی کردنی دوەم جار کە خستبویانمە ناو تاوانکارانەوە، بەڵام هیچ یادەوەریەکی خراپم لەبارەی ئەو زیندانی کردنەوە لەلا نیە. لە یەکەم جاردا من تازەلاو بوم کەسانی هاوڕێم هەڵگری بیروباوەڕێکی جیاوازبون بۆیە بە چرپە قسەمان دەکرد، بەڵام لە دوەم جاردا من پارێزەر بوم وە پارێزەریش لە زینداندا خاونی پلەو ڕێزێکی تایبەتە. بەندکراوەکان پێویستیان بە پارێزەر هەیە تا سکاڵایان بۆ بنوسێت و داواکاریان بۆ بەرپرسان بنوسێت. ئیتر ئەم کارەم وای کرد کە لەناو ئەواندا ببمە کەسێکی خاوەن ڕێزی تایبەت و خۆشەویستیان بم.

هەندێ جار شتی وایان بۆ باس دەکردم کە لە کاتی لێکۆڵینەوەشدا دانیان پیادا نەنابو. ئیتر بەم جۆرە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەوانم دەزانی ، بەندکراوە حوکمدراوەکان لە بارودۆخێکی خراپدا بون چونکە هاوسەرەکانیان جێیان هێشتبون. لێرەوە رێ و رەسمی تەڵاق دەستی پێدەکرد. لەمیانەی نوسینی ئەو نوسین و داواکاریانەیاندا مرۆڤ هەستی بەو قەیران و نارەحەتیە دەکرد کە بەرۆکی ئەوانەی گرتوە دوچار بە تەڵاق بونەتەوە. لەلایەکی ترەوە تاوانکاری زیندان هەمویان وەک ئەوەی بە خەیاڵماندا دێت وەک یەک خراپەکار نەبون بگرە کەسی زۆر چاکیان تیایا بو. بۆ جاری دوەم کە لە زیندانەدا بوم من لە ژوری ۹۰ بوم کە ژوری بکوژەکان بو، بەشێک بو لە ۹۰-۱۰۰ کەسی تیایا بو قاعەیەکی گەورەو ٤ شوێنی خەو و حەمامی تیایا بو. من نزیکەی ٦ ساڵ لەناو ئەمانەدا بوم. سەبارەت بە —دزەکان- من هیچیان لەبارەوە نازانم بەڵام —بکوژەکان- کەسانێکی تایبەت بون، راستە لەلایەک تاوانکار بون، بەڵام لەلایەکی ترەوە کەسانی خاوەن کەسایەتی و پیاو و خاوەن شەرەف بون، کە نەیاندەتوانی لە ژێردەستی و سوکایەتی پێکردندا بژین.

سیدران: ئایا لە بەندیخانە کاری دارتاشی مۆبیلیاتتان دەکرد؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ بەسەر کارو پیشەکاندا دابەشیان کردین، لەوێنە مۆبیلیات بو، ماوەیەک کارم تیایا کرد، بەڵام لە نیوەی زیندانی دا دوچار بە ئیلتهاباتی سنگ بوم کە تا ئێستاش بە دەستیەوە دەناڵێنم. دارتاشی کارێکی خراپ نیە بەڵام تەپوتۆزەکەی خراپە. جا چونکە دوچار بە ئیلتیهابات بو بومەوە ئەوا ئەو تەپ و تۆزەی بۆ من زۆر خراپ بو دوچار بە نارەحەتی کردم لەوێنەیە هەر بەهۆی ئەمەشەوە گیان لە دەستبدەم و بمرم.

سیدران: دوای ئەوەی لە زیندان هاتیتەدەر، ئایا هیچ ئیش و کارێکت بۆ خۆت دەستکەوت؟ کارێکی گران نەبو بەهۆی ئەو هاوڕیانەتەوە کە لەگەڵتا بون کارت دەستبکەوێت؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: نا نەخێر کارێکی گران نەبو، ئیش زۆر بو، بەڵام هەقدەست کەم بو، هەرکەس خوێندن و نوسینی بزانیایە کاری دەست دەکەوت. من چونکە دواناوەندیم تەواو کردبو هەر خێرا کارم دەستکەوت تەنها ١٢ ڕۆژ بێکار بوم، ٤ی مانگ ئازاد کرام ١٦ی هەمان مانگ چومە سەر کار.

سیدران: لە کۆمپانیای —بوت- بویتە کارمەند؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ لە کۆمپانیای —بوت- دەستبەکار بوم. کۆمپانیایەکی ئەندازیاری بو تا ساڵی ١٩٦٤ لەوێ مامەوە، ئیتر گوێزرامەوە بۆ کۆمپانیای I.B.S.A لەو ماوەیەشدا بۆ ماوەی ساڵێک ١٩٦٢-١٩٦٣ لە دادگادا بوم. لەوێ تاقیکردنەوەی یاسایم دەدا. دەبوایە وەک مەرجی دەرچون لە تاقیکردنەوە لە دادگا ئامادەبم.

سیدان: من لام وایە شتێکی وا نەکراوە کە پارێزگاری لە پێکهاتە ڕەگەز جیاوازەکانی سوپای بۆسنە بکات. لە سەرایڤۆ و باقی شارەکانی تردا ساڵی ١٩٦٣ پێکهاتەی هێزەکانی بەرگریمان هاوشێوەی پێکهاتەی دانیشتوان بو. ئەگەر هاودەنگ بیت لەگەڵم ئەوا دەبێت بڵین مانەوەی بۆشناقەکان ژیانیان بەندە بە مانەوەی دەوڵەتێکی پێکهاتە جیاواز لە بۆسنەو هەرسک لە سنوری مێژویی خۆیدا. سوپاچی لەسەرە کە بەرامبەر بەوەی ببێتە سوپایەکی هەمو گەل و ڕەگەزە جیاوازەکانی بۆسنە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: یەکەم ئەو زانیاریانەی پێت گەیشتون ڕاست نین، نە هیچ کات نە لە هیچ شوێنێک پێکهاتەی سوپای بۆسنە هاوشێوەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی نەبوە. ئەمەش جێی نیگەرانیە، بەڵام ڕاستیە. دەتوانین بڵێن لە

سەرایڤۆو ئۆزلا تۆزێک باشتر بو بەڵام هەرگیز بە ڕێژە نەبوە. تەنانەت لە گوندێکیشدا ڕێژەکە ۹ بەرابەر بوە. بگرە خراپتریش، بۆ؟ یەکەم لەبەرئەوەی ئێمە هەوڵی دەرکردنمان نەداون. دوەم ئەوەی بەرگری لە بۆسنە کردوە هەر بۆشناقەکانن دەکرێت لە هەوڵی شاردنەوەی ئەم سەرژمێری و ڕاستیە مێژویانەدا بن بەڵام درەنگ بێت یان زو ئەم ڕاستیانە هەر ئاشکرا دەبن، بەڵام باشتر وایە وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و چاو ببڕێتە دوارۆژێکی باشتر. ئەمەش پەیوەستە بە ڕادەی پێشکەوتنی بۆسنە و هەرسک لە ئێستا و داهاتودا.

سیدران: حەز دەکەم پرسیار لەبارەی تێبینی وتەی جەنابتان بکەم لەبارەی ئەو پرسیارە قورسە کە ئەویش پێناسەیەکی مێژویی و دوارۆژی کەسایەتی و کاری عەلی عیزەت بیگۆڤیچ، کە پێش بەرنامەکە قسەمان لەسەر کرد. لەبیرتە پێم وتی ئەگەر بۆسنە لە ژیاندا بمێنێت ئەوا عەلی عیزەت بگۆڤیچ دەبێت بە شتێکی گەورە، بەڵام ئەگەر ئەمانە وا دیارە ئەوا زۆریش نامێنێت؟

عەلی عیزەت بگۆڤیچ: حەز ناکەم لەسەر کەسایەتی و کارەکانی عەلی عیزەت بگۆڤیچ قسە بکەم، بەڵام دەمەوێت لەسەر دوارۆژی بۆسنە قسە بکەم، من بڕوام وایە کە بیرو بۆچونی بۆسنە سەردەکەوێت، بۆسنە ڕزگاری دەبێت و دەژی، من لانی کەم لە ڕوی سێ هۆکارەوە ئەم قەناعەتەم لەلا دروست بوە:

یەکەم/ ئەو هێز و توانایەی کە گەلەکەمان هەیەتی

دوەم/ سڕبیا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەمێنێتەوە، ئیتر ئەو سڕبیایە نابێت کە ۱۹۹۲ کەوتە سەرکێشی و لاساری کردن.

سیەم/ کرواتیا حەتمەن لەڕوی دیمۆکراتیەتەوە پێش دەکەوێت.

بە کورتی پڕۆژەی —دەوڵەتی گەورە- کە مەترسی بۆ سەر بۆسنە و هەرسک دروست بکات بونی نابێت و سەرکەوتو نابێت. سڕبیا ناتوانێت بۆسنە تێکبشکێنێت. کرواتیاش حەزی لەمە نیە، بەم جۆرە هێزی ئێمە لە بۆسنە لە

زیادبونـدایە. وە سـڕبیا لاوازەو کرواتیـاش دیمـوکراتیی لە دەرەوەی بۆسـنەن، ئەمە تێڕوانینی منە بۆ مێژو بەم جـۆرە (وەک وڵاتێکـی دیمـوکراتی) بۆسـنە بنـاغە خـۆی دادەڕێژێت و بونی خۆی دەسەلمێنێت.

سیدران: دواهەمـین جـار کە پـێکەوە قسـەمان کـرد باسـی خێزانەکەتمـان کـرد، خەڵک ئەوە دەزانن کە ٣ منداڵ و ٥ نەوەت هەیە.

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: ٥ نەوەی کچـم هەیە، بـا لە بەشـی دەرەوەی ئەم باسـە قسە بکەین، بەشی ناوەوەی با هەر بۆ خۆم بێت. ساڵی ١٩٤٣ کە ئەودەم ١٨ سـاڵ بوم خالیدەی هاوسەرمم بینی بەردەوام بوین تـا سـاڵی ١٩٤٦ خـرامە زینـدان. زۆرم خۆش دەویست، هیچ لام شەرم نیە کە ئەمەت لەلا باس دەکەم چونکە دەکرێت لێم تێبگەیـت. خۆشەویسـتیەک بـو دەکـرا خـۆمی بـۆ بـکەمە قوربـانی. هەروەک ئەوەی شاعیرەکان دەڵێن، ئیتر من خرامە زینـدان ئەم کـچەش ٣ سـاڵ لە دەرەوەی زینـدان چاوەڕێی من بو، کە لە زیندان ئازاد بـوم، هاوسـەرگیریمان کـرد، ٣ مناڵمـان هەیە - لیلی- سابینا- باکر. سەبارەت بە نەوەکانم دوانیان پێش ئەوەی دوەم جـار چـومەوە زیندان لەدایک بون، سیانەکەی تر لە کاتی زیندانیدا لە دایکبون. یەکەمین دانەیـان یاسەمین-ی کچی باکری کوڕمە. کە لەمیانەی دادگایی کردنمدا لەدایک بـوە، پـێش حوکم دانەکەم. ئەو کاتەی لە زیندانی —ڤۆشا-ش بوم دو کچەکەی تـریش لەدایـک بون. نوکتەیەکی خۆشمان لەو بارەیەوە هەیە، ئێمە وامان دانابو کە منـداڵی پێـنجەم کوڕ دەبێت بەڵام باکری کوڕم بۆی نوسیبوم: باوکی بەڕێزم ئەوا کچێکـی تـریش بـو بە نەوەت. پاشان نوسیبوی (ئەم هەمو کچە کێ بیاندات بە شو)؟! کچە گەورەکەم کە —لەیـلا-یە ئەوا ماتمـاتیکی خوێنـدوە. —سـابینا-ش زمـانەوانی و بـاکر-یـش ئەنـدازیاری شارسـتانیەتی خوێنـدوە. —سـلمی- کە گەورەتـرین نەوەمە ڕۆژنـامەوانی دەخوێنێت. هەمو نەوەکانم هەرچۆنێک بـێ دەبـێ بڵـێم لە مـن باشـتر بە ئینگلیـزی قسە دەکەن.

سیدران: پێت نەوتم لەگەڵ ژیانتا چۆن بون؟

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: لە سـەرەتادا قـورس و گـران بـو. تـا مـاوەیەکی زۆر شوقەیەکیشم نەبـو تـا سـاڵی ١٩٥٨ دەسـتم کەوت، ئەمەش دوای ٩ سـاڵ کـارکردن لەگەڵ کۆمپانیـا دەبـوایە ڕۆژانە لە مۆنتینـۆگرۆ لە مەیـدانی کـار بومـایە تـا ئەوەم دەستکەوت.

سیدران: ئەی لە مۆنتینۆگرۆ چۆن بویت؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ بـۆ مـاوەی٧ سـاڵ لە مۆنتینـۆگرۆ لە ١٩٥٣-١٩٦٠ لەگەڵ کۆمپانیای گرادیا- بوت کارم دەکرد. کە خەریکـی پیشەسـازی دروسـتکردنی کارگەی وزەی ئاوی بـو. مـن سـەرۆکی ئەو شـوێنە بـوم، نـزیکەی هەزار کەس لەو پرۆژەیەدا کاری دەکرد. سەدان سـەیارەیان بەکاردەهێنـا. شـارەزایەکی باشـی پێـدام، ئەگەر بڵـێم تـا ئێسـتاش لەو شـارەزایە بەهرەمەنـدم قسـەیەکی خـراپم نەوتـوە. ئەو شوێنە وەک دەوڵەتێکی بچـوک وابـو لە بەڕێـوەبردنی کـارو کەل و پەل و کارمەنـدو کرێکارەکان. ساڵی ١٩٦٠ کە کـارگە کەوتە گەڕ —تیتـۆ- خـۆی هـات بـۆ ئەوێ — ئەوە یەکەمجارم بو کە بیبینم- من وامـدەزانی زۆر بـاڵا بەرزە کەچـی هەر هێنـدەی من دەبو بەڵام ئەو زۆر گەورەتر دیار بو.

سیدران: ئەو بنکەیەی ئێوە جێگیر بو یان بەردەوام دەگوێزرایەوە؟

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: بەڵـێ یەکەم سـاڵ وابـو، بەڵام سـاڵی دوایـی لە — تیکتشش- خانوی جێگیرمان دروست کرد. ئەودەم من گەنجێکـی ٢٨ سـاڵ بـوم کە چوم بۆ ئەوێ ئەو ناوچەیە ماری زۆر بو. لەلایەن خەڵکەوە بەخێرهـاتنێکی باشـیان لێ کردم. ئەو جوتیارانەی ئەوێ یادەوەری عوسمانیەکانیان و تورکیایان لەیاد مـابو. منیان بە کەسێکی تورکی دەزانی. ڕاستە پەیوەندیم لەگەڵیاندا بـاش بـو بەڵام ئەوان هەر بە کەسێکی تورکیان دەزانیم و بە خێزانەکەمیان دەگوت —بـۆلا- (ئەمەش لای

ئەوان نازناوی ئافرەتی باڵاپۆشە) کە خێزانەکەی من باڵاپۆشیش نەبو، ئەوان ئاوا سەیری ئێمەیان دەکرد.

سیدران: سروشتی ئەو کارانە وایە کە تەنهان و ماڵ و منداڵیان لەگەڵدا نیە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: لە وەرزێکدا ماڵ و منداڵەکانم لەگەڵدا بون ئەم وەرزە لە مانگی ٤وە بۆ مانگی ١٠ یە، ئیتر زستان دەگەڕانەوە بۆ سەرایڤۆ، دەتوانیت بڵێی ئەو کاتە زۆر خۆش بو، کە خەریکی دامەزراندنی و دروستکردنی شتێک بوین بەڵام لە هەموی خۆشتر ئەوە بو کە گەنج بوین.

سیدران: لەوێنەیە ئەم قسانەم هیچ پەیوەندیەکی بە کاری ڕۆژنامەوانیەکەوە نەبێت، بەڵام هەر دەیڵێم،ساڵێکیان کە من قوتابی خوێندنی باڵا بوم، بۆ ئەوەی مەسرەفی خوێندنم دەستگیر بکەوێت چوم خەریکی هەڵکەندنی ڕێگاوبان بوم. ١٥ ڕۆژ خەریکی هەڵکەندن و گواستنەوەی گڵ بوم. کارێکی زۆر قورس و ناڕەحەت بو، بەڕێوەبەری کارەکانم هەر لەبیرە کە ناوی نیکۆلا بو، کرێکارەکان پیان دەگوت _هیتلەر- زۆر ورد و توند بو، نەیدەهێشت کات بەفیڕۆ بدەین، ئیتر بەرگەم نەگرت و گەڕامەوە. مەبەستمە بڵێم من لەمیانەی ئەو کارکردنە مەیدانیە فێری زۆر شت بوم، تێگەیشتم کە بە تەنهایی ژیان پاڵت دەنێت کە ڕو لە کاری هەڵەو خراپ بکەیت، من دەمبینی چۆن ئەو کەسانە خویان دابوە مەشروب خواردنەوەو قومارکردن.

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ ئەمە وایە و ڕێسایەکە بۆ خۆی، زۆربەی ئەو کرێکارو ئەندازیار و هونەر پیشانە بۆ شکاندنی تەوقی تەنهایی ڕویان دەکردە مەیخانەکان. ئەو دەمەی پرۆژەکەمان خەریکی تەواو بون و دەستبەکاربون بو لە ٤ی بەیانیەوە دەچومە سەر کار شەو سەعات ١٠ی شەو دەگەڕامەوە.

سیدران: تۆ لە ساڵی ١٩٨٨ لە زیندان ئازادبوی، پێشتر حوکمی ١٤ ساڵ زیندانت بەسەردا درابو، ئەم کەمکردنەوە ڕیشەییە لە ماوەی مەحکومیەتەکەت چۆن

بو؟ تۆ شکاتت کرد یان داوای لێبوردن؟ یـان شـتێکی تـر بـو؟ ئایـا ڕێ و شـوێنی یاسایی و دەستوری ئەمە چۆن بو؟

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: لە مـانگی ئـابی ١٩٨٣ دادگـای سـەرایڤۆ ١٤ سـاڵ زیندانی بەسەردا دام. دوای ٦ مانگ لەمە کە ڕێوڕەسـمی ئۆڵەمپیـاد بەڕێـوە دەچـو، شکایەتێکمان بۆ دادگای باڵای بۆسنە و هەرسک بەرزکردەوە. ئێمە لامـان وابـو بەمە ماوەی زیندانی کردنەکە تا ڕادەیەکی باش کەم دەکەینەوە. کەچی نـیگەڕان ماینەوە لەوەی شتێکی ڕەمزیان بۆ داشکاندین کە ٢ سـاڵ بـو، ئیتـر ئەوەی کە پێـی دەڵـێن حـوکمی کۆتـایی بـو بە ١٢ سـاڵ، بەڵام لەبەرئەوەی دادگـایی کـردنەکەی ئـێمە سیاسـیانە بـو ئەوا حەقـی ئەوەمـان هەبـو کە جـارێکی تـر لێکـۆڵینەوە لە بڕیـاری دادگـای بـاڵآی یوگسـلافیا دا بکرێـت، هەرواش بـو. داوای ئەوەم کـرد، ئەمەش ٢ ساڵێکی ویست، ئەمەش دایبەزاند بـۆ ٩ سـاڵ. وە هۆکـاری چـونە زیندانیشـیان بـۆ گۆڕین، من بە تاوانی ئاکاری دژە شۆڕش لە زیندان خرابوم، بەڵام ئێستا بۆیان کردم بە مادەی ١٣٣ کە بە مادەیەکی خراپ ناوبانگی هەبو ئەویش (تاوانی قسە بو).

سیدران: واتە گۆڕانکاریەکی ڕیشـەی لە جـۆری تـۆمەتەکە کـراوە گۆڕانکـاریەکی ڕەمزیش لە سزادانەکەدا ئەنجامدرا؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ، بەپێی یاسـاکە زۆرتـرین سـزای تـاوانی قسـەکردن یان بڵێین قسە پێوتن بریتی بو لە ١٠ ساڵ، من ٩ سـاڵیان بەسـەردا دام. لە مـانگی شوباتی ١٩٨٧ پێشنیارێکی سەیرم خرایە بەردەم، ئیتـر نـازانم چـۆن و بـۆچی بـو؟! بەڵام وام هەستکرد ئەمە لەلایەن –نیکـۆلای سـتویانوفیش- بێـت، کە ئەو ئەوکـات ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بـو، داواکـاریەکەی ئاڕاسـتەی کـچەکەم کرد بو کە سەردانی سەرۆکایەتی بکات کە لەم بینایەی ئێـرەدا بـو. پێشـنیارەکەیان خستبوە بەردەمی کەوا بریتیە لەوەی داوای بەزەیی هاتنەوە و چاوپۆشـینیان لێـبکەم تا لێم خۆش ببن. وتبویـان بـڕۆ بیـبە بـۆ باوکـت هەر کە واژۆی لەسـەر کـرد ئەوا

یەکسەر لە زیندان ئازاد دەکرێت. ئەمەش شێوازێکی کلاسیکی کۆن بو واتە من دانبنێم بەوەی کەوا بیروباوەڕی من هەڵە بوە، وە ئیتر من نامەوێت لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیدا کار بکەم. وە من لە سیاسەت پاشەکشە دەکەم و خەریکی ژیانی ئارام و ئاسایی خۆم دەبم. خۆتان دەزانن ئەمە واتای چیە، هەرچۆنێک بێت واژۆم نەکرد و پێشنیارەکەیانم ڕەت کردەوە. دیارە —نیکۆڵا- بەم کارەی من دڵخۆش نەبو. بە توڕەیەکەوە ئەو کاغەزەی خستبوە ناو دۆسیەکەی دەستی. ئیتر هیچ قسەی لەبارەی ئەمەوە نەکردەوە. نزیکەی ٢ ساڵی تر لە زینداندا مامەوە، لە مانگی ١١ دا پێیان ڕاگەیاندم کەوا سەرۆکایەتی یوگسلافیا بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردوم.

سیدران: ئەمە لە کۆتایدا بو کە ئێمە دەمانەوێت لەبارەیەوە قسە بکەین، ئایا قەت هەستت بەو گۆڕانکاریە ڕیشەیانەی دنیای دەرەوەی زیندان کردوە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ بە دڵنیایەوە ئاگاداری بارودۆخی جیهان بوم بەتایبەت یوگسلاڤیا. لەو دەمەدا یەکیەتی سۆڤیەت لەبەر یەک هەڵوەشایەوە، ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانکاریەکی گەورەی جیهانی بو، هەر لەوێ ئاگاداری —گۆرباتشۆف و پیرسترۆیکا-کەی بوین، ئاگاداری قەیرانی دیواری بەرلین و لێشاوی هەڵاتنی ئەڵمانیە ڕۆژهەڵاتیەکان...... هتد بوین. سەبارەت بە بۆسنەو هەرسک ئەودەم قەیرانی —ڤێلا-کانی کۆمپانیای (ئەگرۆکۆمیرس) بوین. ئاگامان لە ململانێی باڵەکانی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بو. بەڕای من هۆکاری ئەم تێکشکانە دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنان و فەشەل بونی چەمکی سۆشیالیستی لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی یوگسلاڤیا پاڵەپەستۆی دەرەکی زۆر لەسەر بو چونکە هەڵوێستی لەبارەی مافی مرۆڤەوە نەشیاو و نادروست بو.

سیدران: لەناو زیندانەدا هەستت لەبارەی زیندانەوە چۆن بو؟ ئایا سەیری تەلەفزیۆنت دەکرد، وە ڕۆژنامەت بەدەست دەگەیشت؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵێ، باش ئاگاداری ڕوداوەکانی دەوروبەرمان بوم. لە ژوری دانیشتندا تەلەفزیۆنی لێبو لە دوای کارکردن سەیرمان دەکرد. هەروەها ڕۆژنامەشمان بەدەست دەگەیشت. لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵماندا چاودێری لەسەر بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاودێریێکی باشی بارودۆخەکە بوین. ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵیدا بوین، قەیرانی یەکێتی سۆڤیەت، سەرکەوتنی میلۆسۆڤیچ بۆ دەسەڵاتی یوگسلاڤیا.

سیدران: هەمو ئەوانەی بەم تاقیمانەیەی کێشەی سیاسی تێپەڕیون ئەوا ئەزمونی ئەوەیان لەلا گەڵاڵە بوە کە دوای ئازادبونیان لە زیندان لەسەر شۆستەو شەقامەکان خەڵکی لە ترسی سەلام لێکردنی دەچنە ئەوپەڕی شەقام و شۆستەکان. من ئەمەم بە سەدان نمونە بینیوە. خۆشم ئەو ئەزمونەم دیوە، ئەوەی دەمەوێت بیزانم ئەوەیە کەوا تۆ دوای ئازادبونت لە ساڵی ١٩٨٨ لە زیندان هەڵسوکەوتی خەڵکی لەگەڵت چۆن بوە؟ ئایا زۆرینەی خەڵکی هەر ئاوا ترسنۆکانە بو؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: من کە لە زیندان هاتمە دەر دنیا گۆڕا بو، بەڵام خۆشەویسترین هاوڕێم لەمیانەی دادگایی کردنی مندا بۆ ماوەی ساڵ و دو ساڵ بەو قۆناغەدا تێپەڕیون، ئیتر بەهۆی قەیرانەکانەوە گۆڕانکاری هاتنە پێش وە خەڵکیش تێڕوانینی بۆ ئەمە گۆڕا. بۆیە کە ئازادبوم و گەڕامەوە هەستم بەوە نەکرد، وا دەردەکەوێت لەلام کە ڕێوڕەسمی بەخێرهاتنەوەکەم گەرم بو. وە هەستم کرد کە دەسەڵات لاواز بوە، ئەو ترس و دڵەڕاوکیەی کە لە ساڵی ١٩٨٣دا بو نەمابو.

سیدران: چی وایکرد ئەو بیرۆکەیەت لەلا گەڵاڵە ببێت کە گەلی بۆشناق پێویستی بە ڕێکخستنێکی سیاسی هەیە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: من مانگی ١١ لە زیندان هاتمە دەر. دوای ساڵێک ئەوسا کەوتینە دروستکردنی پارتێکی سیاسی. واتە لە مانگی ١١ی ١٩٨٩ وە بە هەمان جۆر لە مانگی ١١ چومە بینای سەرۆکایەتی. من هەر لە زینداندا بوم کە بیرم لە دروستکردنی پارتێک کردۆتەوە. چونکە شتەکە ڕون و ئاشکرا دیار بو

ڕوداوەکان بەرەو دیموکراتیەت دەچون. سیستمی تـاک حیزبـی بەرەو نەمـان دەچـو. هەروەک باقی وڵاتانی تر پارتی جۆراوجۆر دروست دەبن، بەڵام من لەبیری پـارتێکی یوگسلاڤیایدا بوم.

سیدران: ئەمە بەڵگەنامە سەرەتایەکان حیزبیش هەروا دەڵێن؟

عەلی عیـزەت بیگـۆڤیچ: دەکرێـت بـۆ ئەمە سـەیری پەیـڕەو بەرنـامەی حیـزب بکەیـت. لە ڕاسـتیدا ئەو کەسـانەی کە لە چـواردەورم بـون دەیانویسـت لە ڕێگـای حیزبەوە و یوگسـلاڤیایەکی تـر دروسـت بکـرێتەوە. وامـان دانـابو کە موسـڵمانان لە بارودۆخێکی باشدان، وە لەگەڵ یوگسلاڤیادا بێ کێشەن، بەڵام واش نەبێـت کە وەک جاران دەوڵەتی تاک حیزبی بێت، و تەنهـا ڕەگەزی سـڕبی تیایـا باڵادەسـت بێـت. لای ئێمە یوگسلاڤیا بـۆ هەمـوان بـو کە هەمـوان پشـتیان بە خـۆیـان و باوەڕیـان بە خـۆیـان قـایم بێـت. هەمـوان لەبەردەم یاسـادا یەکسـان بـن. ئیتـر ئەمە دا واکـاری سەرەکی ئێمە بون. وە زۆرێک پشتگیری ڕاکەیان کردم، بەڵام هێنده بـوێر نەبـون کە ڕایبگەیەنن و دەری ببڕن. لە مـانگی ١١ی ١٩٨٩ بەرەو —زگـرب- کەوتـمە ڕێ تـا لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک کەس لەو بـارەوە بـکەومە وتـوێژ. ئیتـر لەسـەر دروسـتکردنی حیزب ڕێکەوتین.

سـیدران: ئایـا نـاوی حیـزبەکە پێویسـت بـو ئـاوا بێـت؟ چـونکە بەپێـی یاسـا نەدەبوایە هیچ سیفەتێکی نەتەوایەتی بەناوەوە بلکێنرایە. ئایـا نـاوەکەی هەروا هـات وە یان لەبەرئەوە بو کە نەدەکرا ناوی نەتەوەی پێوە بوایە؟

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: منـیش بە وردی لەبیـرم نەمـاوە، بەڵام لەیـادمە هونەرمەندی گەورەمان سەفوەت ئیسۆڤیچ پێشـنیاری کـرد لە سـەرەتادا مـن وام پـێ باش بو پەیکەری ڕێکخراوی موسڵمانانی یوگسلاڤیا داڕێژمەوە کە کاتی خۆی محمـد سباهۆ دایمەزراند بو، بەڵام لەمیانەی قسـەکردنم لەگەڵ عـادل ذوالفقـار باتشـش ئەم بیرۆکەمـان وەلانـا. هەروەک دەزانـین لە ڕاسـتیدا منـیش بیـرۆکەکەی سـەفوەت

ئیسۆڤیچ-م پێ باش نەبو بۆ ئەم ناوەی کە پێشنیاری کرد بەڵام کورتکردنەوەی بە (S.D.A)ی واتە —پارتی کاری دیموکراتی- شتێکی باش بو. ناوەکە لەبەر گوێ خۆش بو ئیتر ئەو ناوە قبوڵ کرا.

سیدران: کەواتە ئەو ئاڕاستەیەی یوگسلاڤی بونەت جێی گومان نیە؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: ئێمە یوگسلاڤیایەکی دیموکراتیمان دەویست بە شێوەیەکی تازە دروست ببێتەوە، هەندێک پارت خۆیان دەبوارد لەوەی ئاوا بڵێن، بەڵام ئێمە وامان نەکرد ئێمە باوەڕمان وابو کە دەبێت بە ئاشکراو بە ڕونی داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەین، بەڵام بە ئاشتیانە. ئێمە خوازیاری لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا نەبوین، بەڵکو ئێمە دەمانویست جارێکی تر سەرلەنوێ دیموکراتیانە دایبرێژینەوە. تاوەکو هەمو پێکهاتەکان بە ئارامی تیایا بژین، لە نێوانیاندا گەلی بۆشناق لەلایەکی ترەوە، خۆ موسڵمانان تەنها لە بۆسنەو هەرسکدا نەژیاون، ژمارەیەکی زۆری موسڵمانان لە سنجاق و مەکدۆنیا و کۆسوڤۆو کرواتیا دەژیان.

سیدران: وابزانم لە یەکێک لە دانوسانەکانی نێوان هەمو سەرۆک کۆمارەکانی یوگسلافیادا گەیشتبونە ئەو قەناعەتەی کە هەرکات —زگرب و بەلگراد- لەسەر خاڵێک ڕێککەوتن ئەوا ئێمە بۆ خۆپاراستن لە شەڕ پێی ڕازی دەبین؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: دەبێ بڵێم بڕیاری هێنانە کایەی بۆسنەو هەرسکی سەربەخۆ وەک جۆرێک لە ڕاکێشان و دەرهێنان هاتە کایەوە. ئێمەیان ناچار کرد کە داوای وابکەین. ئێمە دەمانویست بۆسنەو هەرسک زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت،وە هەر لە سنوری یوگسلافیادا بمێنێتەوە، بەڵام سەربەخۆی دەوڵەتی ئێمە لە دوای جیابونەوەی هەریەکە لە کرواتیا و سلۆڤینیا هات. ئێمە وتمان یوگسلاڤیایەک لەگەڵ کرواتیا و سلۆڤینامان لەلا پەسەندە، بەڵام یوگسلاڤیای بێ کرواتیا و سلۆڤینیامان لەلا پەسەند نیە. کاتێک کرواتیا لە یوگسلافیا چوە دەر، ئەوا ئێمە بژاردەی

مـانەوەی بەشـێک لە یوگسـلافیامان لەگەڵ سـڕبیا و مۆنتینـۆ گـرۆ هەبـو وەیـان سەربەخۆیی. ئێمە بژاردەی دوەممان هەڵبژارد چونکە ئێستاش لەو قەناعەتەدام کە بژاردەی یەکەم نەدەهاتە دی.

سـیدران: تـۆ بەم بڕیـارە ڕازی بویـت، ئەمەش لەبەر تێکۆشـان تـا گەیشـتنە سەربەخۆیی، وە هەوڵدان بـۆ ئەوەی بۆسـنەو هەرسـک وەک یەکەیەکـی فیـدراڵی تـا گشت مافەکانی خۆی وەک باقی کۆمارەکانی تر وەربگرێت. بۆیە بەلای مـنەوە ئەمە لەتکردن و یاخی بون نیە و کـارێکی خـراپ نـیە، جارێـک لە شـوێنێکدا نوسـیبوت ــمـرۆڤ چـۆن دەتوانێـت لە ماڵێـک بێـتە دەر کە هەبـونی نـیە. یوگسـلاڤیاش لە ١٩٩٢وە بونی نەمابو.

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: ئەمە گرنگە، لەبەرئەوەی ئەمە جومگەیەکی سەرەکیە بـۆ ئەوەی لۆمەی ئەو کێشەو ململانیانە بکرێـت کە ڕویانـدا. واتە شـەڕ لـۆمە بکرێـت، سڕبەکان بە هەڵوەشێنەری یوگسلافیا تۆمەتباریان دەکـردین، کەوا نەمـان هێشـتوە لە یوگسلاڤیادا بژین. بەپێی بەڵگەنامەکانی بەرایی پارتی کار باسەکە بەو شێوەیە نیە، چـونکە سـڕبیەکان ئامـادەیی ئەوەیـان تیـایە کە جـڵەوی خۆیـان لە دەمـارگیری و نەتەوەپەرستی خۆیان بگرن. سـەبارەت بەو دیـدارەی کە جەنابـت باسـی دەکەیـت ئەوا دەگەڕێـتەوە بـۆ نیـوەی سـەرەتای سـاڵی ١٩٩١ کە دیـارە هـیچ هیـوایەک بە گەیشتنە دەرەنجامی لێ سەوز نەبـو. چـونکە دو کەسـایەتی سـەرەکی و گرنـگ کە میلۆسۆڤیچ و تۆجمان بون ئەوا دژی بـون و نەیـاری بـون. لەبیـرتە مـن و سـەرۆک گلیگیرۆز هەستاین بە پێشکەش کردنی پێشنیارێک لەپێنـاو دروسـتکردنی یەکێتیەکـی کۆنفدراڵی لە یوگسلافیادا، خەریکبو ئەم پێشنیارە سـەربگرێت، بەڵام گـرتنە دەسـتی جـڵەوی سـەربازی نەیهێشـت بگەیـنە دەرەنجـام. سـڕبیا سـوپایەکی یەکگرتـوی دەویست، کرواتیـاش بەمە ڕازی نەبـو، ئیتـر پـڕۆژەکە شکسـتی پێهـات، بەهەرحـاڵ ئێستاش قەناعەتم وایە ئەگەر پڕۆژەکەیان شکست پێنەهێنایە ئەوا یوگسلافیا دوچار بە هەڵوەساندنەوەو شەڕ نەدەهات، بەڵام کە کرواتیـا سـەربەخۆ بـو ئەوا هاوسـەنگی

نەما، ئیتر ئەوە دەخـوازرا بۆسـنەو هەرسـک لە چوارچێـوەی یوگسـلافیایەکی کەم و کورت و پەرتەوازەدا بمێنێتەوە. ئێمەش نەمان دەتوانی بەمە ڕازی بین.

سیدران: نازانم وایە یان نا، بەڵام بەشێکی زۆر باوەڕیـان وایە کە لەمیـانەی ئەو کۆبونەوەدا زانیوتە کە ملۆسۆڤیچ و تودجمانن لەسەر دابەشکردنی بۆسنە ڕێکەوتـون. گرنـگ ئەوەیە چـۆن لەڕوی دەرونـی و سیاسـی و مرۆڤـایەتیەوە وەسـفی ئەو ساتەوەختانەمان بۆ دەکەیت؟

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: نا وانەبو، من یەکەمجار لە ڕێگەی سەرۆکی مەکـدۆنیاوە ئاگاداری ئەم ڕێکەوتنە بوم ئەو دەمەی گلیگرۆڤی سەرۆکی مەکدۆنیا بـۆ کۆبـونەوەی ٦ سەرۆکەکەی یوگسلافیا هـاتە سـەرایڤۆ، ڕۆژێـک پـێش کۆبـونەوەکە هـات تـا پـێم ڕابگەیەنێت، کە ئەو هەواڵەکانی لەسەرچاوەی تەواو باوەڕ پێکراوەوە دەست کەوتبـو، بەڵام نەدەزانـرا ئایـا بـۆ ٢ بەشـیان بەش کـردوە یـان ٣ بەش وە هـیچ شـتێک لەم بارەیەوە باس نەکراو تەنانەت ئینکاری هەر چەشنە ڕێکەوتنێکیشیان کرد.

سیدران: دوای ئەوەی سەرۆک گلیگیـرۆڤ ئەو هەواڵەی پێـداین زۆر بە خێرایـی بەرەو سبلیت چویت.

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: بەڵـێ زۆر بە خێـرا، هەر کە بانگهێشـتنەکەم پێگەیشـت کە بچم بۆ —سبلیت- بۆ کۆبونەوە لەگەڵ میلۆسۆڤیچ و تودجمـان. بەوەی کەوا مـن لە ڕێگی گلیگیرۆفەوە ئاگادار کرام. ئەوا جۆرە هەستێکم سەبارەت بە باسـەکانی ئەو کۆبونەوەیە لەلا دروست بو. ئەوەی سـەیر بـو ئەوە بـو کە ئەوان بە ئاشـکرا و بـێ پەردە باسی دابەشکردنی بۆسنەیان نەدەکرد. بەڵکو لە درێـژەی قسـەکاندا ئەوان بە زمانێکی ڕەمزی کە حاڵی بون لێـی سـەخت بـو قسـەیان دەکـرد. کە هەمـوی ڕوی لەوە دەکرد کە قەناعەتم پێبکەن کە مانەوەی بۆسنەو هەرسک شتێکی مەحاڵە.

جا پێویستە بیر لە چارەسەرێکی تر بکەینەوە، کە هەروەک وتیـان واقعـی بێـت. ئیتـر مـن بەهێـزی لۆژیـک بە درێژایـی ڕۆژ بەرەنگـاربونوەی خـۆم و نەیـاری بـونم

ڕاگەیاند. جا ئەو ئێوارەیە کە گەڕامەوە بۆ بۆسنە ڕۆژنامەنوسەکان پرسیاری ئەوەیان لێکردم ئایا لەبارەی دابەشکردنی بۆسنەوە قسەمان کردوە. من بەیەک ڕستە وەڵامم دانەوە (مەحاڵە لەگەڵ مندا باسی دابەشکردنی بۆسنە بکرێت!) .

سیدران: من لێرەدا لە ڕوانگەی تێڕوانینی تۆوە بۆ بۆسنەو هەرسک دەمەوێت بزانم تێڕوانینی تۆ بۆ بۆسنەو هەرسک لە ساڵی ٢٠٣٠ دا چیە؟


عەلی عیزەت بیگۆڤیچ: من بە چی بزانم ٣٠-٤٠ ساڵی تر چی ڕودەدات؟ چونکە ئەمە تەنها گۆڕینی سەدەیەک نیە بەڵکو پێنانە هەزارەیەکی تازەشە. بێگومان گۆڕانکاری گرنگ ڕودەدەن. ئەوروپا دەبێتە کانتۆن، ڕۆژهەڵاتی دور دەبێتە چەقی جیهان، ئەمریکاش بەهۆی نشستی ئەخلاقیەوە زیانی وەبەردەکەوێت باڵادەستی لە دەست دەدات. من وا دەبینم ساڵی ٢٠٣٠ بۆسنەو هەرسک زیندو و تەندروست بێت. ئەگەر ئەمە باوەڕم نەبێت ئەوا ناتوانم کارەکانم ئەنجام بدەم. بەڕای من ئەوەندەی ئەوان چواردەورمان کاریگەریان لەسەرمان هەیە ئەوا جیهانی دەرەوە هێندە کاریگەری نیە لەسەرمان، ئەو ڕوداوانەی لە کرواتیا و سڕبیا ڕودەدەن زیاتر کاریگەرن لەسەرمان، ڕوداوەکانی ئەمریکا هێندە کاریگەریان لەسەرمان نیە، هەروەک بۆ ڕوسیا و ئەوروپاش هەروان لەسەرمان. من دڵنیام لەماوەی ٥-١٠ ساڵ کرواتیا دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی پێشکەوتو. بەڵام سڕبیا بۆ ماوەیەکی زۆر بە لاوازی دەمێنێتەوە، لەم بارودۆخەدا کرواتیا بەرەو دیموکراتیەت و سڕبیاش بەرەو لاوازی مل دەنێن.

سیدران: ئایا پێت وایە ئێمە —تۆی سەرکردەو ئێمەی هاوڵاتی- توانا و هێزی بەرگرتن لەو حەزەمان هەیە کە بتوانین وڵات بەو شێوە بەڕێوەبەرین کە کاولکارانی بۆسنە پێی هەڵسان، بە هەمان لۆژیکی ئەوان مەبەستمە بڵێم بە یەک حیزب و بە یەک نەتەوەو بە یەک دەستەڵاتی تاکڕەو. من جاری وایە لە بیری ئەوەدام کە بۆسنە و هەرسک بگێڕینەوە بۆ سیستمی دەستوری و شەرعی بێ ئەوەی یەک

فیشـەک بتەقێنـین، ئەویـش بەوەی لەم خـاکەدا بە شـێوەی سروشـتی بۆسـنەیانەی خۆمان بە کامڵی بژین.

عەلـی عیـزەت بیگـۆڤیچ: کاتێـک کە وتـم (چەنـد جـار ئەم قسـەیەم دوبـارە کردۆتەوە) دەتوانین بەهێزی بە نمونەیەکی جوانی سیاسەتمان تـاریکی دەوروبەرمـان تێکبشکێنین. من خۆم ئاماژەم بەو قسەیەی تۆ داوە، بنـاغەی ئەمەش دیمـوکراتیەتە. کە لە هەناوی خۆیدا ئازادی ئیمان و باوەڕ و بڕوابۆچونی جیـاوازی لەخۆهەڵگرتـوە، بەڵام ئەمە تەنها بە ئێمە ناکرێت گەلی بۆشناق پشتگیری ئەمە دەکـات، یـان بڵـین زۆرینەی زۆری لەگەڵیدایە.

# پاشکۆی وێنەکان



سەرکردەیەکی ناوازە و بیرمەندێکی هەڵکەوتو

خەمی تۆ خەمی ئومەتە



خەمی تۆ خەمی ئومەتە

# لەناڕەحەتیشدا چاو لە ئاسۆیت





ساتەکانی پشوساتی گەشت بەمەعریفەتدا



باوکێکی دڵسۆز



## بەرگری لەمافی گەلێك لەگەڵ سەركردەكانی جیهان



## لەسەنگەری دانوسانی دایتۆن





لاویەتی لەخزمەتی باوەڕ و گەلدا



**هاندانی پیاوانی سبەینێ**



**سەرکردەی  وڵاتێك لەقوڵایی پیلانگێڕانی سەردەمی مۆدێرنەدا**

# لەیادنەکردنی فیداکاری فیداکاران







خاكی بون وسیمای پیّبون



لەوەرزی  پاك بونەوەی روحی بەفرین





## لەگەڵ پیاوی گەورە خانمێکی گەورەش هەیە



لەمەریگیشدا لە سەربازەکانت جیانابیتەوە





